چل چیرۆك


پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆمانی دەگێڕێتەوە

لەگەڵ سەدان
پەندو ئامۆژگاریەکانیان و
بە دراماکردنی چیرۆکەکان



نووسینی
عمر توفيق الخطاط

نارین



چل چیرۆك

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆمانی دەگێڕێتەوە

ناوی کتێب: چل چیرۆك
نووسینی: عمر توفيق الخطاط
نەخشەسازی ناوەوە: کۆمپیوتەری نارین (محمد علی)
ساڵی چاپ: ٢٠١١ ز
ژمارەی سپاردن: (١٦٧٧)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە.

بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی
website:www.nareenpub.com
E-mail: info@nareenpub.com
تەلەفۆن: ٢٥١١٩٨٢ ٦٦ (٠٠٩٦٤)
مۆبایل: ٠٠٩٦٤ ٧٥٠٤٠٦٤٦١٠

چل چیرۆك

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆمانی دەگێڕێتەوە

لەگەڵ سەدان

پەندو ئامۆژگاریەکانیان و

بە دراماکردنی چیرۆکەکان

نووسینی

عمر توفیق الخطاط





پێشەکی

الحمد لله الذي خالق كل شيء وبارئها، والصلاة والسلام على محمد نبيُّ الأمة ومُعَلمها، وعلى آله الطّيبين وصحبه المخلصين الميامين ومن تبع هداه وخطا خطاهُ الى يوم الدين..

لە سەرەتای ئەم کتێبەوە کە نوسیومە ئاماژە بە سێ شت دەکەم کە زۆر گرنگە خوێنەرانی ئەم کتێبە لێی ئاگادار بن پێش ئەوەی بچنە ناو گوڵزاری چیرۆکەکانیەوە:

یەکەم: بۆ ئەم کتێبەم نووسی؟ ئەم پرسیارە وەڵامی زۆر هەڵدەگرێت، لەوانە: نەبوونی نوسینێکی ئا لەم چەشنە لە زمانی کوردیمانداو بە پێنووسی مامۆستایانو خوێندەوارانی کورد نووسرابێت.

هەروەها دەبووایە یەکێك لەم بابەتەی بنووسیایە کە خۆی توانای چیرك نووسینی هەبێتو لە بواری هونەری دراما‌دا کاری کردبێت یان لە بواری دەرهێناندا شارەزایی هەبێتو کاری کردبێت.

دەی سوپاس بۆ خوا من لە سەرەتای نەوەدەکانەوە چیرۆکی تەلەفزیۆنیو ڕادیۆییو شانۆگەریو فیلمی سینەماییم نووسیووەو لە ساڵی ١٩٩٢دا لە شاری هەڵەبجەی شەهید شانۆگەری ((چارەسەری تاوان)) لە هۆڵی احمد مختار پێشکەش کرا کە لە نووسینو دەرهێنانی خۆم بوو..

دووەم: چۆنیەتی نووسینی ئەم کتێبەم چۆنە؟ ئەم کتێبە بیرۆکەکەی چەند ساڵێکە لە مێشکمدایەو ئاواتم ئەوە بووە خوای گەورە یارمەتیم بداتو بتوانم بە شێوەیەکی هونەری جوان دای بڕێژم.

سەرەتا هەر چیرۆکێك (صحیح) نەبووایەو (بخاریو مسلم) ڕیوایەتیان نەکردبێت نەمهێناوە مەگەر هەندێك حاڵەت کە شێخ ئەلبانی بە صحیح داینابێت.

فەرموودەکەم بە عەرەبیەکەی وەك خۆی داناوەتەوە پاشان ڕاستەوخۆ وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردیەکی پاراو بە زمانی هەڵەبجەیی ڕەسەن کە لە زمانی ستانداری نووسینی کوردیەوە نزیکە.

پاشان هەستاوم ئەو چیرۆکەم داڕشتۆتەوەو پاڵەوانەکانی ناو چیرۆکەکەم ناوناوەو بە درێژی حیوارم بۆ داناون‌و ئەوپەڕی هەوڵم داوە شتێك زیاد نەکەم بۆی کە نەچێتە عەقڵەوە یان پێچەوانەی فەرموودەیەکی صحیح یان ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان بێت.

من هەستاوم بە شێوەیەکی دوورو درێژ چیرۆکەکەم داڕشتۆتەوە ئەمەش بۆ ئەوەی کە خوێنەر بە تەواوی لەو چیرۆکە تێ بگات‌و چێژی لێ وەربگرێت‌و ئەگەر خوای گەورەیش کۆمەڵی لاوی هونەرمەندی بۆ ڕەخساند، تا بتوانن بە ئاسانی نمایشی بکەن‌و پێشکەشی ئەم بەرە ئیسلامیەی کوردستانی بکەن ئەوە زۆر باشە..

خەڵکی بە گشتی حەزیان لە چیرۆکە.. چیرۆك لە ناو بیرو هۆشدا دەمێنێتەوەو پاش چەند ساڵێك مرۆڤ دەتوانێت وەك خۆی بیگێڕێتەوە بەڵام وتارو کۆڕە جۆراوجۆرەکان لە بیر دەچنەوە..

من ئەمەم بە چاوی خۆم دەبینی لە ساڵەکانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا ڕابوونی ئیسلامی بە هەموو تەوژمەکانیانەوە چالاکی جۆراوجۆریان پێشکەش دەکرد لە کۆڕگرتن‌و شانۆگەری‌و ئاهەنگ‌و کۆنسێرت‌و بۆنەکان‌و کۆڕی شیعری‌و چیرۆك.

لە بیرمە کۆڕمان دەگرت لە هۆڵی احمد مختار لە هەڵبجە (٥٠) تا (١٠٠) کەس زیاتر ئامادە نەدەبوو..

بەڵام هەر کە شانۆگەریەکمان پێشکەش دەکرد هۆڵەکە پڕ دەبوو تا وای لێ دەهات لە بەردەمی تەختی شانۆکەشدا فەرشمان دادەخست چونکە کورسییەکان پڕ دەبوون‌و جێگە نەدەما..

ئەمە شتێکی سروشتیە کە مرۆڤەکان حەزیان لە چیرۆکەو چیرۆك کاریان تێدەکات..

بۆیە قورئانی پیرۆز پانتاییەکی زۆری ئایەتەکانی تەرخان کردووە بۆ چیرۆکی پێغەمبەران و ئوممەتەکانی پێش ئیسلام تا هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دەرسی لێ وەربگرن و بیکەنە سەرمەشق لە ژیانی ڕۆژانەیاندا..

من لە ساڵی ٩٧ـ٩٨دا کتێبی چیرۆکە قورئانیەکانم نووسی و بە درێژی کردم بە دراماو ئامادەبوو بۆ نمایشکردن بەڵام لە زروفێکی ناڕەحەتدا هەمووی سوتێنراو یەکێك لە غەمەکانی من فەوتانی ئەو بەرهەمە بوو..

بۆیە وا ئەمجارە حەزم کرد ئەو چیرۆکانە کۆ بکەمەوەو بە درێژی دای بڕێژم کە پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) زۆر بە کورتی بۆ هاوەڵانی گێڕاوەتەوەو ئەمەش بۆ پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی زۆر جوانە چونکە خاوەنی (جوامع الکلم) ەوە.. پێغەمبەرمان (ﷺ) چیرۆك خوان نەبوە حەکەواتی و حیکایەتخوان نەبوە..

بەڵکو پیاوێکی مەزن بوەو پەیامی خوای دەگەیاندە مرۆڤەکان بۆیە نەیدەپەرژا دابنیشێت و بە درێژایی ڕۆژ چیرۆکی دوورودرێژ بۆ هاوەڵان باس بکات و کاتەکانی بە گەیاندنی پەیامی ئیسلامی مەزنەوە بەسەر دەبرد..

لە کەناڵی سپێدەی ئاسمانیدا زنجیرە درامای ((گەردنم ئازاد بکە)) نمایش کرا کە چیرۆکەکە لە تورکیەوە دۆبلاژ کراوە، و باسی گەنجێك دەکات کاتی خۆی تاوانی زۆری کردوەو ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ لای خواو تەوبەی کردووە.

دەیەوێت یەك یەك ئەو کەسانە ببینێت کە تاوانی بەرامبەر کردوون بۆ ئەوەی داوای گەردن ئازادییان لێ بکات.

ئەم درامایە کاری کردبوە سەر برایەکی موسڵمان کە کاتی خۆی مۆبایلێکی لە هاوڕێیەکی دزیبو.. کە (مرادیلّمان)ی دیبو.. ئەویش بیری مۆبایلەکەی کەوتبویەوە.. بۆیە (٢٠٠٠٠) هەزاری خستبوە ناو زەرفێکی نامەو لەگەڵ نامەیەکدا ناردیەوە بۆ هاوڕێکەی و نوسیبوی من مۆبایلەکەی تۆم بردو ئەو کاتە پارەم پێویست بو ئەوە پارەکەیەتی و گەردنم ئازاد بکە..

سێیەم: لەگەڵ هەموو چیرۆکێکدا هەستاوم بە نوسینی کۆمەڵێك پەندو ئامۆژگاریو وانە کە خوێنەر زیاتر سود لە چیرۆکەکان وەردەگرێت.

هەموو چیرۆکێك کە نوسیومە.. لە خۆمم پرسیوە: ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی ئەم چیرۆکەی باس کردوە؟ مەبەستی بوە چ پەیامێك بگەیەنێتو چ وانەیەك فێری هاوەڵە شیرینەکانی بکات.. ئیتر خوای گەورە مێشكو فیکرمی دەکردەوەو کۆمەڵێکی زۆر پەندو وانەم لێ وەردەگرت..

داواکارم لە خوێنەرانی خۆشەویستم کە هەر چیرۆکێك دەخوێننەوە، بە دوایدا ئەو پەندو ئامۆژگاریانە فەرامۆش نەکەنو بیخوێننەوەو چونکە ئەو خاڵانە هەنگوینە گوشراوەکەیەتیو چیرۆکەکانی زیاتر مانابەخشتر دەکاتو چێژیان پێ دەدات.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە ئەم کارەم لێ وەربگرێتو بیکاتە جێگەی ڕەزامەندی سەرجەم خوێنەرانو ببێتە هۆکارێکی باشو کاریگەر لە ژیانیانداو باشانیش بیگێڕنەوە لەناو کۆڕو کۆمەڵدا چونکە چونکە ئەم چیرۆکانە داڕێژراوی خەیاڵ نینو ڕاستینو لە مێژودا ڕوی داوە کەسێکیش دەیگێڕێتەوە کە سەرداری پێغەمبەرانە محمد (ﷺ)و خوای بالادەستیش لە ڕێگای نیگاوە خستویەتیە دڵیەوەو ئەویش بۆ ئومەتەکەی گێڕاوەتەوە.

لە کۆتاییدا ئەمەوێت ئەوە بڵێم بە خوێنەرانی ئەم چیرۆکانە کە هەموویان فیکرەکانیان لە پێغەمبەری خواوەیە (ﷺ) لە ڕێگەی نیگاوەو داڕشتنەوەی بە شێوەیەکی ئەدەبیو هونەری لە لایەن منەوەیەو منیش ئەوپەڕی هەوڵم داوە لە تەفسیرو ماناکردنەکانی زانایانی ئیسلامەوە سود وەربگرم بۆ درێژکردنەوەی چیرۆکەکانو هەندێك ڕوداویشی خۆم لە داڕشتنی خەیاڵی خۆمەوەو مەبەستم ئەوە بوە کە چیرۆکەکە بچێتە قاڵبی نواندنەوە.

منیش تا لە ژیاندام ئاواتم ئەوەیە کۆمەڵێك ئەکتەری بە توانا هەستن بە نمایشکردنی لە چەند زنجیرە چیرۆکێکداو ئەو کاتە خۆیشم ئامادەم لە دەرهێنانەکەیدا هاوکاریان بکەمو ئەگەر پێویستیش بکات خۆیشم ڕۆڵی تێدا دەبینم زۆر بە شانازیەوە.

من ئامۆژگاریم بۆ وتاربێژو کۆڕگرەکانو ئەوانەشی بەرنامەی تەلەفزیۆنی هەیە با پشت ببەستن بە گێڕانەوەی چیرۆك.. چونکە چیرۆك وەك نوسینی سەر بەرد لە ناو دڵدا هەڵدەکۆڵرێتو لە بیر ناچێتەوە..

خوای (عز وجل)یش لەم بارەیەوە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرمووێت: ﴿فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾[1] واتە: چیرۆکیان بۆ بگێڕەوەو بەڵکو لە ڕێگەی ئەو چیرۆکانە بیروهۆش بخەنە کارو موسڵمان ببن.

سەیر نەبێت بە لاتەوە کە من بیرم کردۆتەوە لەم لایەنەوە بنوسمو چیرۆك دابڕێژم چونکە زۆر بە سودە بۆ بەردەوامیو ڕاوەستان لەسەر بیروباوەڕی پاکی ئیسلامەتیو ئامۆژگاریشە بۆ یەکەیەکەی موسڵمانان وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۚ وَجَآءَكَ فِى هَٰذِهِ ٱلْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ۝١٢٠﴾[2].

((والله من وراء القصد))

نوسەر عمر توفیق الخطاط

هەڵەبجەی شەهید

٢٠١١/١/٣

---

١ الاعراف (١٧٦).

٢ هود (١٢٠).

القصة الاولى
نجح الأعمى

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) انه سمع النبي (ﷺ) يقول: ((ان ثلاثة من نبي اسرائيل: ابرص واقرع واعمى، اراد الله ان يبتليهم فبعث اليهم مَلَكاً، فاتى الأبرص فقال: ايّ شيء أحب اليك؟

قال: لون حسن، وجلد حسن، ويذهب عني الذي قد قذرني الناس، فَمَسَحَهُ، فذهب عنه قذره واعطى لوناً حسناً.

قال: فأيّ المال احب إليك؟ قال: الابل، او قال: البقر –شك– من الراوي– فاعطي الناقة عشراء، فقال: بارك الله لك فيها.

فأتى الأقرع فقال: أي شيء أحب اليك؟ قال: شعر حسن، ويذهب عني هذا الذي قذرني الناس، فمسحه، فذهب عنه واعطي شعراً حسناً، قال: اي المال احب اليك؟ قال: البقر، فاعطي بقرة حاملاً، وقال بارك الله لك فيها.

فأتى الأعمى فقال: اي شيء احب إليك؟ قال: ان يرد الله الي بصري فابصِرُ الناس، فمسحه فرد الله إليه بصره وقال: أيّ المال احب اليك؟ قال: الغنم، فاعطي شاةً والداً فانتج هذان وولد هذا.

فكان لهذا وادٍ من الابل، ولها واد من البقر، ولهذا وادٍ من الغنم.

ثم انه آتى الأبرص في صورته وهيئته، فقال: رجل مسكين قد إنقطعت بي الحبال في سفري، فلا بلاغ لي اليوم الاّ بالله ثم بك، اسألك بالله الذي أعطاك اللون الحسن والجلد الحسن والمال، بعيراً ابتلغ به في سفري، فقال: الحقوق كثيرة.

فقال: كَأني اعرفك الم تكن ابرص يقذرك الناس، فقيراً، فاعطاك الله؟

فقال: انما ورثت هذا المال كابراً عن كابر، فقال: إن كنتَ كاذباً فصيرك الله الى ما كنت.

واتى الأقرع في صورته وهيئته، فقال: له مثل ما قال لهذا، وردّ عليه مثل مارد هذا، فقال: ان كنت كاذباً فصيرك الله الى ما كنت.

واتى الأعمى في صورته وهيئته، فقال: رجل مسكين وابن سبيل انقطعت بي الحبال، في سفري، فلا بلاغ لي اليوم الاّ بالله ثم بك، اسالك بالذي رد عليك بصرك شاة اتبلغ في سفري فقال: قد كنت أعمى فردّ الله اليّ بصري، فخذ ما شئت ودع ما شئت فوالله ما أجهدك اليوم بشيءٍ اخذته لله عز وجلّ، فقال: أمسك مالك فانما ابتليتم فقد رضي الله عنك، وسخط على صاحبيك)).[١]

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەیفەرموو: لەناو بەنی ئیسرائیلیەکاندا سێ کەس هەبوون یەکێکیان نەخۆشی بەڵەکی لەگەڵدا بوو، دوەمیان کەچەڵ بوو، سێیەمیان نابینا بوو.

خوای گەورە ویستی تاقییان بکاتەوە –تا بزانێت کامیان بە سەبرو ئارامنو شوکری خوای لەسەر دەکەن– سەرەتا چو بۆ سەردانی ئەو کەسەیان کە پێستی شێوابو، هەموو لەشی پەڵەپەڵەی سپی تێ کەوتبو –فریشتەیەکی بۆ ناردن لە شێوەی مرۆڤێکی هەژارداو چو بۆ لای کەسی یەکەمو پێی وت: خۆشترین حەزو ئارەزوت چیە؟ ئەویش وتی: ڕەنگێکی جوانو پێستێکی جوانو ئەو نەخۆشیەم نەمێنێت کە بە هۆیەوە خەڵکی قێزم لێ دەکەنەوە.

فریشتەکە دەستێکی پێدا هێناو بە ویستی خوا –پیاوەکە خۆشی بویەوەو هیچ قێزەونیەکی پێوە نەماو ڕەنگێکی جوانی پێ بەخشرا، پاشان پیاوەکە پێی وت: لە سامانی دنیا زیاتر حەزت لە چییە؟ کابرا وتی: حوشتر (لە ڕیوایەتێکدا) دەڵێ مانگا– حوشترێکی ئاوسی پێ بەخشراو پێی وت: خوای گەورە فەڕو بەرەکەت بخاتە ئەم حوشترەتەوە..

دواتر چو بۆ سەردانی کابرای بێ مو (کەچەڵ)و بە هەمان شێوە بەویشی وت: حەزو ئارەزوت لە ژیاندا چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: قژێکی جوانم هەبێتو ئەم کەچەڵیەم

[١] فەرموودەکە (متفق علیه)ە، لە ریاض الصالحین، لاپەڕە (٣٠) ژمارە (٦٦) دا هاتووە.

ئەمێنێت کە خەڵکی قێزو بێزم لێ دەکەنەوە، فریشتەکە بە هەمان شێوە دەستێکی هێنا بە سەری ئەمیشداو هەر لەوێدا خۆش بویەوەو بو بە خاوەنی قژێکی جوانو کەشخە، -لە خۆشیاندا هەر دەستی پێدا دەهێنا- و پاشان فریشتەکە لێی پرسی: ئەی لە ماڵو سامانی دنیا حەزت لە چییە؟ وتی: هیوایەتم ئەوەیە مانگام هەبێتو خوایش (عز وجل) مانگایەکی ئاوسی پێ بەخشیو فریشتەکە دوعایەکی خێرو بەرەکەتی بۆ کردو ڕۆیشت بەجێی هێشت.

دواتر چو بۆ سەردانی پیاوە نابیناکە کە هەردوو چاوی کوێر بوو لێی پرسی: براکەم ئایا تۆ حەزت لە چییە زیاتر لە هەموو شتێك؟ نابیناکە وتی: خوای گەورە ئەم دوو چاوەی پێ ببەخشیمایەتەوەو خەڵکیم پێ ببینیایە، فریشتەکە دەستێکی هێنا بە چاوەکانیداو خوای گەورە هەردوو چاوەکەی چاککردەوەو پاشان لێی پرسی: ئەوا خوا هەردوو چاوی بۆ گێڕایتەوە ئەی پێم بڵێ چ شتێك حەز لێ دەکەیت لە سامانی دنیا داوای بکە؟ کابرا وتی: مەڕ، و مەڕێکی ئاوسی پێ بەخشراو پاشان حوشترەکەو مانگاکەو مەڕەکە بەچکەیان بوو -بە مروری زەمەن- زۆر بونو بون بە ڕانو گاگەل، هەریەکەیان ماڵەکەی بو بە پڕی دۆڵێك.

پاش چەند ساڵێك خوای گەورە لە شێوەی هەمان مرۆڤدا فریشتەکەی ناردەوە بۆ لایانو سەرەتا چوەوە لای کابراکەی کە نەخۆشی پێستی لەگەڵدا بو (لە شێوەی پیاوێکی هەژارو سواڵکەردا) چوە ڕێگەیو پێی وت: پیاوێکی هەژارمو لە سەفەردامو دەستم لە هەمو شتێك بڕاوەو هیچ پەنایەکم نییە جگە لە خواو پاشان دەستگرۆیی تۆ، بۆیە داوات لێ دەکەم تۆو ئەو خوایەی ئەم ڕەنگە جوانو پێستە جوانەی پێ بەخشیوی و کردویتی بە خاوەنی دارایی، یەك حوشترم بدەرێ تا بتوانم لەم سەفەرەمدا سواری بمو بمگەیەنێتە شوێنی خۆم.

کابرای -نەگبەت- بە فیزێکەوە وتی: داوای لێبوردن دەکەم مافداری زۆرم بە سەرەوەیەو ناتوانم حوشترت پێ بدەم.

فریشتەکەش –لە شێوەی پیاوێکی جل شڕی هەژاردا بوو–: سەیرێکی کردو لێیَ ورد بویەوەو وتی: ئەلێی وێنات دەکەمو ئەتناسمەوە، ئەریَ تۆ ئەو کەسە نەبویت کە نەخۆشی گولیت لەگەڵدا بوو خەڵکی نزیکت نەدەبونەوەو قێزیان لێ دەکریتەوەو داماوێکی هەژار نەبوی خوای گەورە دەوڵەمەندی کردیتو کردیتی بە خاوەنی ئەم هەموە حوشترە؟

بە کەشخەیەکەوە وتی: ئەریَ کابرا تۆ دەڵێی وڕێنە دەکەیت، هەژاری چیو هیچی چی من هەر لە باوباپیرانمەوە دەوڵەمەند بووینو لەوانەوە بۆم ماوەتەوە.

فریشتەکەش هەناسەیەکی بۆ هەڵکێشاو پێی وت: دەی هەر حوشترم مەدەریَو نامەویَ منەتت نەبێت بەڵام ئەگەر درۆ بکەیت خوای گەورە بتکاتەوە بە هەژارو گولەکەی جاران ان شاء الله، ئەمەی وتو لێی داو ڕۆیشت.

خوایش قڕی خستە ناو حوشترەکانو هەمووی لەناو بردو لێی سەندەوەو خۆیشی وەك جاران توشی هەمان نەخۆشی کردەوە.

پاشان بە هەمان شێوە چوو بۆ ماڵی پیاوە کەچەڵەکەی جارانو دەبینیَ دەوڵەمەند بوەو حیسابی مانگاو سامانی خۆی نازانێتو قژێکی ڕەشی جوانی خاوی شۆڕ کردۆتەوە بەملاولای شانیداو لەناو خزمەتکارەکانیدا بە کەشخەیەکەوە دانیشتبو.

لێی نزیك بویەوەو سلاوی لێ کردو هەمان داواکاری پێشوی لەمیش کردەوەو ئەمیش (داماوە) لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچو هەمان وەلامی ڕەقو وشکی پیاوی یەکەمی دایەوە.

فریشتەکەی خوایش پێی وت: ئەگەر درۆت کردو وا نەبو ئەوە خوای مەزن وەك جاران کەچەڵت بکاتەوەو داماوو هەژاریشت بکاتەوەو پاش ماوەیەك بەو جۆرەی لێ هاتەوە.

ئەم جارەو بە هەمان جلوبەرگو شێوە هەژارییەوە چو بۆ لای کابرای نابیناکەی جارانو پاش سلاوکردن بە پاڕانەوەو دەست پان کردنەوەوە پێی وت:

پیاوێکی هەژارو دەست کورتم، ڕێبوارێکمو ڕێگاکەم دورەو دەستم لە هەموو لایەك بچڕاوەو لە دوای خوا ئومێدم تۆی کە دەستگرۆییەکم بکەیتو داوات لێ دەکەم تۆو ئەو

خوایەی کە چاوەکانی چاك کردیتەوە مەڕێکم پێ بدە تا بتوانم بە هۆیەوە بگەمەوە ناو کەس‌و کارو شوێنی خۆم.

پیاوەکەش چاوەکانی پڕ بون لە ئاوو فرمێسك پێیاندا هاتە خوارەوە کە ئەو ساتەوەختە تاڵەی هێنایەوە یادی‌و بۆیە پێی وت: ئەی برای هەژارم بە ڕاستی من وەختی خۆی کوێرو نابینا بوم‌و خوای گەورەو میهرەبان بەزەیی پێمدا هاتەوەو چاوەکانی بۆم گەڕاندەوەو سوپاسی بێ پایانی دەکەم‌و پێت دەڵێم چەندت پێ خۆشە لە مەڕو ماڵات ببەو چەندم بۆ بەجێ دێڵی بە ئارەزوی خۆت بەجێی بێڵەو لەبەر خاتری خوای (عز وجل) دەست نادەمە ڕێگات.

فریشتەکە وتی: ماڵی خۆت بۆ خۆت، ئەوە ئێوە هەرسێکتان لە لایەن خوای گەورەوە تاقی کرانەوەو لە ئاکامدا خوا لە تۆ ڕازی بو یانخوا موڵك‌و سامان‌و چاوەکانت پیرۆز بن لێت‌و شادمان بیت ان شاء الله، وبیشزانە کە خوا لە دوو هاوڕێکەی ترت زویر بو، وە وەك خۆیان‌و جارانی لێ کردنەوەیێ گول‌و گەڕو کەچەڵی کردنەوە.

*   *   *

چیرۆکی یەکەم

نابیناکە دەرچو

کەچەڵو گەڕەو کوێرە سێ هاوڕێ بونو زۆربەی کاتەکانیان پێکەوە بەسەردەبرد، کەچەڵو گەڕە زۆر ناشکور بونو هەمیشە حەسودیان دەبرد بە خەڵکیو لە خوای گەورە ناڕازی بون..

کەچەڵ (دەست دەبات سەری دەخورێنێت)و دەڵێت: ئەگەر قژێکی جوانم دەبو بە خوا شام بە سەپان نەدەزانی.. بەڵام بڵێم چی.. سەیر سەیر ئەو کوڕە قژی چەند جوانە.. دەك بە میراتی بێت..

گەڕە: بابە دوعا لە کەس مەکە.. ئەوەتا من دەڵێی پڵنگم.. هەمو گیانم پەڵەپەڵەیەو نازانم خوا بۆچی بەزەیی پێمدا نایەتەوەو لەم گەڕوگولیە ڕزگارم ناکات، چیم کردوە لە دنیا تا موستەحەقی ئەم نەخۆشیە بم..

کەچەڵ/ کڵاوەکەی دەباتو دەیکاتەوە سەریو سەیری کوڕێکی قۆز دەکات کە قژێکی ڕەشو جوانی پێوەیەو بە لایاندا تێدەپەڕێتو دەڵێت:

گەنج: مەرحەبا لێتان.

کەچەڵ: مەرحەبا سەرچاو قژخاو گیان.. دەست دەهێنێت بە قژی لاوەکەداو دەڵێ: باشە خوا چیت لێ کەم دەبویەوە قژێکی ئاوایشت بە من ببەخشیایە، خۆ بە ناشکوری نایڵێم..

گەڕ: ئەی سەیری ئەو پێستە ناسکەی بۆ ناکەی کەچەڵ گیان.. منیش ئاوا کەس قێزی نایەت سەیرم بکات.. خوا ئاوا بەشی کردوە بە ساقەی بەشی بم..

گەنج: برایان.. نەخۆشی تاقیکردنەوەی خوایە.. دەبێت سەبرو ئارامی لەسەر بگرنو ناشکوری دەرمەبڕن.. زۆر گوناهێکی گەورەیە..

کەچەڵ: نامەوێ ئامۆژگاریمان بکەیت.. خۆیشمان شتێك لە شەرع دەزانین بەڵام بە خوا تا ماوم لە بەشی خۆم ڕازی نابم هەرچەندە..

گەڕە: ئەم گەنجە ئەگەر توشی بەڵەکی دەبو.. یان کەچەڵ دەبو.. خۆزگە هەر ئاوای دەوت.. کوڕە بە ساقەی سەبر بم.. خوێنو گۆشتم خۆ ئاسن نیم.. تا کەی سەبر..

گەنج: من نازانم ئەگەر خوای گەورە بە نەخۆشی تاقیم بکاتەوە.. ئایا دەردەچم یان نا، بەڵام ئەگەر نەخۆش بکەوم (إنشاء الله) بە ئارام دەبم چونکە خوا ڕقی لە کەس نیەو موسڵمانی زۆر خۆش دەوێت..

کەچەڵ: ئەگەر خۆشی گەرەك بومایە دو تاڵ موی دەکرد بەسەرمەوە..

گەنج: خوای گەورە بە هەژاریو بە نەخۆشی مرۆڤ تاقی دەکاتەوە تا بزانێت تا چ ڕادەیەك لە ژێر باری خوادا بە سەبر دەبنو ئەو کاتە ئەجری ئارامگرانیان دەست دەکەوێتو خوا لێیان ڕازی دەبێت.. دەی من دەڕۆم خوا حاغیز..

لەم کاتەدا گەنجەکە دەڕۆیشت چاوی کەوت بە پیاوێکی کوێر بەرەو ناو شەقامەکە دەڕۆیشتو تەقەی گاچۆنەکەی دەهات.. بە پەلە ڕای کرد بۆ لایو دەستی گرتو پێی وت:

گەنج: مامە گیان ئەملا بگرە بەسەر شوستەکەدا بڕۆ.. بێنە با دەستت بگرم بزانم بۆ کوێ دەچی با بتگەیەنم.

کوێر: زۆر زۆر مەمنونتم.. برای گەنجم.. خوا دەس بە باڵی عومرتەوە بگرێت وا هاوکاری کوێرێکی وەك من دەکەی.. من خوا ئەم نیعمەتەی داوە پێم بە ساقەی بەشی بم.

گەنج: ئەڵڵا.. لەو دڵو دەرونە.. لەو بیروبڕوا قایمەت.. خۆزگەم پێت.. کە کوێری بە نیعمەتی خوا دەزانی.. بەڕاستی تۆ لە تاقیکردنەوەی خوادا دەرچویت انشاء الله.. مژدەت لێ بێت.

کوێر: من چۆن هەزاران نیعمەتی خوام بە سەرەوەیە لە بیری بکەم تەنها لەبەر ئەوەی لە نیعمەتی چاو بێبەشی کردوم؟ ها... نا نا من بە ساقەی پەروەردگارم بم..

گەنج: زۆر جوانە.. بە ڕاستی ئەگەر هەمو کەس ئاوا سەیری خوای خۆیانیان بکردایە هەرگیز ناشکوریان دەرنەدەبڕی... پێت نەوتم بۆ کوێت بەرم؟.

کوێر: بە قوربانت بم.. ئەڕۆم بەرەو خوار بۆ لای دو هاوڕێم کە ئەوانیش هەریەکەو بە دەردێك گرفتارن‌و پێکەوە هەندێ قسەی خۆش دەکەین‌و کات بەسەر دەبەین..

گەنج: (بە پێکەنینەوە) ناشێ بۆ لای کەچەڵ‌و گەڕەکە بڕۆیت؟

کوێ: با با، بۆ لای ئەوان دەچم بەڵام کوڕم بۆ وایان پێ دەڵێی گوناحە خوا وای لێ کردون؟

گەنج: هەرگیز گاڵتەم بە کەس نەکردوە.. بەڵام ئەو دو هاوڕێیەت زۆر ناشکوری دەکەن‌و بە باری خوا ڕازی نین...

کوێر: قەیناکا لێیان مەگرە.. گرفتاران دڵیان ناسك بوەتەوەو تەحەمولیان کەم بۆتەوە عەزیزەکەم بەڵام دەرونیان خاوێنە..

گەنج: خۆزگە مامەگیان ئەوانیش وەك تۆ بە ئارام‌و خۆگربونایە.. ئەوەتان بڕۆ بۆ لایان دانیشە.. دەی خوا حافیز..

کوێر: خوا حافیزت بێت‌و خوا کۆمەکت بکات‌و هاوکاری منت کرد..

کوێر دەڕوات بۆ لای کەچەڵ‌و گەڕەو دادەنیشێت‌و دەڵێت:

کوێر: مەرحەبا لێتان.. برایان..

گەڕە: مەرحەبا سەرچاو ئەوە چی بو دواکەوتی ئێمە لە زوەوە لێرەین‌و چاوەڕوانی تۆشمان دەکرد..

کوێر: ئێوە نازانن.. نابینایی چەند ناڕەحەتەو خاوەنی خۆیشی نیەو دنیا نابینێت..

گەڕ: ئاوایش هەر شکوری خوا دەکەی‌و ناڕازیەك دەرنابڕیت..

کوێر: أستغفر الله.. من نەك چاوم.. دەستو قاچیشم لێ بسەنێتەوە هەر سوپاسی خوا دەکەم.. من چیم بەرامبەر خوایەکی گەورەو بە دەسەلات..

کەچەڵ: ئەی باشە ئێمە تاوانمان چیە وا ئاوا دوچاری نەخۆشی بوین.. کەچی ئەما (سەیری خەڵکەکە دەکات) ئەو هەموە خەڵکە ساغو سەلامەتن دەڵێی گوێزی کوێرن..

گەڕە: ئەشیەوێت بە بەشی خوا ڕازی بین.. بەڵام بە هەر حاڵ سوپاس بۆ خوا..

پاش ماوەیەك قسەکردنو گفتوگۆ بڵاوەی لێ دەکەنو دەڕۆنەوە..

کوێر: پێش ئەوەی بڕۆینەوە بۆ ماڵ با شتێك هەیە پێتان بڵێم ئەویش ئەوەیە لەوانەیە ئەم دەردو بەلایە خێری پێوە بێت بۆمان.. بۆ نمونە کێ دەڵێ من چاوم هەبوایە مەغرورێکی لە خوا یاخی نەدەبوم؟ یان ئێوە؟ برایان نەخۆشیو هەژاری نیعمەتی خوان بەڵام کەس هەستی پێ ناکات..

کەچەڵ: ئەم قسەیە لە هیچ کوێ نەکەیت، هەر حەیات دەچێت.. نەخۆشیو هەژاری بەلان نەك نیعمەت..

کوێر: من پێم وایە ئەگەر دەوڵەمەند بومایە غەڕاو سەرگەردان دەبومو دەستگرۆیی هەژارانمان نەدەکرد..

گەڕە: وا نیە.. خوا ئەکا من چاك دەبمەوەو دەوڵەمەند دەبم هەمیشە یارمەتی نەخۆشو هەژارو کەم دەستەکانم دەکرد..

کەچەڵ: بە خوا منیش بۆ قابیلە خۆمو ئێستام لەبیر بچێت؟!

کوێر: یاخوا وابێت.. بەڵام مەحاڵە مەگەر ڕەحمی خوای لەگەڵدا بێت.

هەمو دەچنەوە بۆ ماڵ.

ڕاوی: خوای گەورە کە زۆر باش لە حاڵو دڵو دەرونی ئەم سیانە ئاگادارەو دەزانێت کامیان لە بارە بۆ دەرچون.. بەڵام بۆ ئەوەی قسەیان نەمێنێت فریشتەیەك لە بەرگی پیاوێکی پیری هەژاردا دەنێرێت بۆ لای هەریەکەیان.

پیاوە گەڕەکە دانیشتوەو هەر خۆی دەخورێنێت.. لەم کاتەدا فریشتەکە دێت بۆ لایو پێی دەڵێت:

فریشتە: سەلامون عەلەیکوم برای بڕوادارم..

گەڕ: وە عەلەیکە سەلام مامە پیرە گیان.. ئەوە چۆن لێم نزیك بویتەوە؟ خۆ هەمو خەڵکی قێزم لێ دەکەنەوە لە تاو گەڕو گولیمو دورم لێ دەگرن تەنانەت منداڵەکانی خۆیشم..

فریشتە: برای غەمناکم بۆچی وا دڵتەنگی تۆ حەز بە چی دەکەی با لە خوای گەورە بپاڕێمەوە بۆت بەڵکو پێت ببەخشێت -إنشاء الله-..

گەڕ: بە حەزی خۆم بێت حەزم دەکرد منیش وەك تۆ، وەك ئەو خەڵکە لەشم ساغ بوایەو خاوەنی پێستێکی جوانو نەرمو شل بومایە.. ئیتر هیچم لە خوا نەدەویست..

فریشتە دەستەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمانو هەندێ دوعای بۆ دەکاتو پاشان دەستێك دەهێنێت بەسەر لاشەی پیاوە گەڕەکەداو یەکپارچە خۆش دەبێتەوە!!

گەڕ: ها.. ها.. ئەمە.. منم.. ئەڵڵا.. خۆ پێستم جوانو نەرمو شل بویەوە.. یاخوا بەخێر بێی تۆ فریشتەی ڕەحمەتیو خوات بۆ منی ناردوە.. هەزار سوپاس بۆ خواو بەساقەت بمو زۆر مەمنونتم زۆر...

فریشتە: من کارێکم نەکردوە.. شایانی سوپاس بێ، من تەنها بۆت پاڕامەوەو خوا چاکی کردیتەوە.. چەند جوان بویت عەزیزم..

گەڕە: کورە بە خوا کەچەڵو کوێرەی هاوڕێم بزانن هەر شێت دەبن.. گیاااان..

فریشتە: ئەی گوزەرانت چیە؟ وەزعی مادیت چۆنە؟

گەڕ: وەزعی مادیم چۆنە.. بەم حاڵەوە دەبێت چۆن بێت بە خوا خزمو کەسو دراوسێکان هاوکاریان کردوم ئەگینا لە برسا دەمردین.. بەڵام مادەم چاك بومەتەوە خۆم کاسپی دەکەم..

فریشتە: لەناو ماڵو سامانی دنیا حەز دەکەیت خوای گەورە چیت پێ ببەخشێت؟

گەڕ: حەزم لە حوشترە، تا حەزم لە مانگایە.. هەر کامیان بێت نیعمەتی خوایە..

فریشتە: دەی من حوشترێکی ئاوسم هەیەو ئەمەوێ بیبەخشم پێت.. کردومە بە خێر.

گەڕ: زۆر مەمنونتم.. سوپاست دەکەم. (پاش کەمێك حوشترەکەی بۆ هێناو ئەویش لە خۆشیاندا هەر ماچی دەکردو ڕەشۆکەی بەر نەدەدا..).

بە هەمان شێوە فریشتەکە چو بۆ لای پیاوە کەچەڵەکەو پاش سڵاوکردن پێی وت: ها برای خۆم تۆ لە دنیادا چیت زۆر پێ خۆشە..

کەچەڵ: وەڵڵاهی.. ئەوی ڕاستی بێت.. قژێکی جوانم هەبوایەو ئەم برینانەی سەرم خۆش بونایەتەوە کە خەڵکی قێزم لێ دەکاتەوە..

فریشتەکە: دوعای بۆ کردو دەستی هێنا بەسەریداو یەکسەر خۆش بویەوەو قژێکی جوانی خاوی پێوە بو.

فریشتە: ئەی باشە لە ماڵی دنیا حەز دەکەی خوا چیت پێ ببەخشێت..

کەچەڵ: جا توخوا عەیب نیە داوای ماڵی دنیا بکەم.. دوای ئەوەی ئەم قژە جوانەی پێ دامەوە.. (دەستێك دەهێنێت بە قژی خۆیدا)..

فریشتە: حەز دەکەم بیڵێی..

کەچەڵ: مادەم وای لێهات.. دیارە تۆ پیاوێکی چاكو خواناسیو وەلی خوایتو دوعات گیرایە، من زۆر حەزم بە بەخێوکردنی مانگایە..

فریشتەکە وتی من مانگایەکم هەیەو کردومە بە خێرو.. وا دەزانم زۆر بە تۆ دەشێت، ئێستا بۆت دێنم.. بۆی دەهێنێتو پێی دەڵێت:

دەك خوا بەرەکەتی تێ بخات بۆتو زۆر ببن..

ڕاوی: بە هەمان شێوە فریشتەکە لە شێوەی هەمان پیاوی یەکەمدا ڕۆیشت بۆ لای پیاوە کوێرەکە.. دەبینێت بە گۆچانێکەوە بە ڕێگایەکدا دەڕواتو خەریکە لە ڕێگاکە بەرەو کەندەڵانەکە دەڕوات خێرا ڕادەکاتو دەستی دەگرێتو دەیهێنێتەوە سەر ڕێگاکە..

کوێر: دەك بەر ڕەحمەتی خوا بکەویت وا گەیشتیتە فریام.. ئەوە من ئەم ڕێگایەم بۆ لێ تێکچو خۆ من یەکەم جارم نەبو ئەمە ڕێگەی چەند ساڵەمە؟

فریشتە: ئەی چۆن من خێرم بکات؟ ئەگەر تۆ لانەدەیتو من نەتهێنمەوە سەر ڕێگا ڕاستەکە..

کوێر: دەستی فریشتەکە دەگرێتو دەڵێت: (چەند دەستێکی نەرمو شلە دەڵێی تا ئێستا گوناهی پێ نەکراوە.. ڕێبوار ماڵت ئاوا بێت.. خۆ لەم ڕۆژگارەدا خەڵکی بە دەم نابیناوە ناچن..

فریشتە: چۆن دەبێ سوپاسی خوا نەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەوانی کوێرو نابینا نەکردوە بە هەر حاڵ من زۆر سۆزو بەزەییم بە تۆدا دێتەوە پێم بڵێ لە دنیا ئاواتت چیە.. بەڵکو من دوعایەکت بۆ بکەمو خوایش قبوڵی بکات -إنشاء الله-؟

کوێر: منێکی کوێر ئاواتم چی بێت؟ هیچ شتێکی ئەم دنیایە خۆش نیە بەبێ چاو.. خۆزگە خوای پەروەردگارم لوتفی لەگەڵدا دەکردمو چاوەکانی پێ دەدامەوەو سەیری خەڵکیم پێ بکردایە.. ئای چەند خۆش بو..

دەزانی برای هاودینم ئێمەی نابینا ئەگەر سەرپشك بکرێین لەنێوان پاشایەتیو چاکبونەوەی چاومان.. بە خوا کەسمان پاشایەتیەکە هەڵنابژێرین..بەڵام خاڵۆ گیان زۆر کەس ئەم دوعایان بۆ کردوم بەڵام...

ڕاوی: فریشتەکە ڕوی کردە ئاسمانو دەستەکانی بەرزکردەوەو داوای کرد لە خوای باڵادەست کە چاوەکانی بۆ بگێڕێتەوەو پاشان دەستی هێنا بەسەر چاوەکانی کوێرەداو کوێرە بینایی بۆ گەڕایەوەو دنیای بینی بۆ یەکەم جار..

لە خۆشیاندا ڕای دەکرد بەو ناوەداو هەر سوژدەی شوکری دەبردو دەیوت خوایە بە قوربانت بم ئەمە منم.. پیاوەکەی ماچ دەکردو باوەشی پێدا دەکردو دەیگوشی بە خۆیەوە دەیوت ئەمە تۆ لە ئاسمانەوە بە دیاری بۆ من نێردراوی هەی پیاوی خواناس مەرج بێت تا مردن من خزمەتکاری تۆ بم..

فریشتە: (بە دەم پێکەنینەوە) خزمەتی من مەکە من چیم کردوە ئەوەی شایانی خزمەتکردنە خوای گەورەو بە دەسەلاتە.. کە دو چاوەکەتی بۆ گێڕایتەوەو تا مردن شوکرانە بژێری ئەو بە براکەم.. من لەبیرکە من کێم؟!.

کوێر: سەد هەزار شوکرو سوپاس بۆ پەروەردگاری گەورەی ئەم جیهانە (الحمد لله رب العالمین).

فریشتەکە پێی وت:

دیارە بە هۆی نابیناییەکەتەوە نەتتوانیوە کاسپی بکەیتو هەژارو دەست کورتیشی لەناو ئاژەڵاندا حەز دەکەی چیت هەبێت؟

کوێرە: زمانم لاڵ بێت دوای چاوەکانم داوای شتێکی تر لە پەروەردگارم بکەم، نا نا.. نان نەبێ بیخۆم بەس دنیای ڕۆشن ببینم وا دەزانم پاشای سەر زەویم.

فریشتە: نا نا.. حەز دەکەم ئاواتی شتێك بخوازیت، بەڵکو خوا پێت ببەخشێت..

کوێر: حەزم دەکرد مەڕو بزنم هەبوایەو بەخێوم کردنایە..

فریشتە: دەی من مەڕێكو بزنێکم هەیەو کردومە بە خێرو ئەگەر پێت خۆش بێت هەر ئێستا دەچم بۆت دەهێنم... (پاش کەمێك دەگەڕێتەوە بە مەڕو بزنێکی ئاوسەوە).

کوێرە: خوا خێرت قبوڵ بکاتو دەستەکانت خۆش بن.. سوپاس بۆ خوا بوم بە خاوەنی دو چاوی خۆمو مەڕو بزنی خۆم..

فریشتە: دەی خوا حافیز..

کوێرە: خوات لەگەڵ ئەی میوانە ئازیزەکە..

ڕاوی: ساڵان چونو ساڵان هاتنو حوشترو مانگاو مەڕەکان بەرەکەتیان تێکەوتو زان تا وای لێهات هەریەکەو لە کوێرەو گەڕەو کەچەڵ بونە خاوەنی یەك دۆڵ حوشترو مانگاو مەڕو بزن..

(لێرەدا بە فلاش باك گیاندارەکانیان لە دۆڵەکاندا دەردەکەوێت).

ڕاوی: بەڕێزان.. دوای ئەوەی خوای گەورە شیفای دانو چاك بونەوەو سەروەتو سامانیشی ڕژاند بەسەریاندا.. ئەمجارە هەمان فریشتەی ناردەوە بۆ لایان بە جۆرێك تاقیکردنەوە.. فەرمون با بزانین کامیان لە ژێر تاقیکردنەوەکەی پەروەدگاردا دەردەچنو کامیان پەنا بە خوا دەرناچنو دەکەون..

دیمەنی پیاوە گەڕەکەی جاران دیارە کە بۆتە پیاوێکی سپۆرتو جوانو جلی کەشخەی لەبەردایەو لەناو ڕانە حوشترەکەیدا دێتو دەڕواتو خزمەتکارەکانو شوانەکانی خەریکی دۆشینی حوشترەکاننو ئالفیان پێ دەدەن..

مام سەلیم دەستی کوڕەکەی گرتوە بەناو حوشترەکاندا دەڕواتو لە ناکاو کوڕەکەی هاوار دەکات..

کوڕ: ئەوە پیاوێکی هەژارەو هاتوە بۆ خێر با بچم شتێکی بدەمێ داماوە توخوا باوکە گیان ئەو جاریش شتێکم پێدا زۆر جل شڕو گوناحە..

مام سلیم: چی چی چی؟ وەرە، وەرە، بۆ کوێ دەچی.. ئەمە بۆیە هیچم دیار نیە ! ئەمە ئێوە دەیدەن بەمو بەو.. وەرە نەچیت..

کوڕ: باوکە گیان.. ئەی تۆ بۆت باس نەکردین کە جاران نەخۆشی پێستت هەبوەو خەڵکی قێزیان لێ دەکردیتەوەو زۆر هەژارو نەداریش بویت؟

مام سلیم: بابا جاران وا بوم.. بەڵام ئەوە جاران بو.. هەر باسیشی مەکە..

کوڕ: ئەی نەتوت پیاوێکی هەژار دوعای بۆ کردو دەستی پێدا هێنام چاك بومەوە..

مام سلیم: با...

کوڕ: دەی کەواتە هەژار تۆی ڕزگار کردو لە خوا پاڕایەوە دەی با بڕۆم یارمەتی ئەو هەژارە بدەم..

مام سلیم: وەرە مەڕۆ..

کوڕ: هەر دەڕۆم..

کوڕ: مامە گیان ئەو تورەکەیە بگرە پڕیەتی لە کەشو دوینەو خواردەمەنی تر..

فریشتە: کوڕم من سواڵکەر نیم.. من ڕێبوارم ڕێگام دورەو پارەم لێ بڕاوەو دەمەوێ باوکت ئەوەندەم پێ بدات بتوانم پێی بگەمەوە شارەکەی خۆم..

کوڕ: (بە سوکی ئای باوکە گیان.. بە تەمایە باوکم خێری پێ بکات) فەرمو. وەرە ژورەوە.

مام سلیم: ئەمە چیە کوڕم بۆ هێناتە ژورەوە؟

کوڕ: باوکە گوناحە.. میوان عەزیزی خوایەو کاری بە جەنابت هەیەو لەوانەیە بیشت ناسێت..

مام سلیم: من کەسی ئا لەم جۆرە ناناسم.. ئادەی چڵکن کارەکەت بڵێ بزانم چیە؟

فریشتە: قوربان.. من پیاوێکی هەژارم، لەوانەیە پێشتر منت بینیبێت.. پارەم لێ بڕاوەو دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم بەڵام پارەم پێ نیەو هیچ چاریشم نیە جگە لە خواو پاشان هاوکاری جەنابتان..

مام سلیم: ئەمە جوانە.. هەر کەسێك پارەی لێ بڕا.. بێتە گیانی ئێمە.. ئێ چەندت دەوێ؟

فریشتە: داوات لێ دەکەم تو ئەو خوایەی کە ئەو پێستو ڕومەتە جوانەی پێداویو کردویتی بە خاوەنی سەروەتو سامان.. تەنها یەك حوشترم پێ بدە با سواری ببمو بگەمەوە شارەکەی خۆم.. چونکە زۆر دورەو بە پێ ناتوانم بیبڕم..

مام سلیم: گوێ بگرە.. من مافی زۆر کەسم لە لایە.. خێری زۆر دەکەم.. ببوەر ناتوانم.. نیە..

فریشتە: (سەیرێکی دەکاتو لێی ورد دەبێتەوە)و پێی دەڵێت: وا بزانم دەتناسمەوە ئەرێ پێم بڵێ تۆ فلان کەس نیت کە نەخۆشی گولیت لەگەڵا بو.. بە جۆرێك خەڵکی قێزو بێزیان لێت دەکردەوە؟ هەژارو لاتیش بویتو خوا سەروەتو سامانی پێدایت؟

مام سلیم: ڕەنگی تێك دەچێتو بە زمانی تەتەڵەوە دەڵێت: ئەمە تۆ چی دەڵێی؟! تۆ لەسەر خۆتی سوڵکەر! من ئەو کەسە نیم.. تۆ چاوت ڕەشکەوپێشکەی کردوە..

کوڕ: باوکە تۆ چی دەڵێی؟

مام سلیم: وسبە هەتیو.. من لە باووباپیرمەوە ئەم سامانەم بۆ ماوەتەوە..

فریشتە: دەی من هیچم لێت ناوێت.. بەڵام ئەگەر درۆ دەکەیت خوای گەورە وەك جارانت لێ بکاتەوە..و سەر دادەخاتو دەڕوات..

ڕاوی: بە هەمان شێوە جلوبەرگەوە دەڕواتە بەر دەرگای پیاوە کەچەڵەکەی جاران کە ئێستا بوەتە خاوەنی قژێکی ڕەشی جوان کە پەلکەکانی بەملاو بەولای شانیدا شۆڕ کردبویەوەو بە کەشخەوە هاواری دەکرد.

مام سالار: ئا بزانن ئەوە کێیە لە دەرگا دەدات؟.. خزمەتکارەکەی دەرگا دەکاتەوەو هەژارەکە دێتە ژورەوە..

فریشتە: سڵاو ئەی خاوەن قژی جوانو بریقەدار.. من وا دەزانم کاتی خۆی کەچەڵ بویتو پەروەردگار لوتفی پێ فەرمویتو شیفای بۆ ناردیت..

مام سالار: دەزانی سوڵکەرێکی زۆر بلێو چەنەبازی.. ئا خزمەتکار شتێکی بەرێ با بڕواو بەرۆکمان بەر بدات..

فریشتە: نە سواڵکەرمو، نە زۆر بلێو، نە چەنەبازم گەورەم، بەڵام من ڕێگەم دورەو پارەم لێ بڕاوە بەڵکو مانگایەکم پێ بدەیت بمگەیەنێتەوە شارەکەی خۆم..

مام سالار: سەیر کەن چ تەماعی زلە! مانگایش نەبێ نایەوێت! وا دەزانی لەسەر خەزنە خەوتوم..

فریشتە: ئادەی سەیرم کە.. وا دەزانم تۆ کاتی خۆی کەچەڵ بویتو خەڵکی قێزی لێ دەکردیتەوەو خوای گەورە قژە جوانەکەی بۆ گێڕایتەوەو دەوڵەمەندیشی کردویت وا نیە؟.

مام سالار: پەلکەکانی هەڵدەدات بۆ دواوەو دەڵێت: سەرت دای لە بەرد، من هەر لە دایك بوم قژێکی زیوینم پێوە بوەو پارەو سامانیش ڕەنجەشانە ڕەنجەشان کەللەپوت..

ڕاوی: فریشتەکە سەرێك با دەداتو دەست بەرز دەکاتەوە بۆ لای خواو هاوار دەکاتو دەڵێت: ئەی خوای بە دەسەڵاتو پەروەردگاری جیهان من ئیتر هیچم لەم پیاوە ناوێ، بەڵام ئەگەر درۆ دەکات بیکەرەوە بە پیاوە کەچەڵو لۆچیلەکەی جارانو هەژاریشی بکەیتەوە خوایە گیان..

مام سالار: بیکەنە دەرەوە ئەم زمان ڕەشە.. دوعای خێر نازانی...

ڕاوی: دوای ئەوەی هاوڕێ گەڕو هاوڕێ کەچەڵەکەمان لە تاقیکردنەوەکەی پەروەردگاردا شکستیان هێناو لەخۆبایی بون... دوعای فریشتەکە لەسەریان گیرا بو قاتو قڕی کەوتە سامانەکەیانو دوچاری نەخۆشیەکەشیان بونەوە دەی با بزانین برای نابینامان هەڵوێستی چۆن دەبێت..

حاجی شاکر: لەناو مەڕو بزنەکانیدا هاتوچۆ دەکاتو بە دەم خۆیەوە دەڵێت: ئەی پەروەردگارم چەند بە ڕەحمو سۆزی بوی لەگەڵم من بە دو چاو ڕازی بوم کەچی منت کردوە بە خاوەنی ئەم دۆڵە ئاژەڵە.. من نازانم چۆن سوپاسگوزارت بم پەروەردگارم..

خزمەتکار: گەورەم پیاوێکی هەژارو چل شڕ لەبەر دەرگایەو چاوەڕوانی ڕوخسەتی جونابتە تا بێتە ژورەوە..

حاجی شاکر: عەزیزەکەم، بلێ با بێتە ژورەوە.. ڕوخسەتی منی بۆ چیە؟ هەرگیز هەژارو داماوان مەوەستێنەو بیانکەرە ژورەوە بۆ لام.. چونکە من زۆرم خۆش دەوێنو کاتی خۆی منیش هەژار بومو بۆ پارویەك نان بە دارا چوم..

خزمەتکار: پێویست بەو قسانە ناکات گەورەم من چاکت دەناسم.. تۆ لە پێناوی هەژاراندا خۆتت بیرچۆتەوە.. هەر ئێستا دەیهێنمە ژورەوە بۆ لاتان.

ڕاوی: هەرکە هەژارەکە دێتە ژورەوە خێرا حاجی پەلاماری دەداتو ئەملاولای ماچ دەکاتو بەخێرهاتنی دەکات.

گەورەم: من شایانی ئەو پێشوازیە نیم.. من هەژارێکمو پارەم لێ براوەو دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ناو ماڵو منداڵەکەمو مەسروفی ڕێگام پێ نیە.. ئەگەر بکرێت یەك مەڕم پێ بدە با بە پارەکەی بتوانم بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم..

حاجی: تۆ زۆر بە پەلەی جارێ لای ئێمە میوان بە.. با پێکەوە نانێك بخۆینو هەندێ قسەی خۆش بکەین.. دوایی بیر لە چونەوە بکەرەوە..

فریشتە: نا، دوام مەخە.. منداڵم وردەو ئێستا چاوەڕوانمن.. تو ئەو خوایەی کە کاتی خۆی کوێر بویتو دو چاوەکەی بۆ گێڕایتەوەو سەروەتو سامانیشی ڕژاندوە بەسەرتدا تەنها مەڕێکم بەرێ با خێرا بگەمەوە وڵاتی خۆم خوات لێ ڕازی بێت..

حاجی: ڕاستەکەی.. کاتی خۆی نابینا بومو خوا دو چاوەکەی بۆ گێڕامەوەو ئەم سامانە زۆرەشی پێ بەخشیوم.. بۆیە تکات لێ دەکەم بکەوە ناو ڕانەکەم چەند دەبەیت گەردنت ئازاد بێت بیبەو، وەڵلاهی دەست نادەمە ڕێگەتو لە پێناوی خوادا هەمویت دەدەمێ..

فریشتە: دەی مەڕەکانت پیرۆزی خۆت بێ..من نامەوێ.. من لە لایەن خواوە نێرراومو فریشتەمو مرۆڤ نیم.. هاتم تا تۆو دو هاوڕێکەت تاقی بکەمەوە، بەڵام مژدە بێت تۆ دەرچویت بەڵام دو هاوڕێکەت کەوتنو خوا لە تۆ ڕازی بو.. بەڵام خەشمو قینیشی لە دو هاوڕێکەت گرت..

حاجی: مەبەستت کەچەڵو گەڕەی کۆنە هاوڕێمە؟

فریشتە: بەڵێ.. بەڵێ.. خوا لێیان زویر بو دوچاری نەخۆشیەکەی کردنەوەو هەژارو لاتیش بونەوە..

حاجی: پێم ناخۆش بو.. خۆزگە ئەوانیش دەربچونایە.. بەڵام داوایەکت لێ دەکەم..

فریشتە: فەرمو: بیڵێ.. تۆ خۆشەویستی خوایتو لە تاقیکردنەوەکەیدا دەرچویت..

حاجی: ئەو دو هاوڕێیەم زۆر خۆش دەوێت‌و کاتی خۆی هەرسێکمان نەخۆش‌و کەم ئەندام بوین.. ئایا دەتوانم ئەو دوانە بێنم بۆ لای خۆم‌و هاوکاریان بکەم بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەیان‌و دەستگرۆییان بکەم.

فریشتە: ئەوە کردەوەی چاکەیە.. (إنشاء الله) بە چاکە بۆت دەنوسرێت، دەی خواحافیز.

پەندو ئامۆژگارییەکانی ئەم چیرۆکە:

١ـ دەبێت مرۆڤی موسڵمان لە ژێر باری خواداو لە کاتی نەخۆشیو نەداریو هەژاریدا هەر سوپاسگوزارو شوکرانەبژێر بێت.

٢ـ هەمیشە حەزو ئارەزوو ئاواتی ئەوە بێت رۆژێك خوای گەورە بێت بە دەمیەوەو چاکی بکاتەوەو هەرگیز نائومێد نەبێت لە پەروەردگاری چونکە نائومێدی رەوشتی کافرو بێباوەرانە: ﴿إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾[1].

٣ـ مرۆڤ هەرچەند بە هەوڵو تێکۆشانو عەقڵو ژیریو جموجۆڵی خۆی وەزعی مادی خۆی چاك بکات هەر بە بەخششی پەروەردگاری بزانێتو بڵێ ئەگەر ئەو چوستو چالاكو ژیری نەکردمایە من عەقڵی کاسبیم لە کوێ بو.

٤ـ ئەو کەسانەی وەزعی داراییان باشە با هەردەم ئامادەباش بن کە خوا لە رێگەی هەژارو سوڵکەرانەوە تاقییان دەکاتەوە لەوانەیە ئەو ئۆتۆمبیلە کەشخەیەی لە ژێرت دایە بۆ ئەوە پێی داوی بزانێت ئەو کەسە داماوەی لە قەراغی جادەو لەبەر هەتاو یان باران وەستاوە تۆ هەڵی دەگریت یان بە خێرایی (با) دەدەیت بە لایداو تۆزی بۆ دەکەیت.

٥ـ بە کاری ئەو فریشتەیەدا وا دیارە تاقیکردنەوە دروستە کە بتەوێت ئاستی دڵسۆزیو لێبڕانو لێهاتنو گوێڕایەڵی کەسانی دەورووبەرت بزانیتو ناچێتە خانەی درۆکردنەوە وەك چۆن فریشتەکە خۆی کرد بە پیاوێکی جل شڕو هەژار.

٦ـ ئەگەر لە نەخۆشی چاك بویتەوە یان لە گرفتێك رزگارت بو، ئەوە یەکەمین کەس کە شایانی سوپاس کردنەوە خوای پەروەردگارتەو خەڵکانی تر هەبوو هۆکارن خوا لە بەرژەوەند تۆدا بەکاری هێناون بەڵام لە سوپاس کردنی ئەوانیش کەمتەرخەمی نەکەیت چونکە: ((من لم يشكر الناس لم يشكر الله))[2].

---

١ يوسف (٨٧).

٢ سنن الترمذي، باب: ما جاء في الشكر لمن أحسن إليك، رقم الحديث: ٢٠٢٠، ج٣/ص٢٢٨، وهذا حديث صحيح.

٧ـ ئەگەر لە کاتێکیشدا سەروەت‌و سامانت لە باوباپیرتەوە بۆت مابویەوە هەر دەبێت بە هی خوای بزانیت کە باوك‌و باپیرێکی دەوڵەمەندی پێ بەخشیویت لە یادت بێت کە زۆر کەسان هەن باوکیان ئەوەندە هەژارە بە قەرزاری سەری ناوەتەوەو کوڕەکەی بە قەرزاری بەجێ هێشتوە.

٨ـ لەم چیرۆکەدا بەرزترین چڵەپۆپەی بەخشین دەبینین کە پیاوە نابیناکە پێی وت بێ منەت بە چەند دەبەیت لە مەڕەکان بیانبە.

٩ـ مرۆڤی موسڵمان هەر پارەیەکی بەخشی یان هەر خێرو قوربانیو صەدەقەیەکی کرد تەنها لەبەر خاتری ڕەزامەندی خوای بالآدەست بێت‌و هیچ نیەت‌و نیازێکی دنیایی تێکەڵ نەکات چونکە خوا کاری هاوبەشی ناوێت.

١٠ـ بۆ ئەو کەسەی کە هەڵدەسشێت بە تاقیکردنەوەی کەسانی دەوروبەری با لە کۆتاییدا مژدەی دەرچونی پێ بدات، بەلاّم هەواڵی کەوتن دوابخات بۆ ئەوەی کەسەکە خۆی بۆی دەربکەوێت.

١١ـ دروستە لە ئیسلامدا موسڵمان ئارەزوی شتی دنیایی هەبێت‌و حەز لە کۆشکی گەورەو ئۆتۆمبێلی مۆدیل بەرزو باخ‌و باخات‌و شتی تریش بکات چونکە مرۆڤی دەوڵەمەند (ئەگەر لێی بزانێت) چەندان پلە بە هۆی سامانەوە خۆی لە خوا نزیکتر دەکاتەوەو دەستگرۆییو هاوکاری ئەم‌و ئەویشی پێ دەکات.

١٢ـ دەبێت موسڵمان هەوڵ بدات بە شێوازێکی پاك‌و تەمیزو بۆنی خۆشەوە بچێتە ناو خەڵکیو کارێك نەکات خەڵکی قێز لە بۆنی ئارەقیو جلی چڵکنیو دانی زەردی بکەنەوە.

١٣ـ دەبێت دەوڵەمەندو خوا پێداوان زۆر مەبەستیان بێت دڵی سواڵکەرو کەم دەستەکان ڕاگیر بکەن‌و بە شتێکی کەمیش بێت دڵیان خۆش بکەن‌و نەڵێن ((الحقوق کثیرة))و تەنها تۆ نیت بەڵکو هەژاران زۆرن!.

١٤ـ دەبێت سامانداران چ باخە یان ئۆتۆمبیلە یان كارگە یان پیشە، دڵی هەژاران نەشكێنن و نائومێدیان نەكەن چونكە بترسن لەوەی دوعایەكی شەڕ لە سامانەكەیان بكەن و خوایش بێت بە دەمیانەوەو دوعاكەیان قبوڵ بكات.

١٥ـ مرۆڤی خواناس دەبێت بیروباوەڕی لەسەر یەكتاپەرستی بنیات بنێت و دور بێت لە هاوبەش پەداكردن بۆ پەروەردگار، باوەڕی وا بێت تەنها خوا شافییەو نەخۆشان چاك دەكاتەوە وەك پیاوە نابیناكە وتی: ئاواتم ئەوەیە خوا چاوەكانم چاك بكاتەوە بە پێچەوانەی دو هاوڕێ بێ ئاگاو ناحاڵیەكەی كە وتیان ئاواتمان پێستی جوان و قژی كەشخەیە! و نەیاندایە پاڵ خوای گەورە وەك ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) دەیفەرموو: هەر كات نەخۆش كەوتم تەنها پەروەردگارە چاكم دەكاتەوە.

١٦ـ هەڵمەشاخێ بە هەژارو داماو بێ دەسەڵاتانداو جوابی مەكەو مەڵێ نیمە خوا بتداتێ و دڵنیا بە ئەوە وەك داو وایەو بۆ تۆ نراوەتەوەو كامێرەی شاراوەشت بە سەرەوەیەو جوان هەڵسوكەوتی لەگەڵ بكە چونكە فیلمەكەی لە ڕۆژی قیامەتداو لە گەورەترین كەناڵی ئاسمانیەوە لێ دەدرێت و سەرتاسەری مرۆڤایەتی دەیبینن ﴿وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ﴾. واتە: پاڵ بە سوڵكەرانەوە مەنێ و جوابیان مەكە واتە شتێكیان پێ بدە.

القصة الثانية

باسم رب الغلام

عن صهيب (رضي الله عنه) ان رسول الله (ﷺ) قال: كان ملك ممن كان قبلكم، وكان له ساحر، فلما كبر قال للملك: إني قد كبرتُ فابعث إليّ غلاماً أعلمه السحر، فبعث اليه غلاماً يعلمه، وكان في طريقه –إذا سلك– راهب، فَقَعَدَ اليه وسمع كلامه فاعجبه، وكان اذا أتى الساحر مرّ باراهب وقعد اليه، فاذا اتى الساحر ضربه، فشكى ذلك الى الراهب فقال: حبسني الساحر، فبينما هو على ذلك اذا اتى على دابة عظيمة قد حبست الناس، فقال: اليوم أعلم الساحرُ أفضل أم الراهب أفضل؟ فأخذ حجراً فقال: اللهم ان كان أمر الراهب أحبّ اليك من امر الساحر فاقتل هذه الدابة يمضي الناس، فرماها فقتلها ومضى الناس، فأتى الراهب فأخبره، فقال له الراهب: ايّ بنيّ انت اليوم أفضل مني، قد بلغ من أمرك ما أرى، وانك ستبتلى، فان ابتليت فلا تدلّ عليّ.

وكان الغلام يبرىء الأكمه والأبرص، ويداوي الناس من سائر الادواء، فسمع جليس للملك كان قد عمي، فاتاه بهدايا كثيرة فقال: ما ههنالك اجمع ان انت شفيتني، فقال: اني لا أشفي أحداً، انما يشفي الله تعالى، فان آمنت بالله تعالى دعوت الله فشفاك، فآمن بالله تعالى فشفاه الله تعالى.

فأتى الملك فجلس إليه كما كان يجلس، فقال له الملك: من ردّ عليك بَصركَ؟ قال: ربّي، قال: اولك ربّ غيري؟ قال: ربي وربك الله، فأخذه فلم يزل يعذبه حتى دلّ على الغلام، فجيء بالغلام، فقال له الملك: اي بنيٌ قد بلغ من سحرك ما تبرئ الأكمه والأبرص وتفعل وتفعل.

فقال: اني لا أشفى احداً انما يشفي الله تعالى، فأخذه فلم يزل يعذبه حتى دلّ على الراهب.

فجيء بالراهب، فقيل له: إرجع عن دينك، فأبى، فدعا بالمنشار فوضع المنشار في مفرق رأسه، فشقه حتى وقع شقاه، ثم جيء بجليس الملك فقيل له: إرجع عن دينك، فأبى، فوضع المنشار في مفرق رأسه، فشقه به حتى وقع شقاه.

ثم جيء بالغلام، فقيل له: إرجع عن دينك فأبى، فدفعه الى نفر من أصحابه فقال: اذهبوا به الى جبل كذا فاصعدوا به الجبل، فاذا بلغتم ذروته فان رجع عن دينه والاّ فاطرحوه فذهبوا به فصعدوا به الجبل فقال: اللهم اكفنيهم بما شئت، فرجف بهم الجبل فسقطوا، وجاء يمشي الى الملك، فقال له الملك: ما فعل اصحابك؟ فقال: كفانيهم الله تعالى.

فدفعه الى نفر من أصحابه فقال: اذهبوا به فاحملوا قرقور وتوسطوا به البحر، فان رجع عن دينه والاّ فاقذوه، فذهبوا به فقال: اللهم اكفنيهم بما شئت، فانكفأت بهم السفينة فغرقوا، وجاء يمشي الى الملك، فقال له الملك: ما فعل أصحابك؟ فقال: كفانيهم الله تعالى، فقال للملك: انك لَسْتَ بقاتلي حتى تفعل ما آمرك به، قال ما هو؟ قال: تجمَعُ الناسُ في صعيد واحد، وتَصلبني على جذعٍ، ثم خذ سَهماً من كنانتي، ثم ضع السهم في كبد القوس، ثم قل: بسم الله رب الغلام ثم ارمني، فانك إن فعلت ذلك تقتلني.

فجمع الناس في صعيد واحد، وصلبه على جذع، ثم أخذ سهماً من كنانته، ثم وضع السهم في كبد القوس ثم قال: بسم الله ربّ الغلام، ثم رماه فوقع السهم في صُدغه، فوضع يده في صدغه فمات، فقال الناس: آمنا برب الغلام، فأتى الملك فقيل له: أرأيت ما كنت تحذر؟ قد والله نزل به حذرك، قد آمن الناس، فأمر بالاخدود فافواه السلك فخدّت واضرم فيه النيران وقال: من لم يرجع عن دينه فاقحموا فيها او قيل له: اقتحم، ففعلوا حتى جاءت إمراة ومعها صبيٌّ لها، فتقاعست ان تقع فيها، فقال له الغلام: يا اماه اصبري فانكِ على الحق.[1]

[1] رواه مسلم (٢٠٠٥) له (رياض الصالحين)، ژ: (٣١)، لا: (٢٠ـ٢١) چاپی یەکەم.

چیرۆکی دوەم
بە ناوی خوای منداڵەکەوە

سوهەیب (خوا لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: پادشایەك لە پادشاکانی سەردەمانی پێش ئێوە جادوگەرێکی هەبو (کە چاوبەستکردنو خەڵەتاندنو ژێربارخستنی میللەتی داماوو ڕەش‌و ڕوت لە ڕێگەی سیحرکردنەوە کاری بو).

کاتێك ئەم جادوگەرە پیر بو توانای کارەکەی کەم بویەوە ڕووی کردە پادشا پێی وت: دەبینی کە من پیر بوم (و توانای ئەم ئەرکەم نەماوە) دەی بەڵکو منداڵێکی چوستو چالاکم بۆ بنێری تا فێری جادوگەریەکەی خۆمی بکەم.

پادشا کوڕێکی چوستو وریای دیاری کردو دایە دەستی.

ئیتر لەو ڕۆژە بە دوا منداڵەکە بەردەوام هەمو ڕۆژێك سەردانی ئەو پیرە جادوگەرەی دەکرد لەناو ئەو شاخانەداو لێیەوە فێری جادو دەبو.

لەسەر ڕێگاکەی ئەشکەوتێك هەبو لەو ئەشکەوتەدا (خواناسێك خەریکی بەندایەتی کردنی خوای پەروەردگار بو) ڕۆژێکیان ئەو منداڵە لایدایە لای ئەو پیاوچاکەو لە لای دانیشتو بە وردی گوێی بۆ وتەکانی گرتو زۆر سەرسامو خۆشحاڵ بو بە وتەکانی.

لەو ڕۆژە بە دواوە بەردەوام سەرەتا لای دەدایە لای ئەو خواناسەو گوێی بۆ وتەکانی شل دەکردو پاشان بە نابەدڵیەوە دەچو بۆ لای مامۆستا جادوگەرەکەی‌و وانەی لە لا دەخوێند.

دوای ئەوەی جادوگەرەکە هەستی کرد لە کاتی دیاریکراودا ئامادە نابێتو ڕۆژانە دوادەکەوێت زۆری لێدا..

کوڕەکەش زۆر ناڕەحەت بو، سکاڵای خۆی بردە لای زانا خواناسەکەو ئەویش پێی وت: کوڕی خۆم تۆ بەردەوام سەردانی من بکەو سارد مەبەرەوەو خۆ ئەگەر جادوگەرەکە گلەیی دواکەوتنی لێ کردی پێی بڵێ ئیش‌و کاری ماڵەوەمان دوای خستم، وە ئەگەر ترسای ماڵەوە لێت بدەن پێیان بڵێ مامۆستا جادوگەرەکەم دوای خستم.

بەم شێوەیە ماوەیەك بەردەوام بو، تا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە كاتی گەڕانەوەیدا بۆ مالْ گیانلەبەرێكی زەبەلاحی بینی كە لە ناو چەقی ڕێگەكەدا وەستابو، خەلْكی هەمو لێی دەترسان‌و نەیاندەوێرا لەو ڕێگایەوە بڕۆن بۆ سەر كارەكانیان..

منداڵەكەش بۆ ئەوەی ڕاستی ڕێبازی پیاوچاكەكەو هیچو پوچی ڕێچكەی جادوگەرەكە بزانێت (لە لایەك‌و لە لایەكی تریشەوە چاكەیەك بێت لەگەلْ ئەو خەلْكەی ئەو ڕێگایەدا) بەردێكی گەورەی هەلْگرت‌و وتی: ئەمڕۆ بۆم ئاشكرا دەبێت كە ئایا كامیان لەسەر هەقن زانای خواناس یان پیرە جادوگەر؟

بەردەكەی بەرزكردەوە بە دەنگی بەرز هاواری كرد: ئەی پەروەردگارم ئەگەر پیاوە خواناسەكە لە لای تۆ لە جادوگەرەكە خۆشەویستترە من بەم بەردە ئەو دەعبایە بكوژم‌و خەلْكەكەی لێ ڕزگار بكەم‌و تێی گرت‌و كوشتی‌و خەلْكەكە بە خۆشحالْیەوە بەو ڕێگایەدا بەرەو كارەكانیان ڕۆیشتن.

كاتێك لە ڕۆژی داهاتودا هاتەوە خزمەت پیاوە خواناسەكەو هەواڵەكەی بۆ گێڕایەوە، خواناسەكەش (زۆر خۆشحالْ بو) دەستی خستەسەر شانی‌و پێی وت:

ئای كوڕی خۆم، ئەزانی تۆ لەم ڕۆوە لە من باشتری‌و وەك دەبینم زۆر بەڕێزو نزیك بوبیت لە خواوە..

بەلاّم گیانەكەم دوژمنایەتی بیروباوەڕ لێت ناگەڕێن‌و دەتگرن‌و ئازارو ئەشكەنجەت ئەدەن، بەلاّم دەخیلت بم هەرچەندە سزات بدەن تۆ خۆگر بەو ناوی من مەهێنە، چونكە من بیروباوەڕی دروێنەی ئەوانم ڕەدكردۆتەوەو دژی بیروبۆچونە بێباوەڕییەكانیانم..

ڕۆژان دەڕۆیشتن‌و ڕۆژان دەهاتن، بەردەوام ئەم منداڵە كاری لە باشیدا بو، هەردەم خوای گەورە زیاتر بەخشش‌و نیعمەتی زیاتری بەسەردا دەڕژاند لەوانە توانای بەردانی زمانی لالْ‌و چارەسەری نەخۆشی پێست‌و نابینای چاك دەكردەوەو چارەسەری هەموو دەردەكانی تریشی دەكرد.

دوای ئەوەی بەم کارە خێری‌و چاکەخوازیانە ناوبانگی دەرکرد لەناو شارداو تا کار گەیشتە ئەوەی کە یەکێك لە دۆستو پیاوماقوڵی دیوەخانی پادشا کە نابینا بو، هەستیٚ بە سەردانی کردنی ئەو کوڕە بە هیوای ئەوەی چاوەکانی بۆ چاك بکاتەوەو سەر لەنویٚ دونیای ڕوناکی پیٚ ببینێت.

بە کۆمەڵیٚ دیاری سەنگینەوە ڕۆیشت بۆ ماڵی منداڵەکەو پێی وت: ئەگەر چاوەکانم چاك بکەیتەوە ئەم هەموو دیاریانە دەدەم بە تۆ.

منداڵەکەش وتی: من کەس چاك ناکەمەوە بەڵکو شیفا بەخشی ڕاستەقینە خوای پەروەردگارە، ئەگەر تۆ باوەڕ بەو خوایە بهێنی منیش لێی دەپاڕێمەوەو دوعات بۆ دەکەم کە چاکت بکاتەوە، پیاوە نابیناکەش هەر لەوێدا باوەڕی هێناو پەروەردگاریش دو چاوەکەی بۆ گێڕایەوەو شیفای پیٚ بەخشی.

پیاوەکەش کاتێك کە بینی وا چاوەکانی دەبینیٚ‌و دنیای ڕووناکی بۆ یەکەم جار بینی زۆر سوپاسی خوای کردو پیاوەکەی پاشا تێر دەستخۆشی لە منداڵەکە کردو سەرجەم دیاریەکانی پیٚ بەخشی‌و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

هەروەك عادەتی جارانی چویەوە بۆ دیوەخانی پادشا (بەڵام ئەمجارە کەس دەستی نەگرتبو بەڵکو بە پێی خۆی ڕۆیشتو پاشانیش زۆر خۆشحاڵ بو بۆیە بە دەم بیرۆزباییەوە) لێی پرسی:

کیٚ چاوەکانی چاك کردیتەوە؟ پیاوەکە (ش بەبیٚ دو دڵی) لە وەڵامدا وتی: پەروەردگارم.

پادشا (بە سەرسامیەوە هاواری کرد بە سەریدا) وتی: چی؟ بۆ جگە لە من کەسێکی تر بە خوای خۆت دەزانیت؟!

پیاوەکەش (بە دڵێکی پڕ لە باوەڕو باوەڕێکی پۆڵایینەوەو بیٚ ترس‌و دو دڵی) وتی: گەورەم خوای من‌و خوای تۆش تەنها (الله)یە.

پادشا ئاگری تورەیی هەڵگیرساو فەرمانی دەرکرد دەست بەجێ پیاوە باوەڕدارەکەیان گرتو خستیانە ژێر ئەشکەنجەو ئازارێکی قورسەوە وتی: دەست لە ئەشکەنجەدانی هەڵمەگرن تا ناونیشانی ئەو منداڵەتان پێ دەڵێت.

ئەو ستەمکارە دڵڕەقانە جۆرەها سزای ناشیاویان لەگەڵیدا بەکارهێناو ناچار لە ئاکامدا وای بە باش زانی شوێنی منداڵەکەیان پێ بڵێ.

پیاوەکانی پادشا دەست بەجێ ڕۆیشتنو منداڵەکەیان هێنایە بەردەستی پادشاو ئەویش بە تورەییەوە لێی پرسی: ها کوڕم بۆ وا سپڵە دەرچویت؟ ئێمە فێری سیحرو جادومان کردیتو تۆش بۆ خۆت خەڵکی کەڕو لاڵو نابیناو گولی پێ چاك دەکەیتەوە بە هۆی سیحربازییەوە؟

(منداڵەکەش بە باوەڕێکی قایمو بە دڵێکی لەسەرخۆوە وڵامی پادشای ستەمکاری دایەوەو) وتی: من چیمو کێم؟ تا بتوانم خەڵکی چاك بکەمەوە بەڵکو شیفابەخشی هەمو لایەك تەنها خوای پەروەردگارەو بەس.

پاشا (زۆر تورە بو) چاوەکانی سورهەڵگەڕانو فەرمانی دەرکرد بە سەختترین شێوەکانی سزا ئەشکەنجەی بدەن تا ناوو شوێنی ئەو کەسانەمان پێ دەڵێت کە ئاوا تێی گەیاندوەو تێکی داوە لێمان.

منداڵەکە لە ژێر ئەشکەنجەو ئازارە جیاجیاو بە ئێشەکاندا خۆی گرتو هیچی نەوت، بەڵام لە ئاکامدا بیری کردەوە کە ناوی مامۆستاکەی بڵێت تا بە چاوی خۆی وانەی سەبرو ئارامیشی لێوە فێر ببێت.

جەندرمەکانی پاشا بە ناشترینترین شێوە هەڵیانکوتایە سەر ئەشکەوتەکەو ئەو پیاوە خواناسە بە سالاچوەیان ڕاکێشتو بە لێدانو قسەی ناشیرینەوە بردیانە بەردەمی پاشایان.

پاش چەند ڕۆژێك لە زیندانی کردنو ئەشکەنجەدانی ئەو سێ کەسە باوەڕدارە بێ تاوانە پاشا فەرمانی دەرکرد کە بیانهێننە بەر دەستی خۆیو ئەوانیش هێنانیانە بەردەستیو سەرەتا لە مامۆستای خواناسەوە دەستی پێکردو پێی وت:

لە ئاینو بیروبڕوات پەشیمان بەرەوە.. پیاوی پیری بەساڵاچو لە پێناوی ڕەزامەندی خواو خۆشەویستی ئەودا تەمەنی هەمو بەسەربردوە چۆن وا بەو ئاسانیە خۆی ئەدات بە دەستەوەو پشت لەو ئاینە پاكو دروستە دەكاتو بێباوەڕ دەبێتەوە.

بۆیە بە پاشای وت: هەرگیز نامبینی واز لەم ئاینەم بێنم. پاشا چاوەكانی پەڕیە تەوقی سەریو لە تاو تورەبون كەفی ئەچەراندو هاواری دەكرد نامەوێ لە وڵاتی مندا كەسێك هەبێت جگە لە من خوایەكی تر بپەرستێت.

هەر لەوێدا فەرمانی دەركرد مشارێكی گەورەیان هێناو لە تەوقی سەریا دایاننــاو دەستیان كرد بە دولەتكردنی زانای خواناسی بەساڵاچو (بەبێ ئەوەی شەرمی ڕیشی سپیو تەمەنەكەی بكەن) تا خوارەوە بڕیارنەوەو كردیان بە دو بەشەوەو بەشەكانی لەشی كەوتن بەمدیوو ئەودیوداو گیانی پاكی بە شەهیدی بەخشیە پێناو بیروباوەڕو پەروەردگاری ڕاستەقینەی خۆی.

پاشان هاوڕێ گیانی بە گیانیەكەی دیوەخانی خۆی هێناو بەویشی وت: ها كوێرەی جاران واز لە بیروباوەڕەكەت دەهێنیت؟

پیاوە نابیناكەش بە باوەڕی پۆڵاینەوە لەبەردەمی پاشادا وەستاو وتی: هەرگیز، پاشای دڵڕەقیش فەرمانی دا بە هەمان شێوەی پیاوەكەی پێشو مشارەكەیان خستە تەوقی سەری ئەویشو ئەویشیان كرد بە دو لەتی ناوەڕاستەوەو لەتەكانی كەوتن بەملاولادا.

جا نۆرەی منداڵەش هاتو داوای لەویش كرد كە واز لە ئاینەكەی بهێنێتو پێی وت: دەست لەم بیروباوەڕو ئاینەت هەڵدەگریت یان نا؟

منداڵەكەش (بە كێوێك سەبرو ئارامیو خۆگریەوە) سەرێكی باداو نەخێری بۆ كرد.

پاشایش خۆی بە شایستەی ئەوە نەزانی كە بە دەستی خۆی هەستێ بە كوشتنی منداڵێك بۆیە بە پیاوە چڵكاوخۆرەكانی خۆی وت:

ببەن بۆ سەر لوتکەی بەرزترین کێوو لەوێ داوای لێ بکەن لە ئاینو بیروباوەڕی پەشیمان ببێتەوەو ئەگەر پەشیمان بویەوە زۆر باشە بەڵام ئەگەر هەر سور بو لەسەری لە کێوەکە فڕێی بدەنە خوارەوە.

پاش ئەوەی کە هەر گوێی بۆ نەگرتن (چونکە ئەو ڕێزی پاشایانی شکاندو بە قسەی نەکرد) ئاخۆ دەبێ چۆن بە قسەی ئەم بەکرێگیراوە قەزەمانە بکات، ویستیان بیخەنە خوارەوە.

منداڵەکە ڕوی کردە خوای پەروەردگارو دەستە بچکۆلانەکانی بەرزکردەوە بۆ ئاسمانو وتی:

ئەی پەروەردگارم بە هەر جۆرێك خۆت پێت خۆشە ئەمانەم لە کۆڵ بکەرەوەو لەناویان بەرە.

خوای گەورەیش هات بە دەم نزاکەیەوەو کێوەکە دەستی کرد بە لەرزینو حەشۆکەکردنو سەربازەکانی پاشا کەوتنە خوارەوەو ملیان شکا.

منداڵەکە دوبارە بە عیزەتێکی باوەڕدارانەوە هاتەوە بۆ کۆشکی پاشاو پاشا زۆر سەرسام بو وتی: بچکۆل ئەی کوا سەربازەکانی لەگەڵتدا بون؟ چیان لێ هات؟

منداڵەکەش بە باوەڕێکی پۆڵاینەوە وەڵامی دایەوەو وتی: خوای پەروەردار لەناوی بردنو لە کۆڵمی کردنەوە.

ئەم جارە پاشا (دیسان دەرسی وەرنەگرت) بەڵکو هەر بە هێزو لوتبەرزی خۆیدا دەینازی بۆیە دەستبەجێ فەرمانی دەرکرد کە بیگرنو ئەمجارە کۆمەڵێك سەربازی زۆرتری ڕاسپارد کە بیبەن بۆ ناوەڕاستی دەریایەکی بێ بنو ئەگەر وازی لە بیروباوەڕەکەی هێنا ئەوە وازی لێ بێننو خۆ ئەگەر هەر سور بو لەسەری، یەکسەر نوقمی دەریای بکەنو بیخنکێنن.

لەوێ پاش ئەوە سەربازەکان داوای گەڕانەوەیان لێ کرد لە ئاینەکەی بەڵام ئەو هەر گاڵتەی ئەهات بە هەڕەشەو گوڕەشەکانیانو ئەو بانگی دەکردن بۆ یەك خواپەرستی.

بۆیە هەمو پەلاماریان دا تا فرێی بدەنە ناو دەریاکەوە بەلام ئەم جارەیش منداڵەکە داوای لە پەروەردگاری کردەوە کە مۆڵەتی تەمەنی بداتو ئەو سەربازانەشی بۆ لەناو بەرێت.

لەو کاتەدا بە ویستی خوای عز وجل شەپۆلێکی گەورە هاتو کەشتیەکەی هەڵگەڕاندەوەو هەمو سەربازەکان خنکانو منداڵی باوەڕپێتەو بە سەلامەتی لە ئاوەکە هاتە دەرەوە.

بۆ جاری سێیەم هاتەوە بۆ کۆشکی پاشاو پاشایش کاتێك بینی هەردوو چاوی پەڕیە تەوقی سەری‌و تورە بو هاواری کرد: کوا هاوڕێکانت چیان بەسەر هات؟

منداڵەکەش زۆر بە هێمنانەو لەسەرو بە پێکەنینەوە وەلامی دایەوەو وتی: خوای گەورە لەناوی بردن‌و لە کۆڵمی کردنەوە.

بەلام منداڵە ژیرەکە بڵاوبونەوەی ئاینی خواو یەکتاپەرستی بە لاوە شیرینتر بو لە گیانی خۆی بۆیە زۆر بە ئاسایی ڕوی کردە پاشاو پێی وت:

تۆ هەرگیز ناتوانی من بکوژیت مەگەر بەو جۆرە بکەیت کە من پێت دەڵێم.

پاشا وتی: ئەو جۆرە چیە بێڵێ با بیکەم؟

کوڕەکە وتی: لە گۆڕەپانی شاردا هەمو خەڵکی کۆبکەرەوەو من چوار مێخە بە دارێکدا بمبە سەرەوەو هەڵم واسەو پاشان لە تیرەکانی خۆم تیرێك دەربهێنەو پاشان تیرەکە بخەرە ناو کەوانەکەو ڕوی بکەرە منو بڵێ:

((بە ناوی خوای ئەم کوڕەوە))و پاشان تیرەکەم تێ بگرەو ئەگەر بەو جۆرە بکەیت کە من پێت دەڵێم دەتوانیت بمکوژیت.

پاشایش خێرا بەو کارە ڕازی بو (بەبێ ئەوەی بیر لە ئاکامەکەی بکاتەوە کە هەمو خەڵکی شار ڕاستی‌و گەورەیی‌و دەستەلاتی خوای پەروەردگاریان بۆ دەردەکەوێت‌و موسڵمان دەبن).

پاشا لەناو شاردا جاڕی دا کە کەس لە ماڵەوە نەمێنێتو هەمو بەرەو گۆڕەپانی مەزنی شار بەڕێ بکەون بۆ ئەوە دیمەنی کوشتنی ئەو کوڕە ببینن کە لێی هەڵگەڕاوەتەوەو بێجگە لە ئەم خوایەکی تر بە ڕاست دەزانێت.

پاشا کوڕەکەی بە نیشانە نایەوەو لە تیردانەکەی تیرێکی دەرهێناو خستیە ناو کەوانەکەوەو ڕوی کردە کوڕەکەو پێش ئەوەی تێی بگرێت هاواری کرد بە دەنگی بەرز بە جۆرێك هەمو گۆڕەپانەکە بیستیان کاتێك وتی:

((بە ناوی پەروەدگاری ئەم کوڕە)) هەر کە تەقاندی تیێ دەست بەجێ دای بەسەر دڵی کوڕەکەداو شەهیدی کرد.

هەمو جەماوەرەکە کە گوێیان لەو وتەیەی پاشایان بو، کاری کردە سەر دڵو جەرگیانو هەر لەوێدا هاواریان کردو وتیان: ((ئەوا هەمو باوەڕمان هێنا بە پەروەرکاری ئەم کوڕە)).

وەزیرو گزیرەکانی پاشا بە هەڵەدەوان لە پاشایان کۆبونەوەو وتیان: گەورەم ئەوەی لێی دەترسای ڕوی دا، دەی سوێند بە خوا ئەوەی تۆ حەزەرت لێ دەکردو هاتەدی، ئەو خەڵکەی تۆ دەتویست کوڕەکە بکوژی تا کاریان تێ نەکاتو نەیانکاتە سەر بیروباوەڕەکەی بەڵام وا بە داڕشتنی نەخشەی کوشتنی خۆی ئەوەی ویستی بو هاتەدیو هەمو خەڵکی شوێنی کەوتنو باوەڕیان بە تاقە خواکەی هێنا، ئێستا چی بکەین گەورەم؟

پاشا ئەوەندە شبرزو نارەحەتو بەشێوحاڵ بو کە لە تاودا کەفی ئەچەراندو هاواری ئەکردو هەڕەشەی لە خەڵکی گۆڕەپانەکە کردو وتی:

لەسەر هەمو ڕێگاکاندا چاڵی گەورەو قوڵ هەڵبکەننو بە ئاگر تاوی بدەنو ئەوانیش ئەم کارەیان بۆ کرد.

فەرمانی دەرکرد هەر کەسێك پاشگەز نەبێتەوە لەو بیروباوەڕو ئاینی ئەو کوڕە بیخەنە ناو ئەو ئاگرەوەو بیسوتێنن.

ئەوانیش دەستیان کرد بە ڕیزکردنی خەڵکەکەو یەك یەك لێیان دەپرسین ئایا پەشیمان دەبیتەوەو ئەویش دلێرانە دەیوت هەرگیز، هەرگیز لە ئاینی ڕاستو دروستی پەروەردگارمان دەست هەڵناگرینو ئامادەین لەو پێناوەدا بمانسوتێنن..

ئەوانیش وەك عادەتی هەمو طاغوتو ملهوڕەکان بێ ڕەحمانە دەستە دەستە هەڵیان ئەدانە ناو ئەو ئاگرە گەورەیەوە تا ئەوەبو لەناو دەستەی باوەڕهێنەرەکاندا ژنێك خۆگرانە چوە پێشەوە بەڵام بەزەیی بە کۆرپەکەی باوەشیدا هاتەوەو لە دڵی خۆیدا وتی: ئەبێ ئەم منداڵەی باوەشم تاوانی چی بێ کە ببمە هۆی سوتانو مردنی؟

بۆیە نەیدەزانی چی بکات هەنگاوێ بەرەو ئاگرەکە دەڕۆیشتو کە بیری لە منداڵەکەی دەکردەوە هەنگاوی بەرەو دوا دەگەڕایەوە.

منداڵە ساواکەی باوەشی بە فەرمانی خوا هاتە قسەو ڕوی کردە دایکیو پێی وت:

دایە گیان بە ئارامو خۆگر بە چونکە تۆ لەسەر هەقی، ئەویشو خەڵکەکەش کە گوێیان لەو منداڵە بچوکە بو ئەم قسانەی کرد ئەوەندەی تر باوەڕیان چەسپاو سور بون لەسەر گیان فیدایی لە پێناویدا، ئەوە بو ژنەکە بە منداڵەکەیەوە خۆی هەوادایە ناو ئاگرەکەوەو سوتاو چوە ڕیزی ئافرەتانی شەهیدی پێناو ڕێبازی دروستی پەروەردگاری هەمو جیهان.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە :

١ـ دەبێت مرۆڤی موسڵمان هەمیشە پەند وەربگرێت لە ئوممەتانی پێش خۆی کە ئەگەر هەڵەیان کردبێت ئەو خۆی لێ بپارێزێتو ئەگەر چاکەشیان کردبێت با ئەویش بەو شێوەیە چاکە بکات.

٢ـ دەبێت مرۆڤی موسڵمان ئەوەی لە لا ڕون بێت کە تاقمو پێڕی کوفر بەردەوامنو کۆتاییان نایەتو نابینی سیحرەبازەکە پیربوە خێرا داوا لە پاشا دەکات منداڵێکی وتووریای بداتە دەست تا پاشا بێ جادوگەر نەمێنێتەوە.

٣ـ دەبێت مرۆڤی موسڵمان پەندو لەو پیرە سیحربازە وەربگرێتو نەوەکانی دوای خۆی بۆ هەڵگرتنی مەشخەڵی خواناسیو بیروباوەڕ پەروەردە بکات تا دوای خۆی چرای ئیسلام نەکوژێتەوەو تا قیامەت کاروانی قورئانی بەردەوام گەوهەرو زێڕ بە دەوروبەری ببەخشێت.

٤ـ دەبێت مرۆڤ بەردەوام بەراورد بکاتو بزانێت کێ ڕاست دەکاتو خزمەتکاری ڕاستەقینەیەو دڵو دەرونی بە ئاوی قورئان ئاو دراوەو کێش لەسەر هەڵەو بەتاڵو بیری پڕوپوچە لێیان دور بکەوێتەوە ئیتر با گەورەترین حیزبو گەورەترین دەسەڵاتیش بنو دەستەی باوەڕیش لاوازو بێ دەسەلات بنو لە دەرەوەی کورسی حوکمڕانیشدا بن.

نابینی منداڵەکەلە ڕێگەی بەراوردکردنەوە ڕاستی خواناسەکەی بۆ دەرکەوت.

٥ـ دەبێ هەڵگرانی بیروباوەڕی ئیسلامی خۆیان ئامادە بکەن بۆ لێدانو ئەشکەنجەدان لە کاتی بەراوردکردنی پێڕی دەسەلات لەگەڵ پیاوێکی بێ دەسەڵاتو لاواز بەلام هەق لە لای ئەوە.

٦ـ دروستە مرۆڤ هەندێ کات پەنا بەرێت بۆ هەندێ سیناریۆ ئەمەش لە پێناو چەواشەکردنی زاڵمو ستەمکارو کاربەدەستان ئەمەش لە پێناو ئەوەی کە هێمنانە بەرەو ئامانجە پیرۆزەکانی بڕواتو هێدی هێدی بە گوێگرتنو خوێندنەوە خۆی بە چەکی باوەڕ پڕچەك بکات ئیتر دوایش درۆکەی ئاشکرا ببێ زیانی نیە.

نـابینی خواناسـەکە پێـی دەڵـێ لای سـیحربازەکە بڵـێ ماڵـەوە دوایـان خـستمو لای ماڵەوەش بڵێ سیحربازەکە دوای خستم.

٧ـ مرۆڤی موسڵمان جار بـە جـار ئـەتوانێ بـۆ خۆیـەکلایی کردنـەوە بـۆ نـاو کـاروانی باوەڕداران‌و وازهێنان لە تاقمی نەفامان هەندێ تاقیکردنـەوەی دنیـایی ئـەنجام بـدات وەك ئەوەی بڵێ ئەی خوایە گیان ئەگەر لێم ڕازیت‌و خۆشتم دەوێت با فلان کار ئەنجام بدەم.

نابینی کوڕەکە کوشتنی ئەو دایناصورە زەبەلاحە دەکاتە بەڵگەی ڕاسـتی بیروبـاوەڕی خواناسەکەو درۆو ناڕاستی پاشاو سیحربازەکەی.

٨ـ مرۆڤی موسڵمان نابێ هیچ هـەل لـە دەسـت بـداتو لـە هـەر کـوێ بـۆی لـوا کـاری خەڵکی ئاسان بکات‌و چاکەیان لەگەڵدا بکات تا زیاتر بچێتە ناو دڵیانەوەو شوێنی بکەون.

نابینی ئەو کوڕە چـۆن دەستپێـشخەری دەکـات‌و ئـەو خزمەتـە گەورەیـەی شـارەکەی دەکاتە بەشی خۆی‌و لەو دەعبا زەبەلاحە ڕزگاریان دەکات.

٩ـ ئەگەر خوای گەورە خۆشی ویستیت‌و لەسەر دەستی تۆ کـارێکی موعجیزەئاسـای (کەرامەت)ی ئەنجامدا خێرا خۆت بگەیەنەرە ماموستایانی جێگەی متمانەت‌و هەواڵەکـەیان بۆ بگێڕەوەو بە نهێنی مەیهێڵەوەو مەترسە ئەوە ناچێتە خانەی ڕیاو خۆدەرخستنەوە.

نابینی کوڕەکە چۆن خێرا خۆی گەیاندە مامۆستای خواناسی‌و ئەو مژدە خۆشەی پێدا کە کوشتنی دەعباکە بو لەگەڵ خۆیەکلاییکردنەوەکەیدا.

١٠ـ ئەگەر کارێکی جوانت لە خەڵکی دەوروبەرتدا بینی، خێرا دەستخۆشی لێ بکـە تـا هەست نەکات تۆ حەسودی پێ دەبەیت‌و پاشان زۆر ئاساییە پێی بڵێ کـەوا دیـارە لـە لای خوا تۆ لە من خۆشەویستری‌و کاری گەورەی پێت هەیە.

نـابینی مامۆسـتای خواناسـی پـیر چـۆن تـەواوزوع‌و خۆبەبـچوك زانـین دەنوێنێـت‌و بـە منداڵێکی بچوك کە خۆی دەرسی پێ وتوە، دەڵێ: مژدەت لێ بێت تۆ ئەمڕۆ لە من باشـترو بەرزتری.

١١ـ مامۆستایانی قوتابی قورئان دەبێت دوای ئەوەی قوتابیەکانیان جوان لە ئیسلامو قورئانی پیرۆز حالّی بون، ئاگاداری ئەوەیان بکەنەوە کە لە دوارۆژدا توشی دەیانو سەدان ئازارو ناڕەحەتیو نان بڕینو دەربەدەری دەبنەوە لە لایەن پێڕی دەسەلاتەوە.

چونکە ئەوان ئەو بیروباوەڕە ڕاستو دروستەیان پێ قبولّ ناکرێت بەلّکو جۆرە موسلّمانەتیەکیان پێ خۆشە لەگەلّ مەزاجو پاراستنی کورسیەکانیاندا بگونجێتو جێیان پێ لەق نەکات، بۆیە ئەوانیش زانایانی ئاینیان هەیە لە کۆشکداو تا حەلالّو حەرام بە مەزاجی ئەو بسەلمێنن.

١٢ـ دەبێ مامۆستایان قوتابیەکانیان لەسەر کەتمانو نهێنی پارێزی پەروەردە بکەنو سڕو نهێنی ڕێکخستنەکانیان لە لای کەس نەدرکێنن بە تایبەت لەناو زیندانەکانی دەسەلاتدارەکانداو لە ژێر ئەشکەنجەدا.

١٣ـ ئەگەر خوای گەورەو پەروەردگار بەهرەیەکی جوانی پێدایت تۆش هەولّ بدە لە پێناوی بلاوکردنەوەی بانگەوازدا تەوزیفی بکەیت.

نابینی کوڕەکە چۆن بەهرەی پزیشکی پێ بەخشرابو ئەویش کەسی چاك نەدەکردەوە تا باوەڕی بە خوای تاقانە نەهێنایەو من خۆم هەر کەسێك داوای بکردایە فێری خۆشنوسی بکەم، مەرجم لێ دەگرت کە دەست بکات بە نوێژکردن.

١٤ـ هەمو لێهاتوویيو تواناو دەست ڕەنگینییەك دەبێت دەبێت بدرێتە پالّ خوای پەروەردگارو بە ئازایەتيو بەخششی ئەوی بزانێت کە تۆ بە دەڕنەفیزو کاوێیەك هەرچی جیهازی پەککەوتەیە چاکی دەکەیتەوە کەچی هەمان دەڕنەفیز بدرێت بە من لەوانەیە جیهازەکە بسوتێنمو تێکی بدەم، دەی خۆ خوا هەمان عەقلّی پێداوین بەلام من لە شتێکی تردا بەخششم پێ دراوە.

نابینی کوڕەکە خۆی هەلّنانيو بلّێ چاکتان دەکەمەوە بەلّکو دەلّێ تەنها خوایە دەتوانێت خەلّکی چاك بکاتەوەو شیفابەخشیش هەر ئەوە.

١٥ـ سودو کەڵكو لێهاتویت بۆ هەموان بێتو تەنانەت کاربەدەستانو بەرپرسانیش سودت لێ وەربگرن چونکە وا دەبێت لەو ڕێگایەوە تۆ بە لوتکەی دەسەڵات ئاشنا دەبیت، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بو کە پێغەمبەر (ﷺ) هەوڵی دەدا سەرانی قورەیش موسڵمان بکات چونکە ئەگەر لوتکەی دەسەڵات چاك بو خوارەوەش سەیری ئەوان دەکەنو چاك دەبن.

نابینی کوڕەکە چۆن ئەم پیاوەی هاوڕێی پاشا چارەسەر دەکاتو نەیوت ئەمە یەکێکە لە تاغوتەکانو چاکی ناکەمەوە.

١٦ـ موسڵمانی ڕاستەقینە لە پێناو هێنانەوەی خەڵکی بۆ باوەشی پڕ سۆزی ئیسلام لەبەر ڕەزامەندی خواو بەهەشت ئەوە دەکاتو پارەو سامانی هەمو دنیای لێ ڕابدەن لەسەر ئەو بانگەوازە وەری ناگرێت..

نابینی کوڕەکە چۆن ئەو هەمو پارەیەی ڕەدکردەوەو وتی چاکت دەکەمەوە بە مەرجێك موسڵمان ببیتو پارەو پولی خۆت بۆ خۆت.

١٧ـ مرۆڤی بانگخواز دەیان جەنگی ڕاگەیاندنی لەگەڵ دەکرێتو قسەی ناخۆشو سوکی پێ دەدرێت بەڵام ئەویش دەبێت خۆگرو لەسەرخۆ بێتو تێك نەچێتو شپرزە نەبێت، بەڵکو لەسەرخۆ وەڵامێکی دروستی بداتەوە.

نابینی پاشا بە کوڕەکە دەڵێ: چاك فێری سیحرمان کردی کەچی بە هۆیەوە نەخۆشیو گولو کەرو لاڵ چاك دەکەیتەوە.. ئەویش وتی: من چاکیان ناکەمەوە بەڵکو خوای پەروەردگار چاکیان دەکاتەوە.

١٨ـ ئەو کەسەی کە دەکەوێتە دەستی ستەمکارانو لە زینداندا جۆرەها ئەشکەنجەی جیاجیای دەدەن تا پاشگەزی بکەنەوە یان زانیای ترسناکی پێ بدرکێنن لەم حاڵەتەدا مەسەلەکە دەکەوێتە نێوان ڕوخسەتو عەزیمەوە، ئەگەر بتوانێت خۆی بگرێتو هیچ نەدرکێنێت ئەوە لوتکەی ڕاستگۆییو باوەڕی بتەوەو ئامادەی شەهیدبونەو لە هەمان کاتدا مرۆڤە باوەڕ لاوازەکان ئەتوانێت ڕوخسەت هەیە گوێڕایەڵی جەلادەکان بکەن بە مەرجێك دڵیان پڕ بێت لە باوەڕ.

نابینی ئەم کوڕە ئەزانێ مامۆستاکەی تەمەنی (٧٠) تا (٨٠)ساڵەو مردنی نزیکە بۆیە دەڵێ بۆچی ناوی نەباتو ئەویش بەشداری تاقیکردنەوەکە بکاتو وانەی خۆکری لێوە فێر ببێت.

١٩- پاشگەزبونەوەو وازهێنان لە ئیسلام هێڵی سورەو هەرگیز لە ژێر هیچ فشارێکدا نابێت جێبەجێ بکرێتو لە ژێر ئەشکەنجەدا لە ئاینەکەی پاشگەز بێتەوە بەڵکو دەبێ مردن قبوڵ بکات نەك ئەو داواکاریە.

نابینی هەرسێ باوەڕدارەکە لە پاشگەزبونەوەدا بە قسەی پاشایان نەکرد بەڵام لە ناوهێنانی مامۆستاکەیاندا گوێڕایەڵیان کردن.

٢٠- موسڵمان بونو باوەڕهێنان زۆر سەنگینەو نابێ بە چاوی سوك سەیر بکرێتو گەورەترین سەرمایەیەو دەبێ مرۆڤ لە پێناوی پاراستنیدا ئامادەش بێت بە مشار دوکەرتی بکەن.

٢١- ستەمکاران ڕەحم لە دڵیاندا نیەو فەرقی گەورەو بچوكو ناکەنو بە هەمو شێوەیەك نەیارانیان لەناو دەبەن ئەگەر منداڵیش بن.

نابینی پاشا ئەو ئەو منداڵەی دایە دەستی جەندرمەکانی تا لەسەر کێوەکەوە بەری بدەنەوە یان نوقمی دەریای بکەن.

نابینی پاشا قورسترین سزا بەسەر ئەو منداڵە باوەڕ پۆڵایینەدا دەدات.

٢٢- مرۆڤ ئەگەر زانی هێشتا پەیامە مەزنەکەی نەگەیاندۆتە شوێنی خۆیو خەڵکی لێ ئاشنا نەکردوە دەتوانێت داوا بکات لە خوا کە تەمەنی درێژ بکات بۆ زیاتر بانگەوازو گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە سەرجەم توێژەکانی مرۆڤایەتی.

نابینی منداڵەکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاواتی شەهیدی ڕێگەی خوایە کەچی داوا لە خوا دەکات بیپارێزێتو لەسەر کێوەکەیان لە دەریاکەدا نەیکوژێت.

٢٣ـ دیارە مرۆڤی بڕوادار لە مردنو کوشتن ناترسێت بەڵام پێی خۆشە لە کاتو شوێنێکی گونجاودا بێتو مردنەکەشی سودو قازانج بە بانگەواز بگەیەنێتو دوا وانەی زیندوی ژیانی بێت.

نابینی کوڕەکە چۆن نەخشەی کوشتنی خۆی دەکێشێت بۆ پاشا؟

٢٤ـ ئەگەر هەر یەکێکیان دا بەسەرتدا خێرا مەڵێ زۆر باشەو لە بەرژەوەندی خۆمە بەڵکو بیر لە پاشەڕۆژی ئەو بڕیارە بکەرەوە ئەوجا بڕیاری کردنی دەربکە.

نابینی پاشا لە پێناو لەناوبردنی ئەم منداڵەدا حازر بو بە قسەی ئەو دوژمنەی خۆی بکات ئیتر ئەوەی لەبیرچو لە هەمو ئەهلی شارەکە باوەڕ دێنن کاتێك بزانن ئەم پاشایە کە پێشتر نەیتوانیوە ئەم کوڕە لاوە بکوژێت وا ئێستا بە ناوی خوای ئەو منداڵەوە تیری تێ دەگرێتو یەکسەر دەیکوژێت.

٢٥ـ تۆ کاتێك لە پێناوی بانگەوازی بەرزی پەروەردگارتدا شەهید دەبیت خەمت نەبێت بۆ دوای خۆت، چونکە هەزاران کەس جێگات دەگرنەوەو شوێن ڕێبازە پاکەکەت دەکەونو دژایەتی پاشاکانی سەردەم دەکەنو درێژە بە کاروانی خەبات دەدەن.

نابینی یەك کوڕ کوژرا بەڵام شارێك باوەڕیان هێنا.

٢٦ـ هەر بەیناوبەینی خوای پەروەردگار موعجیزەیەك دەنوێنێتو بەو هۆیەوە دەستەی باوەڕ زیاتر سور دەبن لەسەر قوربانی دانو بەرخورددان.

نابینی خوای گەورە منداڵێکی ساوای خستە گوفتارو هانی دایکی دەدا تا خۆی بخاتە ناو ئاگرەکەوە.



القصة الثالثة

جُريج العفيف

عن أبي هريرة (رضي الله عنه)، عن النبي (ﷺ) قال: لم يتكلم في المهد الاّ ثلاثة: عيسى ابن مريم، وصاحب جُرَيج، وكان جريج رجلا عابدا، فاتخذ صومعة فكان بها، فأتته أمّه وهو يصلي، فقالت: يا جريح، فقال: يا رب أمي وصلاتي!! فأقبل على صلاته، فانصرفت.

فلما كان من الغد، أتته وهو يصلي فقالت: يا جريج، فقال: أي ربٌّ، أميّ وصلاتي؟، فأقبل على صلاته.

فلما كان من الغد أتته وهو يصلي، فقالت: يا جريج! فقال: أي رب! أمي وصلاتي؟، فأقبل على صلاته، فقالت: اللهم لا تُمِته حتى ينظر إلى وجوه الموسات.

فتذاكر بنو إسرائيل جُريجاً وعبادته، وكانت امرأة بغيٌّ يُتمثلُ بحسنها، فقالت: إن شئتم لأفتننّه! فتعرضت له، فلم يلتفت إليها، فأتت راعيا كان يأوي إلى صومعته، فأمكنته من نفسها فوقع عليها، فحملت. فلما ولدت قالت: هو من جريج، فأتوه فاستنزلوه وهدموا صومعته وجعلوا يضربونه، فقال: ما شأنكم؟، قالوا: زنيت بهذه البغي فولدت منك. قال: أين الصبي؟ فجاؤوا به فقال: دعوني حتى أصلي، فصلى، فلما انصرف أتى الصبي فطعن في بطنه وقال: يا غلام! من أبوك؟!قال: فلان الراعي!!، فأقبلوا على جريح يقبّلونه، ويتمسحون به، وقالوا: نبني لك صومعتك من ذهب، قال: لا، أعيدوها من طين كما كانت ففعلوا.[1]

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: جگە لە سێ کەس نەبێت هیچ کەس لە بێشکەدا نەهاتۆتە قسە، عیسای کوڕی مەریەمو منداڵەکەی لای جورەیج، جورەیج پیاوێکی خواناس بوەن پەرستگەیەکی بۆ خۆی دروست کردبو.

---

١ متفق علیه (البخاری (٣٤٣٦) ومسلم (٢٥٥٠) نیوەکەی تری فەرموودەکە منداڵی سێیەمە کە لە بێشکەدا قسەی کردوەو لە چیرۆکی چوارەمدا باسی دەکەم.

جارێکیان دایکی هات بۆ لایو بانگی کرد: جورەیج، ئەویش وتی: خوایە دایکم لە لایەكو نوێژەکەشم لە لایەكو دەستی کردەوە بە نوێژکردنو دایکیشی ڕۆشتەوە بۆ ماڵ.

لە ڕۆژی داهاتودا هاتەوە بۆ لایو جورەیج هەر لە نوێژدا بو بانگی کرد: جورەیج، جورەیجیش وتی دایکمو نوێژەکەم..و دەستی کردەوە بە نوێژو دایکیشی ڕۆشتەوە بۆ ماڵ.

بۆ سبەینێ دیسان هاتەوە بۆ لایو بانگی کرد: جورەیج، ئەویش وتی: دایکمو نوێژەکەمو دەستی کردەوە بە نوێژکردنەکەی.

دایکیشی وتی: خوایە نەیکوژی هەتا دوچاری ئافرەتی داوێن پیس دەبێت.

بەنی ئیسرائیلیەکان لەناو خۆیاندا باسی خواناسی جورەیجیان دەکردو لەوێ ئافرەتێکی داوێن پیس هەبو کە نمونەی جوانی بو وتی: ئەگەر بتانەوێت لە خشتەی دەبەم!. و چو بۆ لای بەڵام جورەیج هەر ئاوڕی لێ نەدایەوەو لەوێ شوانێکی بینی کە سەردانی پەرستگەکەی دەکردو خۆی دا لە قەرەیو لەگەڵیدا کاری خراپەی کردو سکی پڕبو..

کاتێك منداڵەکەی بو وتی: لە جورەیج بومە، خەڵکیش پەلاماری جورەیجیان داو پەرستگاکەیان ڕوخاند بەسەریدا وتی: بۆ وام لێ دەکەن؟ وتیان: زینات کردوە لەگەڵ ئەم داوێن پیسەداو منداڵت لێی بوە..

جورەیج وتی: کوا منداڵەکە؟ منداڵەکەیاتن هێنا بۆ لای وتی وازم لێ بێنن با نوێژ بکەمو کە لێ بویەوە کوتایە سکی منداڵەکەو وتی: باوکی تۆ کێیە؟ منداڵەکە هاتە قسەو وتی: من کوڕی شوانەکەم!!

خەڵکەکە پەلاماری جورەیجیان داو ماچیان دەکردو دەستیان پێدا دەهێنا وتیان: پەرستگاکەت لە ئاڵتون بۆ دروست دەکەینەوە، وتی: نا.. وەك خۆی لە قوڕ بۆم دروست بکەنەوەو ئەوانیش بۆیان دروست کردەوە.

چیرۆکی سێیەم

جورەیجی داوێن پاك

هاوەڵی بەڕێزو دڵسۆزی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ناوی ئەبو هورەیرەیە (ڕەزای خوای لێ بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جارێکیان چیرکێکی بۆ گێڕاینەوەو فەرموی:

هیچ منداڵێك لە بێشکەدا قسەی نەکردوە جگە لە سێ کەس نەبێت یەکەمیان عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێ بێت)و دوەمیان: هاوەڵەکەی جورەیج (خواناسی بەنی ئیسرائیل)[١].

مامۆستا جورەیج پیاوێکی باوەڕ بتەوو خواناس بو، ئەم پیاوە مەزنە پەرستگایەکی بۆ خۆی لە قوڕ دروست کردبو لە ناو ئەشکەوتێکداو تیایدا بە تەنها خواناسیو بەندایەتی پەروەردگاری دەکردو بیری لە گەورەییو دەستەڵاتی خوا دەکردەوە.

(ئەم خواناسە، گۆشەگیربو، زۆر بە کەمی دەگەڕایەوە ناو شارو تێکەڵی خەڵکی دەکردو ئەم جۆرە خواناسیە لە پێش ئیسلامدا هەبوەو خوا بۆی دانەنابون بەڵام بەرگریشی لێ نەدەکردن چونکە لەبەر ڕەزامەندی ئەو ئەم کارەیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری ئیسلامدا ئەم جۆرە گۆشەگیری (ڕەهبانیەتە) قەدەغەکراو پێغەمبەر (ﷺ) هانی هاوەڵانی دەدا تا تێکەڵی خەڵکی بکەنو بە ڕەوشتی جوانو ناوازەتان بۆ لای ئیسلام کەمەندکێشیان بکەن).

جورەیجی خواناس زۆربەی کاتەکانی لەناو نوێژدا بوەو لە خزمەت پەروەردگاریدا بوەو چرکەی بە زایە نەداوەو غەفڵەت بە لایدا نەهاتوە.

---

١ سێیەمیانکۆرپەیەك لەگەڵ دایکی قسەی دەکردو لە چیرۆکی داهاتودا بە سەربەخۆ وەك چیرۆکێك هێناومە کە لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) پێکەوە باسی کردون.

ڕۆژێکیان دایکی جورەیج بیری کوڕەکەی دەکاتەوە هەڵدەستێ هەندێ خواردن‌و پێداویستی دەخاتە توێشەبەرەیەك لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ سەردانی کردنی کوڕەکەی..

دایکی میهرەبانی جورەیج ئەو هەموو ڕێگایەی بڕی‌و دۆڵ‌و چیاکانی تەی کرد تا سەرەنجام گەیشتە بەردەم ەرگای ئەو ئەشکەوتەی کە کوڕە ئازیزەکەی لێ بو، خۆی پێ نەگیراو هەر لە دەرەوە وەك شێتی لێ هات بۆ جەرگەکەی‌و هاواری کرد: کوڕم جورەیج گیان.. منم دایکتم، هاتوم بۆ لات.

بەڵام جورەیج لەو کاتەدا لەناو قوڵایی نوێژدا بو زۆر چێژی لێ وەرگرتبو، لە نوێژەکەدا دەنگی دایکی ناسیەوەو سۆزی هات بە جەرگیدا بیری کردەوە، بەڵام دڵیشی نەهات نوێژەکەی بۆ ببڕێت‌و وتی: ئەی خوایە، نازانم نوێژەکەم بەردەوام کەم یان بیبڕم‌و بچمە خزمەت دایکم‌و دەستەکانی ماچ بکەم، ئای خوایە گیان خۆ ئەو ڕێگا سەختەی لەبەر من بڕیوە..

بەڵام نا دایك سەد ئەوەندەش خۆشەویست بێت نایگوڕمەوە بە نوێژەکەم‌و نوێژی بۆ نابڕم، چۆن حزوری پەروەردگارم بەجێ دێڵم لەبەر دایکم..

دایکی کە زانی کوڕەکەی لەناو نوێژدایەو دڵی نایە نوێژەکەی ببڕێت دیاریەکانی بۆ بەجێ هێشت‌و بە ئاسپایی گەڕایەوە بۆ ماڵ‌و لە دڵی خۆیدا وتی قەیناکا نوێژەکە گەورترەو کێشە نیە جارێکی تر دێمەوە بۆ سەردانی، بە قوربانی هەناسەکەی بم.

بە هەمان شێوە جارێکی تر هاتەوە بۆ ئەشکەوت بۆ سەردانی جورەیجی کوڕی‌و بانگی کرد: جورەیج گیان، جورەیج گیان.

جورەیج وتی: ئەی خوایە گیان، دایکم بانگم دەکات‌و لەناو نوێژیش دام نازانم بڕۆم بە دەمیەوە یان بەردەوام بم لەسەر نوێژەکەم (و ئەمەی وت)و لەسەر نوێژەکەی بەردەوام بۆیەوەو دایکی پرچ سپیشی زۆر خەفەتی خوارد بەوەی بۆ جاری دوەم نەیتوانی کوڕەکەی ببینێت‌و لەگەڵیدا تێر دابنیشێت‌و تاسوقی لێی بشکێت.

بە دەم بۆڵەبۆڵو ورتەورتی ناڕەزاییەوە دوبارە دیاریەکانی بۆ داناو بە ئەسپایی گەڕایەوەو بەلام هیچی دەرنەبڕی.

بۆ جاری سێیەم یادی کوڕە چاكو خواناسەکەی هاتەوە بەسەریداو بە خواردنو کەلوپەلی زیاترەوە بەرەو ناو چیاکان ملی ناو بۆ سەردانی کوڕی دور لە ماڵو منداڵی کەوتەڕێو هەرکە گەیشتە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە دیسان بانگی کردو وتی: جورەیج، کوڕی شیرینم، منم هاتوم بۆ لات دایکتم عەزیزەکەم وەلامم بدەرەوە.

دیسان جورەیج بە هەمان شێوەکانی پێشو هەر لە نوێژدا بو (لە ڕازو نیازدا) بو لەگەڵ پەروەردگاری خۆشەویستیدا بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی: ئای خوایە گیان، بە خوا ئەوە دایکمە هاتەوە بە قوربانی ئەو ڕێگایەی بم کە بڕیویەتی بەلام چارم چیە وا لە نوێژدام، ئایا بیبڕمو بچم بە دەمیەوە؟ نا نا بە خوا هەرگیز هەڵەی وا ناکەم، هەر چۆنێك بێ دایکم زویر نابێ بەلام نوێژەکەم لە دەست دەردەچێت، بۆیە گوێی بە دایکی نەداو لەسەر نوێژ بەردەوام بو!

ئەم جارەیان دایکی خۆی پێ نەگیراو پێش ئەوەی دیاریەکانی بۆ بەجێ بهێڵێت، دڵی لێی زویر بو دەستی بەرزکردەوە بۆ لای پەروەردگارو دوعایەکی خراپی لێ کرد ئەوجا ئەسپایی گەڕایەوەو بڕیاریشی دا ئیتر نەیەتەوە بۆ سەردانی جورەیج تا ئەو نەیەتە ماڵەوەو دەستەکانی دایکی ماچ نەکاتو داوای لێبوردن نەکات.

لە نزاکەیدا وتی:

ئەی پەروەردگارم مادەم ئاوا دڵی دایکی لە لا ئاساییەوە زویری کردم دەی خوایە پێش ئەوەی بمرێت ئافرەتێکی داوێن پیس ببینێت.

ڕۆژان تێپەڕینو جورەیجی خواناس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناوبانگی خواناسیو پیاو چاکیەکەی زیادی دەکردو تا وای لێ هات لەناو بەنی ئیسرائیلیەکاندا باس هەر باسی جورەیج بو.

دەستەی باوەڕ بە شانازیەوە باسیان دەکردو ئاواتیان پێ دەخواستو بە پیرۆز ناویان دەبرد..

لە بەرامبەردا زومرەی نەفامانی ناو بەنی ئیسرائیل زۆر قاس بون پێیو زەمیان ئەکردو دەیانوت بۆ ڕوپامایی پەرستش دەکاتو کەسێکی داخراوەو کۆمەلایەتی نیە بۆیە گۆشەگیر بوە لەو شاخانەدا.

لەناو ئەم زومرەیەدا کەسانێك دەستیان کرد بە پیلانگێڕانو هەوڵدان بۆ ناشیرین کردنی ناوبانگی جورەیجی خواناس..

تا کار گەیشتە ئەوەی هەستن بە بەکارهێنانی جوانترین ئافرەتی ئەو سەردەمە کە تا بلێی بەدڕەوشتو داوێن پیس بو، وتیان پێی: خانمەکەم ئەتوانی جورەیجمان بۆ لە خشتە بەریتو کاری حەرامی پێ بکەیت؟

ئەویش لە وەلامدا وتی: زۆر ئاسانە بۆ من خۆم پیشانی هەر کەس دابێت یەکسەر خۆی پێ نەگیراوەو خوای لەبیرچۆتەوەو کاری ناشەرعی لەگەلّ کردوم..

ئەوانیش لەگەڵی ڕێك کەوتن کە ئەگەر لە خشتەی بەرێت خەلاتێکی گەورەی بکەن..

ئافرەتەکەش خۆی جوان کردو جلی تەنكو تەنگو تەسکی لەبەر کرد بەرەو ئەشکەوتەکە کەوتەڕێ.

دیارە بەناوی پرسیاری شەرعیەوە خۆی کرد بە ئەشکەوتەکەداو بە غەمزەو نازەوە بە دەمیەوە پێکەنیو جوانیەکانی خۆی دەردەخست..

بەلام جورەیجی خواناسو پیاو چاك زۆر ئازایانە زالّ بو بەسەر شەیتانو حەزو ئارەزوەکانیداو لە ئافرەتەکە توڕە بو بە پەلە هەڵی ساند دەری کردە دەرەوەو پێی وت نەخەلاتابی جارێکی تر بێیت بۆ لام من زۆر لەوە بەرزترم کە لەبەر خاتری ئافرەتێکی وەك تۆ لە لای خوا خۆم ڕیسوا بکەمو لە لای خەڵکیش بە بەدڕەوشتو داوێن پیس ناو دەربکەم.

ئەمەی وتو خێرا کردیە دەرەوە بەڵام ئافرەتەکە نایەوێت خەڵکی بزانن کە دۆڕاوەو جورەیج مەیلی نەداوەتیۆو لەم کارەیدا شکستی هێناوە.

بۆیە سەیری کرد دەبینیٚ وا شوانێك بە مەڕەکانیەوە لە ئەشکەوتەکە نزیك بویەوە کە جاران سەردانی جورەیجی پیاوچاکی کردوەو شیری مەڕەکانی بۆ دۆشیوەو بە دیاری بۆی هێناوە.

کیژە جوانو شۆخو شەنگەکە چوە ڕێگایو بە غەفزەو نازێکەوە بە دەمیەوە پێکەنیو ئەویش چونکە بیروباوەڕی بتەو نەبو لە بەردەم جوانی ئەم ئافرەتەدا خۆی پێ نەگیراو سەیری کردی بە دەمیەوە پێکەنیو پاشتر (پەنا بە خوا) کاری داوێن پیسی لەگەڵدا ئەنجام داو کچەکەش لەسەر ئەو کارە حەرامە شوانەکەی خەڵات کرد.

هاتەوە بۆ لای (بەنی ئیسرائیلی)یەکانو مزدەی سەرکەوتنی پێدان لە کارەکەیداو ئەوانیش خەڵاتێکی باشیان کرد بە مەرجێك ڕاست بکاتو سکی پڕ ببێت..

ئەوەبو پاش ماوەیەك بە ئاشکرا سکی ئەو ژنە بەرزبویەوەو لە ئاکامدا کوڕێکی بو، بە پەلە کوڕەکەی لە پارچە قوماشێك قوماتە کردو بردی بۆ لای پیاوخراپانی ناو بەنی ئیسرائیل وتی ها ئەوە کوڕەکەی جورەیجە، چی لێ ئەکەن پێی بکەن،و لە کۆڵی منی بکەنەوە..

ئەوانیش چونکە خۆیان سوكو سەلیمو ڕەوشت نزم بون، پێیان ناخۆش بو جورەیج ئاوا ناوبانگی دەرکردوە لە خواناسیو ڕەوشتبەرزیو موسڵمانەتیدا، بۆیە ئەو دیمەنەیان بە هەل زانی تا خەڵکی شارەکەی لێ تێ بگەیەننو لەبەر چاوی خەڵکە عامەکەی بخەن، ئا بەو شێوەیەی جاران ڕێزی نەگرنو بە چاوێکی قورسەوە سەیری نەکەن.

جەماوەریش (زۆر زو هەڵئەچێتو تورە ئەبێ) لە ئەو کەسانەی کە بە جۆرێ سەیریان دەکەنو سەرەنجام وا دەرنەچونو بە کەسێکی گەندەڵو ڕەوشت نزم دەرچون.

لەسەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەدا خەڵکی چونە سەر جورەیجو خواناسگەکەیان ڕوخاندو دەستیان کرد بە شەقو زللە لێدانی مامۆستای خواناسی بێ ئاگا (لەو داوەی ناحەزانی بەرنامەی خوا بۆیان نابویەوە)و ئەویش هەر هاواری دەکردو دەیوت:

بۆ خاتری خوا چیم کردوە، تاوانم چیە؟ بۆ ئاوا لێم ئەدەن من کەی شایانی ئەم سوکایەتیەم؟ خۆ جاران دەستەو نەزەر ڕێزتان لێ دەگرتمو دەستە دەستە دەهاتن بۆ لامو گوێتان لێ دەگرتمو پرسیاری شەرعیتان دەکرد، من تێ ناگەم توخوا چی بوە؟

وتیان: وسبە زۆر پرسیار مەکە، تاقەتی گوێ گرتنمان نەماوەو هەمو پڕین بۆت، تۆ خۆت بە خواناسو پیاو چاك دەدەیتە قەڵەم کەچی ئافرەتێك هاتوە بۆ خواناسگەکەتو توش بە زۆر گرتوتەو بەدڕەوشتیت لەگەڵدا کردوەو کوڕێکیشت لێی بوە!!

مامۆستا (زۆر بێ ئاگا بو لە مەسەلەکە) سەری سوڕماو بەڵام خۆ پاڕانەوەو بەرگریکردن هیچ سودی نیەو هەر گوێشی بۆ ناگرن، بۆیە داوای کرد لێیان ئادەی ئەو کوڕەم بۆ بێنن.

ئەوانیش لە قوماتەیەکدا بۆیان هێناو لە بەر دەمیدا دایان ناو وتیان ئەوە منداڵەکەتە، خۆ ئیتر قسەت نەماو فەرمو دان بنێ بە ڕاستی مەسەلەکەداو هەقیقەتەکەیمان بۆ ڕون بکەرەوە.

مامۆستای خواناسیش (پێکەنینی دەهات بەم قسانە بۆیە داوای کرد لە خوا کە پاکی دەربخات بۆ خەڵکەکە چونکە پاكو ڕەوشت بەرزە بەڵام بەڵگەی پاکی پێ نیە مەگەر خوا پاکی دەربخات).

هیچ چارێکی نەماو خەریك بو دەست بکەنەوە بە لێدانی.. بەڵام ئاماژەی کرد بۆ خەڵکەکە کە لێی گەڕێن تا دو ڕکات نوێژ دەکاتو لە نوێژەکەدا لە خوا پاڕایەوە کە لەم ئەستەنگە ڕزگاری بکاتو پاش ئەوەی لە نوێژەکەی بویەوە هات بۆ لای منداڵە ساواکەو بە سوکیو لەسەرخۆ دەستی کوتایە سکیو لێی پرسی:

ئەی منداڵە کۆرپەلەکە پێم بڵێ باوکی تۆ کێیە؟ خەڵکی وا دەزانن منم، ڕاستیمان بۆ ڕون کەرەوەن وردیلە گیان؟

خەڵکەکە واقیان وڕماو زۆر سەرسام بونو خەریك بو بە شێتیش دەری بکەن کەوا خەریکە لەگەڵ منداڵێکی ساوادا قسەت ئەکات!!

بەلاَم سەرسامی خەڵکەکە ڕەویەوەو بینیانو کۆرپەلە کەوتە قسەو وتی: من کوڕی شوانەکەمو من کوڕی فلاَن کەسی شوانم!!

پاكو بێگەردی بۆ تۆ پەروەردگار هەر خۆت ئەتوانی لە کاتە ناهەموارو تەنگەشەکاندا فریای بەندەکانت بکەویتو پاکیان بۆ دەوروبەری دەربخەیت.

خێرا خەڵکەکە ناردیان بە دوای شوانەکەداو هێنایانو ئەویش دانی نا بە تاوانەکەداو وتی من کاری خراپەم لەگەڵ کردوەو جورەیج زۆر پاكو ڕەوشت بەرزە.

هەر کە خەڵکەکە ئەو کەرامەتە گەورەیەیان بە چاوی خۆیان بینیو بە چاوی خۆیان شاهیدی شوانە بەدڕەوشتەکەیان بۆ دەرکەوت.. هەر هەمو پەلاماری قاچو دەستی جورەیجی مامۆستاو خواناسیان داو دەستیان کرد بە ماچکردنیو داوای لێبوردنیان لێ دەکردو خەجاڵەتیان دەردەبڕی بۆی.

هەر هەمو پێشنیاریان کرد بۆ مامۆستا جورەیج کە ڕێگەیان بدات خواپەرسگە ڕوخاوەکەی بە ئاڵتون دروست بکەنەوە.

- بەلاَم جورەیج قبوڵی نەکردو وتی: هەرگیز نامەوێ لە ئاڵتون بۆم دروست بکەنەوە، بەلاَم مادەم خۆتان پێتان خۆشە بۆم دروست بکەنەوە با وەك خۆی جاران لە قوڕ بۆم بنیات بنێنەوە.

ئەوانیش گەورەو بچوك، ژنو پیاو هەریەکە کارێکی گرتە ئەستۆو لە ئەنجامدا خواپەرسگەکەیان بە جوانترو گەورەترو ڕازاوەتر بۆ دروست کردەوە.

ئەو پەندو ئامۆژگاریانەی لەم چیرۆکە وەردەگیرێت:

١ـ خوای گەورە هەر بەینە نا بەینێ گەورەی خۆی‌و دروستی بەرنامەکە بۆ مرۆڤەکان دەسەلمێنێت لە ڕێگەی دەرخستنی موعجیزەو ڕوداوگەلێك کە بە دەرن لە توانای مرۆڤ.

نابینی منداڵی ساوای تازە لە دایك بو دەخاتە قسەو گەورەیی خۆی‌و ڕاستی‌و پاکی بەندە خواناسەکانی بۆ خەڵکی ڕۆشن دەکاتەوە.

٢ـ خواپەرستی بە تەنهای‌و گۆشەگیری لە ناو چیاو ئەشکەوتەکاندا یان لەناو تەکیەو مزگەوتەکاندا بۆ خواپەرستی‌و خۆدابڕین لە خەڵکی لە ئیسلامدا حەرام کراو بە پێچەوانەشەوە هانی خەڵکی دا بۆ تێکەڵکردنی خەڵکی‌و ڕێنمونی کردنیان‌و خۆگری‌و ئارامی لەسەر ناڕەحەتی‌و قسەو قسەڵۆکیان. بە پێچەوانەی ئوممەتانی پێش ئیسلام کە بەرگریان لێ نەکرابو، ئەوەشی ئەمڕۆ بە چلەکێشان لەناو موسڵمانانادا ناوی دەرکردوە، ئەوەش جۆرە ڕەهبانیەتێکەو دروست نیە.

٣ـ بەم چیرۆکەدا وا دیارە لە هەمو ئاینەکاندا خوای گەورە پلەوپایەی تایبەتی بەخشیوە بە دایك‌و گوێڕایەڵی‌و ڕێزلێگرتنی بە بەشێك لە خواناسی داناوەو فەرمانی پێ کردوەو ئیسلامیش ئەوەندە بەرز سەیری دایکانی کردوە کە لە زمانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەری بڕیوە بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە.

٤ـ دایك ئەوەندە ڕۆڵەکانی خۆی خۆش دەوێت تا سێ جار هەر خۆی گرت‌و لە کوڕەکەی توڕە نەبو، وە کاتێکیش توڕە بو نزایەکی وای لێ نەکرد کە لەناو بچێت یان بێباوەڕ ببێت یان دوچاری بەدڕەوشتی ببێت بەڵکو پێی وت: یاخوا پێش مردنی‌و لە ژیانیدا ئافرەتێکی داوێن پیس ببینێت!

٥ـ هەمیشەو لە هەمو سەردەمێکدا بانگخوازان‌و خواناسان ناحەزیان بۆ هەڵدەکەوێت‌و بەو سومعە جوان‌و ناودەرکردنە پڕ لە شانازیەکەیان پەسن‌و هەمو جۆرە ڕێگایەکی ناشیاوو ناشایستە دەگرنە بەر بۆ ناشیرینکردن‌و ناوزڕاندن‌و لەبەرچاوی میللەتیان بخەن.

٦ـ مەرج نیە ئەو كەسانەی دژایەتی خواناسانی بانگخوازان دەكەن كافرو بێباوەڕو دوژمنانی ئیسلام بن، بەڵكو ڕوودەدات هەر برای موسڵمانیشیەتی ئەم دژایەتیەی دەكاتو لەوانەشە بۆ ناشیرینكردنی پەنا بەرێت بۆ هەمو كەسێكی بەدڕەوشت یان هەر لایەنێكی دور لە خواو دەست ئەخاتە ناو دەستی لە پێناو بچوككردنەوەو كەنارگیركردنو ئابلۆقەدانی شوێنكەوتوانی قورئان.

٧ـ دەبێ بانگخوازانی ڕێگەی خوا زۆر وریا بنو بچوكترین گوناهیان لێ دەرنەكەوێتو خۆیان لە شوبوهاتیش بە دور بگرنو چونكە ئەوەی موسڵمانی ڕاستەقینەو خواناس لە بەناو موسڵمانە ڕەوشت نزمەكان جیادەكاتەوە سومعەی بەرزو ئەخلاقی قورئانیانەو نابێ ئەم جیاییە بە سوك سەیر بكەنو لە ئاسانترین داوای شەیتاندا بیدۆڕێنن.

٨ـ هەمیشە دوژمنان هەوڵ دەدەن لەناو موسڵماناندا كۆمەڵی باوەڕلاوازو دور لە خواناسیو ڕەوشت نزم بدۆزنەوەو بە كاریان بێنن بۆ دژایەتی كردنی هەڵگرانی بانگەوازی خواو شێواندنی ناوی جوانیان.

٩ـ ئافرەت گەورترین چەكی دەستی دوژمنانی ئیسلامەو لە ڕێگەی ئافرەتەوە ویستویانە گەنجەكان لە قورئانو مزگەت دوربخەنەوەو لەناو زەلكاوی شەروالْ پیسیو بەدڕەوشتیدا بیانگەوزێننو بۆ ئەم مەبەستە ئافرەتان لە حیجابو جلوبەرگی پۆشتە دادەڕننو قاچو باڵو گەردنی سپیان پێ دەردەخەنو جۆرەها داو دەرمانو میكیاجیان بۆ داهێناون تا ڕاوی گەنجەكانیان پێ بكەن.

١٠ـ لەوانەیە ئەو داوەی ناحەزانی خواناسان دەینێنەوە سەربگرێتو ئەم دەستو دەمو دڵپاكانە بە درو گەندەڵو داوێن پیس تۆمەتبار بكرێنو ئەمانیش دەبێت زۆر بە هێمنیو خوێن ساردانە وەڵامیان بدەنەوەو پاكی خۆیان ڕابگەیەنن.

١١ـ دەبێ بانگخوازان زۆر میللەتیان خۆش بوێتو خەڵكە عامەكە هیچ تاوانێكی نیە چونكە وا دەبێ دەستەڵاتداران وایان تێ دەگەیەنن كە ئەو كەسانەی ئێوە بە چاوی گەورەو قورسو گران سەیرتان دەكردن وا ئێستا جۆرەها تاوانیان ئەنجام داوەو ئەوانیش توانای بەدواداچونو لێكۆڵینەوەیان نیە بۆیە خێرا باوەڕ دەكەنو جاری واش هەیە دێنە سەریان بارەگاكانیان بەسەردا دەڕوخێنن.

١٢ـ دەبێ بانگخوازان زۆر دڵساف‌و بە بەزەیی بن بەرامبەر خەڵكە عامەكەو زۆر لێبوردە بن بەرامبەریان هەر كاتێك داوای لێبوردنیان لێ كردن لێیان ببورن‌و ڕقی كۆنیان لەگەڵدا نەخوێننەوە..

نابینی مامۆستا جورەیج (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەوانەیە دەیان شەق‌و زللەو بۆكزی خواردبێت بە دەستیان بەڵام ئەزانی ئەوانە خاوەنی دڵێكی پاك‌و بێ كینەن‌و بە هەڵە لە مەسەلەكە گەیەنراون‌و هەر كە ڕاستیان بۆ دەربكەوێت داوای لێبوردن دەكەن‌و پەشیمانی دەردەبڕن.

١٣ـ دەبێ زۆر دڵنیا بین كە ئێمەی دەستەی باوەڕو خواناس لە ڕوبەڕوبونەوەماندا لەگەڵ زومرەی ناحەزانی ئیسلامدا سەرەنجام بردنەوە هەر بۆ ئێمەیە چونكە ئێمە لە پاكی خۆمان دڵنیاین‌و پەتی درۆی ئەوانیش كورتەو بۆ میللەت ئاشكرا دەبێت.

١٤ـ بەڵام ئەگەر داوەكە زۆر بە وردی نرابویەوەو لە توانای دەستەی باوەڕدا نەبو پاكی خۆیان بسەلمێنن، نابێ دەستەوسان بن شان شل بكەن بۆ لێدان‌و پاكتاوكردنیان، بەڵكو دەبێ پەنا بۆ نوێژی سوننەت‌و شەونوێژ بەرن‌و تیایدا بە گریان‌و پاڕانەوەوە لە خوا داوا بكەن بە قودرەت‌و گەورەیی خۆی پاكی‌و ڕەوشت بەرزیان ئاشكرا بكات‌و ئەویش ئەو كارەیان بۆ دەكات (ان شاء الله).

١٥ـ لە كاتێكدا دەستەی باوەڕ لە كێبەركێكەدا لە زومرەی ناحەزانی ئیسلام ئەباتەوەو سەردەكەوێت نابێ جامی توڕەیی بڕژێنێت بەسەر ئەو كەسانەدا كە ناهەقیەكەیان پێكردوە، بەڵكو بیانكات بە دو بەشەوە لە خەڵكە عامەكە خێرا خۆش ببێت بەڵام لە دوژمن‌و ناحەزان نەبورێت بەڵام حەكیمانە هەڵیگرێت بۆ ڕۆژی خۆی.

١٦ـ دەستەی باوەڕ گاڵتەیان دێ بە پارەو پول‌و ئاڵتون‌و زێڕو هەڵپەهەڵپی بە دوادا ناكەن‌و لەسەر سومعەی جوان‌و ناوی بانگخوازی موسڵمانەتی كۆشك‌و تەلار دروست ناكەن‌و نانی پێوە ناخۆن.

القصة الرابعة

(ام تتمنى)

((.....وبينا صبي يرضع من أمه، فمر رجل راكب على دابة فارهة وشارة حسنة، فقالت أمه: اللهم اجعل ابني مثل هذا! فترك الثدي، وأقبل إليه، فنظر إليه وقال: اللهم لا تجعلني مثله، ثم أقبل على ثديه فجعل يرتضع"، فكأني أنظر إلى رسول الله (ﷺ) وهو يحكي ارتضاعه بأصبعه السبابة في فيه، فجعل يمصها، قال: (ومرُّوا بجارية وهم يضربونها ويقولون: زنيتِ، سرقتِ! وهي تقول: حسبي الله ونعم الوكيل. فقالت أمه: اللهم لا تجعل ابني مثلها، فترك الرضاع ونظر إليها وقال: اللهم اجعلني مثلها، فهنالك.

تراجعا الحديث، فقالت: مر رجل حسن الهيئة، فقلت: اللهم اجعل ابني مثله، فقلتَ: اللهم لا تجعلني مثله. ومروا بهذه الأمَة وهم يضربونها ويقولون: زنيتِ، سرقتِ، فقلت: اللهم لا تجعل ابني مثلها، فقلتَ: اللهم اجعلني مثلها؟!

قال: إن ذلك الرجل كان جبارا، فقلت: اللهم لا تجعلني مثله، وإن هذه يقولون لها: زنيتِ، ولم تزنِ، وسرقتِ ولم تسرق، فقلت: اللهم اجعلني مثلها.[١]

---

١ متفق عليه، البخاري (٣٤٣٦) وسلم (٢٥٥٠)، ئەم فەرمودەیە تەواوكەری فەرمودەی پێشوە مندالی سێیەمە كە قسەی كردوە بە ساوایی، بەلام لەبەر ئەوەی چیرۆكێكی مانابەخشی جیایە من كردم بە چیرۆكێكی سەربەخۆ.

چیرۆکی چوارەم

دایکێك ئاوات دەخوازێت

جارێك دایکێك کۆرپە ساواکەی لە باوەشدا بو، شیری پێ دەدا، لەو کاتەدا سوارچاکێك بە ئەسپێکی ڕەسەن‌و جلوبەرگێکی کەشخەوە لەوێوە تێپەڕی.

ئەم دایکە سەری هەڵبڕی‌و دیمەنی ئەو پیاوە جوانەی بینی زۆر سەرسامی بو، بە دەم خۆیەوە وتی: ئەی پەروەردگارم لە دوارۆژدا ئەم منداڵەی منیش وەك ئەم پیاوەی لێ بێت، ببێتە سوارچاکێکی کەشخە.

منداڵەکە لەم کاتەدا دەمی لە مەمکی دایکیدا بو شیری دەخوارد‌و وازی لە شیرخواردن هێنا‌و سەری هەڵبڕی بۆ لای دایکی‌و پاشان سەیرێکی پیاوەکەی کرد‌و هاتە قسە‌و وتی:

ئەی پەروەردگارم هەرگیز وەك ئەو پیاوەم لێ نەکەیت! ئەمەی وت‌و دەمی بردەوە بۆ مەمکەکانی دایکی‌و دەستی کردەووە بە شیر خواردن، ڕاوی دەڵێت: لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەو منداڵەی دەکرد کە چۆن مەمکەمانی دایکی دەمژێت‌و ئەویش پەنجەی شایەتومانی (السبابة) خستبوە دەمی خۆیەوە‌و ئەیمژی.

پاشان ڕۆیشتن‌و دایان بە لای کچێکدا کە کەسوکارەکەی لێیان دەداو بە توڕەییەوە پێیان دەوت: بەدڕەوشتیت کردوە؟.. دزیت کردوە؟ ئەویش لێیان دەپاڕایەوە‌و دەیوت: هەرگیز شتی وام نەکردوە بەڵام گوێیان بۆ نەدەگرت‌و ئەویش هەر دەیوت: بەسمە کە خوا ئاگادارە لە پاکیم‌و هەر ئەویش ئیش‌و کارمی بە دەستە.

دایکەکە لەم کاتەدا سەیرێکی کۆرپە ساواکەی خۆی کرد‌و وتی: ئەی پەروەردگارم ئەم کوڕەم وەك ئەو کچە لێ نەکەیت.

کۆرپە ساواکەش (دیسان) سەیرێکی ئەو کچەی کرد‌و وتی: ئەی پەروەردگارم وەك ئەو کچەم لێ بکەیت!.

دایکەکە زۆر سەرسام بو (چاوەکانی ئەبڵەق بو) دەیوت: ئەی خوایە ئەم منداڵەم چۆن قسە دەکات، کاتێك من هەرچی دەڵێم ئەو پێچەوانەکەی دەڵێت!

بۆیە بڕیاری دا ڕوی تێ بکاتو قسەی لەگەڵدا بکات تا بزانێ مەسەلەکە چیەو چ نهێنیەك لەوەدا هەیە کە حەزی نەکرد وەك ئەو سوارچاکەی لێ بێت!! کەچی حەزی کرد وەك ئەو کچەی لێ بێت کە بەسەر دزیو داوێن پیسیەوە گیراوە!!.

ئەوەبو پێی وت: ئەی کوڕی خۆم مەسەلە چیە کە پیاوێکی سوارچاكو کەشخە دای بە لاماندا من زۆر حەزم کرد لە دوارۆژدا تۆش ئاوا جوانو کەشخە بیو دوعای ئەوەم بۆ کردی کەچی تۆ وتت: خوایە وەك ئەو پیاوەم لێ نەکەیت؟!

هەروەها (مێشکم تەقی) کاتێك دامان بە لای کچێکدا کە لەسەر دزیو داوێن پیسی گیرابو لێیان دەداو منیش وتم: خوایە ئەم کوڕەم وەك ئەو کچەی لێ نەیەت.

کەچی تۆ وتت: یاخوا وەك ئەو کچەم لێ بێت!. من تێنەگەیشتمو زۆر سەرسامم وەختە تێك دەچم..

کۆرپە ساواکەش هاتە گوفتار وتی: ئەو پیاوەی کە ئەسپی ڕەسەنو جلی کەشخەی لەبەردا بو پیاوێکی خراپو ستەمکار بو، بۆیە وتم: خوایە منیش دوچاری خراپەکاریو ستەم نەکەیتو وەك ئەو پیاوەم لێ نەیەت.

هەروەها کاتێك بینیمان ئەو کچە سزا دەدراو لێیان دەدا پێیان دەوت: دزیت کردوە بەڵام ئەو دزی نەکردبو، یان دەیانوت: کاری بەدڕەوشتی کردوە بەڵام ئەو بێ تاوان بو کاری بەدڕەوشتی نەکردبو، بۆیە وتم خوایە منیش وەك ئەو کچە پاكو بێ تاوانم بکەیتو لەو بکەم.

دایکەکە گوشی بە خۆیەوەو تێر ماچی کرد..

ئەو پەندو ئامۆژگاریانەی لەم چیرۆکە وەردەگیرێت:

١- مەرج نیە هەر کەسێك جلوبەرگی جوان‌و ئۆتۆمبیلی مۆدیل بەرزی لە ژێردا بو ئیتر ئەوە پیاوی چاکەو ئاواتی پێ بخوازرێت، بەڵکو باشتر وایە مرۆڤ بڵێ خوایە وەك ئەم پیاوەم لێ بکەیت ئەگەر ئەزانی خێری دنیاو ئاخیرەتمی تێدایە.

٢- مرۆڤ بێ هەڵە نیەو کاتێك ڕایەك یان بۆچونێك دەردەبڕێت نابێ وابزانێت ئەو ڕاسترین بۆچونەو لەوە جوانترو باشتر نیە، یان جگە لەو بۆچونە هەمو بۆچونەکانی تر بە هەڵەدا چون‌و گومراییە.

ئەو دایکە منداڵێکی ساوای ناو بێشکە بەرپەرچی دەداتەوەو ڕایەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە.

٣- نابێت مرۆڤی موسڵمان زاهیربین بێت‌و هەر کاتێك چاوی کەوت بە خانویەکی جوان یان ئۆتۆمبیلێکی مۆدیل بەرز یان بەرپرسێکی گەورەی پاسەواندار، خێرا نەڵێت: الله خۆزگە هی من بوایە ! یان ئەو بەرپرسە کوڕی من بوایە، کێ ئەڵێ ئەو بەرپرسە دزێکی پیاوکوژی مەی خۆر نەبێت.. یان ئەو ئۆتۆمبیلە یان خانوەکە بە پارەی حەرام نەکڕابێت‌و خانوە بچوکەکەی تۆ زۆر لە ئەو موبارەکترو بەڕێزترە لە لای خوا.

٤- یان بە پێچەوانەوە هەر کاتێك کەسێکمان دی گوناهێکی دەکرد یان لەسەر گوناهێك گیرابو خێرا زەمی مەکەو نەفرەتی لێ مەکەو قسەی پێ مەڵێ چونکە ژیان شاراوەو نهێنیەکانی لە ئاشکراو دیارەکانی زۆر زیاترن.

کێ ئاڵێ کەسێکی پاك‌و بێ گوناە نیە بە هەڵە گیراوە یان ناچار بوەو تێکەوتوەو لە ئەسڵدا کەسێکی موسڵمان‌و خواناسەو خاوەنی دڵێکی باوەڕدارە.

٥- ئەگەر کەسێکی لە خۆمان منداڵتر یان خوێندەوارێکی مامناوەند یان ئاست نزم شتێکی بۆ ڕاست کردینەوە، ئەوە لە ئیسلامدا جێگەی دەست خۆشی‌و سوپاسکردنیەتی، ئەو شەیتانە پێمان دەڵێ: عەیبە بۆ تۆیەکی عەلامەو زیرەك‌و خواناس خەڵکی منداڵ‌و نەخوێندەوارو عەوام ڕەخنەت لێ بگرن‌و هەڵەت لێ بدۆزنەوە، پێویستە گوێیان بۆ نەگریت ! !

القصة الخامسة

إتق الله

عن ابن مسعود (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): (إن أول ما دخل النقص على بني إسرائيل انه كان الرجل يلقى الرجل فيقول: يا هذا اتق الله ودع ما تصنع فإنه لا يحل لك، ثم يلقاه من الغد وهو على حاله، فلا يمنعه ذلك من أن يكون أكيله وشريبه وقعيده، فلما فعلوا ذلك ضرب الله قلوب بعضهم ببعض، ثم قال: ﴿ لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ﴿٧٨﴾ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٧٩﴾ تَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ يَتَوَلَّوۡنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ لَبِئۡسَ مَا قَدَّمَتۡ لَهُمۡ أَنفُسُهُمۡ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَفِي ٱلۡعَذَابِ هُمۡ خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾ وَلَوۡ كَانُواْ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِيِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمۡ أَوۡلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ ﴿٨١﴾ ﴾[1].

ثم قال: كلا والله لتأمرن بالمعروف، ولتنهون عن المنكر، ولتأخذنّ على يدي الظالم ولتأطرنه على الحق اطراً، ولتقصرنه على الحق قصرا، أو ليضربن الله بقلوب بعضكم على بعض، ثم ليلعنكم كما لعنهم)).[2]

١ المائدة (٧٨ـ٨١).

٢ رواه ابو داود والترمذي وقال حديث حسن وهذا اللفظ لأبي داود. لە كتێبی (رياض الصالحين) وەرم گرتوە، لاپەڕە (٦٦)، ژمارە (٢٠١).

چیرۆکی پێنجەم
لە خوا بترسە

پاش ئەوەی (بەنی ئیسرائیل) لە میسردا دەسەلاتێکیان گرتە دەستو بە بۆنەی یوسف پێغەمبەرەوە (سەلامی خوای لێ بێت) ژیانیان لەسەر خواپەرستیو خۆشگوزەرانیو دادپەروەرییو چاکەخوازی بەسەر برد..

بەلام وەك هەمو گەلێکی تر لەگەڵ زۆربونو گەورەبونی هۆزەکەیاندا وردە وردە خەڵکانی جۆراوجۆریان تێدا هەڵدەکەوتو لەگەڵ چاکەکارانیاندا کەسانی گوناهکەرو خوانەناسیان تێ دەکەوت..

ئەمەش شتێکی ئاساییەو ئاینو بیروباوەڕی پاکو دروست زیانی لێ ناکات چونکە وەك کورد دەڵێت: (چەم بێ چەقەڵ نابێت)و (مەدینەیش بێ دوڕو نابێت)..

بەلام کارەکە بەوە تێك دەچێت کە کەسانی خوانەناسو چاکەکارو بانگخوازانی ناو ئەو گەلە گوێی پێ نەدەنو لەوە نەترسن خراپەکاران وردەوردە زۆر ببنو چاکەکاران بشارنەوەو دواتر کاروباری ولات بکەوێتە دەستیانو پاشتر لەوانەیە ڕێگەش بگرن لە چاکەکارانو تەنگیان پێ هەڵچنو لە ولاتیش دەریان بکەن یان توندی ناو بەندیخانەیان بکەن.

بۆ ئەوەی خراپەکاری تەشەنە نەسەنێ دەبێ فەرمان بە چاکەکردنو بەرگری کردن لە خراپە لە لایەن خواناسو ئیسلام پەروەرانەوە ئەنجام بدرێتو بوار نەدرێت خراپەکاران بێ شەرمانەو بە ئاشکرا لەناو کۆمەلگەدا گوناه بکەنو ناشەرعیو نافەرمانی خوا لەبەر چاوی خەلکی سوكو ئاسان بکەن.

بەلام کێشەی چاکەکارانی بەنی ئیسرائیلیەکان لەوەدا بو کە بەردەوام نەبون لەسەر فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپەو بەلکو یەك دو جارێ ڕویان دەکردە خراپەکارەکەو پێیان دەوت:

تۆ فلان کەس لە خوا بترسەو ئەم کارە ڕەوا نیە بۆتو مەیکە.. بەلام لە ڕۆژی ئایندەدا بە لایدا تێدەپەڕی دەبینێ لەسەر هەمان گوناهو خراپەکەی دوێنێی بەردەوامە..

بەڵام لە باتی ئەوەی ماندو نەبێتو بەردەوام نارەزایی دەبڕیایەو بەرگری لێ بکردایە بەڵکو بە دەم خۆیەوە دەیوت:

دوێنێ پێم وت، چی لێ بکەم بە قسەم ناکات.. خۆ بە زۆر نابێ! چاوی دەرهات.. خۆی حەز بە ئاگری دۆزەخ دەکات من چی لێ بکەم!!.

بەڵکو لە باتی ئەوەی هاوڕێیەتی کەم کاتەوەو لەگەڵیدا نەگەڕێتو پێکەوە نان نەخۆنو پیاسە نەکەن.. تا بەڵکە بیربکاتەوەو پەشیمان ببێتەوەو دەست لەم کارەی هەڵبگرێتو دەست بداتە کاری جوانو چاکە..

ئەی چی ئەکرد؟

لە دوای ئەو یەکجار پێ وتنە.. خۆی لێ کەڕ دەکرد.. ئامۆژگاری نەدەکردو بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیوت بابە من پێم وتی گوناه مەکە کەچی هەر دەیکەی دەی هەر بیکە..

دوای ئەوە لەگەڵی دەیخواردو دەیخواردەوەو سەردانی دەکردو قسەو سوعبەتی لەگەڵ دەکردو پێکەوە لە چاخانەو پاركو سەیرانگاکاندا بە یەکەوە دادەنیشتنو چاوپۆشی لە گوناهەکانی دەکرد.

کاتێك ئەمەیان کرد خوای گەورەو پەروەردگار دڵەکانی لە یەك کردنو کینەو ڕقەبەرایەتی خستە نێوانیانو پاشان خوای گەورە نەفرەتی کرد لە بێباوەڕانی ناو هۆزی بەنی ئیسرائیل دەزانی لەبەر چی؟

لەبەر ئەوەی کە دەستی یەکتریان نەدەگرتو لە گوناه یەکتریان ئاگادار نەدەکردەوەو بەمەش خراپەو گوناهێکی گەورەیان ئەنجام دا کە ڕازی بونو بێدەنگ بوونە لە ئاستی گوناهکردن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ ﴿٧٨﴾ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾ تَرَىٰ كَثِيرًا

مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِى ٱلْعَذَابِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾ وَلَوْ كَانُوا۟ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِىِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨١﴾﴾[1].

پاش گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لە لایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ئەوجا فەرمووی: ((كلا والله لتأمرن بالمعروف، ولتنهون عن المنكر، ولتأخذنّ على يدي الظالم ولتأطرنه على الحق اطراً، ولتقصرنه على الحق قصرا، أو ليضربن الله بقلوب بعضكم على بعض، ثم ليلعنكم كما لعنهم)).

ڕوی کردە دانە دانەی ئوممەتەکەی پێی فەرمون: نەخێر، سوێند بە خوا فەرمان بە چاکە دەدەن‌و بەرگری لە خراپە دەکەن‌و دەستی ستەمکار دەگرن‌و ناهێڵن ستەم بکات‌و لەسەر هەق‌و دادپەروەری ڕای دەوەستێنن‌و ناهێڵن لەسەر هەق بە مو لابدات.

وەئەگەر نا خوای (عز وجل) دڵەکانتان دەکێشێت بە یەکداو ناکۆکیتان تێدا دروست دەکات‌و دواتریش نەفرەتی خۆیتان لێ دەکات وەك چۆن نەفرەتی لەوان کرد.

---

١ المائدة (٧٨ـ٨١).

پەندو ئامۆژگاریەكانی ئەم چیرۆكە

١ـ دروستە باسكردنی كەسانو گەلانی ڕابردو، یادخستنەوەی هەڵە ناتەواویو هۆكاری لەناوچونیانو تورەبونو نەفرەتی خودا لێیانو ناچێتە خانەی غەیبەت كردنەوە، با ئیتر تا ئێستایش پاشماوەیان مابێتو پێیان ناخۆش بێت وەك نەوەكانی (بەنی ئیسرائیل)).

٢ـ لە فەرمودەكەدا پێغەمبەر (ﷺ) خاڵی سەرەتای لەناوچونو نوقسان بونو ڕوخانی وڵاتو گەلانی لەوەدا كۆكردۆتەوە كە دەستی یەكتری نەگرنو یەكتری لە خراپە دور نەخەنەوە.

ئەمڕۆ بە ناوی ئازادی بیروڕاوە یان ئازادی قەڵەمەوە خەڵكانێك هەن چی بێ بە دەمیاندا ئەیڵێنو چی بێ بە خەیاڵیاندا ئەینوسن!!

یان بە ناوی دێوەزمەی دیموكراتیەوە هەمو كەس ڕێگەپێدراوە كە هەستێت بە هەر تاوانو هەڵەو گوناهێكو نابێ كەس لێی تێك بداتو دەستگرو دەمگری نەبێت.. بەمەش ئەوروپا گۆڕی شاوستانیەتی خۆی بە دەستی خۆی هەڵكەندوە.

٣ـ فەرمان بە چاكەو بەرگری لە خراپە بە یەك جار یان دو جار ناكرێتو بەڵكو دەبێ دەیان جار دوبارە بكرێتەوەو هەر جارەو بە شێوازێكی نوێ بە هاوڕێیەتی نەكردن، بە سەردانی نەكردن، بە هاوركاری لێ گرتنەوە، بە كەمكردنەوەی سەلام كردنو دەربڕینی بە ساردو سڕیو دەیان شتی تر تا بەڵكە بەو هۆیەوە ئەو كەسە لەو گوناهو تاوانە بگەڕێتەوە.

٤ـ دروستە سەلام كردنو قسە كردن لەگەڵ كەسانی لە خوا یاخیو گوناهكارو سەرپێچیكاران بەڵام نابێت قسەی خۆشوسوعبەتو سەیرانو صەفاو پێكەنینو نان خواردنو سەفەركردن پێكەوەی لەگەڵدا بكرێت بەڵكو لە كاتێكدا ئەمانە دروستن كە بە مەبەستی ڕێنمونی كردنو هیدایەتدانو ئامۆژگاری كردنی ئەنجام بدرێت.

٥ـ لەم چیرۆکەدا پێغەمبەر (ﷺ) سیفەتی موبالەغەی بەکارهێناوە کە وشەی (شریب)و (اکیل)و (قعید) کە مانای زۆر لەگەڵی مانەوەو زۆر پێکەوە گەڕانو نان خواردنو زۆر سەردانی کردنی گوناهەو دروست نیە.

٦ـ نابێت قبوڵی زوڵم بکرێت لە زاڵمو دەبێت دەستی بگیرێتو چونکە ئەوە خوارترین ئاستی بێ ڕەحمی مرۆڤە کە بە چاوی خۆی ستەم ببینێتو قبوڵی بکات..

٧ـ خوای گەورە وەسفی باوەڕداران بەوە دەکات کە فەرمان بە چاکە دەدەنو بەرگری لە خراپە دەکەنو گوێیش بەوە نادەن کە زەرەیان تاڵ دەبێتو لەبەر چاوی خەڵکی دەکەونو دەکەونە لۆمەکردنیان گرنگ لە لایان وەك دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ....... ﴾.

٨ـ ئەگەر خەڵکی واز لە یەکتر بێنن و چاودێری هەڵسوکەوتو ڕەوشتی یەکتری نەکەنو هەڵەی یەکتر ڕاست نەکەنەوە بێگومان هەمو خەڵکی نوقمی ناو هەڵەو ناتەواویو ناشەرعی دەبن..

ئەو کاتە بێگومان هەڵەش لەگەڵ یەکتردا دەکەنو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دڵەکانیان لە یەکتر دەترازێنو ڕقو کینەو دوبەرەکی لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

٩ـ ئەگەر فەرمان بە چاکەو بەرگریکردن لە خراپە لە نێوان خەڵکیدا نەماو کەس هەقی بە کەسەوە نەبو، ئەو کاتە چەکە گەورە کاریگەرەکەی بڕوادار ڕۆڵی نامێنێتو تەقەی پێ ناکرێت.


ئەو چەکەش دوعاکردنە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە ئەمر بە چاکەو بەرگری لە خراپە دەکەن باشە وەگەرنا زۆر نزیکە

سزایەکی گەورەتان بۆ دابەزێنێ‌و دوعاکانیشتان گیرا نەکات‌و دەفەرمووێت: ((والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف ولتنهون عن المنكر، او ليوشكنّ الله ان يبعث عليكم عقاباً منه، ثم تدعونه فلا يستجاب لكم))[1].

١٠ـ دەبێت لەوە دڵنیا بین کە ئوممەتەکانی پێش ئیسلام چون بە کۆمەڵێ بۆچون‌و کاری هەڵەداو خۆیشیان بە هەڵە نەزانیوەو تەوبەیان لێ نەکردوەو خوایش بەر لەعنەتی خۆی خستون، ئێمەش هەر کاتێك بەو هەڵانەدا بڕۆینەوە هەمان سزامان بەسەردا دەدات.

---

١ رواه الترمذي وقال حديث حسن (٢١٦٩) رياض الصالحين: ژمارە (١٩٨)، لا (٦٦).



القصة السادسة

متصدّق بالليل

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال:

((قال رجل: لأتصدقنّ بصدقة، فخرج بصدقته، فوضعها في يد سارق، فأصبحوا يتحدثون : تُصُدِّق على سارقٍ، فقال: اللهم لك الحمد لأتصدقنّ بصدقة، فخرج بصدقته فوضعها في يدي زانية، فأصبحوا يتحدثون: تُصُدِّق الليلة على زانية، فقال: اللهم لك الحمد على زانية! ، لأتصدقنّ بصدقة، فخرج بصدقته فوضعها في يدي غني، فأصبحوا يتحدثون: تُصُدِّق على غنيٍّ، فقال : اللهم لك الحمد على سارق وعلى زانية وعلى غني! ، فأُتي فقيل له: أما صدقتك على سارق، فلعله أن يستعف عن سرقته، وأما الزانية، فلعلها أن تستعف عن زناها، وأما الغني، فلعله يعتبر فينفق مما أعطاه الله))[1].

واتە: پیاوێك وتی: ئەمشەو خێرێك دەكەم، شەو چوە دەرەوە بۆ خێركردنەكەی پیاوێكی (دزی) پێ گەیشتو پارەكەی كردە مشتی دزەكەوە، بەیانی خەڵكی دەیان وت: ئەمشەو خێر بە دزێك كراوە، پیاوەكەش وتی: خوایە سوپاس بۆ تۆ، ئەمشەو خێرێكی تر دەكەم، شەو داهاتو چوە دەرەوەو پارەكەی كردە مشتی ئافرەتێكی زیناكەر، لە بەیانیەكەیدا خەڵكی دەیوت: ئەمشەو خێرومەندێك خێری بە ئافرەتێكی زیناكەر كردوە! پیاوەكەش وتی: خوایە سوپاس بۆ تۆ لەسەر خێركردنم بە زیناكەرێك، بڕیاری دا شەوی داهاتوش خێرێكی نوێ بكاتو كاتێك دەرچو، پارەكەی كردە مشتی دەوڵەمەندێك، لە بەیانی ڕۆژی داهاتوشدا خەڵكی دەیوت: ئەم شەو خێر بە دەوڵەمەندێك كراوە، پیاوەكەش وتی: سوپاس بۆ خوا لەسەر خێركردنم بە دزو داوێن پیسو دەوڵەمەندێك.

پاشان (لە خەودا) پێیان وت: زۆر باشت كردوەو لەوانەیە بەو خێركردنەی تۆ دزەكە دەستی لە دزی هەڵگرتبێتو زیناكەرەكەش وازی لە زینا هێنابێتو دەوڵەمەندەكەش بیر بكاتەوە پارەكانی بكات بە خێر.

---

[1] رواه البخاري بلفظه ومسلم بمعناه (البخاري: ١٤٢١) ومسلم (١٠٢٢)، لە كتێبی (رياض الصالحين) لا (٤٠٩)، ژمارە (١٨٧٤).

چیرۆکی شەشەم
خێرومەندێك لە شەودا

پیاوێکی خواناس بڕیاری دا کە لە تاریکایی شەودا نەبێت خێر نەکات بۆ ئەوەی بە تەواوی لە ڕیاو ڕوپامایی بە دور بێتو تەنانەت خێر وەرگرەکەش نەزانێت کێیە ئەو کەسەی خێرەکەی پێ کردوە..

شەوی یەکەم کیسەیەك پارەی هەڵگرتو لە ماڵ دەرچو بە ئەسپایی بۆ ئەملاو ئەولای شەقامەکەی دەڕوانی..

تا بەڵکو داماوێ.. هەژارێ.. دەست کورتێکی بکەوێتە بەر چاو کیسە پارەکەی پێ بدات..

وا لە دورەوە پیاوێك هات بەڵام وا دیارە زۆر بە نهێنی دەڕوات بە ڕێوەو ئەمیش لە دڵی خۆیدا وتی: سەیرکە چەند شەرمنە.. چۆن بە ئەسپایی ڕێگە دەبڕێت؟!

وا دیارە هەژاری خۆمم دۆزیەوە، با پارەکەی بۆ بەرم.. کابرای بانگ کردو لە دواوە پێی وت: برای بەڕێزم من خێرێکم کردوەو پێم خۆشە بیدەم بە تۆ.. کیسەکەی لێ ڕادا..

کابراش زۆر سەری سوڕما لە دڵی خۆیدا وتی: تۆ بڵێی بە ڕاستی بێ دەترسم بمخەڵەتێنێتو کە نزیك بومەوە بمگرێتو تەسلیمی پۆلیسم بکات...

بەڵام کاتێك گوێی لە زرەی درهەمەکان بو.. تەماح گرتیو چوە پێشەوەو کیسەکەی لە دەست گرتو سوپاسی کردو بە خێرایی نایە گیرفانیەوەو بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

لە بەیانی ئەو ڕۆژەدا دەنگو باس وا بڵاوبویەوە کە ئەم شەو کابرایەك چوە خێری بە دزێك کردوە !..

پیاوە خواناسەکە پەشیمان نەبویەوە بەڵکو دەستی بەرزکردەوە بۆ لای خواو وتی: سوپاس بۆ خوا کە خێرم بە دزێك کرد ئەمشەو!. بەڵام قەیناکا ئەمشەو خێرێکی تر دەکەم..

لە شەوی داهاتودا بە هەمان شێوە گەڕا دەبینێت ئافرەتێك بەو شەوە تاریكە لە كۆڵانەو ئەمیش نەیدەزانی كێیە، ڕوی تێكرد وتی: من بڕیاری خێركردنم داوەو حەز دەكەم بۆ تۆ بێت.. فەرمو ئەم كیسە پارە زۆرە بگرە!..

ئافرەتەكە زۆر سەرسام بو بەڵام پێی وت لە بەرامبەری چیدا ئەم پارەیەم پێ دەدەیتو چیت لێم دەوێت؟

پیاوەكە وتی: لەبەر ڕەزامەندی خوا دەتدەمێو هیچ نیازێكم پێت نیە..

ئەویش پارەكەی وەرگرتو زۆر سوپاسی كردو بەرەو ماڵ گەڕایەوەو سوپاسی خوای دەكرد..

لە بەیانی ئەو ڕۆژەشدا پیاوەكە گوێی لێ بو خەڵكی دەیانوت: ئەمشەو كابرایەك خێری بە ئافرەتێكی داوێن پیس كردوە!..

ئەویش هیچ پەشیمان نەبو بەڵكو بە دڵێكی خۆشەوە وتی: سوپاسو ستایش بۆ ئەو خوایەی كە یارمەتی دام دەستگرۆیی زیناكەرێك بكەمو مەرج بێت ئەمشەویش برۆمەوەو خێرێكی تر بكەم..

لە شەوی سێیەمدا سێ بارە بە كیسێك پارەی زۆرەوە چوە دەرەوەو لەناو تاریكایی شەوەكەدا پیاوێكی (بە شانو شەوكەت) كەوتە بەر چاویو لە دڵی خۆیدا وتی: لەوانەیە ئەمە زۆر دەست كورت بێتو خێری پێ بشێت..

بۆیە بانگی كرد: ها كابرا.. سڵاو.. ئەمە بەم شەوە تاریكە خێرە لە دەرەوەی.. هیچ مەڵێ ئەزانم چی هێناویتیە دەرەوە.. ها بگرە برای بەڕێزم ئەم كیسە پارەیەم كردوە بە خێرو حەز دەكەم بیدەم بە تۆ..

كابرا وەك لە بان بەری بدەنەوە هاواری كرد: چی.. پارە.. بۆ من؟ بۆ تۆ من بە كێ تێ ئەگەی؟ كاكە من وەزعم باشە.. بیدە بە یەكێكی تر..

پیاوە خواناسەكە وای زانی لە شەرماندا وا دەڵێ یان كەسێكی عەفیفە، بۆیە بە زۆر لێی ڕاداو دایە دەستیو ئەویش بە سەرسوڕمانەوە لێی وەرگرتو سوپاسی كردو ڕۆشتەوە بۆ ماڵ..

لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا بەرەو بازاڕ کەوتەڕێو لەوێ گوێی لێ بو خەڵکەکە لەناو خۆیاندا ئەیان وت: دە وەرە مەتەقە لە داخا، ئەم شەو کەسێك خێری کردوە، چوە پارەیەکی زۆری کردوەتە گیرفانی دەوڵەمەندێکەوە!..

کابرا وتی: منیش تێگەیشتم بۆیە وتم خوایە من نەمزانی دەوڵەمەندە لێم ببورە بەڵام هەرچۆنێ بێت سوپاسگوزارتم کە توانیم خێر بە دزو زیناکەرو دەوڵەمەندێك بکەم.

پیاوەکە بە خەفەتێکەوە چوەوە بۆ ماڵەوە (ئەشترسا) خوای گەورە خێرەکەی لێ وەرنەگرتبێتو بگرە توشی گوناهیش بوبێت بۆیە شەو بە دەم ((لا حول ولا قوة الاّ بالله العلي العظيم))ەوە خەوی لێ کەوت.

لە خەودا مژدەیان پێدا کە خێرەکەت لێ وەرگیراوەو بە بۆنەی ئەم خێرکردنەی تۆوە.. دزەکە ئیتر پێویستی بە پارە نەماو دەستی لە دزی هەڵگرتوەو تەوبەیەکی خاوێنی کردوە..

هەروەها ئافرەتە بەدڕەوشتەکەش.. خاوەنی هەندێ هەتیو بو لەبەر ئەوەی منداڵەکانی لە برساندا نەمرن.. ناچار ڕێگای زینای گرتبوە بەرو کە تۆ ئەو پارەیەت پێدا خستیە سەر چاوی‌و بڕیاری دا ئیتر کاری زشتو ناشیرینی وا نەکاتو ڕێگای داوێن پاکی بگرێت.

هەروەها ئەو دەوڵەمەندەی تۆ خێرەکەت کردە مشتیەوە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بو بەڵام تا بڵێی چروكو ڕەزیل‌و دەست قوچاو بو بۆیە کە تۆ خێرت پێ کرد زۆر دڵخۆش بو لە دڵی خۆیدا وتی: خوایە مەرج بێ منیش لە سامانەکەم خێر بکەم‌و دڵی هەژاران خۆش بکەم‌و چیتر هەر نەیشارمەوەو کۆی نەمەکەوە..

پیاوەکە هەستایە سەرپێ‌و بە دڵێکی زۆر خۆشەوە دەستی بەرزکردەوە بۆ لای خوای پەروەردگارو لە کانگای دڵیەوە سوپاسێکی بێ پایانی کرد..

القصة السابعة

زيارة الأصدقاء

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) أن رجلا زار أخا له في قرية أخرى، فأرصد الله له على مدرجته ملكاً، فلما أتى عليه قال: أين تريد؟

قال أريد أخا لي في هذه القرية، قال: هل لك عليه من نعمةٍ تَرُبُّها عليه؟ قال: لا، غير أني أحببته في الله تعالى..

قال: فإني رسول الله إليك بأن الله قد أحبك كما أحببته فيه.[1]

واتە: ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت:

((جارێك پیاوێك چو بۆ سەردانی برایەکی خواناسی خۆی لە دێیەکی دیکە، خوای پەروەردگاریش فریشتەیەك دەنێرێتە ڕێگای‌و کاتێ دەگات پێی لێی دەپرسێت: بۆ کوێ بە نیازیت بڕۆیت؟

پیاوەکەش وتی: بە نیازم سەردانی برایەکم بکەم لە ئەم دێیە؟ ئەویش لێی پرسی ئایا چاکەو پیاوەتی بەسەر تۆوە هەیەو دەتەوێ پاداشتی بۆ بکەیتەوە؟

پیاوەکە وتی: نەخێر، تەنها لەبەر ئەوەیە کە لەبەر خاتری خوا خۆشم دەوێت.

ئەویش وتی: دەی من فریشتەی پەروەردگارم هاتوم بۆ لات تا پێت ڕابگەیەنم کە وەك چۆن تۆ لەبەر خاتری خوا ئەو برایەتت خۆش دەوێت ئاوا خوایش تۆی خۆش دەوێت.

---

[1] رواه مسلم (٢٥٦٧) لە کتێبی (ریاض الصالحین) لاپەڕە (١٠٧) ژمارە (٣٦٥).

چیرۆکی حەوتەم
سەردانی هاوڕێیان

یەکێك لە پیاوچاکان دانیشتبو، خەیاڵی هاوڕێکانی هات بە مێشکیداو لەناویاندا یەکێکیانی زۆر خۆش دەویستو حەزی بە بینینی دەکرد چونکە خوای گەورەی لە لا خۆشەویست دەکردو ڕۆژی سەختی قیامەتی دەخستەوە بیریو قسەی چاكو بەسودیان دەکرد پێکەوە..

بۆیە لە خۆی پرسی ئاخۆ دەبێ بۆچی سەردانێکی نەکەم؟ بێگومان زۆر شادمانو دڵخۆش دەبێتو خوا شاهیدە لەبەر هیچ مەرامێکی دنیایی خۆشم ناوێو تەنها لەبەر خاتری خوایەو بەس..

ئەوە بو خواحافیزی لە ماڵو منداڵەکەی کردو سواری وڵاخەکەی بو بەرەو دێی (شادیان) کەوتەڕێ کە نزیکەی دو سەعات لە دێکەی ئەمانەوە دور بو..

لە ڕێگا لە لای کانیاوێکی سەوزو دڵڕەفێندا لایدا کە خوڕەی ئاوو ئاوازی باڵندەکان دڵی هەزارانیان بۆ خۆیان کەمەندکێش دەکرد.. دەستنوێژێکی گرتو دو ڕکات نوێژی چێشتەنگای کردو پاشان دەستی بەرز کردەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆشەویستیو وتی:

ئەی خوایە گیان.. من هێشتا نەمدیویت ئەوەندەی هەمو دنیا خۆشم دەوێی لەسەر نیعمەتی باوەڕو لەشی ساغو عەقڵی دروست.. خوایە لەم هاوڕێیەم خۆشبەو یارمەتیم بدە بچم بۆ سەردانیو پێکەوە قسەی خۆشو پێکەنین لەگەڵ یادی پڕ شکۆی تۆدا تێکەڵ بکەین.. آمین..

لەوەدا بو سواری وڵاخەکەی بێتو بە ناوی خواوە بکەوێتە ڕێ، لە ناکاو پیاوێکی جوانی سورو سپیو ڕیش سپی.. نور لەناو چاوی ئەباری.. لەناو باخەکەی خوار کانیاوەکەوە بە ئەسپایی هاتە دەرەوەو بە سڵاوی خوا سڵاوێکی گەرمی لێ کرد..

پیاوەکەش زۆر شادمان بو بە بینینیو سڵاوی بە جوانترین شێوە لێ کردەوەو فەرموی لێ کرد تا دانیشن پێکەوەو خواردنێکی سوکەی لەناو تێشتەبەرەکەدا بو.. دەرهێناو فەرموی لێ کرد تا پێکەوە پارویەکی لەگەڵدا بخوات..

ئەویش لەگەڵی دانیشتو بە یەکەوە دەستیان کرد بە قسەی خۆشو مەسەلەکانیان پێکەوە تاوتوێ کرد..

پاشان بە ڕویەکی خۆشەوە لێی پرسی: ئەی برای بڕوادارم، خێرە وا کەوتویتەڕێ؟ بە نیازی بۆ کوێ بچی -إنشاء الله-؟

پیاوە خواناسەکە وتی: دەمەوێ تا دێی شادیان بڕۆم؟ پیاوە ڕیش سپیەکە بە ئەدەبێکەوە وتی: ئەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم کە ئاخێرە؟ بۆچی بۆ ئەو دێیە ئەڕۆیت؟ ئیشت لەوێ هەیە؟

پیاوە خواناسەکە پیکەنی وتی: خاڵۆ گیان.. باوەڕ بکە هیچ ئیشێکم لە دێی شادیان نیەو نە کشتوکاڵو نە هیچ پڕۆژەیەکم لەوێ نیە..

+ ئەی خزمو کەست لەوێیە؟ سەردانیان دەکەیت؟

- وتی: خزمیشمی لێ نیە، بەڵکو هاوڕێیەکی خۆشەویستمی لێیە کە برایەکی هاوئاوینو بیروبڕوامە.. ئەم شەو بیرم کردەوەو بڕیارم دا سەردانێکی بکەمو بەسەری بکەمەوە.

پیاوە ڕیش سپیەکە بە ڕویەکی گەشەوە پێی وت: هیچ پەیوەندیەکی بازرگانی لە نێوانتاندا نیە؟

پیاو چاکەکە بە پێکەنینەوە وتی: با گەورەترین بازرگانی!

پیاوەکە زۆر سەری سوڕماو وتی چ بازرگانیەك؟

+ بازرگانی مەزن! بازرگانی دەستکەوتنی تاجی ڕەزامەندی خواو بەهەشتە جوانو بەرینەکەی..

پیاوە ڕیش سپیەکە ڕوی وەك گوڵ گەش بویەوەو پێی وت: ئەزانی من کێم؟

وتی: من نازانم تۆ کێی بەڵام لە پیاوێکی ڕاستگۆو خواناس دەچیتو نهێنیەك لەوەدا هەیە کە نازانم بۆچی خۆشم ئەوێت.

پیاوە ڕیش سپیەکە وتی: من فریشتەی پەروەردگارمو ئەو ناردومی بۆ لات تا بێمە ڕێتو ئەم پرسیارانەت لێ بکەم.. و دڵنیاشت دەکەم کە پێم سپێردراوە مژدەت بدەمێ کە ئەو خوایە خۆشی دەوێت کە لەبەر خاتری ئەو ئەو برایەتت[1] خۆش دەوێتو لەبەر خاتری ئەو سەردانی دەکەیت..

پیاوەکە لە خۆشیاندا هەر لەوێدا سوژدەیەکی شوکری بردو کاتێ سەری هەڵبڕی فریشتەکە دیار نەبو.. ئەمیش حەبەسابو هەر سەیری ئەملاو ئەولای دەکرد..

---

١ برا –وشەیەکە لە فەرهەنگی ئیسلامدا– سەمفۆنیایەکی خۆشی هەیەو لە وشەی برادەر، هاوڕێ، هەڤاڵو هتد خۆشترەو مەبەستیش لێی برایەتی ئاینیە، ((إنّما المؤمنون إخوة)).

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕێگەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەوە سەردانی کردنی یەکتری بەرز نرخاندوەو کردویەتی بە هۆکاری بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودا بۆ ئەو بەندانەی لەبەر خاتری ئەو سەردانی براکانیان دەکەن.

٢ـ بەم فەرمودەیەدا وا دیارە دروستە مرۆڤ بۆ تاقیکردنەوەی کەسانی تر، کەسێك بنێرێت بۆ لای بە دزیەوەو لە نیازو نیەتی تێ بگات، بە مەرجێك خوای گەورە خۆیشی ئەیزانی بۆ کوێ دەچێت‌و بۆ لای کێ دەچێت.

٣ـ دروستە مرۆڤ ئەگەر ویستی کارێکی خێر بکات، خەڵکی پێی بزانن بەلام خۆی باسی نەکات بەڵکو کاتێ پرسیاری لێ کرا ڕاست‌و دروست بڵێ بە نیازی فلان کاری خێرم‌و نابێ بیشارێتەوەو بڵێ نەوەك توشی ڕیا ببم!

٤ـ پێویستە مرۆڤ هەر کارێکی خێرو چاکە دەکات تەنها مەبەستی ڕەزامەندی خوا بێت‌و خوا کاری نیواو نیوی ناوێ کە لەبەر خاتری ئەو کارێ بکات بەلام حەزیش بکات خەڵکی دەستخۆشی لێ بکەن‌و ناوی بەرن بە چاکە..

٥ـ ئەگەر کەسێك لە تاقیکردنەوەکەت دەرچو، بەو شێوەیە دەرچو کە تۆ پێت خۆش بو.. مژدەی دەرچونی پێ بدەو دڵی خۆش بکە وەك چۆن فریشتەکە بە پیاوچاکەکەی وت: مژدەت لێ بێ ئەو خوایە خۆشی دەوێیت کە لەبەر ئەو سەردانی ئەو برایەت دەکەیت.

٦ـ کار بە نهێنی بکەو مەیەڵە بە نهێنیەکانت بزانن‌و نەخشەکانت لێ تێك بدەن بەلام دوای ئەوەی مەبەستەکەت هاتەدی ئیتر گوێ مەدەرێ ئاشکرا بێت یا نا، بەڵکو ئەشتوانیت خۆت ئاشکرای بکەیت وەك چۆن پیاوەکە وتی دەی من فریشتەی پەروەردگارم‌و بۆ لای تۆ نێردراوم..



القصة الثامنة

لا تنتحر

عن جندب البجلي (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ):

((كان فيمن كان قبلكم رجل به جرح، فجزعَ ، فأخذ سكيناً فجز بها يده ، فما رقأ الدم حتى مات . قال الله تعالى: بادرني عبدي بنفسه، حرمت عليه الجنة)).[١]

واتە: جوندوب البجلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

لەناو گەلانی پێش ئێوەدا پیاوێك هەبو.. ئەم پیاوە بە هەر هۆیەك بو بریندار بو.. زۆر هاواری دەكرد لەتاو ئێش و ئازار.. تا كار گەیشتە ئەوەی.. چەقۆیەكی هێناو برینەكەی پێ كولاندەوەو گەورەی كردو خوێنی بەربو هەر نەدەوەستایەوە تا گیانی دەرچو..

خوای گەورەیش فەرموی بەندەكەم زۆر پەلەی كرد لە گەڕانەوەی بۆ لام و (خۆی كوشت) دەی ئەوا منیش بەهەشتی لێ قەدەغەو حەرام دەكەم.

---

١ رواه البخاري (٣٤٦٣)، لە كتێبی (صحیح قصص القرآن) بەشی دو لا (٥٢) وەرمگرتوە لە نوسینی سعد یوسف أبو عزیز.

چیرۆکی هەشتەم

خۆت نەکوژێت

پیاوێك لە سەردەمانی ئوممەتەکانی پێش ئیسلامدا.. دەچێت بۆ ڕاوشکارو لەوێ دڕندەیەك پەلاماری دەداتو دەیەوێت بیخوات بەڵام ئەم پیاوە خاوەنی جەستەیەکی گەورەو تۆکمە بو..

دڕندەکە بە ئاسانی چاری نەکرد بەڵام تا توانی کەڵپەی گیرکرد لە باڵیو بە خەستی پیاوەکەی بریندار کردو ئەویش لێی هاتە دەستو بە خەنجەر ئەنجر ئەنجری کردو کوشتی..

بە دەم ئێشو ئازارەوەو بە دەم خوێن لێ ڕۆیشتنەوە هاواری ئەکردو ئەی قیڕاند: ئای باڵم.. ئای مردم.. خوایە ئازار شێتی کردم! تا گەیشتە قەراغ کانیاوێكو لەوێ تێر ئاوی خواردەوە بەڵام برینەکەی زۆر ئازاری دەداو بە دەم ئێشەوە ئەتلایەوە..

کە ئازار زۆری بۆ هێنا خۆی پێ نەگیراو خەنجەرەکەی دەرهێناو برینەکەی پێ تلیشاندو خوێن وەك بەلوعە فیچقەی دەکردو بە هیچ جۆرێك خوێنەکەی نەوەستایەوە تا گیانی دەرچو مرد..

خوای گەورەو پەروەردگاریش زۆر پێی ناخۆش بو.. ئەم کارەی بەندەکەی بە دڵ نەبو.. کە دەبوایە زامەکەی ببەستایەو تیماری بکردایە تا وردە وردە خۆش دەبویەوە..

بۆیە ڕوی کردە فریشتەکانیو پێی فەرمون: ئاگاتان لێیە بەندەکەم چۆن پەلەی کرد لە گەڕانەوە بۆ لام؟!

دەی ئێوە بە شایەت بن من بەهەشتی لێ حەرام دەکەمو نایەڵم بچێتە ناویەوە..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ مرۆڤ کە لە ژیاندایە، دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکات کە لە هەمو ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە توشی کارەسات ببێتو تیایدا دەستو قاچی لە دەست بداتو یان برینداریێکی سەخت ببێت.

بۆیە دەبێ بە سەبرو ئارام بێت لە کاتی ئەو ڕوداوانەداو ناشکوری نەکاتو سکاڵای خۆی لە لای هەمو کەس نەکات، بەڵکو بەردەوام سوپاسگوزاری خوا بێتو بەو بەشەی ڕازی بێت تا لە پاداشتی سوپاسگوزاران بێ بەش نەبێتو پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) مژدەی داوە بە کۆشکێك لە بەهەشتدا (بۆ ئەو کەسانەی لەسەر ناڕەحەتیو نەهامەتی بە ئارام دەبن) بە ناوی کۆشکی (سوپاس).

٢ـ نابێت نائومێدیو بێ هیوایيو دەست لە دنیا شتن ڕو بکاتە مرۆڤی موسڵمانی نەهامەت (مصیبە)دار، بەڵکو دڵی زۆر بە خوای خۆی خۆش بێتو داوای شیفاو دەروی خێری لێ بکاتو کارێك نەکات خوای گەورە لە خۆی بڕەنجێنێت. وەك ئەو پیاوەی کە لەسەر برینەکەی باڵی سەبری نەگرتو بە خەنجەر خۆی کوشت..

٣ـ خۆکوشتن لە ئیسلامدا کارێکی زۆر ترسناکەو گوناهێکی زەبەلاحو کەبیرەیەو خوای گەورە زۆر ڕقی لەو کەسانەیە کە هەڵدەسن بەو کارە ناشیرینەو هەڕەشەی حەرام کردنی بەهەشتیان لێ دەکات.

٤ـ بە درێژایی مێژوی ئیسلام ڕێژەی خۆکوژی لە ناو موسڵماناندا زۆر کەم بوە یان هەر نەبوەو بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە بە بچوکترین گیروگرفتو نەهامەتی خۆیان دەکوژن چونکە پەروەردگارێکی گەورەو بەبەزەیی وەك (الله) شك نابەن تا لەبەر ئەو خۆیان بگرنو بە ئارام بن.

٥ـ لە ئیسلامدا ئەو کەسەی خۆی ئەکوژێتو پێشتر موسڵمان بوە ئەوە هەر بە موسڵمانەتی دەمرێتو پێشەوا نەوەوی ئەفەرموێت: مانای فەرمودەکە ئەوە ناگەیەنێت

کە وەك کافرو دوڕوەکان بە هەمیشەیی لەناو ئاگردا بمێنێتەوە بەڵکو خوا ماوەیەکی زۆر لە بەهەشتو خۆشیەکانی بێ بەشی دەکات بەڵام لە ئاکامدا لەبەر باوەڕەکەیو یەکتاپەرستیەکەی لە دۆزەخدا نایهێڵێتەوەو دەچێتەوە بەهەشت (ان شاء الله تعالى).

القصة التاسعة

شوك الطريق

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((بينما رجل يمشي بطريق، وجد غصن شوك على الطريق، فأخره، فشكر الله له فغفر له)).[١]

وفي رواية مسلم: ((لقد رأيت رجلا يتقلبُ في الجنة في الشجرة قطعها في ظهر الطريق كانت تؤذي المسلمين)).[٢]

وفي رواية: ((نَزَعَ رَجُلٌ لم يعمل خيرا قطّ غصن شوك عن الطريق، إما قال: كان في شجرة قطعه، وإما كان موضوعاً فأماطه عن طريق فشكر الله ذلك له، فأدخله الجنة)).[٣]

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

جارێك پیاوێك بەسەر جادەیەکدا دەڕۆیشت، لە ڕێگا چاوی بە لقە دارێکی چڵ چڵێن – دڕکاوی– کەوت، بەخێرایی ڕۆیشتو هەڵی گرتو لەسەر جادەکە دوری خستەوە، خوای گەورەیش لەسەر ئەو کارەی سوپاسی کردو لە گوناهەکانی خۆش بو.

لە ڕیوایەتی پێشەوا (مسلم)دا هاتوە: کە فەرمویەتی: لە بەهەشتدا چاوم کەوت بە پیاوێك پیاسەی دەکرد، کە لە دنیادا یەك کاری چاکەی نەبو، بەڵام چوبوە بەهەشتەوە تەنها لەبەر ئەوەی کە لقەدارێکی دڕکاوی لەسەر ڕێگەی باوەڕداران دورخستەوە یان لەبەر ئەوەی کە درەختێك سەر جادەکەی گرتبو بڕیەوە یان کەوتبوە سەر جادەکەو ئەویش دوری خستەوە لە ڕێگەکە، خوایش لەسەر ئەو کارەی سوپاسی کردو لێی خۆش بو.

---

١ رواه البخاري (٦٥٢) ومسلم (١٤١٩).

٢ رواه مسلم.

٣ رواه ابو داود، حديث حسن، الجامع الصحيح (٦٧٥٥).

چیرۆکی نۆیەم
دڕکی ڕێگا

جارێك پیاوێك بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشت لە ڕێگا ئاگای لە خۆی نەبو.. پێی هەڵکەوت لە لقەدارێکی دڕکاوی گەورەو کەوتە سەر زەویەکەوو ئەزنۆکانی ئازاریان پێ گەیشتو بریندار بو..

کاتێك هەستایەوە سەیرێکی ئەم لاولای خۆی کرد.. دڵی خۆش بو کە کەس چاوی پێی نەکەوتبو، بۆیە بە دەم خۆیەوە قسەی دەکردو دەیوت:

زۆر سەیرە ئەم خەڵکە!.. ئاخر تۆ دارەکە ئەبڕی بۆچی لەسەر جادەی باوەڕداران فڕێی ئەدەی یان بەجێی دێڵی؟..

لای کردەوە بۆ دواوە.. بینی وا پیاوێکی نابینا بەرەو ئەو پارەوە دێت کە لقە دارە گەورەکەی تێدا کەوتوە..

خێرا هەستایە سەرپێ‌و ئێشەکەی لەبیر چویەوەو بە شەلەشەل خۆی گەیاندە لقە دارەکەو هەڵی گرت‌و بردی لە دوری ڕێگاکەوە دایناو جادەکەی لێ پاك کردەوە..

ئەوجا پیاوە نابیناکە بە ئاسایی بە ڕێگاکەدا ڕۆیشت‌و تێپەڕی، پیاوەکەش کە پێشتر کاری چاکەی نەکردبو.. زۆر دڵخۆش بو بەو کارە چاکەی کە کردی چونکە ڕێگای بۆ بڕواداران بە تایبەت ئەو پیاوە نابینایە پاك کردەوە.

هەناسەیەکی خۆشی هەڵمژی‌و پەیمانی بە پەروەردگاری خۆی دا کە هەمیشە ڕێگای بڕواداران پاك بکاتەوە لە تەلەزمە بەردو تاسەو دڕك‌و داڵ‌و پیسایی بە دەم خۆیەوە دەیوت:

من خۆم گوێم لە مامۆستاکە بو لە تەلەفزیۆنەکەدا وتاری دەداو دەیوت: خوای گەورە لە کەسێك خۆش بو لەسەر ئەوەی دڕك‌و داڵی لەسەر ڕێگەی موسڵمانان دورخستەوەو بە مەرجێك یەك چاکەی نەکردبو لە ژیانیدا..

دەی بە خوا ئەوە منم کە لە ژیانمدا کاری چاکەم نەکردوە، دەی توخوا شورەیی نیە بۆ من لەسەر لابردنی لقێك دار لەسەر جادەکەی خوا لە من خۆش ببێت! ؟ ئەی سا بۆچی لەمەولا چاکەکاریش نەکەمو لەگەڵ خوای خۆمدا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵنەدەمەوە؟. و دواتر دەستی کرد بە کردەوەی چاکەکردن.

پەندو ئامۆژگاری لەم فەرموودەیە

١- خوای گەورە ڕەقیبو چاودێرە بەسەر تاكەتاكەی مرۆڤەكانەوەو بە تاسەوە چاوەڕوان دەكات كەی كارێكی چاكەو خزمەتگوزاری ئەنجام بدەیتو ئەو لە كەمیندایە بۆ لێخۆشبونمان.. ئای كە خوایەكی بە ڕەحمو بە بەزەییە..

٢- لابردنی شتێك لەسەر ڕێگا ئەوپەڕی خۆشەویستی موسڵمانانەو نواندنی تەوازوعو بێ فیزیە.

٣- هەتا مرۆڤ خزمەت بە خەڵكی بكاتو نەهامەتیەكانیان لەسەر سوك بكاتو جادەكانیان بۆ پاك بكاتەوە.. خوای گەورە خۆشحاڵ دەبێت، بە مەرجێك هیچ سودێكیشی بۆ ئەو نیە. كەچی ئەو سوپاسی دەكاتو لە پاداشتیدا لێی خۆش دەبێت..

٤- لە گەورەیی پاداشتی لابردنی شتێك لەسەر جادە ئەوەندە مەزنو پڕ بایەخ بێت كە خوا لە خاوەنەكەی خۆش ببێت لەسەری..

ئەی دەبێ بە پێچەوانەوە گوناهی ئەو كەسە چەند گەورە بێت كە دڕكو داڵ دەخاتە سەر جادەی موسڵمانانو خۆڵو خاشاكو زبڵ دەكاتە سەر جادەكە..

٥- ئەی دەبێ گوناهی ئەو كەسانە چەند بێت كە ئۆتۆمبێل یان ماتۆڕ بە شێوەیەكی خێراو ترسناك لێ دەخوڕنو منداڵی موسڵمانان دەكەن بە ژێرەوەو جەرگی دایكو باوكیان دەبڕنو غەمباریان دەكەنو بە غەمەوە دەیانكوژن؟.

٦- ئەی لە بەرامبەردا دەبێ دانانی لقێك دار بخرێتە سەر جادە ئەوەندە گەورە بێت ئەی تاوانی ئەو كەسانەی كە تاسەی بەرز یان چاڵی گەورە دەكەنە سەر جادە قیرەكان چەند گەورە بێت پەنا بە خوا..

٧- دروستكردنی تاسە لەسەر جادەكان لە لایەن ماڵەكانەوە ڕەمزی تێنەگەیشتنە لە ئیسلام لە لایەكو لە لایەكی تریشەوە ڕەمزی هەمەجیەتو تێنەگەیشتنە چونكە لە وڵاتە پێشكەوتوەكاندا ئەم فەرمودەشیان نەبیستوە سیمای جادەكان ناشێوێنن.. لەبەر تەپو تۆزی ئۆتۆمبێلی خێرا یان نەوەك منداڵێكیان بكات بە ژێرەوەو بكوژێ! كەوەك خۆمان ناشزانن ئەجەل دیاری كراوە.

القصة العاشرة

الشرط العظيم

عن أبي موسى الأشعري (رضي الله عنه) قال: أتى النبي (ﷺ) اعرابياً فاكرمه، فقال له إئتنا، فأتاه، فقال رسول الله (ﷺ): ((سل حاجتك ؟ فقال: ناقة برحلها وأعنز يحلبها أهلي، فقال رسول الله (ﷺ): أعجزتم أن تكونوا مثل عجوز بني إسرائيل؟)).

فقال أصحابه: يا رسول الله! وما عجوز بني إسرائيل؟ قال: إن موسى لمّا سار ببني إسرائيل في مصر، ضلوا الطريق فقال: ما هذا؟

فقال: علماؤهم: نحن نحدثك أن يوسف لما حضره الموت أخذ علينا موثقا من الله، أن لا نخرج من مصر حتى ننقل عظامه، معنا، قال: فمن يعلم موضع قبره ؟

قالوا: ما ندري اين قبر يوسف، إلا عجوز من بني إسرائيل.

فبعث إليها فاتته، فقال: دولينا على قبر يوسف.

فقالت: لا والله، لا أفعل حتى تعطيني حكمي.

قال: وما حكمك؟

قالت: أكون معك في الجنة!

فكره ان يعطيها ذلك، فأوحى الله اليه ان أعطها حكمها، فانطلقت بهنّ إلى بحيرة مستنقع ماء، فقالت: أنضبوا هذا الماء، فأنضبوا، قال: احتفروا واستخرجوا عظام يوسف.

فلما اقلّوها إلى الارض، اذا الطريق مثل ضوء النهار)).[١]

واتە: ئەبو موسای ئەشعەری (خوا لێی ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش ڕێزی تەواوی لێ گرت.

پێی فەرمو: وەرە بۆ لامان، ئەویش هاتە خزمەتی، پێغەمبەر (ﷺ) (وەك ڕێز لێگرتن) پێی فەرمو: پێداویستیت چیە بیڵێ؟

---

١ لە کتێبی قصص الرسول (٦٦/٣) وەرم گرتوە.

حديث صحيح، اخرجه ابو يعلى في مسنده (٣٤٤/١) والحاكم (٤٠٤/٢)، وقال صحيح على شرط الشيخين. وقال الالباني: صحيح على شرط مسلم.

ئەویش وتی: حوشترێك بە بارەوە، هەندێ بزنیش کە خێزانەکەم بیدۆشێت..

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ئەوە ناتوانن وەك پیرەژنەکەی ناو بەنی ئیسرائیل بن؟

هاوەڵانی (خوایان لێ ڕازی بێت) پرسیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! مەسەلەی پیرەژنەکەی بەنی ئیسرائیل چۆن بوە؟

ئەویش فەرموی: کاتێك موسا لەگەڵ نەوەکانی ئیسرائیل ویستی لە میسر دەربچێت، ڕێگاکەیان ون کرد، موسا فەرموی: ئەوە چیە؟ واتە: چی بکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکە؟

زاناو شارەزاکانی ناویان وتیان: ئێمە شتێکت بۆ باس دەکەین لەم بارەوە، (ئەویش گوێی بۆ گرتن).

وتیان: کاتێك یوسف وەختی مردنی هات، پەیمانی لێ وەرگرتوین کە لە میسر دەرنەچن بەبێ ئەوو (جەستەکەی) لەگەڵ خۆیان بەرن‌و جێی نەهێڵن..

موسا (سەلام خوای لێ بێت) فەرموی: جا کێ ئەزانێ گۆڕەکەی لە کوێدا نێژراوە؟

ئەوانیش وتیان: کەسمان نازانین گۆڕەکەی لە کوێدایە جگە لە پیرەژنێك؟؟

موسا پێغەمبەریش (سەلامی خوای لێ بێت) ناردی بە دوایداو پێی فەرمو: شوێنی گۆڕەکەی یوسفمان پێ بڵێ..

پیرەژنەکەش وتی: نا، وەڵڵاهی پێت ناڵێم تا پاداشتەکەیم نەدەیتەوە..

موسا فەرموی: پاداشتەکەی چیە؟

پیرەژنەکە وتی: داوام بۆ بکەیت لە بەهەشتدا ببمە هاوڕێت‌و لەگەڵ تۆدا بم!.

بەڵام پێغەمبەر موسا ئەمەی پێ ناخۆش بو، نەیتوانی وەعدی ئەوەی پێ بدات..

بەڵام خوای گەورە نیگای بۆ نارد کە پەیمانی بدەرێ (ئێمە بۆت جێبەجێ دەکەین)و ئەویش داواکەی جێبەجێ کرد.

پیرەژنەکەش بردنی بۆ لای دەریاچەیەك، کە گۆماوێکی بچوکی لێ بو ئاو تیایدا وەستابویەوە پێی وتن:

ئاوەکەی خاڵی بکەنو ئەوانیش دەستیان کرد بە خاڵی کردنی ئاوەکە تا چاڵاوەکەیان وشك کردەوە.

پاشان پێی وتن: ئادەی زەویەکە هەڵکەننو لاشەکەی دەربهێنن..

ئەوانیش دەستیان کرد بە هەڵکەندن تا گەیشتنە گۆڕەکەیو دەریان هێنایەوە.

هەر کە دەریان هێنایە سەر زەویەکە یەکسەر دنیا وەك ڕۆژی ڕۆشنا ڕوناك بویەوە..

چیرۆکی دەیەم
مەرجی گەورە

ئەو شەوەی فیرعەون خەریك بو بدات بەسەر موسا پێغەمبەرو شوێنکەوتوەکانیداو لە ناویان بەرێت..

خوای گەورە وەحی نارد بۆ موساو فەرمانی پێدا خۆتو هەمو شوێنکەوتوانت لە بەنی ئیسرائیل میسر بەجیّ بێڵن ڕێڕەوی دەریا بگرنە بەر..

ئەویش هەمو شوێنکەوتوانی کۆ دەکاتەوەو دەڵیّ دەبیّ ئەم شەو دەربچین چونکە فیرعەون پێی زانیوینو دەدات بەسەرمانداو تاقمان لیّ دەبڕێت..

هەمو بە گوێیان کردو ژنو پیاوو گەورەو بچوك بە دزیەوەو لە ژێر باڵی تاریکایی شەودا کەوتنەڕیّو هەر لایان ئەکردەوە بزانن سەربازانی فیرعەون دەرنەکەوتون..

ماوەیەك ڕۆیشتنو لە ناکاو هەمو وەستان.. واقیان وڕما.. یەکێك هاواری کرد:

ئەمە کەی کاتی وەستانە بۆ خاتری خودا.. مەوەستن هاکا سەربازەکان گەیشتنو هەمومان قۆڵبەستە کەن..

دەلیلەکەیان وەستابو.. نەیدەزانی بە کام ڕێگادا بڕوات.. موسا (سەلامی خوای لیّ بێت) دەلیلەکەی بانگ کردو پێی وت: خۆ تۆ باش شارەزای ئەم ناوچانەی بۆ وەستاوی؟

دەلیلەکە بە زمانێکی شڵەژاوەوە وتی: گەورەم.. ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە یەکەم جارمە ڕێگەم لیّ هەڵە ببێتو خۆیشم تیّ ناگەم.. هەرگیز ئەمە لیّ بەسەر نەهاتوەو کون بە کونی ئەم ناوچانە شارەزام..

موسا فەرموی: خێری پێوە بێت (ان شاء الله) ئەمەش کاری خوایەو بیّ حیکمەت نیە، خەڵکەکەی ئێور کردەوەو دڵنیای کردن لەوەی کە خوای گەورەیان لەگەڵدایەو خوایش لە فیرعەون گەورەترەو دەستەڵاتی زۆر زیاترە..

پاشان فەرمانی دەرکردو هەمو ئاقڵ مەندانی ناویانی کۆکردەوەو مشاوەرەی پێکردن..

زاناکانی ناو هۆزەکەی (بەنی ئیسرائیل) وتیان: ئێمە لەم بارەیەوە شتێك دەزانین ئەگەر ڕوخسەت بفەرمویت عەرزتی دەکەین.

موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) زۆر دڵخۆش بو.. خێرا فەرموی: ئەی بۆ نایلێن، ئەی ڕاوێژ بۆچی کراوە؟. فەرمون.

یەکێك لە زاناکانیان وتی: وەختێ خۆی کاتێ یوسف پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) کاتی سەرەمەرگی هات، کۆی کردینەوەو سوێندی داینو بەڵێنی لێ وەرگرتین کە لە میسر دەرمەچنو هەر کاتێك لە میسر دەرچون منیش لەگەڵ خۆتان بەرنو بەجێم نەهێڵن لەناو گۆڕەکەمدا..

موسا زۆر دڵخۆش بو.. یەکسەر فەرموی: دەی هەروایە.. ئەوەیە کە وتم حیکمەتێکی گەورەی تێدایە وا لە تاریکایی شەوەکەدا ڕێگەکەمان لێ ون بوە..

دەی باشە ئێستا کەسێك شوێن گۆڕەکەی دەزانێت؟

وتیان: کەسمان نازانینو بیرمان نەماوە لە کوێدا نێژراوە بەلام ئەڵێن تەنها کەسێك جێ گۆڕەکەی بزانێت پیرەژنێکەو لەگەڵ خۆمانداو لەناو لەناو کاروانەکەماندایە..

موسا خێرا ناردی بە دوایداو ئەویش وەك سەربازێکی گوێڕایەڵ یەکسەر هاتە خزمەتیو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (گیانم فیدات بێت) بە چی ئەتوانم خزمەتتان بکەم؟

موسا پێغەمبەر فەرموی: ئەڵێن تەنها تۆ دەزانیت یوسف پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) لە کوێدا نێژراوە.. ئەمە ڕاستە؟

پیرەژنەکە وتی: گەورەم بەڵێ ڕاستە من جاربەجار دەڕۆمە سەر گۆڕەکەیو دوعای پایەبەرزی بۆ ئەکەمو داوای لێخۆشبونو بەزەیی خوا دەکەم.. بەلام پێم نالێن بۆ چیتانە لەم شەوە ترسناکە تاریکەدا؟ ئەمە کەی وەختی ئەو پرسیارەیە..

موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموی: کاتمان بە دەستەوە نیە داپیرە گیان زوکە پێمان بڵێ ئێمە تا لاشەی پیرۆزی لەگەڵ خۆماندا نەبەین لەم گرفتە ڕزگارمان نا بێتو ڕێگەکەمان نادۆزینەوە.

داپیره: ئاوا زۆر گرنگه.. دەی من پێتان دەڵێم بەڵام یەك مەرجم هەیە، یان بڵێم یەك داواكاریم هەیە !..

موسا فەرموی: مەرجت دەخەینە سەر چاومان چیە بیڵێ؟

داپیره وتی: پەیمانم بدەرێ لە بەهەشتدا ببمە هاوڕێت و لەگەڵتدا بژیم (واتە ببمە خێزانت).

موسا (سەلامی خوای لێ بێت) تەزوویەك بە بەدەنیدا هات و لە جێی خۆی وشك بو، زۆر پێی ناخۆش بو لە دڵی خۆیدا وتی:

خۆ بەهەشت بە دەستی كەس نیە تا ببەخشێت جگە لە خوا، لە لایەكی تریشەوە لەوانەیە من پێم ناخۆش بێت و حەز نەكەم بە هاوڕێیەتی و ژیان لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا..

لەم خەیاڵاتەدا بو لە ناكاو فەیضی پەروەردگار هاتە جۆش و نیگا دابەزی بۆ پێغەمبەر موساو فەرمانی پێككرد كە بە مەرجی ئەو داپیرەیە ڕازی بیّ و ئێمە بۆی دەهێنینە دی.

موسا سەیرێكی پیرەژنەكەی كردو پێی فەرمو: مژدەت لێ بێ خوای عز وجل بە مەرجەكەت ڕازی بو.. فەرموی شوێنی گۆڕەكەمان پێ بڵێ تا خێرا هەڵی بدەینەوەو بە ڕێزەوە لەگەڵ خۆمان ببەین..

پیرەژنەكەش بردنی بۆ لای گۆماوێك و داوای لێ كردن ئاوەكەی خاڵی بكەنەوە.. ئەوانیش هەر هەمویان بەشداریان كردو لە ماوەیەكی كورتدا ئاوەكەیان خاڵی كردەوە..

پیرەژنەكەش ئاماژەی كرد بۆ جێگایەك وتی: ئا ئێرە هەڵ بكەنن.. ئەمە شوێنی گۆڕەكەیە..

ئەوانیش دەستیان كرد بە هەڵكەندنی و هەر ئەوەندەیان زانی جەستەی پیرۆزی یوسف دەركەوت كە وەم مانگ دەدرەوشایەوە..

هەر كە هێنایانە دەرەوە خێرا ئەو ناوە وەك ڕۆژی ڕۆشنا ڕۆشن بویەوەو بە جوانی ڕێگەكەیان دۆزیەوەو بە جەنازەی یوسف پێغەمبەرەوە دەستیان كرد بە ڕۆیشتن و لە دەستی فیرعەون و سەربازە خوێنڕێژەكانی ڕزگاریان بوو بەرەو فەلەستین بردیان و لەوێ ئەسپەردەیان كردەوە.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ زۆر گرینگە لەسەر مرۆڤی موسڵمان خاوەن پەیام کە ڕێزی تەواو لە ڕادەبەدەر ببەخشێتە دەوروبەرەکەی ئیتر لە ئاستی خۆیشی زۆر نزمتر بن، چونکە خۆرەی بانگخوازان خۆبەزلزانینە !..

نابینی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێز لە ئەعرابیەك دەگرێت کە نزمترین ئاستی کۆمەڵگا بون لەو سەردەمەدا لە لایەنی ڕۆشنبیریو فامەوە.

٢ـ دەبێ سەرکردە زۆر بەخشندەو دەست بڵاو بێت لەگەڵ خەڵکانی خوار خۆیداو هەر ئەو کارەشە وای لێ دەکات بچێتە ناو دڵیانەوەو لە پێناویدا سەری خۆیان دابنێن..

هەر سەرکردەیەکتان بینی چروكو ڕەزیل بو!. هەر کۆی ئەکردەوە! بۆ خۆی دەژیا! دڵنیا بن ئەوە سەرکردە نییەو ڕۆژێ لادەبرێتو ئەوە بە هۆیەکی هەڵەوە (خلل فني) خراوەتە ئەو جێگایە..

نابینی پێغەمبەرمان (ﷺ) چونکە مەرجی سەرکردایەتی تێدایە بە دەشتەکیەکە دەفەرموێت: سل حاجتك! واتە: چیت پێویستە داوا بکە..

٣ـ تا بۆت دەکرێت داوای شتی دنیایی لە کەس مەکەو خۆت بە (عفیف النفس) پیشان بدە، ئەگەریش ناچار بویت داوای بکەیت، داوای شتی کەمو زروریات بکە..

نابینی ئەعرابیەکە داوای ولاخێك سواری ببێو ئاژەڵێك شیرەکەی بدۆشێتو بیخواتەوە.. ئیتر نەیوت بمکە بەرپرسی یەمەن! سان سەرکردەی سوپا!

٤ـ هەمیشە هانی خەڵکی بدە بۆ ئەوەی بەرزیان بکەیتەوەو لە زەویو داواکاریە دنیاییە کاتییەکان بیانبچڕێنێتو هەوڵ بدە داوای ڕەزامەندی خواو بەدەستهێنانی بەهەشت بکەنو ئەوە گەورەترین ئاواتیان بێت.

نابینی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن فەرموی بە هاوەڵان بۆچی وەك پیرەژنەکەی بەنی ئیسرائیل نابنو داوای بەهەشت بکەن.

٥- پێشڕەوی‌و (قدوە)یی مەرج نییە لە کەسانێکدا بن کە خاوەنی پلەوپایەی بەرزو بڕواناکەی زانستی‌و توانای سەربازی لە ڕادەبەدەر بن!

نەخێر بەڵکو وا دەبێ مرۆڤ پێشڕەو چاولێکراو بێت لە کاتێکدا کە کەسێکی زۆر نادیاری ناو کۆمەڵگە بێت.

٦- لە چڵەپۆپەی دەروونناسیە کە بۆچونی کەسێکت بە دڵ نەبو ویستت وای لێ بکەیت بۆچونی گەورەترو جوانتری هەبێت..

دەبێ تەریقی نەکەیتەوەو ڕاستەوخۆ پێی نەڵێیت‌و ناوی نەبەیت بەڵکو وەك پێغەمبەرە نازدارەکەت بە (ﷺ) کە چۆن ویستی بۆچونی ئەعرابیەك ڕاست بکاتەوە بەڵام ڕوی کردە هەمو هاوەڵان‌و پێی فەرمون: ئەوە ناتوانن وەك وەك پیرەژنەکەی بەنی ئیسرائیل بن!؟

٧- مرۆڤ لە ژیانیدا دوچاری ڕێ لێ ون بون یان تێکەوتن یان بەهەڵەداچون دەبێت با لە بەرزترین ئاستیشدا بێت.. هیچ عەیب نییە بۆی کە لە مەسەلەیەکدا شارەزا نەبێت دانی پێدا بنێت‌و بیداتە دەستی کەسانی تایبەت بەو بوارە.

نابینی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) ڕێگە شارەزا نەبو.. هیچیش لە ئاست بەرزی پێغەمبەریەکەی کەمی نەکردو خۆی بە کەم نەزانی‌و زۆر ئاسایی پرسیاری ڕێگەچارەی کێشەکەی کرد لە زاناکانی دەوروبەری!.

٨- لە مەرجی کەسانی سەرکردە ئەوەیە هەمو کارەکان خۆی نەیکات‌و خۆی بە (تاقانەی زەمانە) نەزانێ، وا بزانێ کەس شایستەی هیچ کارێك نیەو کەس وەك خۆی بە جوانی نایکات..

بەڵکو دەبێ وەك موسا بێت (سەلامی خوای لێ بێت) چۆن پرس‌و ڕای بە چواردەورەکەی خۆی کرد دەربارەی دۆزینەوەی ڕێگاکە..

٩- دەبێت سەرکردە زۆر لەسەرخۆو نەرم‌و نیان بێت لەگەڵ کەسانی چواردەوری خۆیداو بە کەسانی زاناو ڕۆشنبیر سەیریان بکات‌و گوێ بۆ بۆچونەکانیان بگرێت‌و کاریشی پێ بکات.

نابینی موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) چۆن گوێ شل دەكات بۆ خوێندەوارەكانی ناو بەنی ئیسرائیلو ئەوانیش باسی مێژوی یوسفی بۆ دەكەن كە لە ڕاستیدا موسا ڕابەرو فێركەریان بو.. خوایش ئەوی ئاگادار كردبو لە هەمو مەسەلە گەورەو گرانەكانی پێش خۆی.

١٠ـ مرۆڤی موسڵمان خاوەنی بیناییەكی تیژەو شتی لە بیر ناچێتەوە مەگەر بە هۆی گوناهـ كردنەوە ئەو بینایی‌و بەسیرەت‌و فراسەتەی لێ وەربگیرێتەوە..

نابینی زاناكانی ناو بەنی ئیسرائیل تا ڕێگەكەیان لێ هەڵە نەبو بیریان نەكەوتەوە كە یوسف (سەلامی خوای لێ بێت) وەسیەتی بۆ كردون كە گۆڕەكەی بەرێتەوە بۆ فەلەستین بۆ لای گۆڕی باوباپیرانی كە پێغەمبەرانی خوا بون (سەلامی خوایان لێ بێت).

١١ـ كارەكانی خوای گەورە بێ حیكمەت نییە، سەیر بكە چۆن خوای گەورە كارێكی وای كرد بە شوێنكەوتوانی موسا (سەلامی خوای لێ بێت)و ڕێگەی لێ هەڵە كردن تا بەو هۆیەوە گۆڕی یوسف لەو زۆنكاوە ڕزگار بكەن‌و بە ڕێزەوە بەرەو وڵاتی شام بەڕێی بخەن.

١٢ـ پێغەمبەران لە دوای مردنیشیان دەكرێت خوای گەورە جەستەكانیان وەك موعجیزە بە جوانی‌و نەشێواوی بهێڵێتەوەو لەگەڵ هێنانە دەرەوەیدا ئەو شەوە تاریكە وەك ڕۆژی ڕوناك ڕوناك بكاتەوە.

١٣ـ وشەی (عظام) واتە (ئێسك) لە فەرمودەكەدا هاتوە، شێخ ئەلبانی ئەفەرموێت: زۆر سەرسام بوم دەبێت چۆن دژی ئەو فەرمودەیە كە دەفەرموێت: لاشەی پێغەمبەران زەوی نایخوات.. لە دوایدا سوپاس بۆ خوا بۆم دەركەوت عەرەب وشەی (عظام) بە كاردێنن بە مانای جەستەكە هەمویەتی‌و بەو هۆیەوە ئیشكالەكەم ڕەویەوە نەما.[1]

١٤ـ مرۆڤی تێگەیشتو ژیر ڕۆژی قیامەت‌و ڕەزامەندی خواو بەهەشتی بە لاوە گرنگترە لە پارەو سامان‌و ماڵی دنیا وەك پیرەژنەكە وای كرد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

١٥ـ سەركردە دەبێت گوێ بۆ خواری خۆی بگرێت‌و سود لە زانیاریەكانیان وەربگرێت‌و لە بەرامبەریشدا ئەگەر داوایەكیان هەبو جێبەجێی بكات بۆیان.

---

١ السلسلة الصحيحة (١/٦٢٣ـ٦٢٤) للشيخ ناصر الدين الالباني.

١٦ـ لە بەرنامەی خودادا دیکتاتۆریەتو تاکڕەوی لە حوکمڕانیدا نیە، ئەوەتا ئەو پیرەژنە ئەوەندە دڵنیایە لە دادپەروەریو بەبەزەیی موسای سەرکردەی.. ناڵێت باشە بەسەرچاو پێتان دەڵێم.. بەڵکو لە بەرامبەردا مەرجیش دادەنێ.. موسایش (سەلامی خوای لێ بێت) دڵڕەقانە فەرمان دەرناکاتو بڵێ: بڕۆن بە زۆرو لە ژێر ئەشکەنجەدا زانیاریەکەی دەربارەی قەبرەکەی یوسف لێ وەربگرن.. ئێمە لە حاڵەتی ترس داینو خەریکە ئەمانگرن، کەچی ئەم ژنە ئەیەوێت مەرجم لەسەر دابنێ..

١٧ـ لە هیچ حاڵەتێکدا حکومەتی ئیسلامی بنەمای عەدلو دادو بەزەییو گوێگرتن بۆ خواری خۆی فەرامۆش ناکاتو سەپاندنی باری نائاسایی (حالة الطوارئ) لە دەوڵەتی قورئاندا بونی نییە..

ئەوەتا موسا (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمانی نەداو بڵێ: دەی بە زۆر بیلێ چونکە هەمومان تیا ئەچین!..

١٨ـ سەرکردەی موسڵمان دەتوانێ پارەوماڵو سامان ببەخشێت بە میللەتو ژێردەستەو سەربازەکانی.. بەڵام زۆر مەحاڵە (جگە) لە خوای (عز وجل) هیچ کەس مافی ئەوەی هەبێت بەهەشت بفرۆشێت بەمو بەو! یان وەعدی بەهەشت بە کەس بدات.. بۆیە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) لە شوێنی خۆی وشك بو.. وەڵامی نەدایەوە تا خوا بە وەحی بەهەشتی بەو داپیرە باوەڕدارە بەخشی.

ئەمەش پێچەوانەی کاهنەکانی ئەوروپایە کە پسولەی بەهەشتیان دەفرۆشت بە گاورە داماوەکان، لای خۆیشمان دەیانوت فلانو فلانت خۆش بوێت لە (ئالوبەیت) ئەوە دڵنیا بە دەچیتە بەهەشت با چاکەیشت نەبێت لە دنیا!!..

١٩ـ لە دەوڵەتی قورئاندا گرنگی بە زانایيو دانایيو لێهاتویی دەدرێتو کار بەو کەسانە دەسپێردرێت کە دەتوانن ڕای پەڕێننو دڵسۆزن لە کارەکانیاندا ئیتر با خاوەنی ماستەرو دوکتۆراو پرۆفیسۆریش نەبن..

هەندێ کات خاوەن بڕوانامەکان دەبێ بێنە خزمەت کەسانی شارەزاو بە تەمەنو خواناسو چۆك دا بدەنو گوێ بۆ ئەزمونی چەند ساڵەو زانیاری زۆرو زەبەندیان بگرن ئیتر با نەخوێندەواریش بن.

٢٠ـ لە دەوڵەتی قورئاندا ڕێزی زۆر گەورەو گران بۆ پیرو بە ساڵاچوان دادەنرێتو گوێ بۆ بیروبۆچونیان دەگیرێتو وڵات پشتیان پێ دەبەستێ لە خۆشیو ناخۆشیەکاندا..

ئەمەی ئەمڕۆ ئەوروپا پێی گەیشتوە لە ڕێزگرتن لە پیرو گوێگرتن بۆ بۆچونەکانیانو کردنەوەی ئەنجومەنی پیران بۆیان لە پەرلەماندا.

شتێکی تازە نیەو پێغەمبەری خوا (١٤٣٠) ساڵ لەمەوبەر لەم چیرۆکەدا بنەماکانی داڕشتوەو نرخی پیری بەرز هەڵسەنگاندوە.

٢١ـ لە دەوڵەتی قورئاندا ڕێزی تایبەت دانراوە بۆ وەسیەت کردنو جێبەجێکردنی داواکاریەکانی مرۆڤ لە دوای مردنی بە مەرجێ داواکانی ڕەوا بنو گوناهو خراپەو پچڕاندنی سیلەی ڕەمی تێدا نەبێت.


نابینی زاناکانی بەنی ئیسرائیل چۆن ڕێز لە وەسیەتی یوسف پێغەمبەر دەگرنو لە ناڕەحەترین کاتدا بیریان دەکەوێتەوەو جێبەجێی دەکەنو لەو پێناوەشدا دەیان ناڕەحەتیو ترسو بیم قبوڵ دەکەن.

یان لە شەوێکی پڕ لە ترسو بیمدا کە سوپای باوەڕ نزیکە فیرعەون بدات بەسەریداو تەفرو تونای بکات کەچی وەسیەتەکەیان جێبەجێ کرد..

یان ئەو هەمو کەسە دوڵچەیان پەیدا کردو ڕوبارێکیان خاڵی کردەوە تا گۆڕەکەی یوسف دەر بخەن.

٢٢ـ ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان هیچ کات نابێ واز لە بنەما شەرعیو دروستەکانی خۆی بێنێو بچێتە سەر عورفی حاکمڕەوا دنیاییەکانی پێش خۆی.. کە گوایە کاری حیزبیو حکومی چۆن بێ، دەبێ حیزبە ئیسلامیەکانیش جێبەجێی بکەن! نەخێر وانیە..

نابینی یوسف (سەلامی خوای لێ بێت) ڕازی نابێ ئەهرامی گەورە بەسەر گۆڕەکەیەوە دروست بکەن وەك فیرعەونو کاربەدەستە گەورەکانی میسری ئەو سەردەمە بەڵکو دەڵێ زەویم بۆ هەڵ بکەنن بمنێژنو نەشمکەن بە مەزارگەو لە هەمو لایەکەوە بێنە سەردانم.



القصة الحادي العشر

القرد والتاجر الغشاش

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) ان رسول الله (ﷺ) قال:

((إن رجلاً حمل معه خمراً في سفينة يبيعه، ومعه قرد، قال: فكان الرجل إذا باع الخمر شابه بالماء ثم باعه. قال: فأخذ القرد الكيس فصعد به فوق الدَّقل، قال: فجعل يطرح ديناراً في البحر وديناراً في السفينة حتى قسمه)).[1]

وفي رواية البيهقي (رحمه الله):

قال رسول الله (ﷺ): ((ألا وإن رجلاً ممن كان قبلكم جلب خمراً الى قرية، فشابها بالماء فأضعف أضعافاً، فاشترى قرداً، فركب البحر، حتى إذا لجج فيه، ألهَمَ الله القرد صرة الدنانير فأخذها فصعد الدقل ففتح الصرة، وصاحبها ينظر إليه، فأخذ ديناراً فرمى به في البحر، وديناراً في السفينة حتَّى قسَّمها قسمين)).

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: پیاوێك لە کەشتیەکدا ئارەقێکی (خمر) زۆری بۆ فرۆشتن هەلگرتبو، لەناو کەشتیەکەیدا مەیمونێکی لەگەڵ خۆی بردبو، لە ڕێگادا بە بەرچاوی مەیمونەکەیەکە ئاوی کردە ناو ئارەقەکەوەو بەو هۆیەوە ئارەقەکە بو بە دو ئەوەندە، هەموی فرۆشت بە پارەیەکی زۆر، مەیمونەکە کیسە پارەکەی فڕاندو چوە سەر چارۆکەی کەشتیەکەو دەستی دەکرد بە کیسە پارەکەداو دینارێکی هەڵدەدایە دەریاکەوەو دینارێکیشی هەڵدەدایە ناو کەشتیەکەوە تا کردی بە دو بەشی یەکسانەوە.

لە ڕیوایەتەکەی بەیهەقیدا هاتوە کە بە پارەکەی مەیمونێکی کڕیو خوای گەورەیش شوێنی کیسە پارەکەی نیشان داو ئەویش فڕاندیو چوە سەر چارۆکەی کەشتیەکەو بە بەرچاوی پیاوەکەوە پارەکەی کرد بە دو بەشەوەو دینارێك بۆ ناو دەریاکەو دینارێکیش بۆ ناو کەشتیەکە..

---

[1] صحيح، رواه احمد في المسند (٨٠٤١) شێخ احمد شاكر دەڵێت: (إسناده صحيح) لە كتێبی (صحيح قصص الرسول (٣/٥٧) وەرم گرتوە.

چیرۆکی پانزەیەم

مەیمون و بازرگانێکی گزی باز

یەکێك لە بازرگانەکان لە شوێنێکەوە کاڵایەکی دەکڕی‌و دەیبرد بۆ جێیەکی ترو لەوێ بە پارەیەکی زۆر دەیفرۆشتەوە..

ڕۆژێك لە ڕۆژان ئارەقێکی زۆری کڕی‌و خستیە ناو کەشتیەکەی‌و بەرەو شارێکی دور کەوتەڕێ بۆ فرۆشتنی..

کردبوی بە عادەتی خۆی لە هەمو گەشتە بازرگانیەکانیدا مەیمونێکی هەبو لەگەڵ خۆی دەیبرد..

ئەم مەیمونە هەندێ سەلیقەی وردی تێدابو.. خاوەنەکەی زۆر خۆش ئەویست‌و ئەویش بەبێ ئەو بۆ هیچ گەشتێك نەدەچو..

لە ڕێگا ئەم بازرگانە بیرێکی خراپ هات بە مێشکیداو بە دەم خۆیەوە وتی: باشە بۆچی ئاو نەکەمە ناو ئەم گۆزانەو ڕێژەی ئارەقەکەی زۆر ببێت‌و قازانجێکی زۆر زیاتر بکەم..

چی تیایە با زۆر خەستیش نەبێت‌و ئێ خۆ کەسیش ئاگای لێ نیەو کێ ئەزانێ! ئێ با بیشزانن خۆ پێیان ئەڵێم، هەر خۆی کەمێ تەڕە بەڵام زۆر بە چێژو بە لەزەتە..

مەیمونەکەش بەرامبەری دانیشتبو بەڵام نەیدەزانی ئەم پیاوە بیر لە چی دەکاتەوەو چ پیلانێکی بە دەستەوەیە..

پیاوەکە ئاوێکی زۆری کردە هەمو گۆزەکان‌و تا وایان لێهات دو گۆزەی خاڵی پێ پڕ کردن واتە بون بە چوار گۆزە..

کاتێك گەیشتە قەراغی دەریاکەو کەشتیەکەی بەستەوەو گۆزەکانی بە کرێکارەکانی قەزاغ دەریادا گوێستەوە بۆ بازاڕو بە نرخێکی چاك فرۆشتی..

بە پێکەنین‌و ڕویەکی خۆشەوە مەیمونەکەی خستە سەر شانی‌و بە کیسەیەك پارەی پڕەوە بەرەو قەراغی دەریاکە ڕۆیشت‌و بە زەوق‌و شەوقێکەوە خۆی هاویشتە ناو کەشتیەکەوە..

هەناسەیەکی خۆشی هەڵمژی‌و پاشان تۆزێك یاری کرد بۆ مەیمونەکە هەرچەندە مەیمونەکە ڕوی خۆش نەبو وەك جاران هەڵبەزو دابەزی نەکرد لەبەر دەمیدا..

بازرگانەکە سێویکی بە دەمەوە بو تا دەستی بگرێت تێی گرت بەڵام بەری نەکەوت‌و وتی:

چیە؟ مەیمونە فەنی.. من ئەمڕۆ زەوقم هەیە‌و پارەیەکی خەیاڵی زۆرم چنگ کەوتوە‌و خۆشیمە، کەچی تۆ مۆن بویت..

(بە دەم خۆیەوە) لەوەتی لە هیندستان کڕویمە وا نەبوە زۆر سەیرە تێ ناگەم ئەگەر هەر وابێت ئەیفرۆشم هاوڕێ مژومۆڵ‌و مۆنم بە درهەمێك ناوێ... ئاه. ئاه...

کیسە پارەکەی لەگەڵ شتەکانی تریدا لەناو کەشتیەکەدا داناو چو بۆ سەوڵ لێدان‌و بە دەم سەوڵ لێدانەوە سەیری مەیمونەکەی دەکردو بە دەم خۆیەوە خەیاڵی پارە زۆرەکەی دەکرد..

ئیتر ئەم بازرگانە وای دەزانی کارەکەی کردوە‌و توانی خەڵکی داماوی ئەو شارە بخەڵەتێنێ‌و کەس ئاگای لێ نەبوە!!

نازانێ خوای پەروەردگار ﴿وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ﴾ یان ﴿أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾‌و بینەرو بە ئاگایە لە کاری هەمو دروستکراوەکانی‌و مەحاڵە بەبێ ئاگایی‌و چاودێری ئەو هیچ کارێك بکرێت لە گەردوندا.

بۆیە خوای پەروەردگار ویستی ئەم بازرگانە گزی بازە بە ئاگا بێتەوە‌و بیخاتەوە سەر ڕێگای ڕاست‌و تێی بگەیەنێت کە کاری بازرگانی‌و کڕین‌و فرۆشتن زۆر ترسناکە‌و ئەگەر مرۆڤ بە ئاگا نەبێت‌و خوای لە یاد بچێت زۆر ئاسانە خەڵکی داماو ڕەش‌و ڕوت بخەڵەتێنێ‌و گزیان لێ بکات‌و کەسیش پێی نەزانێت..

بەڵام خۆ خوا بە خەبەرە.. بە ئاگایە.. چاودێرو ڕەقیبە بەسەر کاروکردەوەی مرۆڤەکانەوە..

لە ڕێگای دروستکراوێکی بێ زمان.. بێ عەقڵی وەك مەیمونەکەیەوە بە ئاگای هێنایەوەو بیری لە کارە پڕ لە غەشو گزیبازیەکەی خۆی کردەوە، تا بۆی دەرکەوێت کە نیوەی ئەو پارەیە غەشەو نیوەی حەلاڵە بۆی..

بە ئیرادەی خوای بە توانا.. مەیمونەکەی بە ئاگا کرد لە شوێنی کیسە پارەکەو چو هێنایو گرتی بە دەستیەوەو یاری پێ دەکردو لە لای قەراغی کەشتیەکەوە شۆڕی ئەکردەوە خوارەوەو بەرزی ئەکردەوە.. چەپڵەی لێ ئەداو پێئەکەنیو هەلهەلەی دەکرد..

بازرگان کە ئەو دیمەنەی بینی چاوی پەڕیە تەوقی سەری.. تورە بو سەوڵەکانی داناو ڕای کرد بە دوایدا تا پارەکەی لێ بسەنێتەوەو ئەویش کون بە کون ئەیفڕاندو بە دوای یەکدا ڕایان دەکرد تا سەرەنجام کابرا هیلاك بو بۆی نەگیراو مەیمونەکەش هەڵیکرد بە داری چارۆکەی کەشتیەکەداو چوە نوکەکەی..

کابرای بازرگان بە قسەی خۆشو پێکەنینو بستەو فستقی بۆ هێناو فەرموی خواردنی لێ دەکردو دەیویست بە بۆنەی خواردنی بستەکەوە بێتە خوارەوە بەڵام مەیمونەکە هەر گوێی بە کابراو بستەو شتەکەی هەر نەدا..

ئەم پەروەردگاری ڕای سپاردوە کە وانەیەکی دەستپاکیو حەلاڵ خۆری پێشکەشی ئەم بازرگانە باوەڕدارە بکاتو تێی بگەیەنێت بازرگانی موسڵمان دەستو دڵو دەم پاکەو لە ڕێگای گزیو غەشکردنەوە هەوڵی زۆرکردنی پارەکانی نادات..

پیاوەکە ئەوەندەی تر شێت بو.. بە هەردو دەست ئەیدا بە سەریدا.. لێی دەپاڕایەوە بێتە خوارەوە بەڵام ئەو کیسە پارەکەی کردەوەو دینارێکی دەهاویشتە ناو دەریاکەو دینارێکی دەهاویشتە ناو کەشتیەکەو پیاوەکەش دەیگرتەوەو دەیخستە گیرفانی..

مەیمون بەردەوام خەریك بو.. دینارێك بۆ دەریاکەو دینارێك بۆ ناو کەشیتەکە.. تا لە ئاکامدا کردی بە دو بەشی یەکسانەوە..

بازرگانەکە بەشەکەی کۆکردەوەو بە چۆکدا کەوتو تێگەیشت کە خوای گەورە لە ڕێگەی ئەم مەیمونەوە ئامۆژگاری کردوە کە پارەکەی نیوەی حەلاڵەو هی خۆتە، بەڵام

نیوەکەی تری هی ئاوەکەیە کە تێم کردوەو بە من نابڕێت بەڵکو بەو دەریا دەبڕی کە لە ئاوەکەی ئەو ئارەقەکەم پڕ کرد لە ئاو..

بۆیە مەیمونەکە هاتە خوارەوەو لە پاڵیدا کسکەی کردو ئەویش بەرزی کردەوەو ماچێکی کردو زۆر سوپاسی کرد لەسەر ئەم وانە پڕ لە مانایەو بڕیاری دا چی تر بیر لە بازرگانی حەرام نەکاتەوە.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ بازرگانیو کڕینو فرۆشتن فراوانترین دەرگای کارو کاسبیە.. وەك لە فەرمودەدا هاتوە کە نۆ لەسەر دەی ڕۆزی وا لە بازرگانیداو دەڵێن: فەرمانبەریش تەسکترین دەرگای ڕۆزیە.

٢ـ وا دیارە لەو سەردەمەی پێش ئیسلامدا کڕینو فرۆشتنو خواردنەوەی مەی حەرام نەبوە بۆیە ئەو کابرا باوەڕدارە بازرگانی پێوە کردوە.

٣ـ مەرج نیە هەر شتێك لە ئیسلامدا حەرام بێت ئیتر نابێ لە فەرهەنگی موسڵماناندا باسو خواسی هەبێت، موسڵمانانی ئەمڕۆ بە هەڵە تێگەیشتون لە سەگو بەرازو عارەقو ناهێڵن لە هیچ کۆڕو چیرۆکێکدا باسو خواستی بکرێت، ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) باسی بازرگانی مەی دەکاتو دەشزانێت خواردنەوەو کڕینو فرۆشتنیشی حەرامە.

٤ـ دەبێت بازرگانی موسڵمان زۆر بە ئاگا بێتو زۆر لە پارەی حەرام بترسێتو شتی عادی لە چینەوە نەهێنێتو بیخاتە کارتۆنی ئەسڵیەوەو بیفرۆشێت بە پارەی کالای ستاندار.. چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((من غش المسلمين فليس منهم)).[1] واتە: هەر کەسێك غەشو گزی لە موسڵمانان بکات، ئەوە لە ڕیزی موسڵمانان دانانرێت پەنا بە خوا..

٥ـ دروستە مرۆڤ ئاژەڵێکی کێوی یان باڵندەیەکی هەبێتو مالی بکاتو لەگەڵ خۆی بیگەڕێنێت بە مەرجێك برسیو تینوی نەکاتو شەڕی پێ نەکات لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیدا، یان کە تورە بو نەیکوژێت یان نەینێتەوە بە نیشانە ئەمانە حەرامنو نابێ لەگەڵ باڵندەو گیانلەبەردا ئەنجام بدرێت.

٦ـ غەشکردن بە هەمو شێوازەکانی لە ئیسلامدا حەرامە بەڵێ بە تایبەت باسی ئاو تێکردنی کردوەو لە سەردەمی عمری کوڕی خطابدا قەدەغەی کرد ئاو بکرێتە شیرەوەو

---

[1] رواه الطبري في الكبير ورواته ثقات كذا قال المنذري في الترغيب (٢٥٤٠).

وتووێژی نێوان کچە باوەڕدارەکەو دایکەکەی ئاشکرایە کە نەیهێشت دایکی ئاو بکاتە ناو شیرەکەوەو پێی وت: ئەگەر عومەر ئاگای لێ نەبێت، خۆ خوای عومەر ئاگای لێیەو نەنوستوە.

٧ـ له جۆرەکانی تری غەش کردن:

١ـ غەش کردن لە گۆڕانی سیمادا وەك ئەوەی قژو سەرو ڕیش‌و سمێڵی بۆیەی ڕەش بکات‌و خۆی بە گەنج پیشان بدات..

٢ـ غەش کردن لە موسڵمانەتیدا وەك ئەوەی ڕیشی سوننەت بهێڵێتەوەو بەر سمێڵ بکات یان ئافرەت سەرپۆش (حجاب) لەبەر بکات‌و لە ژێرەوە گوناهکار خوانەناس بێت کە ئەوە کاری دووڕوەکانە..

٣ـ غەش کردن لە هاوڕێیەتیدا وەك ئەوەی لە کاتی ڕاوێژدا ڕێگای خوارو خێچی پێ بڵێ، یان ناپاکی لەگەڵ خێزان‌و کچەکەیدا بکات یان دزی لێ بکات..

٤ـ غەش کردن لە بڵاوکردنەوەی نهێنیەکان‌و پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمویەتی: ((المجالسُ بالأمانة))[1] واتە: نابێ نهێنی دانیشتنەکان ناپاکی لێ بکرێت‌و بڵاوبکرێتەوە.

٥ـ غەش کردن لە فەتواداندا، ئەمە ترسناکترین غەشە چونکە لە باتی خوای گەورە ئیمزای دروستی‌و نادروستی مەسەلە شەرعیەکان دەکات.

٨ـ ئەگەر کەسێك کارێکی نادروستی ئەنجام داو کەوتە ناو حەرام‌و ناشەرعیەوە.. ئەو کەسە ئەگەر کەسێکی چاك بێت‌و بە نەزانی‌و بە تێکەوتن دوچاری ئەو ناپاکیە بوبێت.. ئەمەل هەیە خوای گەورە دەستی لێ هەڵنەگرێت‌و ئەگەر بە نوادندی موعجیزە یان کەرامەتێکیشەوە بێت دەیگێڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست‌و بە ئاگای ئەهێنێتەوە.

نابینی لە ڕێگەی مەیمونێکەوە تێی دەگەیەنێت کە نیوەی پارەکە بۆ تۆ حەڵاڵەو نیوەکەی تری مافی دەریاکەیە..

---

١ الأحیاء (٧٨٢/٤).

٩- خوای گەورە ئەم كارە چاكە لەگەڵ هەمو كەسێكدا ناكاتو ئەوانەی كە پەنا بە خوا ڕۆچون لە غەش كردنو گزیو چاوبەستی خەڵكیدا، خوا پشتیان لێ هەڵ دەكات بواریشیان دەدات كە بەردەوام بن لەسەر كاری خۆیانو بەلام دەرگای تەوبەیان دەخاتە سەر پشت بۆ ئەو جۆرە غەشاشانە..

١٠- ئەو بازرگانەی غەشو گزی دەكاتو پارەی زۆر پەیدا دەكات، لە بەرامبەردا ئەو بازرگانە خواناسەی كە غەشو گزی ناكاتو ڕازیە بە قازانجێكی كەم، ئەوەی ئەم باشترەو بەرەكەتدارترە لەوەی یەكەم.

پێشەوا غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (جاری وا هەیە تەنها درهەمێك چەند كەمە خوا بەرەكەتی تێ دەخاتو خاوەنەكەی بەختەوەری دنیاو ئاخیرەت دەكات، هەزارانو ملیۆنەها دیناری دەوڵەمەندەكەش كە بە حەرام پەیدای كردوە دەبێتە هۆی ئاژاوەو نەخۆشیو لەناوچونی خاوەنەكەیو تا وای لێ دێت ئاواتەخواز بێت كە هەژار بوایە.[1]

[1] موعظة المؤمنين من أحياء علوم الدين/ الغزالي.

القصة الثاني العشرة
سحابة خاصة

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: ((بينا رجل بفلاة من الأرض، فسمع صوتاً في سحابة: إسق حديقة فلان فتنحى ذلك السَّحاب فأفرغ ماءه في حرة.

فإذا شرجة من تلك الشراج قد استوعبت ذلك الماء كله، فتتبع الماء، فإذا رجل قائم في حديقته يحول الماء بمسحاته، فقال له: يا عبدالله ما اسمك؟ قال: فلان، للاسم الذي في السحابة.

فقال له: يا عبدالله، لم تسألني عن اسمي؟ فقال: أني سمعت صوتاً في السحاب الذي هذا ماءه يقول: اسق حديقة فلان لاسمك فما تصنع فيها؟

قال أما إذ قلت هذا، فإني أنظر إلى ما يخرج منها، فأتصدق بثلثه، وآكل أنا وعيالي ثلثا، وأردُّ فيها ثلثه))[1].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: جارێك پیاوێك لە دەشتێکدا دەڕۆیشت بۆ کارێك، لە ڕێگا گوێی لە دەنگێك بو لەناو هەورەوە دەیوت: ئەی هەور بڕۆ باخی فڵان کەس ئاو بدە!.

هەورەکەش لایدا بۆ لایەکی ترو چو لەوێ هەمو ئاوەکەی لەوێ ڕشتو ئاوەکەشی چو بە جۆگەیەکداو کەوتەڕێ ئەویش بە دوایدا ڕۆیشت تا خۆی کرد بە باخی پیاوێکدا کە خاکەناسەکەی بە دەستەوە بو ئاوەکەی ئەملاو ئەولا پێ دەکرد..

ڕوی تێ کردو پێی وت: ئەی بەندەی خوا ناوت چیە؟ وتی: فڵان، هەمان ئەو ناوەی لە هەورەکەدا بو..

---

١ رواه مسلم (٢٩٨٤) لە کتێبی (صحيح قصص الرسول) وەرم گرتوە، (٦١/٣).

بەڵام تۆ بۆچی لە ناوی من دەپرسیت؟ ئەویش وتی: من گوێم لە دەنگێك بو لەناو ئەو هەورەوە کە ئەمە ئاوەکەیەتی دەیوت: بڕۆ باخی فلآن کەس ئاو بدەو ئەم ناوەی تۆی برد، باشە تۆ چی دەکەیت بەم باخەت؟

پیاوەکەش وتی: کە مادەم ئەمەت وتو زانیت پێم، پێت دەڵێم، من سەیری بەروبومەکەی دەکەم.. هەر کاتێك هاتە بەر، سێیەکی دەکەم بە خێرو سێیەکی دائەنێم بۆ بژێوی خۆمو ماڵو منداڵەکەمو سێیەکیشی لە باخەکە خۆیدا خەرج دەکەمەوە.

چیرۆکی دوانزەیەم
هەورێکی تایبەت

جارێك یەکێك لە پیاو چاکان بۆ کارێك لە ماڵ دەرچو.. بەناو دەشتێکی پان‌و پۆڕدا دەڕۆیشت، لە ڕێگا سەری هەڵبڕی هەورێکی بینی وا دیاربو بارانی پێ بو، بە دەم خۆیەوە دەیوت:

ئەی خوایە گیان ئەم هەورە جوانەت دروست کردوەو لە ڕێگای ئەم هەورەوە سەر زەوی سەوزو جوان‌و ڕازاوە دەکەیت‌و زەوی مردو سەرلەنوێ زیندو دەکەیتەوە..

چەند خوایەکی گەورەی پەروەردگارم.. خوایە ئەم هەورە جوانە بارانێکی بە ڕەحمەتی لێ ببارێنەو دۆڵ‌و چیاو دەشتەکانمان پڕ لە ئاو بکەرەوە..

لەم ساتە شتێکی زۆر سەیر ڕویدا! هاواری کرد وتی: ئەی خوایە گوێم ئەزرینگێتەوە یان ئەمە ڕاستیە؟

من خەریکە شێت ئەبم.. یەکەم جارە ئەبیستم لەگەڵ هەوردا قسە ئەکرێت با جوان گوێ شل بکەم شتێکم بۆ دەر بکەوێت، لە وڵاخەکەی دابەزی‌و نوتقی لە خۆی بڕی گوێی شل کرد:

دەنگەکە هاواری ئەکردو بە هەورەکەی ئەوت: ئەی هەورەکە برۆ باخی فلان کەس ئاو بدە!!.

پیاوە خواناسەکە وتی: وەڵڵاهی گوێم نازرینگێتەوەو مەسەلەکە ڕاستیە ناوی باخەوانەکەشی برد.. خۆزگەم بەو باخەوانە.. دەبێ چی کردبێت وا لە لای خوا ئەوەندە خۆشەویست بوە خوا خۆی هەور دەنێرێت‌و باخەکەی بۆ ئاو دەدات؟..

سەرێکی هەڵبڕی بۆ هەورەکە.. شتێکی سەیری بینی.. خێرا هەورەکە گوێڕایەڵی دەنگەکەی کردو بەرەو لایەك ملی ڕێی گرت‌و پاشان لە لای دۆڵێکدا هەمو بارانەکەی خۆی ڕژاند..

ئاوەکەش سەرەوخوار بویەوە هەموی چوە ناو جۆگەیەكو سەربەرەوخوار ملی ڕێگەی گرت..

پیاوەکەش بڕیاری دا گەشتەکەی خۆی ببڕێتو شوێن ئەم مەسەلە گرنگە بکەوێتو بە جۆگەکەدا لەسەرخۆ دەڕۆیشت تا بینی هەمو ئاوەکە خۆی کرد بەناو باخێکدا..

ئەمیش خۆی کرد بە باخەکەدا.. دەبینێ پیاوێکی سیما جوانی نورانی خاکەناسێکی بە دەستەوەیەو ئاوەکە دابەش دەکات بەسەر جۆگە فەرعیەکانی باخەکەیداو ئاوی درەختەکانی پێ دەدێراو بە دەم خۆیەوە زیکری خوای دەکرد.

پیاوە خواناسەکە لێی چوە پێشەوەو سڵاوی لێ کردو ئەویش بە جوانترین شێوە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە..

پاشان فەرموی لێ کرد لە لای بمێنێتەوەو خێرا ڕۆیشت هەندێ میوەی جوانو تازەی لێکردەوەو بۆی هێناو خستیە بەر دەستی.

پیاوەکەش زۆر سوپاسی کردو وتی: دەستت خۆش بێت.. بەڵام من بۆ ئەمە نەهاتوم.. بۆ کارێکی زۆر گرنگتر هاتوم کە خەریکە ژیریم لە دەست دەدەم هەرچی دەکەم تێ ناگەم..

باخەوان: چی بوە خاڵۆ گیان بیڵێ تا بەڵکو بتوانم هاوکاریت بکەم..

پیاوەکەش وتی: تۆ ناوت چیە ئەی بەندەی خوا؟ وتی: ناوم فلان کەسە، کتو مت ئەو ناوە بو کە لە هەورەکە گوێی بو پیاوەکە کەوت بە چۆکداو زۆر سەرسام بو.. خەریك بو لە هۆش خۆی بچێت بەڵام بە ئاگا هاتەوە.

باخەوانەکەش وتی: ئەی برای باوەڕدارم شتێکت بەسەرهات.. خێرە وا لە ناوەکەم ئەپرسی؟ ناوی منت بۆ چیە؟

پیاوەکەش وتی: ڕاستیو پاکی سەرسامیەکەم تۆیتو ئەبێ تۆ بیرەوێنیتەوەو هاوکاریم بکەیت چونکە من گوێم لەم ناوەی تۆ بو کە بە هەورەکەیان دەوت: بڕۆ باخی فلان کەس ئاو بدە..

باخەوان: ناوی من؟ زۆر سەیرە شتی وا بوە؟

پیاوەکە: بەڵێ برای بەڕێزم بە گوێی خۆم گوێم لێ بو بەلآم توخوا پێم بڵێ تۆ چی دەکەیت بەم باخەت وا خوا ئاوا فەرمان بە هەورەکان دەکات باخەکەت ئاو بدەن لەم ساڵە بێ ئاوی‌و وشکەساڵیەدا؟

باخەوان: که مادەم ئەمەت وت.. هیچ چارم نیە بۆت باس دەکەم هەرچەندە حەزم نەکردوە کەس بزانێت بەم کارەم.

پیاوەکە: بێ خەم بە قاڵت نازڕێنم‌و بۆت دەپۆشم مەگەر خۆت پێت خۆش بێت.

باخەوانەکە: وەڵلاهی شك نابەم کردەوەیە وام هەبێت کە شایەنی ئەوە بم بەلآم بەینی خۆم‌و خوا ئەم باخەم کردوە بە سێ بەشەوە، یەك بەشی دەکەم بە خێرو بەسەر هەژاراندا دابەشی دەکەم‌و بەشی دوەمم داناوە بۆ بژێوی ژیانی خۆم‌و ماڵ‌و منداڵم‌و بەشێکیشم داناوە بۆ باخەکەو لە خۆیدا خەرجی دەکەم.. ئیتر لەمە زیاتر شك نابەم کارێکی وام هەبێت کە شایانی ئەوە بم هەور بێت‌و بە تایبەت‌و تەنها باخەکەی من ئاو بدات..

پیاوەکە: دەستی کردە ملی‌و تێر ماچی کردو پێی وت ئافەرین وا بەشی خوات لێ جیا کردۆتەوەو خوایش لەبەر بەشەکەی خۆیشی بوە دەست لە باخەکەت هەڵناگرێت‌و بەرەکەتی تێ دەخات‌و هەوری تایبەتیشی بۆ مسۆگەر دەکات تا نامەکانت تینویان نەبێت‌و وشك نەبن‌و بێ بەر نەبن.

دەی خوا حافیز.. خوات لەگەڵ برای هاوئاوینم بەس تکایەکم هەیە لێت، ئەمەم بۆ بپۆشەو باسی مەکە.

کابرایش: بە چاوان ناوت نابەم.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ مرۆڤ کاتێك ڕوداوێك دەبینێت یان دەبیستێتو دەزانێت لە زانینەکەیدا سودی بەرزبونەوەی ئاستی باوەڕەکەی تێدایە،.. خێرا بەدواداچونی بۆ بکاتو ڕاستیو دروستی ئەو ڕوداوە یان ئەو دیمەنەی بۆ دەر بکەوێت.

نابینی ئەو پیاوە خواناسە بۆ کاری خۆی دەڕۆیشت بەڵام هەر کە ئەو دەنگەی بیست وازی لە کارەکەی هێناو بە دوای پەڵە هەورەکەدا ڕۆیشتو پاشان خۆی کرد بە باخەکەداو ڕاستی موعجیزەکەی بۆ دەرکەوت.

٢ـ ئەگەر ئەتەوێت باخەکەت لە لایەن خواوە پارێزراو بێتو ئۆتۆمبێلەکەت لە کارەساتو پێکادان بە دور بێت با بەشی خوای لێ جیا بکەیتەوەو خەڵکی داماو پیرو پەککەوتەی قەراغ جادەکان هەلگرێتو ئەوە دەبێتە زکاتەکەی.. چونکە تۆ هەر کەس بکەیتە شەریك لەگەڵ خۆتدا هەوڵ دەدات بیپارێزێت بۆت.

نابینی ئەو باخەوانە یەك لە سێی دانابو بۆ فەقیرو هەژاران.

٣ـ دەنگ لە فلان هەورەوە بێتو فەرمانی پێدان کە بچێ بۆ فلان باخو ئاوی بدات، ئەمە موعجیزەی خواییەو لە هەمو سەردەمەداندا ڕویان داوەو ڕودەدەن.. بۆ ئەوەیە کە باوەڕداران بێنەوە هۆشو باوەڕەکەیان نوێ بکەنەوەو گوڕو تینیان تێ بکەوێتەوەو گومانیان لە ڕاستیو دروستیو ناوازەیی پەیامەکەیاندا نەبێت.

٤ـ خوای گەورە بیەوێت ناوی کەسێك بەرز بکاتەوە ئاوا بەرزی ئەکاتەوەو نابێ کەس خۆی بە خواناسو صالحو وەلی ناو بەرێت بەڵکو خۆی بە بچوكو سادە بزانێتو ناودەرکردنی خۆ بداتە دەستی خواو ئەو لەناو هەورو ئاسمانەکانەوە ناوت دەباتو خەڵکت لێ حاڵی دەکات کە خۆشیان بوێت.

٥ـ هەندێ کەرامەت هەیە لە مرۆڤی موسڵمانەوە دەردەکەوێتو خەڵکی پێی دەزانن بەڵام خۆی هەستی پێ ناکات یان ئەگەر هەستی پێ بکات هەرگیز لای کەس باسی ناکاتو خۆی پێ هەڵنانێت..

ئەگەر کەشفیش بو پێی ناخۆشەو حەز ناکات، نابینی ئەو باخەوانە کەرامەتدارە چۆن وتی: کە مادەم وای لێهاتو تۆ پێت زانیم قەیناکات هۆکارەکەیت بۆ باس دەکەم.

٦ـ دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە کەرامەتو شحوذە بەوەدا لە یەکتر جیادەکرێنەوە (شحوذە) لە کەسێکەوە دەردەکەوێت پیاو صالحو بۆ خوا گونجاو نیەو خۆیشی پێوە هەڵئەنیٚو باسی ئەکات بۆ نمونە ئەگەر دوعای گیرابێت ئەڵێ بە خەڵکی دوعایەکت بۆ نەنوسم! یان بە یەکێك ڕقی لێی بێت دەڵێت: دوعایەکت لێ دەکەم!! یان ئەگەر باسی کەرامەت کرد لە لایداو پێی خۆش بو وە وتی: بەڵێ بەڵێ ئەی چۆن چەند ساڵە من کەرامەتم هەیەو شتی لەمە گەورەتریش ئەگەم سوپاس بۆ خوا!!.

٧ـ مرۆڤی موسڵمان ئەگەر لە سەروەتو سامانەکەی خێری کردو زەکاتی لێ دەرکرد ئەوە ئەو بەشانەشی کە بۆ خۆیو ماڵوم منداڵی سەرف دەکات یان لە باخەکە یان لە ئۆتۆمبیلو پرۆژەکەدا خەرجی دەکات هەموی یەکپارچە دەبێتە خێرو چاکە.

٨ـ نابێت موسڵمان هەمو شتەکان بە پێوەری مادی هەڵسەنگێنێتو ئەگەر شتێکی سەیر لە موسڵمانێکەوە ڕوبدات، خێرا بڵێ ئەسڵی نیە.. دۆریە (بە کۆمپیوتەر دۆبلاژو مۆنتاژ کراوە، چونکە ئەوە کاری گەرمی دنیای مادیەتە) بەسەر عەقڵیەتی موسڵمانانەوە پەنا بە خوا.



القصة الثالثة عشر

يا ناس هرب الملك

عن عبدالله بن مسعود (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: أن بني إسرائيل استخلفوا خليفة عليهم بعد موسى (عليه السلام).

فقام يصلي ليلة فوق بيت المقدس في القمر، فذكر أموراً كان صنعها، فتدلى بسبب، فأصبح السبب معلقاً في المسجد وقد ذهب.

قال: فانطلق حتى أتى قوماً على شط البحر فوجدهم يضربون لبناً -أو يصنعون لبناً- فسألهم: كيف تأخذون على هذا اللبن؟.

قال: فأخبروه، فلبن معهم، فكان يأكل من عمل يده.

فإذا كان حين الصلاة قام يصلي، فرفع ذلك العمال إلى دهقانهم: أن فينا رجلاً يفعل كذا وكذا، فأرسل إليه، فأبى أن يأتيه -ثلاث مرات- ثم إنه جاء يسير على دابته.

فلما رآه فرَّ، فاتبعه فسبقه فقال: انتظرني أكلمك، قال: فقام حتى كلمه فأخبره خبره، فلما أخبره أنه كان ملكاً وأنه فر من رهبة ربه، قال: إني أظنني لاحق بك. قال: فاتبعه فعبدا الله حتى ماتا برميلة مصر.

قال عبدالله بن مسعود (رضي الله عنه): ((لو أني كنت هناك ثمَّ لاهتديت إلى قبريهما بصفة رسول الله (ﷺ) التي وصف لنا)).[1]

واتە: عبداللەی کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموی: (بەنی ئیسرائیل) لە دوای لە دنیا دەرچونی موسا پێغەمبەریان (سەلامی خوای لێ بێت) لەناو خۆیاندا کەسێکیان کرد بە جێنشینی ئەو (بو بە پاشایان).

شەوێك لەسەر بانی (أقصى) نوێژی ئەکردو لە شەوێکی مانگە شەودا خەریکی شەونوێژ بو.. بیری لە کردەوەکانی پێشوی خۆی ئەکردەوە هاتە خوارەوەو لە مزگەوتەکەدا گوریسێکی هەڵواسی‌و دەستی پێوە دەگرت لە نوێژدا..

---

١ الحديث حسن اخرجه البزار واحمد والطبراني وغيرهم، وحسنه الهيثمي في (المجمع)، (٢١٩/١٠) والالباني في (صحيحه)، (١٨٢٢). لە کتێبی (صحيح قصص الرسول) (٢٣٨/٣) وەرم گرتوە.

لە نیوەشەودا گوریسەکەی بە هەڵواسراوی بەجێ هێشتو ڕای کردو هەڵهات.

لە کەناری دەریا کۆمەڵێك کەسی بینی خشتی قوڕیان دروست دەکرد، لێی پرسین ئایا کرێکارتان دەوێ‌و ئایا چەندی پێ ئەدەن؟

ئەوانیش وەریان گرتو پارەکەیان پێ وتو لەگەڵ ئەواندا دەستی کرد بە خشت بڕینو پارەی ئارەقی ناوچەوانی خۆی دەخوارد.. هەر کە وەختی نوێژ هات، دەستی لە کارەکەی هەڵگرتو چو دەستی کرد بە نوێژکردن..

کرێکارەکان هەواڵی ئەو کرێکارە غەریبەو نوێژکردنەکەیان گەیاندە پاشاکەیان، کە وتیان پیاوێك لەناوماندایە ئاواو ئاوا دەکات.. پاشا خێرا ناردی بە دوایداو ئەو هەر وتی ناچم..

تا سێ جار ناردی بە شوێنیداو ئەو هەر ئەیوت ناڕۆم، ناچار پاشا خۆی بە سواری وڵاخەکەی ڕۆیشت بۆ لای.

پیاوەکە کاتێك پاشاو داروودەستەکانی بینی.. هەڵهات، پاشایش دابەزی بڕوات بۆ لای، ئەو ڕای کردو پاشایش کەوتە دوای هەرچی کرد نەیتوانی بیگرێتەوە ناچار لە دواوە بانگی کردو وتی:

ڕاوەستە قسەت لەگەڵدا دەکەم، ئەویش وەستا تا قسەی لەگەڵدا بکات.. قسەیان پێکەوە کردو حاڵو مەسەلەی پاشاییو ڕاکردنی خۆی بۆ باس کرد..

کاتێك پێی وت من پاشا بومو لە خۆفو ترسی پەروەردگارم پاشایەتیم بەجێ هێشتو ڕام کرد.. پاشا وتی: منیش گومانم وایە ئەبم بە هاوڕێتو دەڵێ: ئەویش لەگەڵ ئەودا هەڵهاتو پێکەوە خواناسیان دەکرد تا لە ڕومەیلەی میسر کۆچی دواییان کرد.

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) لە دوای ئەم فەرمودەیە دەفەرموێت: ئێستا من لە میسر بومایە جێگا گۆڕەکەیم پێ پیشان دەدان بە پێی ئەو وەسفکردنە وردەی پێغەمبەری خوا.

چیرۆکی سیانزەیەم

خەڵکینە پاشا هەڵات

زانــاو ژیرمەنــدان‌و سیاســەتمەدارانی بــەنی ئیــسرائیل لــە دوای لــە دنیــا دەرچــونی پێغەمبەری ئازیزیان موسا (سەلامی خوای لیّ بێت) کەسـێکی ژیـرو خواناسـیان هەڵبـژاردو کردیان بە جێنشینی موسا.

پاشـای خوانـاس بـە ڕۆژ خـەریکی جێبـەجێکردنی کاروبـاری وڵات بـو.. بـە شـەویش خەریکی خواناسی‌و شەونوێژ بو..

شەوێکی مانگەشەو کات زۆر درەنگ بو.. هەمو خەڵکی لە خرِی خەو دابون..

بەڵام پاشای خوانـاس بـەرماڵێکی داخـستبو لەسـەر بـانی (بیـت المقـدس)و چـو بـەناو قوڵایی گوڵزاری شەونوێژو لە نوێژەکەی بویەوە.

بیرێکی لە کردەوەکانی پێشوی کردەوەو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو لەگـەڵ خۆیـدا دەستی کرد بە قسەکردن‌و بە دەم خۆیەوە دەیوت:

ئەی پەروەردگارم.. لە کانگـای دڵمـەوە خۆشـم ئـەوێی.. بـەڵام هەرچـی سـەیر ئەکـەم کردەوەیەکی وام نیە تۆی پیّ ڕازی بکەم ئەی نوری چاوم..

کردەوە چاکەکانم ترسم هەیە ڕیاو ڕوپامایی تێکەڵ بوبێت‌و تـۆ قبوڵـت نـەکردبن لـێم..

ئیتر با ئەو هەموە گوناهەش بوەستێت کە بیّ شەرمانە لەبەر چاوی تۆ کردومە..

هەرچەندە تەوبەم لیّ کردون.. بەڵام زۆر ئەترسم شایانی لێخۆشبونت نـەبم ئـەی خوایـە گیان..

خوایە تۆ ئەزانی من بە بۆنەی ئەم ئەرکە قورسـەی جێنـشینی پێغەمبەرەکەتـەوە وەك پێویست نەمتوانیوە بتپەرستم‌و بەندایەتیت بکەم..

ئەمەی وت‌و دابەزی‌و چوە مزگەوتەکەو گورسێکی هەڵواسی‌و هـەر کـە مانـدو دەبـو لـە نوێژدا دەستی پێوە دەگرت‌و لە پاش تێپەڕبونی نیوەی شەو بە خۆی وت:

من ئەم پۆستەم بەجێ دێلّم‌و ئەڕۆم بۆ جێگایەك كەس نەمناسێت‌و بە ئـارەزوی خـۆم‌و هەمو كاتەكانم تەرخان ئەكەم بۆ خواناسی‌و بەندایەتی..

بۆ مەسەلەی جێگاكەشم سوپاس بۆ خوا چـەندان كەسـی لـە مـن باشـترو ژیرتـر لـەناو بەنی ئیسرائیلدا هەیەو پەكیان ناكەوێت لەسەر من..

ئەمەی وت‌و تێشەبەرەیەكی ئامادە كردو هەندێ نان‌و خورماو ئاوی لەگەلّ خـۆی بـردو ڕوی كردە بیابانی كاكی بە كاكی..

ماوەی چەند ڕۆژێك لەم شار بۆ ئەو شارو لەم دێ بۆ ئەو دێ لە ڕۆیشتندا بو لە ئاكامدا هیچ شوێنێكی بە دلّ نەبو كە هێمن‌و ساكن‌و ئارام بێـت‌و كـەش‌و هـەوای خواناسـی لـەخۆ بگرێت..

بۆیە ڕێگای دەریای سوری گرتەبەرو كاتێ ڕۆشتە ئەو بەرەوە بینـی كۆمـەلّێ كرێكـاری زۆر خـەریكن خـشتی سـور دەبـڕن‌و دیـار بـو بـۆ دروسـتكردنی كۆشـكی پاشـایان ئامـادە دەكرد..

لێیان نزیك بویەوەو سلاوی لێ كردن‌و ئەوانیش بە جـوانترین شـێوە وەلامیـان دایـەوەو فەرمویان لێ كردو لە لایاندا دانیشت..

كرێكارێك: ئەلّێی غەریبی براكەم‌و خەلّكی ئەم ناوچەیە نیت؟

پیاوچاك: بەلّێ لە فەلەستینەوە هاتوم‌و لە شاری قدسی پیرۆزەوە..

كرێكار: خوای گەورە بە فـەڕو پیرۆزتـری بكـات.. لـە شـارێكی پـڕ خێـرو موبارەكـەوە هاتوی.. شاری پێغەمبەری خوا موسا (سەلامی خوای لێ بێت).

پیاوچاك: بۆ ئێوەش بڕوادارن؟

كرێكـار: خـوا لێمـان قبـولّ بكـات هـەمو شـوێنكەوتوی موسـا پێغەمبـەرین‌و لـەوەوە ڕێنماییمان بۆ دێت‌و پاشاكەشمان زۆر پیاوێكی دادپـەروەرو خواناسـە، لەوانەیـە بتبینێـت زۆر دلّخۆش بێت، برای بەڕێزم..

پیاوچاك: نا نا.. پێی مەڵێن.. نامەوێ بمبینێت.. من لە کوێو پلەوپایەی پاشا لە کوێ؟ من ئەگەر ئێوە قبوڵتان بێت.. حەزم لە ئیش‌و کرێکاریە لەگەڵ ئێوەو ئایا ڕۆژانە چەند دەدەن بە کرێکار؟

کرێکار: بە خۆشحاڵیەوە هەرچەندە سیمات لە کرێکار ناکات.. حەز دەکەین کارمان لەگەڵدا بکەیت چونکە کارەکەمان زۆر قورسەو دەبێت خشتی زۆر ببڕین چونکە بە نیازین کۆشکێك بۆ گەورەو پاشامان دروست بکەین ان شاء الله..

کرێکارێك: ڕۆژی دو سکەی ئاڵتونت پێ دەدەین..

کرێکارێکی تر: لەبەر ئەوەی غەریبی‌و خەڵکی ئێرە نیت.. من لە ماڵی خۆم ژورێکی چۆڵم هەیەو کارم پێی نیە.. ئەگەر پێت خۆشە لە خزمەتت دایە، چی دەڵێی؟

پیاوچاك: زۆر زۆر مەمنونتانم، خوا وێنەتان زۆر بکات.. بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدەن من بەردەوام هەمو ڕۆژێك کار ناکەم.. بەڵکو من تەنهامو هەر خۆمم پارەیەکی وام پێویست نیە.. لەبەر ئەوە هەر کاتێك ویستم کار دەکەم‌و خشت دەبڕم لەگەڵتاندا..

کرێکارەکانیش وتیان زۆر باشە با بە حەزی خۆت بێت برای ئازیزمان.

پیاوچاکەکە دەیویست کەس بە هەواڵی نەزانێت.. بۆیە زۆر بە دزیەوە خواناسی‌و شەونوێژی دەکرد..

بەڵام جارێك کاری خشت بڕین درێژەی کێشاو کاتی نوێژێك هاتە پێشەوەو خێرا داوای ڕوخسەتی لە هاورێکانی کردو چو دەستی کرد بە نوێژکردن.

لەناو نوێژەکەدا چاوەکانی پڕ بون لە ئاو دەگریاو لەگەڵ خوای خۆیدا موناجاتی دەکرد..

کاتێك لای کردەوە دەبینێت هەمو کارێکارەکان ڕیز بون‌و سەیری دەکەن.. سەری ڕیزیان بۆ ئەلەقاند..

کە زانی پێیان زانیوە یەکسەر بەرماڵەکەی کۆکردەوەو بە پەلە بەرەو کارەکەی ڕۆشتەوە.. بەڵام کرێکارێك هاتە ڕێگەی‌و وتی: ئەی برای خواناس‌و موسڵمانم پاشا ئەگەر بەم حاڵەت بزانێ زۆر سەرسام و ڕوخۆش دەبێت.

پیاوچاك: نا نا، تكاتان لێ دەكەم كەس پێی نەڵێت.. من حەز ناكەم بمناسێت. كرێكارەكان دەستیان كرد بە پێكەنینو بڵاوەیان لێكرد..

كرێكارەكان خێرا خۆیان گەیاندە پاشایانو هەواڵی پیاوە غەریبەكەیان بە وردی بۆ باس كردو ئەویش وەك گوڵ گەش بویەوەو هاواری كرد بۆچی وەستاون بڕۆن بۆم بانگ بكەن.. زوكەن بیهێنن.. خێراكەن.

كرێكار: بە چاوان گەورەم.

دو پاسەوانو كرێكارەكە هاتنو داوایان لە پیاوچاكەكە كرد كە بڕوات بۆ لای پاشا چونكە پاشا داوای بینینی دەكات.. بەڵام ئەو وتی داوای لێبوردنی لێ بكەن.. من كرێكارێكی سادەی خشت بڕینمو شایانی ئەوە نیم پاشا بنێرێت بە دوامدا..

كرێكارەكەو دو پاسەوانەكە تا سێ جار هاتنەوە بۆ لای پاشاو ئەو هەر دەیوت بۆ بێنن دەمەوێ چاوم پێی بكەوێت!.

بەڵام پاشای هەڵاتو هەر بیانوی دەهێنایەوەو دەیوت داوای لێبوردن دەكەم ناتوانم..

كاتێك پاشا زانی ئەم پیاوە غەریبە ئەوەندە بەڕێزو قورسەو نایەت بۆ لای پاشا.. ئەوەندەی تر خۆشەویست بو لە لایو وتی:

دە قەیدی نیە خۆمان دەچین بۆ لای!

وەزیر: گەورەم ئەوە بە ڕاستتە.. تۆ بەم دەسەڵاتو گەورەییەوە دەڕۆیت بۆ لای كرێكارێكی خشت بڕین؟!.

پاشا: بەڵێ ئەڕۆم، ڕێزو پلەوپایە بە جلوبەرگو پۆست نییە بەڵكو بە خواناسیو بەندایەتیە بۆ خوای پەروەردگار.. یەڵڵا هەڵسن با بچین بۆ لای..

وەزیرو گزیری خستە دوای خۆی چون بۆ كەناری دەریاو هەر كە گەیشتنە ئەوێ هەمو كرێكارەكان بە ڕاكردنو هەناسەبڕكێ چون بە دەم پاشاوە و سڵاویان لێ كردو لە حزوریدا ڕیز بون..

پاشا چاوی گێڕا بە ناویاندا بەڵام کەسی نامۆی نەکەوتە بەرچاو! بۆیە وتی: کوا ئەو کرێکارەی تازە هاتۆتە ناوتانەوە؟

کرێکارەکان سەرێکی خۆیانیان کردو پیاوەکەیان نەدی. وتیان: پاشا نازانین مەسەلە چیە؟ وتمان پاشا تەشریف دێنێت هیچ خۆشحاڵ نەبو بگرە دەمو چاوی تێك چو.. ئەوەتا ئەها لە بنی ئەو دارەدا دانیشتوە..

پاشا ئاماژەی کرد بۆ خەڵکەکە کە نەجوڵێن.. کەسیش لەگەڵم نەیەت من خۆم بۆ لای دەچم..

لە ئەسپەکەی دابەزیو کەوتەڕێ بەرەو لای پیاوچاکەکەو هەر کە نزیکی بویەوەو پێی زانی هەستاو ڕای کردو پاشایش بە دوایدا ڕای کرد بەڵام هەرچی کردو کۆشا نەیتوانی بیگرێتەوە بۆیە لە دواوە بە ئەسپایی بانگی کردو پێی وت: مەڕۆ ڕامەکە پێم خۆشە لەگەڵت دابنیشمو پێکەوە قسە بکەین..

پیاوچاکەکە کاتێك ئەو قسە شیرینەی لە پاشا بیست لە شوێنی خۆی وەستاو پاشا لێی نزیك بویەوەو سڵاوی لێ کردو ئەویش سڵاوەکەی وەڵام دایەوە..

دەستی کردە ملیو تێر ماچی کردو بە یەکەوە بەرەو سێبەری دارەکە ڕۆیشتنو دەستیان کرد بە گفتوگۆ..

پاشا: بۆ ناردم بە دواتدا نەهاتی؟

پیاوچاك: ئاخر گەورەم من کەی شایستەی دیوەخانی ئێوەم من بەندەیەکی خوای گەورەمو هێشتا ڕوی دیوەخانی پەروەردگاریشم نییە..

پاشا: دڵی پڕبو.. ئاو بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە..

پیاوچاك:گەورەم مەگری.. پاشایەتی کارێکی زۆر قورسو گرانە.. ئەگەر مافی خۆی پێ نەدەیت خوا لێت ئەڕەنجێتو دواڕۆژت خەشمو قینی پەروەردگارە..

پاشا: زۆر ڕاستە.. من زۆرم پێویستە بەم قسانە.. تکات لێ ئەکەم بۆم باس بکە تۆ لە کرێکارو هەژار ناچیتو من زۆر سەرناسم.. پێم بڵێ تۆ کێی؟

پیاوچاك: من پاشای بیت المقدس بوم‌و جێگری موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت).

هەر کە ئەوەی وت پاشا پەلاماری دەستی داو دەستەکانی ماچ کردو چاوی پڕبون لە ئاو وتی:

چاك کاری پاشایەتی لە خزمەتکردنی بەرنامەکەی خواو ژیان لە خزمەت موسا پێغەمبەر کردم تا کۆچی دوایی کرد (سەلامی خوای لەسەر بێت).

پاشا: دەی پێم بڵێ گەورەم تۆ بۆچی وات بەسەر هاتوە. خۆ لایان نەبردویت؟

پیاوچاك: پێکەنینێکی کردو وتی: خۆزگە لایان بردمایە.. بەڵام من لە تاریکایی شەوداو لە ترسی خوای پەروەردگارو سزای سەختی دۆزەخ‌و گوناهەکانم.. پاشایەتم واز لێ هێناو ڕام کردو وڵاتم بەجێ هێشت تا بتوانم ئەو تۆزەی تەمەنم ماوە لە پێناو بەندایەتی‌و خواناسیدا بەسەری بەرم.

پاشا: بیری کردەوەو وتی: هەرچی سەیر ئەکەم منیش دەبمە هاوڕێت‌و پێکەوە با لێرەش هەڵ بێین..

دو ئەسپی هێناو سواری بون‌و بە جێگرەکەی وت تۆ لە جێی من پاشا بە تا دەگەڕێمەوەو ئەوەی وت‌و بۆ دواجار نەگەڕانەوە چون بۆ میسرو لەوێ ماوەیەکی زۆر پێکەوە خواناسیان دەکرد تا لە ئاکامدا لە ناوچەی ڕۆمەیلەی میسر گیانی پاکیان بە خوای خۆیان سپارد.. سڵاوی خوا بڕژێت بەسەر گیانی هەردوکیاندا.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ ئەبێ مرۆڤ لە هەر پلەوپایەو کارێکدا هەبو هەوڵو بدات ئیشو کار بدات بەسەر چواردەورەکەیداو ڕایان بهێنێت بۆ دوای خۆی بۆشایی دروست نەبێتو خێرا کەسێکی شیاو هەبێت بخرێتە جێگاکەی.

ئەوەتا موسا (سەلامی خوای لێ بێت) حەواریەکانی وا پەروەردە کردبو کە دوای خۆی زاناو خواناسیان تێدا هەڵکەوتو خەلیفەکەی لە خواترسو زاناش بو.

٢ـ پەروەردەی ئەخلاقیو ئیمانی زۆر ئەساسە لە ئامادەکردنی سەرکردایەتی خەلفی بۆ دانانیان لە جێی سەرکردە کۆچ کردوەکان، تەنها کاری ئیداریو سیاسی مەرج نیەو ئەمەش هەندێ لە لایەنی ئیسلامیەکانی بردوە بە هەڵەداو کۆمەڵێك کەس بەرزکراونەتەوە بۆ سەرکردایەتی کە نوێژی بە کۆمەڵو ڕۆژوی سوننەت نازانن چیە ! !

٣ـ دەبێت کەسانی سەرکردە زۆر لە خەڵکی تر پابەند بن بە خواناسیو بەندایەتیەوەو ئاساری شەونوێژو ڕۆژویان بە ئاشکرا پێوە دیار بێت چونکە ئەوان سەرمەشقن بۆ کەسانی خوار خۆیان.

٤ـ هەندێ سەرکردە هەبون پەنا بە خوا لە ترسی گیانی خۆی نەچوە بۆ مزگەتو بەشداری جمعەو جەماعەتی موسڵمانانی نەدەکرد.. کاتێك لێیان دەپرسی بۆچی دیار نیت لە ڕیزی نوێژی کۆمەڵ.. دەیوت من بەرپرسمو لە خۆم ئەترسم لە نوێژێکی بەیانیدا یەکێك بمکوژێت ! !

بەڵام هەست بەوە ناکات کە بەم کارەی ڕۆحو گیانی خۆی کوشتوەو دەی سەلامەتی جەستەیەکی بێ گیان لە بەندایەتیو خواناسی چ سودێکی هەیە.

٥ـ زۆر گرنگە بۆ سەرکردەکان بە تایبەتی، کە دابنیشنو بیر لە کردەوە خراپەکانیان بکەنەوەو هەوڵ بدەن نەیانکەنو بیر لە کردەوە جوانەکانیان بکەنەوەو لەوە بترسن وەرنەگیرابێتو خۆیانی پێوە گیڤ نەکەنەوەو هەوڵ بدەن زیاتری بکەن.

٦ـ لە هەمو جیهاندا تەنها باوەڕ بە خواو هەڵگرانی پەیامەکەی خوا ئەتوانن بە سوك سەیری پۆستی سەرکردایەتی بکەنو هەر کاتێك لایان بردن زۆر ئاساییە لە لایانو هستریا نایانگرێت یان لەوەش زیاتر خۆی لە بەرپرسیارێتی ڕائەکا!..

بە پێچەوانەی سەرکردەکانی ئەمڕۆ (بە ئیسلامیەکانیشەوە)!! شەڕی لەسەر دەکەنو دەنگی بۆ دەکڕنو کۆی دەکەنەوەو ئەگەر لە کۆنگرەدا دەرنەچێتەوە لەوانەی بە یەکجاری واز لە کارەکە بهێنیو بڕواتەوەماڵەوە.

٧ـ سەرکردەی خواناس (لە پلەوپایەو کورسی) خۆی لادەداتو ڕادەکات بە تایبەت ئەگەر بزانێت کەسانی وەك ئەو زۆرن یان لە ئەویش باشتر هەن..

وەك پاشا بیری لەوە نەکردەوە کە وڵات بێ پاشا دەمێنێتەوە چونکە دەیزانی موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) دەیانی تری وەك ئەوی گۆش کردبو بۆ سەرکردایەتی کردنو پاشایەتی.

٨ـ مرۆڤی موسڵمان لە هەرجێیەك بێت حەز دەکات بە ئارەقی ناوچەوانی خۆی پارە پەیدا بکاتو حەزی بەوە نیە دەست لە کەس پان بکاتەوەو بە تەمای مەعاشی بەلاش بێت..

٩ـ نابێت پلەوپایەو پۆست وا بکات لە مرۆڤ کە عەیبی لێ بێت دەست بدات کارو کاسپیو ئیشو کارو بڵێ من کاتی خۆی سەرکردە بوم ئێستا چۆن کرێکاری ئەکەم!!..

١٠ـ مرۆڤی خواناسو دڵسۆز هەوڵ دەدات بە دزیەوەو بە پەنهانی لەگەڵ خوادا بێتو بەندایەتی بۆ بکاتو دور بێت لە ڕیاو ڕوپامایی.. بەڵام ئەگەر ناچار بو بزانن ئەوە قەیناکا چونکە لە مەسەلەی سەرمەشقیدا چاوی لێ دەکەنو ئەوانیش باش دەبن.

١١ـ نابێت هیچ جۆرە کارو کاسپیەك ببێتە ڕێگر لەبەر دەم کردنی نوێژەکان لە کاتو شوێنی خۆیاندا، نەك وەك هەندێ کەس لە فەرمانگەکەی نوێژ دەڵێت بوارم نیە؟!! یان لەوانەیە بترسێتو بڵێت پێم ئەزاننو بە توندڕەو ئیتر هاییو هتد، ڕیزبەندم دەکەنو دەمگرن!!

نەخێر بەڵکو دەبێت بەرماڵ یان مەقەبایەکی خاوێنی هەبێتو هەر لەوێ نوێژەکەی بکات ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبٗا مَّوۡقُوتٗا﴾.

١٢ـ نوری باوەڕ ناشارێتەوە خاوەن پەیامی ڕاستەقینە حەز دەکات خەڵکی پەیامە دروستەکەی ببینن‌و بزانن چ گەوهەرێکی پێیە.. بەڵێ لەوانەیە لە زەمەنێکدا پێویست بکات بە نهێنی کارەکانی بهێڵێتەوە.. بەڵام هەرگیز نابێت تا سەر بە شاراوەیی بیهێڵێتەوە..

نابینی پاشای هەڵاتومان باسی هیچی نەکردو خۆی بە کاریگەرێکی بێ کەسی هەژار دایە قەڵەم بەڵام دوایی کە مەسەلەی نوێژو خواناسیەکەی دەرکەوت پاشان بۆ پاشای باس کرد کە حیکمەت چیە لە دورکەوتنەوەی لە کورسی‌و خۆ بەدورگرتن لێی..

١٣ـ یەکێك لە سودەکانی پێشکەش کردن‌و نمایش کردنی بۆچون‌و بیروباوەڕە دروستەکەت ئەوەیە دەچێتە دڵی خەڵکیەوەو ئەوانیش هەمان قەناعەتی تۆیان بۆ دروست دەبێت‌و تۆ بە تاکی ناهێڵنەوەو دەورت قەرەباڵغ دەکەن..

نابینی ئەو پیاوچاکە بەو نوێژەی لە کاتی خۆیدا کردی سەرنجی دەوروبەری بۆ لای بیروباوەڕەکەی خۆی ڕاکێشاو پاشایەکی خستە سەری.

١٤ـ مرۆڤ تا بۆی بکرێت لە ژیاندا هیچ هەنگاوی بە تاکڕەوی‌و بێ مشاوەرەی خەڵکی زیرەك‌و زانا ژیان نەباتە سەر، چونکە شەیتان لە یەك کەسەوە نزیکترە تا دو کەس..

نابینی پاشامان چۆن ڕازی بو کە کەسێکی لەگەڵدا بێت هەمان تێڕوانین‌و بۆچونی هەبێت‌و لە ژیاندا هاوکارو پارێزەری بێت..

القصة الرابع عشرة
لقطة من الجهاد

عن عبدالله بن مسعود (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((عجب ربُنا -تبارك وتعالى- من رجلٍ غزا في سبيل الله فانهزم -يعني أصحابه- فعلم ما عليه، فرجع حتَّى أهريق دمه، فيقول الله -عز وجل- لملائكته:

(انظروا إلى عبدي رجع رغبةً فيما عندي، وشفقةً ممّا عندي حتى أهريق دمه).[1]

واتە: عبدالله ی کوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:

خوای (تەبارەكو تەعالا) زۆر سەرسام بوم بە کەسێك کە لە پێناوی خوادا جەنگی دەکرد..

لە گەرمەی جەنگەکەدا هاوڕێکانی توانای بەرەنگاربونەوەیان نەماو ڕایانکردو سەنگەریان چۆڵ کردو ئەویش لەگەڵیان هەڵات.. بەڵام لە نیوەی ڕێگەدا بۆی دەرکەوت کە پێویست بو بەرامبەر دوژمنانی خوا ڕاوەستاو بوایە..

بۆیە بڕیاری دا بگەڕێتەوە ناوجەرگەی شەڕەکەو جەنگا لەگەڵیان تا لە ئاکامدا خوێنی ڕژا (واتە شەهید بو).

خوای (عزّ وجلّ)یش ڕو دەکاتە فریشتەکانیو پێیان دەفەرموێت: وەرن بڕوانن بۆ ئەم بەندەیەم چۆن دوای ئەوەی لە جەنگەکە پاشاکشەی کردبو گەڕایەوە ناو جەنگەکەو لەبەر ئەو پاداشتەی منو لە ترسی ئەو سزایەی من دەستی کردەوە بە جەنگ تا خوێنی ڕژا!..

---

١ حسن، رواه أبو داود، سەیری (صحیح الجامع) بکە (٣٩٨١)، لە کتێبی (صحیح قصص الرسول) لاپەڕە (٣/٢٠٠) وەرم گرتوە.

چیرۆکی چواردەیەم
لەقتەیەك لە جیهاد

وا گەرمەی شەڕەو سوپای باوەڕ ڕێژەیان زۆر کەمەو تفاقی تەواویشیان پێ نیە.

لە بەرامبەر سوپای بێباوەڕان هێزێکی دڕندەو بێ شمارنو جۆرەها چەکیان لەگەڵ خۆیان هێناوە..

بۆیە لە سەرەتاوە سوپای کوفر تەنگیان هەڵچنی بە موجاهیدەکانو خەریك بو جەنگەکە یەکلایی بکەنەوە..

جەنگاوەرانی بیروباوەڕ زۆر نەبەردانە شەڕیان ئەکر بەڵام زۆر ناڕەحەت بونو تەنگیان پێ هەڵچنراو ناچار زۆرێکیان ڕایان کردو سەنگەرەکانیان چۆڵ کرد...

لەم کاتەدا یەکێك لە موجاهیدەکان بیری لە ترسناکیو گەورەی گوناهی هەڵهاتنو سەنگەر چۆڵ کردن کردەوە.. لە جێی خۆی وەستاو هاواری کرد:

حەیفم بۆ سوپای ئیسلام.. کە ئێمە جەنگاوەرەکانینی.. ئێمەی ترسنۆك..

وەرن.. مەڕۆن.. ڕامەکەن.. ئەوەی لە لای خودایە زۆر باشترو چاکترە لەوەی لەم دنیایە.. وەرن بەهەشت بانگمان دەکات..

بۆچی ڕا دەکەین.. ئەگەر لە مردن دەترسین.. خۆ هەموتان دەزانن کاتی مردن دیاری کراوەو پاشو پێش ناکات..

دەی برایانی جەنگاوەرم وەرنەوە.. با بڕۆینەوە ناو گەرمەی شەڕەکەو ڕیزەکانی سوپای بێباوەڕان تێك بدەین..

لە بیرتان چوە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: هەر کەسێك پشت بکاتە دوژمنانو لە جەنگ هەلبێت غەزەبو لەعنەتی خوای دێتە سەرو سزای سەخت چاوەڕوانی دەکات؟! دەی وەرنەوە...

بە دایكو باوکمەوە بە قوربانتان بم، ئێوە پێشمەرگەکانی بەدرو ئوحودن، خەمتان چییە؟ ئێستا فریشتەکان لە باتی ئێوە دەجەنگن با بڕۆین بۆ هاوکارییان..

توانی کۆمەڵێکی باش بەرەو ناوجەرگەی جەنگەکە بەرێتەوەو جەنگێکی مەردانەیان کردو داستانێکی نەبەردانەیان تۆمار کرد..

وەك زەردەواڵە ئالآن لە سوپای بێباوەڕان‌و بێباوەڕانیان بە جارێ شپرز کرد..

لە ناو جەنگەکەوە هاواری دەکرد: نەکەن لە زۆری دوژمنان بترسن.. سەرکەوتن بە دەستی خوایەو بە کەم‌و زۆری نییە.. پاشان ئەم ئایەتەی دەخوێند: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ﴾..

ئەوەندە سنگی دەناو دەچوە پێشەوە.. تا سەرەنجام شەهیدیان کردو خوێنی ئاڵیان ڕژاندە سەر زەویەکە..

وێنەی ئەم موجاهیدە گیان لەسەر دەستانەیە.. کە لە هەمو سەردەمێکدا خوای عز وجل شانازیان پێوە دەکات..

ئەمانەو وێنەی ئەمانەن سەروەری ئەم ئیسلامە ئەپارێزن‌و سەرو ماڵی باوەڕداران بە دور دەگرن لە چەپاوکردن لە لایەن سوپای بێباوەڕانەوە..

بۆیە ئەم موجاهیدە گیان لەسەر دەستەی کە گەڕایەوە ناو جەنگەکەو شەهید بو..

خوای (عز وجل) لەناو هەمو فریشتەکاندا شانازیان پێوە دەکات‌و پێیان دەفەرموێت: ئەی فریشتەکانم وەرن با دیمەنی ئەو موجاهیدەتان پێ نیشان بدەم کە لە سەرەتاوە ڕای کردو لە جەنگەکە هەڵات بەڵام دوایی بیری کردەوە پەشیمان بویەوەو هاتەوە ناو جەنگەکەو سەرەنجام خوێنی ڕژاو کوژرا..

ئەزانن لە پێناوی چیدا ئەمەی کرد؟ لە پێناوی ئەو بەهەشت‌و پاداشتە گەورەیەی من ئامادەم کردوە بۆ ئەو کەسانەی گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی بیروباوەڕی ئیسلامەتی.

هەروەها لە ترسی دۆزەخ‌و ئەو سزا سەختانەی من ئامادەم کردوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە جەنگ هەڵدێن‌و پشت لە دوژمن هەڵ دەکەن‌و دەبنە هۆی شکستی سوپای باوەڕ..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١- بە فەرمودەکەدا دیارە کە خوای گەورەو پەروەردگار سەرسامی خۆی ڕادەگەیەنێتو خۆشحاڵ دەبێت کاتێك موسڵمانێك کارێکی خێرو چاکە ئەنجام دەدات..

ئەبێ چەندێ سەرسام بێ لە گەنجێکی موسڵمان کە میمۆری مۆبایلەکەی پڕیەتی لە قورئانو بە دەنگی زۆرێك قورئان خوێنەکان، لەم سەردەمە دور لە خواییەدا (٥) فەرزە بە کۆمەڵ لە مزگەوت نوێژەکانیان دەخوێنن، یان سەیری کچان ناکەنو سەر کۆڵانەکان ناگرن لێیان..

٢- بەخشینی گیان لە پێناوی خوای گەورەدا گەورترین کردەوەی چاکەیەو لەو کارانەیە کە خوای گەورە سەرسامی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەری.

٣- پاشەکشەکردنو ساردبونەوەو ڕاکردن لە کاری جیهاد یان بانگەوازدا شتێکی ئاساییەو ڕودەداتو لەناو هاوەڵانیشدا ڕوی داوە بەڵام مەرج ئەوەیە لەناو کارەکەدا بیر بکاتەوەو بگەڕێتەوە سەنگەری کارو خەباتی خواناسیو گیان فیداییو بانگەواز.

٤- خوای گەورە زۆر سەرسام دەبێت لەو کەسانەی لە کاتی ئەزمەی کادیرو ئەندامی کاراو سەربازی گیان لەسەر دەستدا. کەسانێك هەڵکەونو نەهێڵن کۆڕەپانەکە چۆڵ بێتو سەرکەوتن ببێتە بەشی ناحەزانی ئیسلامو شوێنکەوتوانی قورئان بە سەرکزیو لاوازی بمێننەوە

٥- شتێکی زۆر جوانو سەرکەوتوە لە بواری پەروەردەدا ئەگەر کارێکی چاکەت بە کەسێکەوە بینی لە لای ڕەفیقو برادەرەکانت یان لە لای دراوسێو خزمەکان باسی بکەو شانازی پێوە بکەو بڵێ ئەها من قوباتی ئاوام هەیە، شێرم پەورەردە کردوە شێر..

٦- نابێت مرۆڤی پەروەردەکار تەنها بە پاداشت بەکاربهێنێت لە هاندانو کارکردن بە خەڵکی بەڵکو لەگەڵ بەکارهێنانی پاداشتدا دەبێت بە هەمان شێوە سزایشی هەبێت بۆ زیاتر ترساندنیانو لانەدانیان لە کاری چاکەو خێرو پیاوەتی..

القصة الخامس عشرة
السِّيدة الماشطة

عن ابن عباس (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((لما كانت الليلة التي أسري بي فيها، وجدت رائحة طيبة، فقلت: ما هذه الرائحة الطيبة يا جبريل؟

قال: هذه رائحة ماشطة بنت فرعون وأولادها.

قلت: ما شأنها؟

قال: بيناً هي تمشط بنت فرعون، إذ سقط المشط من يدها، فقالت: بسم الله، قالت بنت فرعون: أبي ؟ فقالت: لا، ولكن ربي، وربك ورب أبيك الله.

قالت: وإن لك رباً غير أبي؟ قالت: نعم ، قالت: فأعلمه بذلك؟ قالت: نعم، فأعلمته.

فدعا بها فقال: يا فلانة ألك ربٌّ غيري؟ قالت: نعم، ربي وربك الله الذي.

فأمر ببقرة من نحاس فأحيمت، ثم أخذ أولادها يلقون فيها واحداً واحداً.

فقالت: إن لي إليك حاجة ، قال: وما هي؟

قالت: أحب أن تجمع عظامي وعظام ولدي في ثوب واحد فتدفنا جميعاً، قال: وذلك لك علينا.

فلم يزل أولادها يلقون في البقرة حتى انتهى إلى ابن لها رضيع، فكأنها تقاعَسَتْ من أجله.

فقال لها: يا أماه اقتحمي، فإن عذاب الدنيا أهون من عذاب الآخرة)).[1]

واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەباس (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ئەو شەوەی شەوڕەویم پێکراو بۆ ئاسمان لەوێ بۆنێکی زۆر خۆشم هەست پێکرد، وتم: ئەی جوبرەئیل ئەم بۆنە خۆشە چییە؟

جبریل: ئەمە بۆنی ئەو ئافرەتەو منداڵەکانیەتی ئارایشتکەری کچی فیرعەون بوە.

پێغەمبەر دەفەرموێت: وتم: مەسەلەی ئەو ئافرەتە چۆن بوە؟

---

١ حديث حسن رواه احمد في المسند (٣/٣٠٩) والبيهقي في (دلائل النبوة (٢/١٢١)، وقال ابن كثير في (التفسير) (٣/٢٦)، إسناده لا بأس ولم يخرجوه

جبریل وتی: لە کاتێکدا کە قژی کچەکەی فیرعەونی دائەهێنا شانەکەی لە دەست کەوتە خوارەوەو وتی: بە ناوی خواوە، کچەکەی فیرعەون وتی: مەبەستت باوکمە؟

وتی: نەخێر، خوای منو خوای تۆو خوای باوکیشت ناوی (الله)یە.

ئەویش وتی: بۆ بێجگە لە باوکم کەسێکی تر بە خوا دەزانی؟

وتی: بەڵێ.. وتی: ئاخر پێی دەڵێم.. وتی: هەر پێی بڵێو ئاگاداری بکە، ئەویش چو ئاگاداری کرد.

فیرعەونیش بانگی کردو پێی وت: ئایا جگە لە من کەسێکی تر بە خوای خۆت دەزانی؟ وتی: بەڵێ، خوای منو خوای تۆیش (الله)یە..

فیرعەون فەرمانی دەرکرد مەنجەڵێکی مسی گەورەیان هێناو تاویان داو گەرمیان کردو پاشان بە بەرچاویەوە منداڵەکانیان هێناو یەك یەك خستیانە ناو ئاوەکوڵ بە کوڵەکەوە..

ئافرەتەکە وتی: یەك داواکاریم لێتان هەیە؟ فیرعەون وتی: چییە؟

وتی: منو منداڵەکانم پێکەوە کفن بکەنو لە یەك گۆڕیشدا بماننێژن..

وتی: باشە ئەوەت بۆ دەکەین.

بەردەوام منداڵەکانیان دەخستە ناو ئاوە گەرمەکەوە تا سەرە گەیشتە منداڵە ساواکەی باوەشیو ئەویش دڵی نەهات.. لەو کاتەدا منداڵەکە وتی بە دایکی:

دایە گیان.. خۆت هەڵدە ناو ئاوەکە چونکە سزای دنیا زۆر سوکە لە چاو سزای ڕۆژی دواییدا.

چیرۆکی پانزەیەم

خانمەکەی ئارایشتگاه

کچی فیرعەون بە فیزێکەوە هاواری کرد: کوا قژداهێنەرەکەم؟.. خێرا بۆم بانگ بکەن.. زۆر بە پەلەم.. ئاهەنگم بە دەستەوەیە بانگ کراوم.

خزمەتکار: قوربان خانمی خۆم لەسەرخۆ بە.. ئێستا دەنێرم بە دوایداو دێتەوە خزمەتت.. ئەوە ڕۆیشتەوە شیر بدات بە منداڵە ساواکەی.

کچی فیرعەون: بە گەورەیی باوکم قەسەم ئەم جارە داوای ئەو ژنە بکەمو لێرە نەبێت ئەو کچە ساوایەی ئەدەم بە دەمی سەگەوە.. تێگەیشتن؟ لاچن، ون بن لەبەر چاوم..

پاش کەمێك چاوەڕوانی خانمی ئارایشتکەر دێتە ژورەوەو دەڵێت: گەورەم سڵاو.. دەبێت ببوری کەمێك دواکەوتم..

کچی فیرعەون: نا سڵاو.. تۆ نازانی من بانگهێشت کراوم بۆ ئاهەنگی کچی پاشای شاری (ئیرلی)و زۆر بە پەلەم..

خانم: قوربان.. خانمی گەورەم.. نەمزانی ئاهەنگت بە دەستەوەیە ئەگینا زوتر دەهاتم.

شانەو شتەکانی نزیك کردەوەو قژە درێژە خاوەکەی دادەهێناو بە دەستەکەی تری گوڵاوی لێ دەدا.. لەم کاتەدا شانەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە.

دەستی بۆ برد هەڵی بگرێتەوەو وتی: (بسم الله) بە ناوی خوای گەورە..

کچی فیرعەون: مەبەستت ناوی باوکم بو؟ سەرسام بو چونکە باوکی بە (الله) ناوی دەرنەکردبو.

خانم: (زۆر بە باوەڕێکی پتەوو جەرگێکی قایمو چاونەترسیەوەو بەبێ شڵەژانو تێکچونو ترسان وەڵامی دایەوە)و وتی: نەخێر، بەڵکو باوکی تۆی.. گەورەم.. باوکی تۆش مرۆڤێکە وەك هەمو مرۆڤەکانی تر، بەڵکو خوای منو تۆو باوکیشت (الله)یە !

کچی فیرعەون چاوی پەڕیە تەوقی سەری‌و تا دەستی بگرێت شانەکەی فڕێ داو کەفی ئەچەقاندو وتی: دەستت لابە.. نامەوێ کافرێکی وەك تۆ لەمڕۆ بە دوا قژم دابهێنێت!

خانمی ئارایشتکار: گەورەم بیروباوەڕ شتێکە لەناو دڵدایەو هیچ زیانێك لە باوکتو دەستەڵاتەکەی نادات.. خۆ من جگە لە بچوکی کردنتانو خزمەتکردنتان هیچ زیانێکم نەبوە بۆتان..

کچی فیرعەون: دەم درێژی.. تۆ بەندەی باوکمیو بەندەش ئاساییە خزمەتی خوای خۆی بکات..

کچی فیرعەون: بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ لەمەوبەر لە خزمەتماندا بویتو زەمەنێك پێکەوە ژیانمان بەسەر بردوە.. من ئەم مەسەلەیە دەپۆشمو باسی ناکەم بۆ باوکم.. بەڵام تۆش پەشیمان بەرەوەو تەوبە بکە..

خانم: پەشیمان بونەوە لە چی؟ تەوبەکردن لە چی؟ بۆ من چ تاوانێکم کردوە، بۆ ناسینی خوای پەروەردگار تاوانە؟

کچی فیرعەون: بەڵێ بەڵێ تاوانەو سزاکەشی کوشتنە کوشتن..

خانم: مردن لە پێناوی خوادا گەورەترین خەڵاتە بۆ باوەڕداران.. بۆ دادەکەم تۆ وا دەزانی من لە مردن دەترسم؟! نا وانیە.. تۆ زۆر بێ ئاگای لە شیرینیو چێژی باوەڕ..

کچی فیرعەون: قسەکردن.. شیرینیو چێژ! ! سوپاسی من بکە کە بۆی ناگێڕمەوە..

خانم: هەرگیز سوپاست ناکەم.. بێ منەتیش بەو بۆی بگێڕەرەوە زۆر ئاساییە..

کچی فیرعەون: (هەستاو چو بەرەو کۆشکی باوکی)و لەوێ ڕوخسەتی وەرگرتو چوە ژورەوە.. وتی: سڵاو لە باوکی گەورەمان.. خوای گەلی میسر..

فیرعەون: سڵاو لە کچی نازدارم.. ئەوە خێرە هاتوی بۆ لامان.. ماوەیەکی زۆرە سەردانت نەکردوین.. دیارە شتێك لە ئارادا هەیە.

کچی فیرعەون: شتێکی وا نیە خاوەن شکۆ.. بەڵام حەزم کرد ئەوەت پێ بڵێم کە ئارایشتکەرەکەم باوەڕی بە تاقانە خوایەك هێناوە کە نادیارەو باوەڕی بە خوایەتی تۆ نەماوە..

فیرعەون: بۆ جگە لە من لەم کەونەدا خوایەکی تر هەیە؟

وەزیرەکان: بێگومان نەخێر گەورەو سەردارمان تەنها خۆتی..

فیرعەون: دەی کەواتە: ئەو ئافرەتەم بۆ بهێنن بزانم بۆچی بێباوەڕ بوە لە (سبیل الرشاد) لایداوە..

دەرگەوان: گەورەم ئافرەتەکەمان هێناوە، لەبەر دەرگایە..

فیرعەون: بۆم بێننە ژورەوە.. (ئافرەتە بڕوادارەکە دێننە ژورەوە کە شوێنەواری ئازاردانو ئەشکەنجەی پێوە دیار بو.

خانم: سڵاو لە پاشای شکۆدارکامان..

فیرعەون: نا سڵاو.. ڕاستە دەڵێن من بە خوای خۆت نازانیو خوایەکی ترت کردوە بە خوای خۆت؟

خانم: نەخێر گەورەم شتی وام نەکردوە.. من تەنها زاتێك بە خوا دەزانم کە ئەم ئاسمانو زەویەی دروست کردوە.. خوای منو خوای تۆش هەر (الله)یە (الله).

فیرعەون: قسەکردن لەگەڵ تۆدا سودی نیە.. بڕۆن مەنجەڵێکەی گەورەی مس تاو بدەنو خۆیو هەمو منداڵەکانی تیا بکوڵێنن تا ببێتە پەندی زەمانە...

خانم: گەورەم خۆم بکوژن بەڵام منداڵەکانم چ تاوانێکیان هەیە؟ بۆ دەیانکوژی؟

فیرعەون: منداڵێك لە تۆ بێت هەر وەك تۆ کافرو بێباوەڕو سەرکەش دەردەچن.. ئەمە جوانە لەناو کۆشکێکی خۆمدا بێباوەڕی سەر هەڵبدا! ئەو سەرە ئەبڕم..

مەنجەڵە ئاوە کوڵەکە ئامادە کراو یەك یەك ئەو منداڵە بێ گوناهو مەزلومانە هەڵ دەدرانە ناو ئاوە گەرمەکەو ئێسقانو گۆشتیان لە یەك جیادەبویەوە..

ژنەکە بە باوەڕێکی پۆڵایینەوە سەیری ئەو دیمەنە پڕ لە تراژیدیایەی دەکردو هەناسەی بۆ هەڵدەکێشانو بە دەم خۆیەوە دەیوت: ئەم بونەوەرە تەنها یەك خوا بەڕێوەی دەباتو باوەڕم بەو خوایە هێناوەو.. قەیناکات منداڵە چاوگەشەکانم با لە پێناوی خوادا گۆشتو ئێسقانمان لە یەك جیاکەنەوە خۆ لە بەهەشتی خوا جارێکی تر بە یەکتر شاد دەبینەوە..

پاشا: ها ژنەکە ئێستایش باوەڕ بێنیتەوە پێم.. عەفوت دەکەم..

خانم: پێویستم بە عەفوی تۆ نیە.. من تەنها موحتاجی عەفوی پەروەردگارم بەلام یەك داوام لێت هەیە.. ئەگەر بۆم بکەیت مەمنونم.

فیرعەون: چیە؟ بیڵێ؟

خانم: منو منداڵەکانم لە یەك کفندا کۆبکەنەوەو لە یەك گۆڕیشدا بماننێژن باشە..

فیرعەون: پێکەنینێکی کردو وتی: لەم داواکاریە.. چ جەرگی قایمە وامزانی داوای ئەوەم لێ دەکات لێی خۆش ببم.. باشە ئەوەت بۆ دەکەین، ئادەی بیخەنە ناو ئاوەکەوە.. ئای کە دیمەنێکی خۆشە وەزیرەکان...

دایکەکە زۆر بەزەیی بە منداڵە بچوکەکەی باوەشیدا هاتەوەو دڵی نەها بیخاتە ناو ئاوە گەرمەکەوە.. کەمێ وەستا.. جەندرمەکان لێی گەڕانو وایان زانی لە ترساندا پەشیمان دەبێتەوە.

بەلام بە ئیرادەی پەروەردگاری بە توانا منداڵەکە هاتە قسەو ڕوی کردە دایکیو پێی وت:

دایە گیان.. خۆت هەڵبدە ناویەوە.. مەترسە.. سزاو ئازاری دنیا زۆر ئاسانترو سوکترە لە سزای سەختی ڕۆژی قیامەت.

خانم: وەی بە ساقەت بم. ئەوە چۆن هاتیتە قسە؟ پاكو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی تۆی بێ زمانی هێنایە گۆ..

ئەمەی وتو خۆی هەوادایە ناو ئاوە گەرمەکەوەو چوە ڕیزی ئافرەتانی شەهیدانی ڕێگەی خودا..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە:

١ـ ئەگەر شتێکی خۆش‌و سەرسوڕهێنەرت بینی لە گەشتەکانتدا، ئەگەر زانیت باسکردنی پڕیەتی لە پەندو ئامۆژگاری بۆ هاوڕێ‌و کەس‌و کارو قوتابیانت، بۆیان باس بکەو با لوتکەی دانیشتنەکە پڕ بێت لە شتی نوێ‌و لە دەستی تۆدا بێت.

٢ـ مرۆڤی موسڵمان دەبێت پرسیار بکات لەو شتانەی دەکەوێتە بەرچاوی‌و ئیتر با ئەو کەسەیش ئەو نزمتر بێت.

٣ـ دروستە کارو کاسپی‌و تەعامول لەگەڵ کافرو بێباوەڕانداو بازرگانی کردن‌و ئیش کردن بۆیان‌و لە بەرامبەردا ڕۆژانە یان مانگانەیان لێ وەربگیرێت لە کاتێکدا کە ئاشکرایە پارەکانیان حەرامی تێکەڵە..

نابینی ئەو ژنە خواناسە بڕواداره بژێوی ژیانی لە خزمەتکردنی کچانی فیرعەوندا مسۆگەر دەکات.

٤ـ بەڵام نابێت ئەو تێکەڵی‌و کاربۆکردن‌و بازرگانییە لەگەڵیاندا وا لە مرۆڤ بکات لە بیروباوەڕو ئیسلامەتی تەنازول بکات‌و لەبەر ئەوەی تیکە نانەکەی نەبڕێت‌و لەو کارە دەری نەکەن..

نابینی ئەو خانمە کە دیارە چەند هەتیوێکی هەبو بۆ بژێوی ژیانیان پەنای بردوە بەر داهێنانی قژی کچەکانی فیرعەون بەڵام نە لە ترسی نان بڕین‌و نە لە ترسی مردن باوەڕەکەی نەشاردەوەو ئازایانە ئیعلامی باوەڕداری خۆی کرد.

٥ـ ئەگەر ئەو خانمە مرۆڤێکی ترسنۆك بوایە یان لەو کەسانە بوایە کە دەڵێن جارێ وەختی ڕوبەڕوبونەوە نەهاتوەو کاتی ماوە!! بە کچی فیرعەونی دەوت: توخوا دەرم مەکە! ئەوە قسەیەك بو لە دەمم دەرچو!. جگە لە باوکی ئازیزتان کەی خوای تر هەیە!!

بەڵام نا، بەڵکو فەرموی: خوای من‌و خوای تۆو خوای باوکیشت (الله)یە!.

٦- دەبێ مرۆڤی موسڵمان لەوە دڵنیا بێت كە دوژمنانی تا بڵێی دڵڕەق‌و بێ ئاین‌و بێ ویژدانن‌و هەر كە بۆیان دەركەوت تۆ نێی لە ڕیزیان‌و لەگەڵیان نیت ئاوو ڕۆنت بۆ ئەقرچێنن‌و گۆشت‌و ئێسقانت لە یەك جیا دەكەنەوە..

بەڵام باوەڕ زۆر لەوە شیرینترو مەزنترە كە دوژمنان بیانەوێت هەڵگرانی قورئانی پێ پشت سارد بكەنەوە..

٧- دوژمنانی ئیسلام زۆر دڵڕەقن‌و زۆر ستەمكارو نادادپەروەرن‌و ئامادەن لە پێناو كورسیەكەی خۆیاندا تاوانبارو بێتاوان، تەڕو وشك پێكەوە بسوتێنن.

ئەی نابینی فیرعەون دەبوایە سزاو ئەشكەنجەی ژنەكەی بدایە كەچی بنەمایەكی ڕەوشتی نەبو كە نەیەڵێ منداڵە بێ تاوانە بچوكەكانی ئەو ژنە بكوژێت..

بەڵام لە ئیسلامی پڕ لە داددا كەس تاوانی كەسی تر هەڵناگرێت‌و: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾.

٨- زاڵم‌و ستەمكاران لەوانەیە لەبەر چاوبەستنی خەڵكی هەندێ چاكەی بچوك‌و بێ ئەهمیەت لەگەڵ بانگخوازان‌و هەڵگرانی بانگی قورئاندا بكەن‌و لەناو خەڵكیشدا خۆیانی پێوە هەڵ بنێن.

بەڵام ئەوە ئەشارنەوە كە ژنێكی بێ تاوان كە تا دوێنێ خزمەتی ئەوانی كردوە لەگەڵ منداڵە ساواكانیدا لەناو ئاوی كوڵ بە كوڵدا بكوڵێن..

نابینی فیرعەون ئەو ژنەو منداڵەكانی زۆر بێ بەزەییانە لەناو برد كەچی لەولاوە پێی دەڵێ تۆ چی دەڵێی وا دەكەین لە كاتی ناشتنتدا!!!

٩- هەڵگرانی قورئان چونكە بە ڕاستی‌و دڵسۆزانە خوایان خۆش دەوێ‌و لە پێناوی بانگەوازی هەقدا ئامادەن خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان دابنێن..

خوایش بەوە پاداشتیان دەداتەوە كە ئەگەر سستیەك یان ساردبونەوەیەكیان بەسەردا هات یەكسەر لە ڕێگەی موعجیزەیەكەوە گەرم‌و گوڕیان دەكاتەوەو ناهێڵێت پێیان بخلیسكێت وەك هاتنەگۆی منداڵی ژنەكە.

القصة السادسة عشر

إجتماع خطر

عن جابر بن عبدالله (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ):

((إن إبليس يضع عرشه على الماء ثم يبعث سراياه، فأدناهم منه منزلة أعظمهم فتنة.

ثم يجئ أحدهم فيقول: فعلت كذا وكذا. فيقول: ما صنعت شيئا !

قال: ثم يجئ أحدهم فيقول: ما تركته حتى فرقت بينه وبين امرأته.

قال فيدنيه منه ويقول: نعم أنت !.

قال الأعمش (رحمه الله): أراه: قال: فيلتزمه)).[1]

واتە: جابری کوڕی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی:

ئیبلیس (نەفرەتی خوای لێ بێت) عەرشەکەی بەسەر ئاوەوە دروست کردوەو لەوێوە دەستە دەستە سەربازەکانی دەنێرێت بەملاو بەولادا..

نزیکترین کەسی ئەو دەستانە لێی ئەوانەن کە خراپەی گەورەتر دوچاری مرۆڤەکان دەکەن..

پاشان دێنەوە خزمەتیو یەکێکیان پێی دەڵێت: من توانیم ئەوەو ئەوە بکەم..

ئەویش پێی دەڵێ: هیچت نەکردوە بە دڵم نییە !

دەڵێ: پاشان یەکێکی تریان دەێتەوەو دەڵێ: وازم لە مرۆڤەکە نەهێنا تا توانیم نێوان ئەو خێزانەکەی تێك بدەم !..

دەڵێ بانگی دەکاتە پاڵی خۆیو پێی دەڵێت: تۆ چەند چاكو باشیت (واتە چەندم بە دڵی).

ئەعمەش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: پێم وایە باوەشی پیا دەکاتو ئەگوشێت بە خۆیەوە..

---

١ رواه مسلم واحمد، لە کتێبی (صحيح قصص الرسول) ، (٣/٩٩) وەرم گرتوە.

چیرۆکی شانزەیەم
کۆبونەوەیەکی ترسناك

دەریایەکی گەورەی بێ بن‌و بە چواردەوریدا باخ‌و باخاتێکی سەوزو چڕو دڵڕفێن بەڵام لە هەمو لایەکەوە بە پاسەوانی ناشیرین‌و لچ زل‌و ئەستورو گوێ زل دەورە دراوە..

لە ناوەڕاستی دەریاکەشدا عەرشێکی گەورەو تایبەت دانراوەو بە هەر چواردەوریدا بە هەمان پاسەوانی ناشیرین دەورەدراوەو پارێزگاری ئەکەن..

لەسەر عەرشەکەش (کەسێکی زۆر ناشیرین‌و زەبەلاح) بە کەشخەو فیزێکەوە دانیشتوەو غەزەب لەناو چاوی ئەبارێت‌و دەستەکانی بە توندی ئەدا بە یەکداو هاواری ئەکات:

ابلیس: کۆببنەوە کاری گرنگم دەوێ وەرن با ماستەرپلانەکانتان بۆ دابنێم..

هەمو دێن‌و یەکی لەسەر کورسیەك لەسەر ئاوەکە دادەنیشن‌و سەر دادەخەن‌و ناوێرن هیچ بڵێن‌و ئەلەرزن‌و سەیری یەکتری دەکەن..

شەیتان: دەزانن بۆ کۆم کردونەتەوە؟ هەمویان: نەخێر گەورەم.

شەیتان: من ناڵێم.. تا ئێستا هیچتان نەکردوەو کارەکانتان زەربی سفر ناکەم.. بەڵام من کاری زیاترم ئەوێ لێتان.. مرۆڤەکان هەمو بەرەو گوێڕایەڵی خوا دەچن‌و قورئان دەخوێنن‌و سیمای پۆشتەیش لەناو ئافرەتانی موسڵماندا تەشەنەی کردوە..

من نازانم ئێوە خەریکی چین بۆ هێشتوتانە..

یەکێکیان: گەورەم لە بەرامبەری ئەوەشدا هەزاران کەسمان لە ئاینی خوا دورخستۆتەوەو ئافرەتانی موسڵمانمان بەرەو ڕوتی‌و بێ بەرگی بردوەو بەدڕەوشتیمان بڵاوکردۆتەوە.

شەیتان: ها ها ها هیچتان نەهێشتۆتەوە! بێ مێشك، من ئەمەوێ تاکە کەسێك نەهێڵنەوە لەسەر بەرنامەکەی محمد! ئای محمد چەندم ڕق لێتە..

یەکێکیان: گەورەم زۆر هەوڵ دەدەم منداڵەکانیشیان ناو نەنێن (محمد) کەچی هەر ناوی ئەنێن نازانم چی بکەم..

شەیتان: ئەزانی چی بکەیت؟ نەخێر گەورەم.. شەیتان دەڵێت وەرە پێشەوەو ئەویش دێتە پێشەوەو یەك زللەی توندی لێ دەداتو دەڵێت ناو چییە پێوە خەریك دەکەی گەمژە.. برۆ لەسەر ڕێی خواناسی لایان بدەو قورئانیان لەبەر چاو بخەن، باوەڕی ناو دڵیان گوماناوی بکەن.. ئاژاوە بخەنە نێوانیان.. کوڕانو کچانیان تێکەڵ بکەن.. دەی هەستن بڕۆن دەست بەکار بن..

شەیتان: خوا مەرگی داون بە دەستی بەتاڵ بێنەوە، هەمو پشتو پەراسوتان دەشکێنمو ئاوتان پیا دەکەم..

(هەمو بڵاوەی لێ دەکەن).

شەیتان بە تەنها دانیشتوەو نرخەی سەر سنگی دێتو فوی کردۆتە خۆیو بە دەم خۆیەوە دەڵێت: چی بو نەهاتنەوە؟ من دڵم تەقی خەریکە ڕەنجەکەم بە فیڕۆ دەڕواتو سەر زەوی موسڵمان دەبنو نوێژ دەکەن ئاخ نوێژ! ئاخ سوژدە! تۆ قوڕت کرد بە سەرمدا.. ئاخر بڵێ بۆچی ئەوەندە لار بوم، ئاخر بۆچی سوژدەیەکم نەبرد بۆ ئادەمو خۆم نەجات نەدا وەك هاوڕێ فریشتەکانم؟

پاش کەمێك هەمویان هاتنەوە، پێکەوە: سڵاو گەورەمان..

شەیتان: هەر کاری چاکەتان ئەنجام دابێ باشە، ئادەی، تۆ قرفز چیت کردوە بۆم؟

قرفز: قوبان هەوڵم دا لەگەڵ یەکێکدا تا قەناعەتم پێکردو نوێژی عیشای نەکردو خەوت.. باشم پێکرد؟

شەیتان: بەخێر نەیەیتەوە.. بۆ خۆتو کارێ کردوتە.. وام زانی نوێژت پێ تەرك داوە ئەفەنی دانیشە دەی؟ ئادەی یەکێکی تر؟

شەلکم: قوربان، منیش هەوڵم دا لەگەڵ کەسێکدا تا لە ڕەمەزاندا ڕۆژوم پێ شکاند، ئەی چی ئاوای لێ ئەکەم..

شەیتان: دانیشە مردو مرێ ئەوە چییە شەلکم؟ موسڵمانی باوەڕ بتەو پەشیمان دەبێتەوە لێیو ڕیسەکەت دەبێتەوە بە خوری. ئادەی یەکێکی تر؟

زەڕناب: گەورەم من شتێکی زۆر گەورەم کردوە پیاوێك پارەی باشی هەبو، خەریك بو ئەچو بۆ حەج..گوزەرنامەیشی دەرهێنابو.. بەڵام من نەمکرد بە نامەردیو چومە گیانیو

پێم وت: حەجی چی ماڵت ئاوا بێت.. تۆ کەی دەوڵەمەندی، دو پوڵت هەیە، مەیکە بە حەج.. تۆ کوڕت هەیە ژنیان بۆ بێنە.. خانوەکەت نوێ بکەرەوەو ئوتومبیل بکڕە تۆ کەی حەجت لەسەرە خۆ حەمە قەدوەی موسڵ نیت؟

شەیتان: بەس بەس زەڕناب، نامەوێ گوێم لەم قسانە بێت.. حەمەقەدوە.. وام زانی وات لێ کردوە گاڵتە بە کەعبەو قیبلەکەی خۆیان بکاتو باوەڕی پێی نەبێت..

شەیتان: لاچۆ.. با یەکی تر بێت..

شەرقەم: گەورەم.. من توانیم ئەمڕۆ پیاوێکی دەوڵەمەند قەناعەت پێ بکەم کە دەست نەخاتە پارەکانیو زەکات نەداتو خێری لێ نەکاتو پێم وت: کۆی بکەرەوە بۆ ڕۆژی ڕەش، بۆ نەشتەرگەریەك! بۆ شتێك!

ئیتر باش بو بە قسەی کردو یارمەتی کەسی نەداو هەموی شاردەوە.. ئا ئاوا..

شەیتان: لاچۆ.. لاچۆ.. دورکەوە لێم.. توخوا تۆ کارت کردوە بەخێر نەیەیتەوە شەرقەم..

پێینجەمو شەشەمو حەوتەم.... هتد قسەی خۆیان کرد هەر بە دڵی نەبو..

بەڵام یەکێك هاتە پێشەوەو وتی:

+ گەورەم من کارێکی زۆر ترسناکم ئەنجام داوە؟

– چیە؟ بە قوربان ئا دەی بێڵێ؟

+ گەورەم ناکۆکیو ئاژاوەم خستە ناو خێزانێکی موسڵمانو ژنو پیاوەکەم بە جۆرێك دا بە شەڕ کە جنێو نەما بە یەکی نەدەنو لە ئاکامدا شیرازەی خێزانەکەم تێکداو ژنەکەی دەرکردو تەلاقی دا..

شەیتان: وەرە پێشەوە.. ئەی بۆ زوتر ئەمەت پێ نەوتم.. (باوەشی پیاکردو تێر ماچی کرد)و لە پاڵ خۆیدا دایناو دەستی خستە سەر شانیو وتی:

– گوێ بگرن ئا لەمەم ئەوێ! ئا لەمە! نوێژو ڕۆژو بە خەڵك تەرك مەدەنو ڕێگەی خێریشیان لێ مەگرن.. ئەوانە باشن بەڵام ئەوە کاری بازرگانە بچوکەکانە..

– من ئەمەوێ شیرازەی خێزانەکان تێك بدەنو ڕێز لەناویاندا هەڵگرنو کوڕ بە گوێی باوکی نەکاتو کچەکان سەرپۆشو حیجاب فڕێ بدەنو لەگەڵ دایکانیاندا بەشەڕ بێنو بەدڕەوشتی بخەنە ناویانەوە.. من ئەوەم ئەوێ چاوەکانم دەی هەڵسن دەقە بە زایە مەدەن.. بەردەوام کارم بۆ بکەن..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە:

١ـ شەیتان خۆی لە ئاگر دروست بوە بەڵام ئەوەتا عەرش لەسەر دەریا دەبەستیو ئازاریشی نادات وەك چۆن مرۆڤ لە گڵ دروستو بوەو لە هەمان کاتدا گڵ ئازاریشی دەدات..

٢ـ شەیتان تەنها نیە بەڵکو زۆر زۆرنو سوپایەکی زەبەلاحی پرچەکی هەیەو سریە سریەی کردونو هەر سریەیەك بۆ شارێك یان بۆ وڵاتێك.

٣ـ پلەبەندی لەناو زرێتی شەیتاندا بەپێی دڵسۆزیو هەوڵدانی شەوو ڕۆژە لە پێناو لادانی نەوەکانی ئادەمدایە لە ئاینی پاكو خواناسیو ڕەوشت بەرزیو پێکەوە ژیان.

٤ـ دیارە شەیتان (بە لەعنەت بێ) بە دڵی نیە گوناهی بچوك بکەینو نوێژێ دوان بفەوتێ یان ڕۆژێ دو ڕۆژ لە ڕەمەزان بخۆین، یان درۆیەك.. نەزەرێك، ئەمانە زۆر بێ بایەخن لە لای شەیتان هەرچەندە لە ئیسلامدا گوناهی کەبیرەنو ئەگەر خاوەنەکانیان تۆبەیان لەسەر نەکات دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

٥ـ ئەبێ ژنو مێردە موسڵمانەکان لەوە دڵنیا بن کە شەیتان ناکۆکی نێوان ژنو پیاوو پچڕاندنی شیرازەی خێزانی بە لاوە گرنگترە تا کەسێك نوێژ بفەوتێنێ یان ڕۆژێك، دوڕ ڕۆژ لە ڕەمەزان بخوات یان حەج دوا بخات..

چونکە کە شیرازەی خێزان تێك چو هەمو بوارە کۆمەڵایەتیو زانستیو خواناسیەکانی تر بە دوایدا تێك دەچن..

٦ـ زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ ئەوەندە دوژمنایەتی شەیتان بکات تا سەر ئێسقانی چونکە تاکە کارێکی ئەو لە ژیاندا دوژمنایەتی کردنی مرۆڤەکانەو لادانیانە لە ڕێبازی یەکتاپەرستیو موسڵمانەتی: ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾.

٧ـ کەواتە زۆر پێویستە لەسەر دایکانو باوکان تەقێ لە یەکتری بکەنو هەڵەی یەکتری بە سنگێکی فراوانەوە قبوڵ بکەنو ژیرانە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. گەنجە موسڵمانەکان ڕێز بۆ دڵی دایكو باوکیان دابنێنو دڵیان نەشکێننو داوایش لە باوکانو دایکان دەکەم بە ڕەخنەو جنێوو قسەی سوك کوڕەکەیان یان کچەکەیان دانەگرنەوە بەڵکو وەك هاوڕێیەکی خۆشەویستیان بن.

القصة السابع عشر
آدم على الحق

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): إحتج آدم وموسى (عليهما السلام) عند ربهما فحج آدم موسى، قال موسى: أنت آدم الذي خلقك الله بيده، ونفخ فيك من روحه، وأسجد لك ملائكته، وأسكنك في جنته، ثم أهبطت الناس بخطيئتك إلى الأرض؟

فقال آدم: أنت موسى الذي اصطفاك الله برسالته وبكلامه، وأعطاك الألواح فيها تبيان كل شيء، وقرَّبك نجياً، فبكم وجدت الله كتب التوراة قبل أن أخلق؟

قال موسى بأربعين عاماً.

قال آدم: فهل وجدت فيها ﴿وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ﴾؟ *

قال: نعم.

قال: أفتلومني على أن عملت عملا كتبه الله عليَّ أن أعمله قبل أن يخلقني بأربعين سنة؟

قال رسول الله (ﷺ): فحج آدم موسى)).[1]

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (ادمو موسا) (سەلامی خوایان لێ بێت) لەبەردەمی پەروەردگاریاندا گفتوگۆیان دەکردو لە ئەنجامدا ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت) سەرکەوت بەسەر موسادا (سەلامی خوای لێ بێت).

سەرەتا موسا بە باوکە ئادەمی فەرمو: تۆ ئەو ئادەمەی کە خوای گەورە بە دەستی خۆی دروستی کردی، لە گیانی خۆی کرد بە بەرتدا، و هەمو فریشتەکانی وا لێ کرد سوژدەت بۆ بەرن،و خستیتیە ناو بەهەشتەکەیەوەو پاشان بە هۆی هەڵەیەکی تۆوە هەمو خەڵکی دەرکرانە سەر زەوی؟

---

* سورة طه (١٢١).

١ رواه مسلم (٢٦٥٢/١٥) صحيح قصص الرسول (٣٦٩/٢).

ئادەم فەرموی: ئەی تۆ ئەو موسایەی کە خوای گەورە پەیامو وتەی خۆی بۆ ناردویتو ئەلواحی پێ داوی کە هەمو شتێکی تێدا ڕون کراوەتەوەو نزیکی کردویتەوە لە خۆی؟

ئەی باشە لە تۆ وایە تەورات چەند ساڵ پێش دروستبونی من نوسراوە؟

موسا فەرموی: چل ساڵ.

ئادەم فەرموی: ئەی ئەم بڕگەیەت نەبینیوە تیایدا کە دەفەرموێت: ((ئادەم سەرپێچی خوای کردو سەرگەردان بو))؟

فەرموی: بەڵێ تیایەتی.

ئادەم فەرموی: دەی باشە چۆن لۆمەم ئەکەی لەسەر کارێك کە چل ساڵ پێش دروست بونم لەسەرم نوسراوە کە بیکەم؟!..

پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی ئەم وتووێژە فەرموی: ئادەم توانی زاڵ بێت بەسەر موسادا..

چیرۆکی حەڤدەیەم

ئادەم لەسەر هەق بو

ئادەم پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) کاتێك لەگەڵ موسا پێغەمبەردا یەکتریان بینی ئیتر ئەم یەکتر بینینە لە (قدس) ڕووی دابێت کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شەوی معراجدا بەرنوێژی پێغەمبەرانی کردو هەمو لە دوای پێغەمبەرەوە نوێژیان کرد..

یان لە ئاسمان ڕۆحی پیرۆزیان گەیشتون بە یەكو ئەم دیدارە ڕوی دابێت..

گرنگ نیە لە کوێو کەی ڕوی داوە، گرنگ ئەوەیە فەرمودەکە صەحیحەو (مسلم) ڕیوایەتی کردوەو باوەڕمان وایە شتێکی ئاوا ڕوی داوەو پێغەمبەریش (ﷺ) لەبەر کۆمەڵێك حیکمەت بۆ هاوەڵانی گێڕاوەتەوە..

موسا (علیە السلام) دەڕوات بۆ لای باوکە ئادەم (علیە السلام)و سڵاوی لێ دەکاتو پێی دەڵێت:

سڵاوی خوات لێ بێت ئەی باوکی گەورەمان..و دەستی دەگرێتو تێر ماچی دەکات..

ئادەم: سڵاو لە کوڕی خۆشەویستم -پێغەمبەری (أولی العزم)- ئەو کەسەی کە ئازایانەو پاڵەوانانە بەرەو ڕوی مەرگ ڕۆیشتیتو چویتە کۆشکی فیرعەونو باوەڕی هەقو یەکتاپەرستیت دا بە گوێی ئەو طاغوتەدا..

موسا: باوکە گیان.. گەردنم ئازاد کە من بەرامبەر بە باوکی گەورەو بەڕێزم هەندێ بۆچون.. یان هەندێ گلەییم هەیە..

ئادەم: هەرچی بڵێن هەقی خۆتانە.. منو حەوا بە سوێندێکی شەیتان هەڵخەڵەتاین.. بەڵام ئایا لەو بارەیەوەیە؟

موسا: داوای لێبوردن دەکەمو بێ ئەدەبی نەبێت بەڵێ.

ئادەم: ئادەی بۆم باس بکە.. گوێم لێتە.. هەر تۆ نیت وا دەڵێیت؟

موسا: تۆ نەبویت خوای گەورە بە دەستی خۆی دروستی کردیت؟ یان لە ڕۆحی خۆی ڕۆحی کرد بە بەرتدا؟ یان هەمو فریشتەکانی بۆ تۆ سوژدە پێ نەبرد؟ ئەی ئایا بە ڕێزەوە

نەیبردیتە بەهەشتەکەیەوە؟ کەچی تۆ باوکی بەڕێزم بە هۆی سەرپێچیو هەڵەیەکەوە خۆتو هەمو خەڵکیت خستە سەر زەویو لە بەهەشت دەرکران؟

ئادەم: کوڕی خۆم.. ئەو کارە ڕوی داوە.. لە ئێوە زیاتر خەفەتبارمو ناڕەحەتم.. هەرچەندە خوای گەورە لێم خۆش بوە..

بەڵام دەستی منی تیا نەبو.. حیکمەتی خوایی لەوەدا بو کە بە هۆی ئەو کارەی منەوە ژیان هاتە سەر زەویو نەوەکانم خرانە ژێر تاقیکردنەوەی خواییەوە..

موسا: ئاخر بەهەشتمان لە دەست دەرچو کە بێ بەرامبەر بو.

ئادەم: کوڕم ئەوەش ویستی خوا بو کە هەمو دوای مردن بگەڕێینەوە ناو بەهەشت بەڵام هەمومان نا..

بەڵکو تەنها چاکەکارانو خوناسان دەبرێنەوە ناویو ڕۆڵە سەرکەشو خوانەناسەکانم بە داخەوە لەو بەهەشتە بەرینە دور دەخرێنەوەو لە ناو ئاگری دۆزەخدا دەسوتێنرێن.

موسا: کەواتە هەڵەی تۆی تیا نەبو؟

ئادەم: من پرسیارێکت لێ دەکەم.. ئایا تۆ خوای گەورە نەیکردی بە پێغەمبەری خۆیو (الواح)ی پێ نەدایت کە ڕونکردنەوەی هەمو شتێکی تێدایە؟. و لە خۆی نزیکی نەکردیتەوە؟ ئایا بە تۆ دەڵێم تەورات لە لایەن خواوە چەند ساڵ پێش دروست بونی من نوسراوە؟

موسا: (٤٠) ساڵ.

ئادەم: ئەی تیایدا نەهاتوە: ((وعصى آدم ربه فغوى)) واتە: ئادەم سەرپێچی خوای کردو سەرگەردان بو.

موسا: بەڵێ.

ئادەم: دەی ئیتر کەی ڕەوایە تۆ لۆمەی من بکەیت لەسەر کارێك کە خوای گەورە پێش چل ساڵ لە دروست کردنم نوسیویەتی لەسەرم؟ کەواتە ئەو مەسەلەیە نەخشە بو بۆ دروستبونی ژیانو ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی.

موسا: وەڵڵاهی ڕاستەکەی.. من داوای لێبوردن ئەکەم باوکە گیان.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم فەرمودەیە:

١ـ گفتوگۆکردنو وتووێژکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا شتێکی ئاساییەو سودی هەموانی تێدایەو بۆچونە دور لە یەکەکان لە یەکتری نزیك دەکاتەوەو لە یەك حاڵی بون دروست دەبێت.

٢ـ گفتوگۆکردنو وتووێژ ئەگەر کەرەستەی خۆی بۆ ئامادە بکرێت لەگەڵ هەمو کەسدا دەبێتو دەکرێت بەڵام سنوری ڕێزی تێدا پارێزراو بێتو گەورەو بچوك بمێنێت.

٣ـ گەورەو سەرکردەکان نابێ تێك بچن یان تورە ببن کاتێ ئاستەکانی خوار خۆیان بیانپێچنو ڕەخنەیان لێ بگرن بەڵکو دەبێت بە گیانێکی لێبوردانەو سنگێکی فراوانەوە (ئادەم) ئاسا بە شێوازی عیلمیو مێژویی مەسەلەکەیان تێ بگەیەنێتو قەناعەتیان پێ بکات..

٤ـ نابێت کەسانی ئاست نزم شەرم بیانگرێت لەبەردەم گەورەکانداو سەرنجو تێبینیەکانیان نەوێرن دەربڕنو هەر خۆیان بخۆنەوەو لە پشتەمله غەیبەتیان بکەن.

٥ـ ئەگەر ویستت ڕەخنە لە کەسێك بگریت لەسەر کارێکی یان وتەیەکی دەبێت سەرەتا چاکەو مەزنیو سەروەریەکانی باس بکەیتو پاشان ڕەخنەکەت پێشکەش بکەیتو ئەویش بە سنگی فراوانەوە لێت وەردەگرێتو وەڵامی دروستت دەداتەوە.

٦ـ ئەگەر بەرامبەرەکەت لەسەر هەق بو.. وتەکانی ئەو بەجێ تر بو لوتبەرزیو خۆبەزلزانی وات لێ نەکات ملەجیرە بکەیتو هەر خۆت بە ڕاست بزانیت..

ئەوە ئیمامی شافیعیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لە سەرەتای گفتوگۆکانماندا داوامان لە خوا دەکرد هەق لەسەر دەستی بەرامبەرەکەمان دەر بکەوێت تا ئاوی دەموچاویان نەتکێت.

القصة الثامنة عشر
كلمة خطرة

عن ضمضم بن جَوْس اليماني قال: دخلت مسجد رسول الله (ﷺ) في طلب صاحب لي، فإذا رجل، أدْعَجُ العين، براق الثنايا، فقال لي: يا يمامي، لا تقولن لأحد: والله لا يغفر الله لك، ولا يدخلك الجنة؟

قلت: من أنت يرحمك الله؟ قال: أنا أبو هريرة.

قلت: قد نهيتني عن شيء كنت أقوله إذا غضبت على أهل بيتي وحشمي.

قال: فلا تفعل، فإني سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ((كان رجلان من بني إسرائيل، كان أحدهما به زُهد والآخر عابدًا، فكان لا يزال يقول له: ألا تكفٌّ؟ ألا تُقصِر؟

فيقول: ما لك ولي، دعني وربي.

قال: فهجم عليه يومًا، فإذا هو على كبيرة، فقال: والله لا يغفر الله لك، والله لا يدخلك الله الجنة.

فبعث الله إليهما ملكًا فقبض أرواحهما، فلما قدم بهما على الله (عز وجل) قال للمذنب: ادخل الجنة برحمتي.

وقال للعابد: حظرتَ على عبدي رحمتي، أكنت قادرًا على ما تحت يدي؟ انطلقوا به إلى النار))

قال رسول الله (ﷺ): ((والذي نفسي بيده لقد تكلم بكلمة أوبقت دنياه وآخرته)).[1]

واتە: ضمضمی کوڕی جرسی یەمامی دەڵێت: چومە ناو مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هاوڕێیەکم دەگەڕام.. لە ناکاو چاوم کەوت بە پیاوێکی چاو گەورەی چاو ڕەش، کە دانەکانی زۆر سپیو جوان بو ڕوی تێ کردمو پێی وتم: ئەی برای یەمامی هەرگیز بە کەس نەڵێیت: وەڵڵاهی هەرگیز خوا لێت خۆش نابێتو نایشت خاتە بەهەشتەوە؟

---

١ حديث صحيح رواه احمد في (المسند)، (٨٢٧٥)، وقال الشيخ احمد شاكر: اسناده صحيح ورواه ابو داود والحاكم وقال الحافظ العراقي في تخريجه لأحاديث (الاحياء)، (٥١٥/٣) اسناده صحيح. لە کتێبی (صحيح قصص الرسول)، (٣٣٦/١) وەرم گرتوە.

وتم: تۆ کێیت؟ ڕەحمەتی خوات لێ بێت؟

وتی: من ئەبو هورەیرەم.

دەڵێت: وتم تۆ بەرگری هەندێ وتەم لێ دەکەیت کە لە کاتی تورە بوندا بە منداڵەکانمو خزمەتکارەکانمی دەڵێم..

وتی: ئیتر مەیڵێ، چونکە من لە پێغەمبەری خوام بیستوە (ﷺ) کە فەرمویەتی:

دو کەس هەبون لەناو بەنی ئیسرائیلدا، یەکێکیان خۆی بە کەشخەو گەورە دەزانی (یان لە ڕیوایەتی ئەبو داوددا هاتوە: کە یەکەمیان گوناهی دەکردو خۆی لە حەرام لا نەدەدا).

بەڵام کەسی دوەم عابیدو خواناس بو. (دیار بو زۆر دەینازی بە خواناسیو بەندایەتیەکەیدا)..

بەردەوام بە هاوڕێ گوناهبارەکەی دەوت: ئەرێ بەس نەبو گوناهکردن؟ ئەرێ ئیتر واز ناهێنی؟

هاوڕێکەشی دەیوت: ئەرێ تۆ هەقت چیە بە سەرمەوە؟ بۆ واز لە خۆمو خوای پەروەردگارم ناهێنی؟! دە بمدەرە دەستی ئەو.

دەڵێ: ڕۆژێکیان چو بە سەریدا.. دەبینێ خەریکی گوناهێکی گەورەیە.. هاواری کرد بەسەری داو وتی: (تۆ ئەمە کارت بێت) وەڵلاهی هەرگیز خوا لێت خۆش نابێت! و وەڵلاهی هەرگیز نایشتباتە بەهەشتەوە!!.

خوای گەورەیش فریشتەی گیان کێشانی ناردو گیانی هەردوکیانی کێشاو کە گەڕانەوە حزوری پەروەردگار بە باوەڕدارە گوناهبارەکەی فەرمو: بچۆرە بەهەشتەوە بە هۆی بەزەییمەوە.

بە خواپەرستەکەشی فەرمو: تۆیت بەزەیی من لە بەندەم قەدەغە دەکەیت؟ بۆ تۆ دەسەڵاتی شتێکت هەیە کە بە دەستی منەو بەس؟ دەی بیبەن بۆ ناو ئاگۆی دۆزەخ.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە وشەیەکی وای لە دەم دەرچو.. دنیاو ئاخیرەتی لە دەست دا.

چیرۆکی هەژدەیەم
وتەیەکی ترسناك

لەناو بەنی ئیسرائیلدا شتی زۆر سەیرو سەمەرە ڕویداوەو پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆی باس کردوین.. بۆ ئەوەی سود لە هەڵەکانیان وەربگرینو دوبارەی نەکەینەوە.

یەکێك لەوانە لەناو بەنی ئیسرائیلدا دو کەس هەبون.. برادەری یەکتر بون.. بەڵام ڕەوشتو هەڵسوکەوتیان زۆر پێچەوانەی یەکتر بو..

یەکەمیان مرۆڤێکی باوەڕدار بو بەڵام سەرپێچی خوای زۆر دەکردو هەمیشە لە گوناه خۆی نەدەپاراستو بەردەوام سەرخۆش بو..

بەڵام کەسی دوەم مرۆڤێکی باوەڕداری خواناس بو.. نزیکی گوناهو سەرپێچی خودا نەدەبویسەوەو بەردەوام خەریکی بەندایەتی بو.. بەڵام هەڵەی ئەم پیاوە ئەوە بو..

زۆر دەینازی بەم بەندایەتیو نوێژو ڕۆژوەی دا.. لەگەڵ هاوڕێ تاوانبارەکەیدا زۆر توند بو..

ڕۆژێك خەریکی خواناسی بو.. لە ناکاو هاوڕێکەی هات بۆ لایو سڵاوی لێ کرد..

عابد: وعلیك السلام.. بە خێر بێی، ئەوە چیە پێت.. قاپێ عارەقت پێ نیە؟! هەر خەریکی داوێن پیسیەکانت دەبیت!!

گوناهبار: دە واز بێنە لەو قسانە، من هاتوم سەردانت بکەمو بیرم کردیتەوە دو قسەی خۆش بکەین. کەچی تۆ هەمو جارێ مێشکم کون دەکەی بۆ وا دەکەیو بۆ وا ناکەی..

عابد: ئەگەر خەریکی ئەو کارە خراپو سوكو سەلیمانەی ئیتر سەرم لێ مەدە تۆ شایانی ئەوە نیت لەگەڵ مندا دانیشیو هاوڕێم بی. هێشتا بۆنی دەمت دێت!

عاصی: دەزانی تۆ زۆر بە خۆتا دەنازی؟! بۆ لە تۆ وایە خوا بەس خوای تۆیە؟ من نالێم تۆ لە من باشتر نیت، بەڵام بە گوناهێ دوان وام لێ نەهاتوە گڵاو بمو تۆ بێزم لێ بکەیتەوە..

عابد: تۆ ئەو ڕۆژە لە دزیدا نەگیرایت؟!

عاصی: با گیرامو دزیشم کرد..

عابد: دەی هەڵسە لاما.. بڕۆ دەی من هاوڕێ تۆم ناوێو هاوڕێی تۆ نیم.. من نەخەیتە ڕیزی خۆت.. من شەوو ڕۆژ نوێژەکەمو هەمیشە بە ڕۆژوم.. فەرقم ناکەیت لەگەڵ خۆت؟! بڕۆ نەتبینمەوە تا نەبیستم بوی بە پیاوو وازت لە ئارەق خواردنەوەو دزیو ڕەوشتی خراپ هێناوە نەیەی بە لامدا..

عاصی: من گوناهکەرم.. بەلام لە خۆم بایی نیمو کەس بە گلاو نازانم. بەڵێ خۆم بە تاوانبار دەزانم بەلام بەم حاڵەشمەوە هەر خوام خۆش دەوێتو بە تەمای ڕەحمی ئەو دەبم.

عابد: هەڵسە لاما.. ڕەحمی خوا هەواتنە نیە؟ بۆ هەمو کەس نیە؟!.

(گوناهکارەکە خواحافیزی لێ دەکاتو بە غەمباریەوە بەجێی دێڵێت).

ڕۆژێکیان بۆ کارێك پیاوە خواناسەکە بە کۆلانێکدا دەڕوات.. لە ناکاو چاوی بە هاوڕێ گوناهکارەکەی هەڵدەتەقێ.. دەبینێ سەرخۆشەو پاڵی داوەتەوە بە دیوارێکەوە..

عاصی: ئەمە تۆی هاوڕێ باوەڕدارو خواناسەکەم.. باش بو هاتی زۆر بیرم ئەکردی.. چۆنی؟ لەگەڵ نوێژو ڕۆژودا چۆنی؟

عابد: توخوا تۆ عەیب لە خۆت ناکەیت؟ ئەوە سەیری خۆت نەکردوە هەی سەرخۆشی پیس.. بۆ واز لەم کارە ناشیرینانە ناهێنی؟ بیرێ بکەرەوە ڕێی خوا بگرەبەر..

عاصی: من ڕێی خوام ون نەکردوە هاوڕێ! من هەرەوەیە حەز دەکەم وەك تۆ خاوێنو بێگوناه بم بەلام ناتوانم زاڵ بم بەسەر دەرونی خۆمدا.. چی بکەم؟

عابد: وەك من خاوێن بێ!؟ بە خوا جوانە من سی ساڵە خواناسی ئەکەم کەچی تۆیەکی سەرسەری دەتوانی وەك منت لێ بێت.. جوانە! سەیرە!

عاصی: ئەی کێ دەڵێت وام لێ نایەت؟ ڕەحمی خوا زۆر فراوانە، بەهەشتیش ئەوەندەی ئەرزو ئاسمان پانو بەرینە تۆ بڵێی (انشاء الله) جێی منیشی تێدا نەبێتەوە؟

عابد: دەی گوێ بگرە، وەڵلاهی ئەم جارەش وەڵلاهی خوا هەرگیز لێت خۆش نابێت، خۆ لێخۆشبون هەروا هەوانتە نیە، گیانە..

عاصی: سوێند مەخۆ، بۆ خاتری خوا خۆ تۆ وەکیلی خوا نیت لەسەر زەوی‌و تەنانەت پێغەمبەریش (ﷺ) ئەم قسەیەی تۆی نەکردوە.. شتی وا مەڵێ؟!

عابد: ئێ من دڵنیام لەوە، خۆ ڕۆژ لە بنەڕۆژەوە دیارە، ئاکامی منی خواناس‌و ڕەوشت جوان بۆ بەهەشت دەڕۆم‌و تۆیەکی گوناهکاری سەرسەری وەڵلاهی بەهەشت بە دو چاو نابینی! تێگەیشتی؟

عاصی: کاکە تۆ چی دەڵێی؟ بۆ کلیلی بەهەشت بە دەستی تۆیە؟ وا سوێند دەخۆی؟

عابد: نەخێر بە دەست من نیە، بەڵام کلیلی بەهەشت کردەوەی چاکەیەو تۆ نیتە.

عاصی: ئیتر ئەوە حسێب ناکەیت کە خۆم بە بڕوادار دەزانم‌و باوەڕم بە خواو پێغەمبەران‌و ڕۆژی دوایی‌و زیندوبونەوە هەیە؟

عابد (بە لاقرتێوە): چوء.. چوء، ئەوە بەس نیە..

(خوای گەورە بەم وتووێژە ئاگادار بو.. زۆر تورەو نیگەران بو لەو هەمو سوێندە نادروستانە بۆیە فەرمانی دا بە فریشتەی مردن کە هەر ئێستا گیانی ئەو دوانەم بۆ بکێشە..

کاتێك مردن‌و گەڕانەوە بەر دەستی پەروەردگار.. هەردوکیانی وەستاندو بەو کەسەی کە گوناهبار بو، هەمیشە لەناو خراپەو تاواندا ژیانی بەسەر بردبو پێی فەرمو:

تۆ بڕۆ ناو بەهەشتی هەتاهەتاییمەوەو بە ڕەحمی خۆم لێت خۆش بوم.

پاشان بە کەسە چاکەکارە خواناسەکەی فەرمو:

ئایا تۆ ڕەحمەت‌و بەزەیی من لە بەندەکەم قەدەغە دەکەیت؟ بۆچی تۆ وا دەزانی دەسەڵاتی ئەوەت هەیە کە ڕەحم لە خەڵکی بگریتەوە لە کاتێکدا ئەوە تەنها بە دەستی منەو بەس؟

دەی مادام ئەوەندە لەخۆبایی‌و لەخۆی ڕازی بوە بیبەن بۆ ناو ئاگری دۆزەخ..

پەندو ئامۆژگاری ئەم چیرۆکە:

١ـ دروستە بڕۆیتە ناو مزگەوتەوە بۆ کارێکی تریش جگە لە نوێژکردنو ذیکرو قورئان خوێندن.. وەك هەندێ لە فەرمودەکانەوە بە هەڵە حاڵی بون، بەڵکو بۆ چارەسەری مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانی وەك: سوڵحو هاوسەرگیریو.. هتد.. بە مەرجێ حورمەتی مزگەوت پارێزراو بێت.

نابینی ئەو پیاوە چوەتە مزگەوتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ کاری گەڕان بە دوای هاوڕێکەیدا؟

٢ـ دروستە لەناو قسەگێڕانەوەدا وەسفی ڕوخساری ئەو کەسە بکەیت کە باسی دەکەیت بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانو بە گەورە ڕاگرتنی ئەو کەسە.

٣ـ دروستەو شتێکی جوانە کە خەڵکی بە ناوی شارەکەی یان دێکەی یان هۆزەکەیەوە بانگ بکەیت، وەك هاوەڵی زانای پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەبو هورەیرە بە (زەمزەمی) وت ئەی (یەمانی) کە پیاوێکی خەڵکی یەمامە بو.

٤ـ ئەگەر کەسێکی خراپو خوێنڕێژ یان بێباوەڕ خەڵکی هۆزێك بو.. نابێ ڕق لە ناوی ئەو هۆزە هەڵبگریتو ناوی نەهێنی..

نابینی (یەمامە) هۆزەکەی موسەیلەمەی درۆزن بو بەڵام ئەبو هورەیرە بە (برای یەمامی) ئەو پیاوەی بانگ کرد.

٥ـ دەبێت مرۆڤ هەمو کاتەکانی ژیان بە هەل بزانێتو لە هەر کوێدا بە هەر کەسێك گەیشت.. قسەی خێری بۆ بکات.. فەرمودەی پێغەمبەر بدات بە گوێیداو لە وتەو مەسەلە ترسناکەکان ئاگاداری بکاتەوەو خەڵکی لە ئاینی پاکی ئیسلام ڕۆشنبیر بکاتەوە.

نابینی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) بە هەلی زانی کەسێك بۆ کارێکی یەك خولەکی هاتبوە مزگەوت کەچی بانگی کردو لە شتێکی زۆر ترسناك ئاگاداری کردەوە.

٦ـ ئەگەر كەسێك سودێكی پێ گەیاندیت یان وتەیەكی خێری پێ وتیت دیارە دۆستو دڵسۆزی تۆیە، بۆیە جوان وایە بیناسیتو لەناوەكەی بپرسیتو لەو ساتە بەدوا خۆشت بوێتو پەیوەندی پێوە مەبچڕە.

نابینی چۆن ئەو پیاوە پرسیاری ناوی (ئەبو هورەیرە)ی كرد.

٧ـ ئەگەر كەسێك فەرمودەیەكی باس كرد یان ئاگاداری كردیت لە وتەیەكی گەورەی قەدەغە خێرا لە ناوەكەی بپرسە، تا بزانیت كێیە؟ و ئایا شایانی ئەوەیە ڕۆڵی مامۆستایەتی ببینێ ئەو پیاوەی پرسیاری كردو كاتێ زانی یەكێك لە هاوەڵە مەزنەكانی پێغەمبەرە (ﷺ) ئیتر گوێی بۆ گرت.

٨ـ ئەگەر لاوازیەك یان ناتەواویەك یان هەڵسوكەوتێكی ناشایستەت تێدابو مەیشارەوەو لە لای مامۆستاو دڵسۆزانی ئیسلام باسی بكە تا چارەسەرت بۆ دۆزنەوەو خۆت بەبێ عەیب مەزانە.

نابینی (ضمضم) چۆن بە خۆی وت بە خوا من ئەو وتەیە زۆر بەكاردێنم لەگەڵ ماڵو منداڵەكەمدا.

٩ـ ئەگەر بە تەمای خەڵكانی چواردەورت بگۆڕیتو بەرەو ڕاستیو ڕەوشتی جوان بیانهێنیتەوە با بە نمونەو بەسەرهاتی گەلانی پێشو قسەكانت بەهێزتر بكەو زیاتر گوێت بۆ دەگرنو زۆرتر لێت حاڵی دەبن.

١٠ـئەگەر خوای گەورە چاكەی بۆ كردیتو كەوتبویتە سەر ڕێگای خواناسیو بەندایەتیو نوێژەكانت هەمویان بە كۆمەڵ ئەنجامت دەداو ڕۆژوی سوننەتت دەگرتو شەونوێژت دەكرد..

ئیتر خۆت بە خەڵكی بەهەشت نەزانیتو لە خۆت بایی نەبیت ئەوە هاوەڵانە (خوایان لێ ڕازی بێت) دەڵێن: بەس بزانم خوا سوژدەیەكی لێ وەرگرتوم لە هەمو دنیا زیاتر پێم خۆشترە.

ئەوەتا ئەو کەسەی کە عابدو چاکەکار بو لەبەر ئەوەی لە خۆی بایی بوبو خوا لێی وەرنەگرتو خستیە ناو ئاگرەوە.

١١- هەرگیز ڕقت لەو کەسانە نەبێت کە لە ناو گوناهو خراپەدا گوزەراونو هەرگیز بێ هیوایان مەکەنو بە دور لە خواو بێباوەڕ مەیاندەرە قەڵەم چونکە لەوانەیە لە دڵەوە لە تۆ زیاتر خوای خۆش بوێت..

حەسەنی بەسری ئاوا سەیری سەرخۆشەکەی کرد کاتێ کە سەرخۆشێك هاتە ڕێگەیو باوەشی پێدا کردو تێر تێر حەسەنی بەسری ماچ کرد.. ئەویش فەرموی: کێ دەڵێ ئەم سەرخۆشە لەبەر ئەم دڵە پڕ لە باوەڕەی ناچێتە بەهەشتو حەسەنیش هیچی لێ وەرنەگیرابێت.[1]

١٢- هەرگیز لە ژیانتدا نزیکی ئەو کارانە نەبیتەوە کە پەیوەندی بە تۆوە نیەو بە تایبەت ئەگەر کەسێکی سەروی خۆت بو یان بەرپرسو گەورەت بو.. نابینی ئەو پیاوە مافی ئەوەی نەبو بە ناوی ڕەحمو لێخۆشبونو بەهەشتەوە قسە بکات..

١٢- ئاگاداری زمانت بە لەوانەیە یەك وتەی جوان خۆی بدات لە چەند ساڵێك خواناسیو یەك وتەی خراپیش خۆی بدات لە چەند ساڵێك کردەوەی ناشیرین: ﴿وَتَحْسَبُونَهُۥ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٌ﴾[2].

---

١ بگە بە کاروانی صالحان، نوسەر.

٢ سورەتی (النور: ١٥).

القصة التاسع عشر

الكلب العطشان

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: أن رسول الله (ﷺ) قال: ((بيناً رجل يَمْشي فاشتد عليه العطش، فنزل بئرا، فشرب منها.

ثم خرج فإذا هو بكلب يلهث، يأكل الثرى من العطش،[1] فقال: لقد بلغ هذا مثل الذي بلغ بي، فملأ خُفّه ثم أمسكه بفيه، ثم رقي فسقى الكلب، فشكر الله له فغفر له)).

قالوا: يا رسول الله، وإن لنا في البهائم أجرا؟

قال: ((في كل كبد رطبة أجر)).[2]

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: جارێك پیاوێك بە ڕێگایەكدا دەڕۆیشتو لە ڕێگا زۆر تینوی بو، بیرێكی پێگەیشتو چوە خوارەوەو تێر ئاوی خواردەوە.

پاشان هاتە دەرەوەو بینی وا سەگێك لە پاڵ بیرەكەدا هەناسەبڕكەیەتیو خۆڵ دەخوات لە تینواندا.

ئەمیش بە خۆی وت: وا دیارە من چیم بەسەر هاتوە لە تینوێتی بەسەر ئەم سەگەش هاتوەو (وەك من تینویەتی).

پاشان چوە خوارەوە بۆ بیرەكەو پێڵاوەكەی پڕ كرد لە ئاو بە دان گرتیو بە دەستەكانی هاتە سەرەوەو خستیە بەردەمی سەگەكەو تێر ئاوی خواردەوەو خوایش لەسەر ئەو كارەی سوپاسی كردو لێی خۆش بو.

هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی لە ئاودانو نان دان بە گیانلەبەران پاداشتی لەسەرە؟

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: لە هەمو زیندەوەرێكدا ئەجرو پاداشت هەیە.

---

١ رواه البخاري (٢٣٦٣) ومسلم (٢٢٤٤).

٢ لە ڕیوایەتی مسلم (٢٢٤٥)دا دەفەرموێت: ((رأيت كلباً في يوم حار يطيق ببئر، قد ادلع لسانه من العطش)).

چیرۆکی نۆزدەیەم

سەگێکی تینو

بیابانێکی گەرمو وشکو بێ ئاو.. پیاوێکی باوەڕداری خواناس بۆ گەشتێك لە ماڵ دەرچو.. ڕێگەی ئەو بیابانەی گرتەبەر..

پاش تێپەڕبونی ماوەیەکی زۆر (تینوی بو) دەستی برد بۆ زەمزەکەیو بردی بۆ دەمیو قومێکی لێداو وتی:

+ بە ڕاستی لەم بیابانەدا.. هەمو سامانی دنیا هی تۆ بێت.. قومێك ئاو ناهێنێت، قومێکی تری خواردەوە وتی: ئای پەروەردگارم ئاو چەند خۆشە.. سوپاس لەسەر بەخشینی ئاو.. خۆزگەم بەوە نەبێت لە بیاباندا پێ بگیرێتو ئاوی لێ ببڕێت.. زەمزەمەکەم ئاوی تیا نەما..

قەیناکا لەودیوەوە کانیاوو بیری لێیە پڕی دەکەمەوە.. با بڕۆم تا شەوم لێ نەهاتوە.. یاللە.

پیاوەکە ماندوو شەکەتەو لە دورەوە دیارە وا دەڕوات.. هەنگاوەکانی تێك چوەو قاچەکانی لەگەڵی نایەن..

پیاوەکە سەیرێکی ئەملاولای خۆی کردو پاشان وتی: باشە خۆ من لێرەوە تێپەڕیومو جاران بیرێکی لێ بو..

+ ئادەی با کەمێك ئاو بخۆمەوە.. زەمزەمەکەی برد بۆ دەمی قەترەیەك ئاوی تێدا مابو.. خواردیەوە تا دەستی بگرێت زەمزەمەکەی فڕێداو هەستاو ڕۆی..

چاوی دەگێڕا ئاسەواری بیر لە هیچ کوێدا نەبو.. وردەوردە ورەی نەماو هێزی ئەژنۆی شکاو تینوێتی زۆری بۆ هێنا.

بە دەم ڕۆشتنەوە دەیوت: ئای پەروەردگارم ئەوەی لێی دەترسام بەسەر خۆم هات.. قوڕگم وشك بو.. هێزم تیا نەما..

ماوەیەکی تر ڕۆیشتو پاشان کەوتو پاڵی دا بە بەردێکەوە.. تواناى جوڵەی نەما..

داوای کرد لە خواو وتی: خوایە بگەرە فریام ئەی فریادڕەس.. لەم بیابانەدا لە تینواندا نەمرم.. گەروم وشك بو پەروەردگار.. بگە فریام (یا مغیث اغثني.. یا مغیث اغثني)..

لە دورەوە چاوی کەوت بە بیرێك.. لە خۆشیاندا بەرەو ڕوی ڕای کردو لە ڕێگا دەکەوتو هەڵدەسایەوە تا سەرەنجام گەیشتە بەردەمی بیرەکەو ماچی دارو بەردی بیرەکەی دەکردو پێدەکەنی..

سەیرێکی ناو بیرەکەی کرد دەبینێت بریقەی ئاو دای لە چاوەکانیو دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمانو سوپاسی پەروەردگاری جیهانی کرد..

پاش کەمێك حەوانەوە هەستاو چوە خوارەوە بۆ ناو بیرەکەو لەوێ تێرو پڕ ئاوی خواردەوەو هەناسەیەکی خۆشی هەڵمژیو سوپاسی پەروەردگاری کردو پاشان دەستی گرت بەم بەرو ئەو بەری بیرەکەوەو هاتە سەرەوە..

کاتێك هاتە سەرەوە.. دەبینێت سەگێك نوزەنوزیەتی لە تینوانداو ئەوەندە تینویەتی زمانی وشك بوەو خەریکی خۆڵ خواردنە لە تینواندا..

سەیرێکی کردو وتی: ئای خوایە، هەرچی سەیر دەکەم.. چی بەسەر من هاتوە بەسەر ئەم سەگە بەستەزمانەشدا هاتوە.. ئێستا دەزانم ئەو داماوە لە چ حاڵێکدایە..

بە خوا وا باشە بچمە ناو بیرەکەو پێڵاوەکەم پڕ بکەم لە ئاو بۆی بێنمە سەرەوەو تێر ئاوی بکەم.. بەستەزمانە. هیچ چارەیەکی نیەو ئەگەر ئاوی نەدەمێ لە تینواندا دەمرێت.

دوبارە چوە ناو بیرەکەو تاکی پێڵاوەکەی پڕ کرد لە ئاو گرتی بە دەمیەوەو بە دەستەکانی هاتە سەرەوەو لەبەردەمی سەگەکەدا دایناو ئەویش پەلاماری داو تێرتێر ئاوی خواردەوە..

دەستی کرد بە کلکە لەقەو بە دەوری پیاوەکەدا دەهات وەك ئەوەی بڵێ ئەگەر زمانی قسەم هەبوایە.. تێرتێر سوپاسم دەکردی..

پیاوەکە سەیرێکی کردو وتی: تێ دەگەم بەستەزمان منیش وەك تۆ بوم پێویست بە سوپاس ناکات. هەردوکمان سوپاسی خوا دەکەین ئەم بیرەی پێ نیشان داین.

خوای گەورەیش بەو دیمەنە پڕ لە سۆزو میهرەبانییەی ئەو پیاوە زۆر خۆشحاڵ بو سوپاسی کردو لە پاداشتیدا لێی خۆش بو..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ مرۆڤ لە ژیاندا توشی ناڕەحەتی‌و نەهامەتی دەبێت بۆیە دەبێ زۆر خۆگر بێت‌و بێ هیوا نەبێت‌و بەردەوام لە گەڕاندا بێت‌و خوایش لە بیری ناکات‌و فریای دەکەوێت.

٢ـ مرۆڤ ئەگەر کەسێکی هەژارو نەداری بینی، یەکسەر بەزەیی پێدا بێتەوەو بڵێ منیش کاتی خۆی ئاوا بوم‌و دەزانم حاڵی چەند ناخۆشەو دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکات.

٣ـ بەزەیی هاتنەوە بە گیانداراندا یەکێکە لە سیمای جوانی بەرنامەی ئیسلام‌و هانی شوێنکەوتوانی دەدات تا وەك دوژمن سەیریان نەکەن بەڵکو بە گیانێکی پڕ لە بەزەییەوە بۆیان بڕوانن‌و پێیان پێدا نەنێن‌و هێلانەیان تێك نەدەن‌و نەیاننێنەوە بە نیشانەو هەوڵی کوشتنیان نەدەن مەگەر زیانبەخش‌و زیانەخۆرەکان نەبێت کە شەریعەتی پڕ لە دادی ئیسلام ڕێگای کوشتنی داون.

٤ـ دەبێ مرۆڤی موسڵمان ترسنۆك‌و شل‌و شێواو نەبێت بەڵکو دەبێ کەسێکی ڕۆح سوك‌و گورج‌و گۆڵ‌و وەرز شەوان بێت.. وەك ئەو پیاوەی کە ئازایانە خۆی شۆڕکردەوە بۆ بیرێك لە بیاباندا کە لەوانەیە لە (٥٠) مەتر زیاتر بوبێت چونکە لەوێ ئاو زۆر لە خوارەوەیە.

٥ـ ئەگەر هاتو کەسێك یارمەتی هەژارێك یان لێقەوماوێك یان ئاژەڵێکی دا لە لاتدا تۆ زۆر خۆشحاڵ بەو دەستخۆشی لێ بکەو پاداشتیشی بەرەوە ئەگەر پێت کرا.

٦ـ دیارە بەزەیی هاتنەوە بە گیانداراندا‌و خۆشویستنیان‌و ئازارنەدانیان‌و ئاوو خۆراك پێدانیان.. شتێکی زۆر تازە بو ئیسلام هێنای‌و لەوەوبەر هەر کەس چۆنی بویستایە لە گیاندارانیان دەکوشت‌و دەیاننانەوە بە نیشانە، یاسایەك نەبو مافی ئاژەڵ دەستەبەر بکات.

بەم کارە ئیسلام لە پێش ئەوروپاوە بە چواردە سەدە مافی ئاژەڵی دەستەبەر کردو هەڕەشەی گەورەی لەو کەسانە کردوە کە ئازاری گیانداران دەدەن.

ئەمەش بە پرسیاری هاوەڵاندا بۆمان دەردەکەوێت کە پرسیاریان کرد کە ئایا پاداشتمان هەیە لەسەر ئاژەڵان ! ؟..

القصة العشرون
القاتل الجنيُّ

عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) أن النبي (ﷺ) قال: كان فيمن كان قبلكم رجل قتل تسعة وتسعين نفسا. فسأل عن أعلم أهل الأرض فدل على راهب فأتاه فقال: إنه قتل تسعة وتسعين نفسا. فهل له من توبة؟

فقال: لا. فقتله. فكمل به مائة. ثم سأل عن أعلم أهل الأرض فدل على رجل عالم.

فقال: إنه قتل مائة نفس. فهل له من توبة؟

فقال: نعم. ومن يحول بينه وبين التوبة؟

انطلق إلى أرض كذا وكذا. فإن بها أناسا يعبدون الله فاعبد الله معهم. ولا ترجع إلى أرضك فإنها أرض سوء.

فانطلق حتى إذا نصف الطريق أتاه الموت. فاختصمت فيه ملائكة الرحمة وملائكة العذاب.

فقالت ملائكة الرحمة: جاء تائباً مقبلاً بقلبه إلى الله. وقالت ملائكة العذاب: إنه لم يعمل خيرا قط.

فأتاه ملك في صورة آدمي. فجعلوه بينهم. فقال: قيسوا ما بين الأرضين. فإلى أيتهما كان أدنى، فهو له. فقاسوه فوجدوه أدنى إلى الأرض التي أراد. فقبضته ملائكة الرحمة)).[1]

واتە: ئەبو سەعیدی الخدری (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) کە فەرمویەتی: لە سەردەمەکانی پێش ئێوە پیاوێك هەبو..

(٩٩) کەسی کوشتبو.. پاشان پرسیاری زاناترین کەسی سەر زەوی کردو لە وەڵامدا (راهب)ێکیان پێ پیشانداو چو بۆ لای.

پێی وت: کە (٩٩) کەسی کوشتوە ئایا بۆی هەیە تەوبە بکات؟

---

١ رواه مسلم (٢٧٦٦).

ڕاهبەکەش وتی: نەخێر.. ئەویش (لە داخا) ئەو ڕاهیبەی کوشتو کردی بە (١٠٠) کەس..

پاشان دوبارە پرسیاری کردەوە دەربارەی زاناترین کەسی سەر زەوی‌و خەڵکەکەش زانایەکیان پێ پیشانداو (چو بۆ لای)و پێی وت: کە سەد کەسی کوشتوە ئایا بۆی هەیە تەوبە بکات؟

زاناکەش وتی: بەڵێ، جا کێ ڕێی تەوبەکردن دەگرێت؟ بەڵام (ئێرە بەجێ بێڵە)و بڕۆ بۆ فلان ناوچە کە خەڵکانێکی لێیە خوای گەورە دەپەرستن، و تۆش لەگەڵ ئەواندا هواناسی بکە، و جارێکی تر مەگەڕێرەوە بۆ ناوچەکەی خۆت چونکە زەویەکی خراپەکاریە.

ئەویش (بەگوێی کرد)و بەرەو ئەو ناوچەیە کەوتەڕێ‌و لە ڕێگا گیانی سپارد.

فریشتەی چاکەنوس‌و فریشتەی خراپەنوس ناکۆکی کەوتە نێوانیان، فریشتەی چاکە وتی: تەوبەی کردوەو بەرەو خوا گەڕاوەتەوە.

بەڵام فریشتەی گوناهنوس وتی: تەنها چاکەیەك چیە نەیکردوە لە ژیانیدا.

فریشتەیەك لە شێوەی ئادەمیەکدا هاتە نێوانیان‌و ئەوانیش کردیان بە ناوبژیوان.

ئەویش وتی: ئەو دو ماوەیە بپێون بزان ئەو ڕێگەیەی لێ هاتوە نزیکترە یان ئەو ڕێگایەی کە بۆی دەڕوات، ئەوانیش پێوانەیان کردو دەبینن لەو ناوچەیە نزیکترە کە بۆی دەڕوات (یەك بست).

فریشتەی چاکەنوس حسابی بۆ کرد.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە:

١ـ دور نیە خراپترین کەس، کە پیاوکوشتن‌و دزی‌و تاوانی تریش نەمابێ نەیکات، لە پڕ بیربکاتەوەو سنورێ بۆ خراپەکانی دابنێ خوای بکەوێتەوە بیرو بڵێ ماڵم کاول بوە چیم بە خۆم کردوەو تەوبەیەکی پاك‌و جوان بکات.

٢ـ هەر کەسێ لەناو تاوان‌و گوناهدا گەوزابو، شایانی بەزەیی پیاهاتنەوەیە نەك زەمکردنی‌و سڵاوی لێ نەکردنی‌و سەردانی نەکردنی‌و ڕق لێ هەلگرتنی..

چونکە لەوانەیە وەك ئەو پیاوەی (١٠٠) کەسەکەی کوشتەوە لە ناکایەکدا دەست هەلگرێ لە تاوان‌و لەگەڵ خوای خۆیدا ئاشت بێتەوە.

٣ـ هەمیشە کۆمەلگە زاهیر بینەو تاقەتی ئەوەی نیە بچێتە بنج‌و بناوانی مەسەلەکان‌و بە دوای ڕاستیەکاندا بگەڕێت‌و زۆر جار هەندێ کەس بە زاناو ئەولیا تێ دەگات کاتێك دەبینێت عەمامەیەکی گەورەی لەسەر دایەو کتێبێکی گەورەی لە بن دەستدایەو دەبینن خواناسی‌و پەرستش دەکات.

ئیتر ئەو کەسە بە زاناترین کەسی سەردەم دەدەنە قەڵەم‌و دەیانناسێنن بە نەموسڵمانان‌و تازە گەڕاوەکان‌و تەوبەکاران.. نازانن کە لەوانەیە بەبێ زانست‌و زانیاری فەتوای شازو بێ بەڵگە ڕەئیان بۆ بدەن‌و ماڵ کاولیان بکەن.

٤ـ لە تاوانبارو سەرپێچیکاران بترسەو خۆتیان لێ بپارێزە با بۆ تەوبەکردن‌و وازهێنان هاتبن بۆ لات، چونکە بە نیازن خۆیان چاك بکەن‌و هێشتا پاك نەبونەتەوە سیقەیان پێ مەکەو خۆت‌و نهێنی کارەکان مەخەرە دەستی.. با وەك موفتی یەکەمت لێ نەیات.

٥ـ دەبێت مرۆڤ کە لە شوێن‌و لە لای کەسێك ئاوات‌و داواکاریەکانی نەهاتە دی هەوڵ بدات لە لای یەکێکی ترو لایەنێکی دی نیازەکانی بهێنێتەدی.

نابینی ئەم پیاوە تاوانبارە چونکە ڕاست دەکات کۆڵی نەدا زانایەکی تری دۆزیەوە.

٦- هەرچیەکت کردوە هیواو ئەمەل دروست بکە بۆ خەڵکانی دەوروبەرتو هانیان بدە بەرەو پێشەوە برۆنو سارد نەبنەوە نەکەی وەك مفتی یەکەم کە (عابدێکی جاهل) بو لە ڕوی شەرعیەوە بۆیە بە جۆرێك ئەمەلی لە تاوانبارەدا کوشت کە وتی ئەگەر لێم خۆش نەبێت دەیکەم بە سەد.

٧- نەخشەی کار دیاری بکە بۆ چواردەورەکەتو بە دو وشە پاڵی پێوە مەنێو بڵێی: بەڵێ تەوبەت بۆ هەیەو بەس، بەڵکو خۆیشت دەرسی بۆ دابنێو یان بینێرە دەستی کەسانی شارەزاو متمانەدار تا لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام جوانتر ئاشنای بکەن یان بینێرە بۆ ناو کەشوهەوایەکی پڕ لە باوەڕو موسڵمانەتی.

٨- زۆر گرنگە بۆ بانگخوازو مامۆستاکان کە پەروەردەی خەڵکی دەکەن، هەوڵ بدەن ئەو تازە هاتوانە لەو بیئەو کەشوهەوایەی پێشو بیانپچڕێننو هاوڕێی تازەو بیئەی تازەیان بۆ برەخسێنن.

٩- زۆر گرنگە مرۆڤ لە ژیاندا بیەوێت هەڵکەوێتو ناو دەر بکاتو ببێتە کەسێکی ڕیزی پێشەوە دەبێت دور بکەوێتەوە لە زێدەکەی خۆیو بچێتە ناوچەیەکی تر..

چونکە خەڵکی زێدەکەی بە پێی پێویست ڕێزی ناگرنو سودی لێ وەرناگرنو شەرمی لێ ناکەنو پرسی پێ ناکەنو هەر بە منداڵەکەی سالآنی زو دێتە بەر چاویانو گرنگی پێ نادەن.

١٠- زۆر ئاساییە لە ژیاندا دەیان ناکۆکیو عاجزیو ڕای جیاواز بکەوێتەوە نێوان تۆو هاوکارەکانی چواردەورت بەلآم مەرج ئەوەیە ئەوەندە یەکترتان خۆش بوێت کە نەبێتە ڕقەبەرایەتیو پاشقولدان لە یەکتری، بەڵکو خێرا بگەنە ئەنجامێکی جوانو بە ناوبژیوانی ڕازی ببەو لە قسەکانی لا مەدە چونکە دەیەوێت بۆچونەکانتان بگەیەنێتەوە یەك.

١١- خۆ فریشتەی چاکە دەیزانی بەشی ئەوە چونکە کەسێکی تەوبەکارو پەشیمانەو وازی لە هەمو خراپەیەك هێناوە.. بەلآم لەبەر دڵی هاوڕێکەی کە زویر نەبێت لێی.. وتی: با حەکەمێك بگرین بزانین بۆ کاممان دەبێت!

القصة الحادية والعشرون

رسالة من خَشَبْ

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((إنّ رجلا من بني إسرائيل، سأل بعضهم بني إسرائيل أن يسلفه ألف دينار، فقال: ائتني بالشهداء أشهدهم.

فقال: كفى بالله شهيدا، قال فأئتني بالكفيل، قال: كفى بالله كفيلا، قال: صدقت.

فدفعها إليه إلى أجل مسمى، فخرج في البحر فقضى حاجته ثم التمس مركبا يركبها يقدم عليه للأجل الذي أجله، فلم يجد مركبا، فأخذ خشبة فنقرها، فأدخل فيها ألف دينار وصحيفة منه إلى صاحبه، ثم زجج موضعها، ثم أتى بها إلى البحر.

فقال: اللهم إنك تعلم أني تسلفت فلاناً ألف دينار، فسألني كفيلا فقلت: كفى بالله كفيلا، فرضي بك، وسألني شهيدا فقلت: كفى بالله شهيدا، فرضي بك.

وأني جهدت أن أجد مركبا أبعث إليه الذي له فلم أجد، وإني أستودعكها، فرمى بها في البحر حتى ولجت فيه، ثم انصرف.

وهو في ذلك يلتمس مركبا يخرج إلى بلده، فخرج الرجل الذي أسلفه، ينظر لعل مركبا قد جاء بماله، فإذا بالخشبة التي فيها المال، فأخذها لأهله حطبا، فلما نشرها وجد المال والصحيفة، ثم قدم الذي كان أسلفه.

فأتى بالألف دينار، فقال: والله ما زلت جاهدا في طلب مركب لآتيك بمالك، فما وجدت مركبا قبل الذي أتيت فيه.

قال: هل كنت بعثت إلي بشيء؟ قال: أخبرك أني لم أجد مركبا قبل الذي جئت فيه.

قال: فإن الله قد أدى عنك الذي بعثت في الخشبة، فانصرف بالألف دينار راشدا)).[١]

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: پیاوێك لەناو بەنی ئیسرائیلدا، داوای هەندێ پارەی قەرزی کرد لە هەندێ لە بەنی ئیسرائیلیەکان..

---

١ رواه البخاري (٢٢٩١)، صحيح قصص الرسول (٦٤/١).

ئەویش وتی: شایەت بێنە تا بیانکەم بە شایەت؟ پیاوەکەش وتی: خوای گەورە بەسە بیکەم بە شایەت، پاشان وتی: دەی کەفیلێك بێنە تا بچێتە ژێر باری ئەو قەرزەوە؟ وتی: خوای گەورە بەسە بیکەم بە کەفیل، ئەویش وتی: دەی ئەوا قەبوڵم کرد.

کابرا پارەکەی پێدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، گەشتێکی دەریایی پێ کرد پارەیەکی باشی قازانج کرد.

پاشان چو بۆ کەنار دەریا تا بەلەمێك یان کەشتیەك ببێت‌و پێی بڕوات بۆ ئەوبەرەوەو پارەی قەرزەکە بەرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام زۆر وەستاو بەلەمی لێ نەبو..

هەروا مایەوەو تا بیری لە دارێکی گەورە کردەوەو ناوەکەی هەڵکۆڵی‌و هەزار دینارەکەی تێکرد لەگەڵ نامەیەکداو پاشان کونی دارەکەی جوان داخستەوەو دای بە دەم ئاوەکەوە.

وتی: ئەی خوای پەروەردگارم تۆ ئاگاداری منی هەزار دینارەکەم لە فلان کەس قەرز کردو داوای کەفیلی لێ کردم، وە بە کەفیلی تۆ ڕازی بو، پاشان داوای شایەتی لێ کردم‌و وتم: خوا بەس نیە بە شایەت؟ وتی: بەڵێ ڕازیم خوا شایەت بێت.

وە من زۆرم هەوڵ دا تا بەلەمێك پەیدا بکەم‌و پارەکەی بۆ بەرمەوە بەڵام دەستم نەکەوت، دەی من ئەیدەمە دەستی تۆ، و ئەمەی وت‌و دارەکەی دا بە ئاوەکەدا وەستا هەتا لە چاو ون بو ئینجا گەڕایەوە بۆ ماڵ.

هەر دوای ئەوەش چاوەچاوی ئەوەی بو کە کەی بەلەمێکی دەست بکەوێت‌و پارەکەی بۆ بەرێت..

ئەو پیاوەی تریش کە قەرزەکەی پێ دابو.. لەبەر خاتری سۆراغ کردنی کابراو بەڵکو لە کەناری دەریا ببینێت‌و پارەکەی پێ بداتەوە..

زۆر چاوەڕوانی کرد بەڵام کابرا دیار نەبو.. بەڵێنەکەی نەبردە سەر، بەڵام چاوی بە دارێکی ئەستور کەوت.. هاتە بەردەمی‌و ئەویش هەڵی گرت‌و بردیەوە بۆ خێزانی تا بەکاری بێنێت بۆ سوتاندن.. لە ماڵەوە دارەکەی داگرت‌و ویستی وردی بکات هەر کە تەورەکەی لێدا بو بە دو کەرتەوە دەبینێ هەزار دینارەکەو نامەیەکی تێدایە.

پاش ماوەیەك پیاوەكە بەلەمی دەست كەوتو بە خێرایی خۆی گەیاندە پیاوەكە، هەزار دیناری دایە دەستی وتی: بە خوا چەند ڕۆژێكە من ئەوپەڕی هەوڵم داوە بەلەم دەست بكەوێت پارەكەت بۆ بێنمەوە، بەڵام تا ئەمجارە دەستم نەكەوت.

پیاوەكە وتی: تۆ پێشتر هیچێ لە پارەكەت بۆ ناردم؟ ئەویش وتی: من پێت دەڵێم بەلەمم گیر نەكەوت تا ئەمجارەی كە هاتوم بۆ لات.

پیاوەكەش (بە خۆشحاڵیەوە) وتی دەی خوای پەروەردگار هەزار دینارەكەی كە لە ناو تەختەكەدا بۆت ناردم گەیشتە دەستمو تۆش هەزار دیناری خۆت بەرەوە..

چیرۆکی بیستو یەکەم
نامەیەك لە تەختە

ئەم پیاوە پیاوێکی بازرگان بو، لە هەمو گەشتە بازرگانیەکانیدا سەرکەوتنی بە دەست دەهێناو قازانجی باشی دەکرد.. بەڵام جارێك جەردە پەیدا دەبێت لە کەشتیەی‌و هەمو سامانەکەی‌و شتومەکەکانی تیاچو، هەژار کەوت...

بۆیە وتی: ئای خوای گەورە.. سوپاست دەکەم لەسەر هەمو خۆشی‌و ناخۆشیەك.. ئای خوای گەورە من کەی ئاوا هەرگیز دەستەباچەو بێ پارە بوم..

کوڕ: بابە گیان ئیتر کاری بازرگانی ناکەین؟

باوك: کوڕم من بەبێ بازرگانی ناتوانم بژیم.. بەڵام یەك دەرهەمم بۆ دەرنەچوە.. بازرگانیش بەبێ پارە ناکرێت..

کوڕ: ئەی ناتوانی لە لای یەکێك هەندێ پارە قەرز بکەیت..

باوك: کوڕم من پارەیەکی زۆرم دەوێت بۆ ئەوەی خۆمی پێ بگرمەوە تەنها یەك کەس شك دەبەم ئەو پارەیەی هەبێت.. بەڵام ئێستا زانیویەتی من تاپول بوم.. قەرزم بداتێ باشە.

کوڕ: باوکە پشت ببەستە بە خواو بڕۆ داوای بکە لێی.. هەمو لایەك خواناسی‌و ڕەوشتی جوانی تۆ دەناسن..

باوك: کوڕم یاخوا کەس باری لار نەبێت... بەڵام ئەمڕۆ (إنشاء الله) دەچم بۆ لای بەڵکو هەزار دینارم بە قەرز پێ بدات.

پاش ئەوەی داوای قەرز لە هەندێ کەس دەکاتو دەست دەنێن بە ڕویەوە بازرگانە پیاو چاکەکە دەگاتە ئەو پیاوەی کە دەیەوێت قەرزی لێ بکات، سڵاوی لێ دەکاتو هەواڵی دەپرسێتو دەیەوێت داوای قەرزی لێ بکات بەڵام ئەو پێشتر دەڵێ:

براکەم زۆرم پێ ناخۆش بو، بازرگانیەکەت کەوتە دەستی چەتەکانو چەپاویان کردی..

خوا گەورەیە.. خوای گەورە ڕۆزی دەرەو هەر ئەویشە دەیگرێتەوە.. بەلام من پێم وایە هەمو کارەکانی خوا لەسەر نەخشەو بۆ حیکمەتێك ئەنجامی دەدات..

هەمو دەبێت لەوە بێگومان بین.. ئەی ئێستا نیازت چیە؟ دەتەوێت چی بکەیت؟

+ ئەگەر پارەم کەوتە دەست.. دەست دەکەمەوە بە بازرگانی دەڵێن لۆکە پارە چاك دەکاتو نرخی بەرز بۆتەوە.. ئەرێ تۆ بێ زەحمەت هەزار دینارم بە قەرز پێ نادەیت؟ بۆ ماوەیەکی کەم.. بە خوا تەنها لە تۆم ڕابینی کە داوات لێ بکەم.

ـ وەك چەندی؟

+ وەك دو مانگ.

ـ بەلام هەزار دینار زۆرە لەوانەیە شتومەکەکانت بەو ماوە کورتە نەفرۆشرێتو نەتوانیت بیدەیتەوە.

+ لە من مەترسە.. ئەو ماوەیە بۆ من زۆرزۆرە چونکە من زۆر شاران گەڕاومو کڕیاری شمەکەکانم حازرن..

ـ من ئامادەم ئەو پارەیەت بدەمێ ئەگەر دڵت هیچ نەکات شایەت بێنە با ئاگاداری عەقدەکە بێت..

+ جا شایەت لە کوێ بێنم.. من لەوبەری دەریاکە دەتوانم شایەت پەیدا بکەم بەس لێرە قەناعەتم نیە دەستم بکەوێت.. ئەی چۆنە خوا بکەم بە شایەت؟ قبوڵتە؟

ـ گیانم بە ساقەی خوا بێ.. ئەمن حەدم چیە قەبوڵی نەکەم بە شایەتو بەڵێ ڕازیم.. بەلام کەفیلێکشیم دەوێت کە بچێتە ژێر ئەم قەرزەوە.

+ برای بەڕێزم.. من دەڵێم شایەتم دەست ناکەوێت.. ئەوە کەفیل هەر دەستت ناکەوێت، بەلام ئەگەر قەبوڵت بێت خوای پەروەردگار دەکەم بە کەفیلی خۆم.

– جا چی لە خوا باشترە بکرێت بە کەفیل؟، ئەوا قەبوڵم کرد. کیسەیەك پارەی لە قاسەی دوکانەکەی بۆ دەردەهێنێتو دەیداتە دەستی..

+ زۆر سوپاس، برای هاوبیرم.. زۆر مەمنونتمو هەوڵ دەدەم لە ماوەی دو مانگدا دوای نەخەمو بۆت بنێرمەوە.. دەی خواحافیز.

– خوات لەگەڵ.

* * *

پاش ئەوەی لۆکەیەکی زۆری کڕیو خستیە کەشتیو بەرەوە شارو وڵاتەکانی تر خستیەڕێ، و لەوێ فرۆشتیو پارەیەکی باشی قازانج کردو دوجارو سێ جار کاڵای تری کڕیو فرۆشی وەك جاری جارانی لێ هاتەوە.

بەڵام بیری کەوتەوە کە دو ڕۆژی ماوە بۆ کاتی دانەوەی قەرزەکەیو خێرا خۆی گەیاندە کەناری دەریاکە، چاوەچاوی ئەوەی دەکرد بزانێ بەلەمێك حازر بێت تا بچێتە ئەوبەری ڕوبارەکەو پارەکەی بداتەوە بە خاوەنەکەی.

بە هەر خاوەن بەلەمێکی دەوت خێرا جوابیان دەکردو دەیانوت: ئەمڕۆ باو بارانو زریانەو کار ناکەین..

+ بۆ خاتری خوا! زۆر زەرورە بچمە ئەو بەرەوە.. ئەگینا خیلاف وەعد ئەبمو متمانە لە دەست دەدەم.

بەلەمەوان: برا گیان خۆت ماندو مەکە تا سێ ڕۆژی تریش بەلەم ناخرێتە دەریاوە چونکە شەپۆلەکان بەلەمەکان هەڵدەگێڕنەوە سەرنشینەکانی دەخنکێن.. ئێمە مەجبور نین خوێنێ بکەینە ملی خۆمان..

+ ئەی چی بکەم! چارم چییە؟ چۆن ئەو پارەیە بنێرمەوەو کەسیش نیە؟ هەزار دینارە..

بەلەمەوان: کاکە ئەمڕۆ مەوەستەو بێ سود وەختی خۆت بە زایە مەدە بەڵام سبەینێ وەرەوە بەڵکو بارانو زریانەکە نەمێنێو دەریا هێمن بێتەوە.

(پیاوەکەش بە خەفەتو نائومێدیەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە).

شەو لە خەودا پیاوەکە هاتە خەوی پێی دەوت: بەیانی دوایین مۆڵەتتەو هەزار دینارەکەم بۆ بێنەوە.. زۆر پێویستم پێیەتیو کاڵای زۆرم کڕیوە، قەرزارم نەکەی دوای بخەیت.. تۆ خوات کردوە بە شاهید، تۆ خوات کردوە بە کەفیل!! زۆر ترسناکە ها... ئەویش پێی وت:

+ ئەمڕۆ هاتم بۆت بهێنمەوە بەڵام بەلەم نەبو بمگەیەنێتە ئەوبەرەوەو ئەگەر بارانو ڕەشەباو زریان بهێڵێت (ان شاء الله) بەیانی دەیخەمەوە خزمەتتو پارەکەت حازرەو لە گیرفانمایە..

پیاوەکە خەبەری بویەوەو وتی: (لا اله الاّ الله) خوایە بەخێری بگێڕی خوایە یارمەتیم بدە بەیانی بڕۆمو ئەو پارەیە بەرمەوە بۆی..

هەستاو چو سەیرێکی ئاسمانی کرد بەڵام هەر بارانو ڕەشەبا بەردەوام بو، بۆیە دەستنوێژێکی گرتو چوە ناو نوێژێکی قوڵ..

کە ڕۆژ بویەوە یەکسەر کیسە پارەکەی خستە گیرفانیو بەرەو کەناری ڕوبار کەوتەڕێو لەوێ هەواڵی بەلەمی پرسی بەڵام کەس کاری بە بەلەمەکانیان نەدەکرد.

چو بۆ لای بەلەمەوانێکو لێی پاڕایەوە بەڵام بێ سود بو..

بۆیە پێی وت: چەند دەڵێی دەتدەمێ بەڵام بمکەرە بەوبەرەوە، ئەگەر خنکایشم خۆم بەرپرسم. چونکە خیلاف وەعدەبم..

بەلەمەوان پێکەنیو وتی: کاکە خۆ بە دەست خۆت نیە؟ جەوەکە تەڕو توشەو ئەویش ئەزانێ خۆ بەشەرەو هەستی هەیە... بچۆرەوە بۆ ماڵ.

پیاوەکە تا درەنگێ هەر وەستا بەڵام کەس هاتوچۆی نەدەکرد بۆیە بیرێك هات بە خەیاڵیداو بە دەم خۆیەوە وتی:

((ئەی پەروەردگارم.. خۆت دەزانی من ناتوانم ئەمڕۆ پارەکەی بۆ بەرمەوە ئەگەر قەرزار نەتوانێت قەرزەکە لە کاتی خۆی بەرێتەوە بۆ خاوەنەکەی کەفیلەکەی خەمی دەخوات..

دەی خوایە تۆ شاهیدی منی.. تۆ کەفیلی منی.. ئەی خۆشەویستم.

گەڕا تا کورتە دارێکی ئەستوری کەوتە بەر چاو لە کەنار ئاوەکەدا هەڵیگرتو بردی بە چەقۆ ناوەکەی هەڵکۆڵیو هەزار دینارەکەو نامەیەکی تێکردو پاشان هەر لەو ناوەدا هەندێ مادەی دەستکەوتو کونەکەی پێ قەپات کردەوەو دای بە ئاوەکەداو تا لە چاو ون بو هەر سەیری دەکردو دەیوت:

ئەی پەروەردگارم تۆ دەزانی کە من هەزار دینارم لە فلان کەس قەرز کردو داوای شایەتیەکی لێ کردمو منیش تۆم شك بردو کردمیتە شایەتو پاشان داوای کەفیلی لێ کردمو منیش تەنها تۆم شك بردو کردمیتە کەفیلو ئەویش بە تۆ ڕازی بو..

بەڵام زۆر هەوڵم دا لە کاتی خۆیدا بۆی بەرمەوە بەڵام بەلەمم دەست نەکەوت، دەی دەسپێرم بە تۆ... لە هەمان کاتدا خاوەنی قەرزەکە زانی ڕۆژی وەرگرتنی قەرزەکەیەتی ڕۆیشت بۆ کەناری دەریا تا بزانێت پیاوەکە دیار نیەو پارەکەی بۆ نەهێناوەتەوە.. بەڵام زۆر وەستا کەس دەرنەکەوت، سەیری کەناری ئاوەکەی کرد کورتە دارێکی ئەستوری بینی دەستی بردو هەڵی گرتەوەو بردیەوە بۆ خێزانی بۆ ئاگر کردنەوە، کاتێك تەورەکەی هەڵگرت لەتی بکات بینی کیسەیەك پارە کەوتە خوارەوەو نامەیەکیشی لەگەڵدایەو نامەکەی خوێندەوە وتی: ئەمە قەرزەکەمەو بۆی ناردومەتەوە، ئەی هەر بژیت چەند سەرڕاستی براکەم.

دوای دوسێ ڕۆژێك بارانو ڕەشەباو زریان دامرکایەوە جیهان ڕوناك بویەوەو باڵندەکانی ناو دەریا بە خۆشیو کەیفەوە مەلەیان دەکردو بەلەوانەکانیش بەلەمەکانیان خستە خزمەتی خەڵکەوە..

بازرگانەکەش هەزار دیناری خستە گیرفانیو سواری بەلەم بو، خێرا دابەزیو خۆی گەیاندە دوکانی پیاوەکەو سڵاوی لێکرد.

+ السلام علیکم ورحمة الله.

ـــ وعلیکم السلام ورحمة الله وبرکاته، یاخوا بەخێر بێیت ئەی برای خواناس لە خواترسم.. زۆر خۆشحاڵ بوم بەم سەردانەتو دوکانەکەمت ڕوناك کردەوە.

+ مەبەستت چیە؟ سەردانی چی؟ تۆ چی دەڵێیت؟ من پارەکەم بۆ....
ـ دەزانم پارەکەت بۆ هێنامەوە.. بە جوانترین شێوەو زۆر دەستخۆشیت لێ دەکەم کە لە کاتی خۆیدا هێناتەوە.
+ داوای لێبوردن دەکەم بەڵێ؟ ئەوە چی دەڵێیت؟ بە خوا ئەوە بۆ هەفتەیەك دەڕوات هەمو ڕۆژێك هاتومەتە کەناری دەریا بەلاّم بەلەمم دەست نەکەوت تا پارەکەت بۆ بهێنمەوە.. فەرمو ئەوە هەزار دینارەکەتە..
ـ ئەمە تۆ چی دەڵێی؟ ئەی تۆ هەزار دینارەکەت بۆ نەناردمەوە ماوەیەك لەمەوبەر؟
+ من دەڵێم باران و زریان بواریان نەدا بەلەم کار بکات و نەمتوانی پارەکەت بۆ بهێنمەوە لە کاتی خۆیدا کەچی تۆ دەڵێی بۆت ناردمەوە لەمەوپێش؟
ـ پیاوەکە بیری کردەوەو تێگەیشت کە ئەمە کاری خوا کردە، بۆیە ڕوی تێکردو پێی وت: یانی هیچت بۆ نەناردوم؟
+ بە خوا بە دەست خۆم نەبو لێم ببورە.. بە هۆی نەبونی بەلەمەوە نەمتوانی پارەکەت بخەمە خزمەتت!..
ـ دەی کەواتە خوای گەورەو پەروەردگار ئەو پارەیەی کە تۆ خستە ناو پارچە تەختەکەوە گەیاندیە دەستم و پارەی خۆمم هەر ئەو ڕۆژە وەرگرت کە باران بو.. بۆت ناردم..
+چۆن؟ یانی چی؟ گەیشتە دەستت؟
ـ بەڵێ.. بەڵێ.. ئەی تۆ نەتنارد بۆم؟نامەکە هی تۆ نەبو؟ ئیمزای تۆ نەبو؟
+ با.. با... من لەسەر وەعدی خۆم دام بە ئاوەکەدا.. بەلاّم بە تەما نەبوم بگاتە دەستت..
ـ ئەی بۆچی وات کرد؟
+ تا پیشانی پەروەردگارمی بدەم کە من بە دەم پەیمانەوەم و پەیمان شکاندن لە لای من گوناهێکی زۆر گەبیرەیە..
ـ دەی خوای گەورە ئاگای لە دڵ و دەرونت بو زانی کە ڕاست دەکەیت و پیاوێکی بە متمانەی و هەر کاتێك پارەکەت پێویست بو.. نە شایەتت لێ داوا دەکەم و نە کەفیل.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ قەرزکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا شتێکی باشەو خواو پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگەیان پێداوەو شتێکی شورەیی نییە وەك هەندێ بە هەڵە لە ژیان گەیون‌و وا دەزانن قەرزاری عەیبەیەو دەڵێ لە ژیانمدا قەرزم نەکردوەو نایشی کەم!!.. پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ وەفاتی کرد (درعەکەی) لە لای جولەکەیەك بو لە باتی قەرزدا.

٢ـ هەر مامەڵەیەك یان کڕین‌و فرۆشتن کرا، با بەبێ شایەت یان کەفیل‌و بەبێ نوسین‌و ئیمزای هەردو لا نەکرێت‌و ئەگەر زیاتر لەوە ترسایت پارەیەکیت دەست نەکەوێتەوە. بیبە بۆ (دادنوس)و لەوێ بە ڕەسمی ئیمزاو مۆری پێ بکە نەوەك پاشان شەیتان زاڵ ببێت بەسەر دەرونیدا یان تێکشان ڕوی تێ بکات‌و ئامادەی درۆو ملەجەڕێ ببێت‌و پارەکەت تیا بچێت.

٣ـ موسڵمان لەسەری فەرزە وەعدی خۆی بەرێتە سەر ئیتر شایەت هەبێت یان نا، بنوسرێت یان بە دەم بێت، چونکە خوای گەورە پرسیارمان لێ دەکات لەسەر پەیمانەکانمان: ﴿إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ كَانَ مَسۡـُٔولٗا﴾.

٤ـ ئەگەرکاتی دانەوەی قەرز هاتە پێشەوە.. دەبێ هەرچیەکت کردوە لەو ساتەدا بۆی پەیدا بکەیت‌و ئەگەر هەر نەتبو ماڵی بۆ بفرۆشە یان لە یەکێکی تر قەرز بکە بۆی (بەڵام دەستی دوەمیش نەبڕیت) تا متمانە لەناو مرۆڤەکاندا بمێنێت.

٥ـ هەندێ کەس بە هەڵە تێگەیشتونە لە پەیمان شکاندن‌و دەڵێ ئەگەر نەتبو بیدەیتەوە، ئەوا وەعد شکاندن نیە!! بەڵکو وەعد شکاندن ئەوەیە کە هەتبێت‌و نەیدەیتەوە!! ئەمەش یەکێکە لە ناحاڵیبونەکانی شەیتانی (تبلیس إبلیس).

٦ـ دەبێ مرۆڤ بە کەوتنێك یات تێکشکانێك ورەی نەڕوخێت‌و هەوڵی هەڵسانەوە بدات‌و مادام عەقڵ‌و مافی کارەکەی تێدایە، دەتوانێت پارە قەرز بکاتەوەو خۆی سەر لەنوێ دروست بکاتەوەو هەڵسێتەوە.

٧ـ ئەگەر ماوەیان بۆ دانایت بۆ دانەوەی قەرز، تۆ (١٠) یان (١٥) رۆژ پێش ئەو مەوعیدە هەوڵی پەیداکردن و دانەوەی بدە چونکە با وەك ئەو پیاوەت لێ نەیات کە کێشەی نەبونی بەلەمی هاتە رێگەو ئەگەر خوا فریای نەکەوتایەو بەو تەختە دارەدا بۆی نەناردایە (خلاف وعد) دەردەچو.

٨ـ پیاو دەبێت بەردەوام خەمی دەرکردنی پێداویستی ماڵ و منداڵەکەی بێت و هاوکاری خێزانەکەی بێت.. غازو نەوت و کارەباو ئاوو هەمو پێداویستیەکانی تریان بۆ پەیدا بکات.

نابینی ئەو پیاوە کۆتەرەیەکی بینی یەکسەر بیری نان و چێشتکردنی کەوتەوەو بردیەوە بۆ خێزانی و لە عەیبیش نەترسا.

٩ـ ئەگەر بۆ کارێکی گەورە چویت و ئەو کارەت دەست نەکەوت بەڵام هەوڵ بدە با بە دەستی خاڵی نەگەڕێیتەوەو شتێك بۆ ماڵ و منداڵت بێنەوە وەك ئیمامی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: (ئەگەر لە سەفەرێك بێمەوەو هیچ نەبێت بیبەمەوە جگە لە هەندێ لە بەردی سپی و سافی جوان نەبێت دەیبەمەوە بۆ ئەوەی دەستم بەتاڵ نەبێت).

١٠ـ ئەولیاو پیاو چاکانن پێیان ناخۆش بوە خەڵکی بە کەرامەتەکانیان بزانن و هەوڵی شاردنەوەیان داوە..

نابینی ئەو بازرگانە خواناسە چۆن هەر دەڵێ بەلەمم دەست نەکەوت تا پارەکەت بۆ بێنم یانی نەخێر من هیچم نەناردوە بۆت.

١١ـ ئەگەر کەراماتت لە خواناسێك بینی، ئەوە خۆشت بوێت و دڵی خۆش بکەو هاوڕێیەتی بکە، چونکە لەگەڵ خوادا بەینی زۆر تەواوەو دۆستی پەروەردگارە.

بە پێچەوانەی هەندێ کەسەوە کەوا دەزانێ ئەوەی کەرامەتی لێ دەرکەوت دەبێت سوێندی پێ بخورێت و بچیتە سەر گۆڕەکەی و داوای شتی لێ بکەیت یان داوا لە خوا بکەیت و ئەو بکەیتە واسیتەو نێوان (پەنا بە خوا) کە ئەوە بێگومان سەر دەکێشێت بۆ شیرك و بێباوەڕی.



القصة الثانية والعشرون

يفتخر بنفسه

عن ابي بن كعب (رضـي الـه عنـه) ان رجلـين تفـاخرا عنـد الـنبي (ﷺ) فقـال: احـدهما للآخر: انا فلان ابن فلان، فمن أنت لا أم لك؟

فقال النبي (ﷺ):

افتخر رجلان عند موسى (عليه السلام) فقال احدهما: أنا فلان بن فلان حتى عدّ تسعة.

فأوحى الله تعالى الى موسى (عليه السلام) قل للذي افتخر: بل التسعة من أهل النار وأنت عاشرهم)).[1]

واتە: ئوبەی کوڕی کەعب (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتـەوە، کـە دو کـەس لـە حـزوری پێغەمبەردا (ﷺ) شانازیان بە خۆیان‌و باووباپیرانیانەوە دەکردو یـەکێکیان بـەوی تریـانی وت: من فلانی کوڕی فلانم، ئەو تۆ کێیت ئەی بێ بنەچە؟

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: ((دو کەس لە خزمەت موسا پێغەمبەردا (عليه السلام) خۆیان هەڵدەنا بەسەر یەکترداو یەکێکیان بە شانازیەوە بەوی تری وت: مـن فلانـی کوڕی فلانم... تا (٩) پشتی خۆی هەڵدا!!.

خوای گەوریش نیگای نارد بۆ موسا پێغەمبەر (عليه السلام)و فەرموی بەو کەسەی کـە شانازی کرد بەسەر ئەوەی تردا: بەڵکو ئەو (٩) پشتەی لەناو ئاگری دۆزەخدایـەو ئـەویش دەیەمیانە.

---

١ حديث صحيح قال الحـافظ العراقـي في تخـريج الأحاديـث (الاحيـاء) (٣/٥١٩)، اخرجـه عبـدالله بـن احمد في زوائد المسند باسناد صحيح ورواه احمد على معاذ موقوفاً.

چیرۆکی بیستو دووەم

بە خۆیدا دەنازێت

گەورەم دوێنێ ئەسپەکەتم ئامادە کرد بۆ ڕاوشکار، کەچی نەڕۆشی گەورە پیاو، ئێمە بە باوباپیر هەر تولەو تانجیمان هەبوەو ئەهلی ڕاو بوین..

قەیناکا تازە سبەینێ دەڕۆم بۆ ڕاوی نێوچیاکان، بۆ دو هەفتە دەڕوات ڕاوم نەکردوە..

ـ گەورەم لەگەڵ کێ دەڕۆی؟

+ لەگەڵ سەرۆك عەشرەتی میرانو کۆیخای هەردو دێکەی ئەودیومان.. تفاقێکی باش ڕێك بخەن..

مام صالح پیاوێکی هەژارو ڕوخۆشو باوەڕدار بو، خانویەکی سادەو ساکاری هەبو تیایدا دەژیاو لەسەر کشتوکاڵو ئاژەڵداری دەژیا، زۆر قانع بو، هەرگیز گلەیی هەژاری خۆی لە لای کەس نەدەکرد.

ڕۆژێکیان لە یەکێك لە وانەکانی موسا پێغەمبەردا (علیه السلام) ئەو دو پیاوە ئامادە بونو سەرەتا هەژارەکە زو هاتو دانیشتو گوێی شل کردبو بۆ وتە بە نرخەکانی موسا (علیه السلام).

لەم کاتەدا ژاوەژاوێك دروست بو دەبینین پیاوە ناودارەکە بە خۆیو پیاوەکانیەوە هاتن بە زۆرداو لە تەنیشتی هەژارەکەوە دانیشتو یەکێك لە خزمەتکارەکانی ئەو کابرایە وتی:

خاڵە گیان لاچۆ برۆ ئەولاوە.. دورکەوە لە تەنیشتی گەورەو ئاغامان دامەنیشە!

هەژار: ئەمە گوێگرتنە لە وتاری پێغەمبەر موساو موسایش وەك یەك بە هەمومان دەبرێت.. من زوتر هاتومو جێی خۆمە.

ئاغا: ئەوە تۆ دەزانی چی دەڵێی؟ تۆ دەزانی من کێم؟

هەژار: تۆ هەر کەسێك هەبیت بەشەرێکی وەك منو هیچ جیاوازیەکمان نیە.. تۆ برۆ ئەولاوە.. لە ئاینی خوادا فەرقو سو نیە، خزمەتکارەکە وتی: گەورەم گوێت لێیە چی دەڵێ.. وڕێنە دەکات!

ئاغا: بە دو پەنجە جلەکانی هەژارەکەی گرتو وتی:

تۆیەکی چڵکن کەس نازانێت باوباپیرت کێیەو کوڕی کێیە وەك من وایت؟

هەژار: بەڵێ وەك یەکین ئاینی پاکی خودا لەسەر زمانی ئەو پیاوە پاکە (ئامـاژە بـۆ پێغەمبەر موسا دەکات) ئەمەی فێرکردوین..

ئاغا: یانی ئـاین فێـری ئـەوەی کـردوی ئاگـای گـەورەو بـچوكو هـەژارو دەوڵەمەنـدو خانەدانان نەزانی؟

هەژار: براکەم هەردوکمان مرۆڤینو هەردوکمان برای یەکین.

ئاغا: دەزانی من کێم؟ براگیان!!

هەژار: ئێوە ئاغازادەن..

ئاغا: من کوڕی فلانی کوڕی فلانی کوڕی فلانم کەتا نۆ پشتی گەورەی خۆی ژمارد، کـە هەمویان ئاغاو بەرپرسو دەوڵەمەند بون.

پیاوە هەژارەکە سەری داخستو توانای بەرپەرچدانەوەی نەما.. خەریك بـو هەڵسێتو بڕواتە ئەولاوە..

لەم کاتەدا خوای گـەورە باڵادەسـت زۆر بێـزار دەبێـت لـە خۆهـەڵنانو فـشەکەری ئـەو ئاغازادەیە بۆیە هەر لەوێدا نیگا دەنێرێتە خـوارەوە بـۆ موسـا پێغەمبـەر (علیـە الـسلام)و پێی دەفەرموێت:

بڵێ بەو کەسەی کە شانازی دەکاتو خۆی هەڵدەنێ بەسەر برا هەژارەکەیدا:

کە ئەو نۆ پـشتەی ئـەو شـانازی پێوەکردنو خـۆی پێـوە هـەڵنان دەچـنە نـاو ئـاگری دۆزەخو تۆیش دەیەمیان دەبیت..

پیاوە ئاغاکە داوای لێبـوردنی نـەکرد بـەڵکو هەسـتاو خـۆیو پیاوەکـانی بـە تـوڕەییو مۆنیەوە چونە دەرەوە..

پەندو ئامۆژگاری لەم چیرۆکە

١ـ شانازی کردن بە باوباپیرە یان بە زانستو بڕوانامەیان پلەو پۆستو بەرپرسیارێتی لە ئاینی پاکی ئیسلامدا بە قێزەونو ناشیرین ناوبراوەو پیاوە ئەو پیاوەیە بە تەقواو خواناسیو دڵسۆزیو خزمەتکاری دا بنازێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾.

٢ـ بە تەما مەبە هەرگیز لە خزمەتدا کەس هەڵە نەکاتو دەبێت هەموان شەرمت لێ بکەنو شتێك نەڵێن کە تۆ پێت ناخۆش بێت..

ئەی نابینی پێغەمبەر (ﷺ) بەو گەورەییو مەزنییەیەوە کەچی دو پیاو لە لایدا شانازی بە باوباپیرەوە دەکەن..

٣ـ ژیرو دانا ئەو کەسەیە کە هەڵە کرا لەبەردەمیدا تورە نەبێتو هەڵنەچێتو غەڵەت نەکات بەڵکو وەك مامۆستایەکی دڵسۆز هەڵەکانیان ڕاست بکاتەوەو بۆچونەکانیان چاك بکاتەوە.

٤ـ بەهێزترین هۆکاری پەروەردەیی بۆ ڕاستکردنەوەی بۆچونە هەڵەکان نمونەی زیندو هێنانەوەیە لە گەلو نەتەوەو ئوممەتەکانی پێشتر، نابینی پێغەمبەر (ﷺ) بە بەسەرهاتێکی موسا کێشەکەی چارە کرد.

٥ـ سوننەتی ژیان وایە زۆربەی ئەو کەسانەی کە شەیتان بە زۆری لە خشتەیان دەباتو دەیانکاتە سەربازی خۆی کە پۆستو پلەو پایەو شۆرەتی زلیان بواریان نادات زانستی شەرعی تەواو وەربگرنو لە ڕەوشتی مەزنی ئیسلام بەهرەمەند بنو خواناسیو بەندایەتی بەردەوامو ورد ئەنجام بدەن.

مەگەر کەسانێك خوا بە ڕەحمی خۆی کەشوهەوای ئیمانیان بۆ برەخسێنێتو خواناسێکی نمونەیی بن.

القصة الثالثة والعشرون

قطة أسيرة

عن ابن عمر (رضي الله عنه) ان رسول الله (ﷺ) قال: ((عُذِّبتْ امرأة في هرة ربطتها[1] حتى ماتت فدخلت في النار، لا هي أطعمتها ولا سقتها إذ حبستها ولا هي تركتها تأكل من خشاش الأرض))[2].

واتە: عەبدوڵلای کوڕی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ئافرەتێك سزا درا لەسەر پشیلەیەك کە بەستیەوە لە ژورێکدا تا مردنو بەو هۆیەوە خوای گەورە خستیە ناو ئاگرەوە.

کە نە خواردنی پێداو نە ئاوی پێداو نە بەرەڵاشی کرد تا بۆ خۆی گیانلەبەری زەوی ڕاو بکاتو بیخوات.

---

١ رواه البخاري (٣٣١٨) ومسلم (٢٢٤٢).

٢ وفي رواية ابن حبان في (صحيحه) في هرة لها.

چیرۆكی بیستو دوەم

پشیلەیەكی دیلكراو

پیرەژنێك هەبو لە دێیەكدا دەژیاو خاوەنی مریشكو جوجەڵەیەكی زۆر بو..

هەمو ڕۆژێك بەیانی زو هەڵدەستاو دەمی كولانەكەی دەكردنەوەو ئەوانیش دەهاتنەدەرو دانی بۆ دادەكردنو دانیان دەخواردو پاشان هێلكەكانی كۆدەكردنەوە..

ئەم ئافرەتە بۆ هاودەنگی خۆی پشیلەیەكی هەبو.. دەستەمۆ بو، كە نانی دەخوارد ئەویش دەهات لە پاڵیدا دادەنیشت.. وەك ئەوەی بڵێ ئەی بەشی من دایەگیان..

ئەویش لە خواردنەكەی خۆی بۆی دەكردە قاپێكو تێرو پڕی لێ دەخواردو پاشان كلكی قنج دەكردەوەو بە حەوشەكەدا دەهاتو دەچو.. ژنەكە زۆری خۆش دەویستو زۆرجار دەیگرتو لە باوەشی دەگرتو دەستی دەهێنا بە سەریدا..

ئەم پشیلەیە زۆر سودمەند بو.. مشكو جرجی لە ماڵەكەدا نەهێشتبو.. پارێزگاری مریشكو جوجگەكانیشی دەكرد لە پشیلەی دەرو دراوسێكانی، وە هەرگیز نەدەهات بە خەیاڵیدا ناپاكی بكاتو دەم بەرێت بۆ جوجكەیەكو بیخواتو ژنەكەش ئەمەی دەزانی بۆیە زۆری خۆش دەویست..

جارێكیان.. هەروەك جاران دەرگای كولانەكەی كردەوەو دانی داكرد بۆ مریشكو جوجگەكانی، وە خواردنیشی لە قاپێكدا دانا بۆ پشیلە سورەكەیو ئەویش تێروپڕی لێ خوارد..

پاشان عەباكەی دا بە سەریداو ویستی لە ماڵ دەربچێت لای كردەوە دەبینێت پشیلەكەی تا دەرگای حەوشە بە دوایەتیو ئەویش دەستی هێنا بە سەریدا وتی:

پشیلە جوانەكەم.. چرای ماڵەكەم.. من تا بازاڕ دەچمو هەندێ شتومەك دەكڕمو دێمەوە.. كەمێك زۆرم پێ دەچێت، تۆش ئاگات لە مرو جوجگەكان بێت..

پشیلەكەش وەك ئەوەی بڵێت هەی بەسەر چاو سەیرێكی پیرەژنەكەی كردو گەڕایەوە بۆ ناو مریشكەكان.. لە سوچێكەوە بەرانبەریان قنج لێی دانیشت..

لە ناكاو لە دیوارەكەوە دو پشیلە بازیان دا ئەمدیو پەلاماری جوجەڵەكانیان دا.. پشیلەكەش زۆر هەوڵی دا كە دوریان بخاتەوە ئەوانیش پەلاماریان داو سەریان خوێناوی كردو چوار پێنج جوجكەیان چەپاو كردو هەندێكیان خواردو هەندێكی تریان لەو ناوەدا بە سەربڕاوی بەجێ هێشت..

پشیلەكەش بە دەنگی غەمناك دەیمیاواناند وەك بڵێ سەرمۆری بۆ گرتونو بۆیان دەگری..

لە ناكاو پیرەژنەكە بە شتومەكەوە خۆی كرد بە ماڵەكەداو هەر كە چاوی كەوت بە جوجكەی خوراوو سەربڕاو.. یەكسەر شتەكانی لە دەست كەوتە خوارەوەو هاواری كرد:

پشە سور.. پشە سور.. ئەوە تۆ لە كوێ بوی وا جوجكەكانم ئاوایان لێ بەسەر هاتوە؟ ها..

پشیلەكەش بێ زمان بو نەیدەزانی چۆن حاڵی بكات لە ڕاستی مەسەلەكەو هەر ئەوەی پێ كرا هات بۆ لایو لە ژێرەوە سەیری پیرەژنەكەی دەكرد، پیرەژنەكە بینی وا دەمو پلی پشیلەكە سورە..

شێت بو لەسەر خۆی نەما.. بە گومانی خۆی وای زانی ئەو مرو جوجكەی خواردوە..

بۆیە وتی: لای خۆی من تۆم كردبو بە پاسەوان! كەچی خۆت هەموویانت خواردوە..

هەی بە زەهرت بێت.. ڕاستە دەڵێن: گورگ هەر گورگەو نەیكەن بە شوانی مەڕەكان..

گسكێكی هەڵگرتو بە گسك هات پیای داو دەیوت: من متمانەم پێ كردی هەی پشیلەی سپڵەی بێ متمانەو پشیلە بێ تاوانەكەش ئەم سوچو ئەو سوچ ڕای دەكرد وای دەزانی سوعبەتی لەگەڵ دەكاتو هەوڵی ڕاكردنو هەڵاتنی نەدەدا..

پیرەژنەكەش بە دەم قوڵەو بۆڵەوە ڕۆیشتو گەڕا تا سەرەنجام پەتێكی درێژی دۆزیەوە.

كەوتە دوای پشیلەكەو پشیلەكەش هاتە باوەشیو دانیشت.. بەڵام ئەمجارە وەك جاران نەبو.. دەستی نەهێنا بە سەریدا یاری بۆ نەكرد.. بەڵكو پەتەكەی كردو ملیو گرێی لێ داو پاشان بردیە ژورێكو بەستیەوە بە شیشێكی پەنجەرەكەوە..

پشیلەکەش بۆ خۆی سەری داخستو لێی خەوتو وای زانی سزایەکی ئاساییەو پاش ماوەیەکی تر دەیکاتەوەو وەك جاران بە دەوریدا دێتو دەچێتو نانی لەگەڵدا دەخوات..

بەڵام نازانێت ئەم پیرەژنە دڵڕەقە زۆر تورە بوەو لە پێناوی هەندێ جوجکەدا.. دەیەوێت سزایەکی زۆر سەختی ئەم پشیلە بەستەزمانە بدات..

پاش ماوەیەك پشیلەکە تینوی بو.. بەڵام کەس ئاوی بۆ نەهێنا.. و پاشان برسی بو.. بەڵام کەس نەهات بە لای داو نانی بۆ دانەنا لە قاپە ڕەشەکەدا وەك جارانو ئەو هەژارە بێ ئاگا بو لەوەی کە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوە! بەڵام کە ژنەکەی چاو پێکەوتو خۆشی لێ هاتو دەستی کرد بە میاواندن بەڵام ژنەکە تا دەهات دڵڕەقتر دەبو هەر دەیوت: زەهری مار! تا مردن ئەوە جێتە! ئەوە ئەنجامی ناپاکیو خیانەتەکەتە.. بۆ خۆت بمیاوێنەو منیش ئالێرەدا دادەنیشمو بۆ خۆم سەیرت دەکەم...

دڵڕەقیو بێ بەزەییو دو ڕەوشتی زۆر ناشیریننو لە مرۆڤ نایەن بۆیە ئەم ژنە بەڕەیەکی داخستو سەیری پشیلەکەی دەکرد کە لە برساندا خۆی دەکێشا بە دارو بەرداو هاواری دەکرد لە کەللەی سەر، میاو، میاو، میاو، میاو!

پشیلە بە دەم ئێشو ئازارەوە لە پەلو پۆو جموجۆڵ کەوت.. جارجار قاچەکانی دەجولاو بە حاڵ هەناسەی دەداو لە ژێرەوە سەیری خاوەنەکەی دەکردو بەڵام بێ ئاگا بو لەوەی کە هاوڕێکەی مرۆڤەو دڵنەرمو، هەست ناسكو لێبوردەی جاران نەماوە.. پاش ماوەیەك ئەو جوڵەیەشی نەماو بە یەکجاری مرد..

لەم کاتەدا کوڕێکی برازای خۆی کرد بە ژورداو وتی: پورێ گیان چۆنی، پیرەژن وتی: بەخێر بێی.. باش بو هاتی.. دەزانی پشیلە سور چی کرد بە جوجکەکانم؟

هەمویانی خوارد..

+ چۆن؟! خۆ جاران ئەو پاسەوانی دەکردن بۆت؟! هەرگیز باوەڕ ناکەم پورێ.. ئەی کوا بۆ نایبینم..

ـ نازانی چی لێ کردوم؟! ئەوە قوڕی کردوە بەسەرمدا.. جوجکەکانی هەمو خواردم منیش ئاوا لە ژورەوەدا حەپسم کرد تا گیانی دەرچو..

+ کورە پورێ گیان ئەو کاری وا ناکات بەڵکو من دو پشیلەم بینی لەمدیو دیوارەوە بازیان دایە دەرەوەو لەوانەیە ئەوان بون!

پیرەژنەکە بیری کردەوەو وتی بۆیە دەمی سور بو.. بە خوا شەڕی کردبو با بچم سەیری بکەم.. چو پشیلەکەی کردەوە دەبینێت بریندارە..

بە هەردو دەستی دای بە تەوقی سەریداو وتی: چیم کرد بە خۆم! ئەو پشیلە بەستەزمانە.. بێ تاوان بو.. من چیم کرد بە خۆم؟ بۆ ئەوەندە دڵڕەقو بێ ویژدان بوم..

+ پورێ گیان ئەگەر جوجکەشی بخواردایە (ئاوەزای نییە) هەر نەدەبوایە بەم سزا سەختە بتکوشتایە..

ـ ژنەکە هاواری کرد خوایە لێم ببورە.. خوایە بمبەخشە.. من نەدەبوا ئازاری ئەو پشیلە بێ زمانە بدەم..

کوڕەکەی وتی: پورێ گیان داوای لێبوردن زۆر بکە.. پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمویەتی خوای گەورە ژنێکی خستە ناو ئاگری دۆزەخ بەس تاوانی ئەوە بو پشیلەیەکی بەند کردو خواردنو خواردنەوەو پێ نەدا تا لە برساندا مرد..

ژنەکە دای بە سەری خۆیداو وتی: ئەوە منم.. دەرگاکەی کردەوەو پشیلەکەی کردەوەو ویستی فرێی بدات دەبینێت گیانی تیا ماوەو چاوی هەڵبڕی.. ژنەکە لە خۆشیاندا ماچی کردو ئاوی کرد بە قوڕگیداو هۆشی هاتەوەو سوپاسی خوای کرد کە توشی ئەو تاوانە گەورەیە نەبوە.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ ئافرەتێك سزا دراو خرایە ناو ئاگری دۆزەخەوە لەبەر ئەوەی پشیلەیەکی کوشتو بە مردنێکی ترسناكو لەسەرخۆ.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاینی پاکی ئیسلام پێش (١٥) سەدە لەمەوبەر مافی ئاژەڵانی داوەو قورئانی پیرۆز فەرمویەتی: ئەوانیش گەلانێکی وەك ئێوەن: ﴿وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُم﴾.

٢ـ ئەم ئافرەتە باوەڕدار بوەو خواناسیو نوێژکەرو پابەند بوە بە پەرستشەکانەوە کەچی ئەم هەمو کردەوە جوانانەی ڕێگر نەبون کە بە هۆی پشیلەیەکەوە چوە ناو ئاگری دۆزەخ.

کەواتە دەبێت ئەو کەسانەی چاکنو خواناسن.. ئاگایان لە خۆیان بێت نەوەك گوناهێکی بچوك کە جاری وا هەیە خۆیان حیسابی بۆ ناکەن کەچی دەیانباتە ناو ئاگری دۆزەخ پەنا بە خوا: ﴿وَتَحۡسَبُونَهُۥ هَيِّنٗا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٞ﴾.

٣ـ دروستە مرۆڤ باڵندە یان گیانلەبەری هەبێتو ڕای بگرێت جگە لە (سەگو بەراز) بەڵام بە مەرجێك برسیو تینویان نەکاتو کاری قورسیان پێ نەکات چونکە لە ڕیوایەتەکەی (ابن حبان)دا کە ژنەکە پشیلەیەکی هەبو (في هرة لها).

٤ـ وەك چۆن ماڵو منداڵ خواردنو خواردنەوەیان لەسەر پیاوە هەر بەو چەشنەش هەندێ لە زانایان ئەفەرمون: ئەگەر پشیلەیەکی کوێر هاتە ناو باخەکەشت یان حەوشەکەتەوە، نەفەقەو خواردنی لەسەرت واجب دەبێت تا لەو ماڵەدا بێت.

٥ـ بەم چیرۆکە کورتە، ترسناکە، تراجیدیایە، پێغەمبەرمان (ﷺ) گیانی بەزەیی هاتنەوە بە ئاژەڵو گیانلەبەراندای لەناو هاوەڵاندا دروست کردو ئەوانیش ئەوەندە گیانلەبەرانیان خۆش دەویست کە بە ناوی ئەوانەوە ناویان دەرکرد.

تەنانەت (أبو هريرة) واتە (باوکی پشیلەکان) کە دەگێڕنەوە جارێکیان نوێژی دەکرد، لە کاتی تەحیات خوێندندا پشیلەیەك هاتو لەسەر عەباکەی خەوی لێکەوت! کاتێك خەبەری بویەوەو بینی دڵی نەهات هەڵی بسێنێت بۆیە مەقەسی هێناو عەباکەی خۆی بڕیو دواتر پینەی کردەوە.

القصة الرابعة والعشرون

حجر يعدو

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((إن موسى كان رجلا حيّياً ستيراً، لا يرى من جلده شئ استحياءً منه، فآذاه من آذاه من بني إسرائيل فقالوا: ما يستتر هذا التستّر إلاّ من عيب بجلده، أما برص وأما أدرة وأما آفة.

وإن الله أراد أن يبرئه مما قالوا، فخلا يوماً وحده، فوضع ثيابه على الحجر، ثم اغتسل.

فلما فرغ أقبل على ثيابه ليأخذها، وإن الحجر عدا بثوبه، فأخذ موسى عصاه وطلب الحجر، فجعل يقول: ثوبي حجر، ثوبي حجر.

حتى انتهى إلى ملأ من بني إسرائيل فرأوه عريانا أحسن ما خلق الله وأبرأه مما يقولون.

وقام الحجر فأخذ بثوبه فلبسه، وطفق بالحجر ضربا بعصاه، فوالله إن بالحجر لندبا من أثر ضربه ثلاثا أو أربعا أو خمسا فذلك قوله: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ﴾*.[1]

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمویەتی:

موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) پیاوێکی زۆر شەرمن بوەو هەمیشە خۆی داپۆشیوەو کەس نەیتوانیوە پێستی ببینێ ئەمەش بە هۆی شەرم کردنیەوە.

بەڵام بەنی ئیسرائیلیەکان (خەراپەکانیان) دڵیان ئازار دەداو پێیان دەوت: پێویست بەم هەمو شەرمە ناکاتو دیارە بە هۆی بەخۆشی پێستیەوەیە: ئیتر بزانە نەخۆشی بەڵەکیەتی یان گونی ئاوساوەو قوڕ بوە یان هەر دەردێکی تر.

---

* سورة الاحزاب (٦٩).

١ رواه البخاري في صحيحه، (صحيح قصص الرسول) لا: (٤٧٢/١).

(موسا (سەلامی خوای لێ بێت) زۆری پێ ناخۆش بو بەلام قسەی نەدەکردو وەلامی نەدەدانەوەو بەرگری لە خۆی نەدەکردو ڕاستی بۆ نەدەسەلماندن).

بەلام خوای گەورە زۆری پێ ناخۆشەو بێدەنگ نابێت لەسەر ئاوا زوڵمو ناهەقیەك دەرهەق بە پێغەمبەرێکی ئەنجام بدرێت.

ویستی پاکیو تەواوی لەشی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بسەلمێنێت بۆ هەمو بەنی ئیسرائیلو کەسانی تریش (و کارەکانی خوایش بۆ بە پاکی دەرکردنی پێغەمبەران لە ڕێگای موعجیزەوەیەو بۆ پاکی دەرخستنی پیاوچاكو بانگخوازانی هەق لە ڕێگەی کەرامەتێکەوەیە.)[1]

ڕۆژێکیان لە چۆڵەوانیەکداو لە کەناری ئاوێکدا موسا (سەلامی خوای لێ بێت) جلەکانی داکەندو دای بەسەر بەردێکداو خۆی چوە ناو ئاوەکەوە بۆ ئەوەی کەمێك مەلە بکات یان خۆی بشوات..

کاتێك لێبویەوە هاتە دەرەوەو چو بۆ لای جلەکانی تا بیکاتەوە بەری، (بەلام شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەری بینی).

ئەویش ئەوە بو بەردەکە بە جلەکانەوە ڕای دەکردو موسایش بەبێ جلوبەرگو بە دار عەساکەی دەستیەوە بە دوایدا ڕای دەکردو هاواری دەکرد..

بەردەکە جلەکانم.. بەردەکە جلەکانم بدەرەوە..

بەلام بەردەکە بە ئارەزوی خۆی نەبو تا بە گوێی پێغەمبەر بکات چونکە ئەو لە لایەن دەسەلاتێکی بەرزترەوە فەرمانی پێ کراوە ئەو جلانە بفڕێنێت.

بۆیە هەر گوێی بۆ نەگرتو بەردەوام ڕێی دەکردو تا گەیشتە ناو کۆمەڵێك لە پیاوانی بەنی ئیسرائیل (کە دانیشتبون لەبەر خۆرەکەو بۆ خۆیان قسەیان دەکرد).

---

١ وتەی نوسەر.

ئەوانیش کە لایان کردەوە دەبینن موسا بە بێ جلوبەرگو بە ڕوتی بە دوایەوەیەتیو دەبینن جوانترین پێستو لەش ساغترین کەسی دروستکراوەکانی خوایەو خوا لە ڕێگەی ئەو موعجیزەیەوە پاکیو تەواوی پێغەمبەرەکەی بۆ خەڵکەکە ئاشکرا کردو ئیتر بێ دەنگ بون..

بەردەکەش وەك ئەوەی داوای لێبوردن بکات لە پێغەمبەری خۆشەویستی پەروەردگار جلەکانی هێنا بەردەمیو دەستی کرد بە لەبەرکردنی..

بەڵام موسا توڕەبونەکەی دانەدەمرکایەوەو بە دار هات بە بەردەکەداو نە دارێ نە دوان تا پێنج داری لێدا.

لە ڕیوایەتی (مسلم)دا هاتوە کە پێیان وتوە کە ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت:

((والله انه بالحجر ندبٌ ستة او سبعة ضرب موسا بالحجر)) واتە: سوێند بە خوا بەردەکەشی تا حەوت جێ لێدانی دارەکەی موسای پێوە دیار بوە).

ئیتر بەنو ئیسرائیلیە دەم درێژە تالیقبازەکان جوان سەیری هەمو گیانی موسایان کرد کە ڕیوایەتی (مسلم) دا دەفەرموێت: ((حتى نظرت بنو اسرائيل الى سوْأة موسى، فقالوا: ما بموسى من بأس)) واتە: سەیری هەمو گیانی موسایان کرد تەنانەت پێشو پاشی شەرمگەیو پاشان وتیان: سوێند بە خوا هیچ جۆرە عەیبو عارو نەخۆشیەکی نییە.

و ڕاست دەکات کە دەیوت شەرم ڕێگەم پێ نادات بە کۆمەڵ لەگەڵ ئێوە خۆم بشۆم.

لە ڕیوایەتی (مسلم)دا هاتوە (٢٣٧١) کە دەفەرموێت: (كانت بنو اسرائيل يغتسلون عراة ينظر بعضهم الى سواة بعض وكان موسى يغتسل وحده، فقالوا والله ما يمنع موسى ان يغتسل معنا الاّ انه آدَرُ).

واتە: بەنی ئیسرائیلیەکان بە ڕوتیو بە کۆمەڵ خۆیان دەشۆردو مەلەیان دەکردو سەیری پاشو پێشی یەکتریان دەکرد، تەنها موسا نەبێت کە بە تەنها خۆی دەشۆرد، ئەوانیش پێیان ناخۆش بو بۆیە قسەیەکی سەقەتیان خستە دوای کە گوایە مەسەلەکە

شەرمو لە خواترسان نیە! بەڵکو نەخۆشی ئادەری لەگەڵ دایە واتە لای خۆمان (گون ئاوسان یان گونە قۆڕە)!.

ئەوەبو بە هۆی ئەو بەردەوە بەنی ئیسرائیل لەش ساغیو بێ عەیبی پێستی موسایان بۆ دەرکەوتو بەو جۆرە خوای گەورە لەو ناتۆرە گەورەو ترسناکە پاکی کردەوە وەك خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ﴾.[1]

واتە: ئەی باوەڕداران وەك ئەو کەسانە مەبن کە ئازاری دڵی موسایان داو خوای گەورەش لەش ساغیو بێ تاوانی ئاشکرا کردو بە ڕاستی موسا لە لای خوا زۆر قابیلەتدارە.

١ الاحزاب (٦٩).

پەندو ئامۆژگاریەكانی ئەم چیرۆكە

١ـ شەرمكردن یەكێكە لەو ڕەوشتە بەرزو گەورەو گرانانەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە بەشێكی گرنگی باوەڕ دایناوەو فەرمویەتی: ((الحیاء شعبة من الایمان)).[١]

٢ـ بەم چیرۆكەدا دیارە كە ڕەوشتی جوان‌و ئاكارە بەرزەكان سومبولی هەمو ئاینە ڕاستەقینەكانی پێش ئیسلامەو ئەوەی كە ئەمڕۆ خۆی بە شوێنكەوتەی موسا دەزانێ بەلام سەرەتاترین بنەماكانی ڕەوشت پیادە ناكات جاڕی ڕوتی‌و تێكەڵی نێوان ژن‌و پیاو دەكەن.

٣ـ دەبێت موسڵمان لەوە دڵنیا بێت كە بە دور نیە لەوەی كە خەڵكی تانەو توانجی لێ بدەن‌و بە هەڵە كارە جوانەكانت بە خەڵكی بناسێنن، بۆ نمونە ئەگەر هەوڵی پۆستو بەرپرسیارێتی نەدەیت.. پێت دەڵێن گێژەو خۆی توانای بەڕێوەبردنی لاوازە!!
نابینی شەرمكردنەكەی موسا پێغەمبەر بە چی لە یەكیان دایەوە؟!.

٤ـ پشت بە خوا ببەستەو لەسەر ئاكارە جوانەكان بەردەوام بەو مەڕو ململانێ‌و بەرگری كردن لە خۆت..
چونكە تۆ ناتپەرژێ ئەو كارە بكەی، تۆ سپاردە گەورەكەی پەروەردگارت بەسەر شانەوەیەو دەبێت بیگەیەنیت.

٥ـ دڵنیا بە خوای گەورە پاكیت دەردەخات‌و دوژمنان ناچار دەكات كە دان بە پاكی دەست‌و دەم‌و دەست‌و دڵتدا بنێن ئەگەر لە ڕێگەی كەرامەتێكیشەوە بێت..

٦ـ ناحەزان‌و نەیاران تا بینە قاقایان لە قوناهو حەرام‌و خراپەكاریدا چەقیون بۆیە حەز ناكەن كەسێكی پاك‌و بێ غەل‌و غەش لە بەرامبەریاندا قووت بێتەوە.. و تا سەر ئێسقان هەوڵ دەدەن ئەویش وەك خۆیان لە گوناهدا بكەوزێنن‌و پاك نەمێنێت.
نابینی خراپەكارانی ناو بەنی ئیسرائیل لە گەرماوی گاگەلیدا خۆیان دەشۆردو سەیری عەیبی یەكتریان دەكرد! و سەیر بو بە لایانەوە كەسێك بێت‌و بە شەرم‌و شۆ بێت!..

---

١ سنن ابن ماجة، باب: في الایمان، رقم الحدیث ٥٧، ج١، ص٢١.

٧ـ ناحەزانی بیروباوەڕی خاوێنی ئیسلام.. دەزانن کە ناتوانن بەرنامەکە لەکەدارو پوچەڵ بکەنەوە..

بۆیە کە لەوە بێ هیوا بون ئیتر دێنە سەر هەڵگەرانی ئەو بەرنامەیەو میدیاکان دەخەنە خزمەت ناوزڕاندنو ناشیرینکردنیانو بە جۆرەها ناوو ناتۆرە دەیانەوێت سوکیان بکەن لەبەر چاوی میللەتو دواتر کەس شوێنیان نەکەوێتو ڕێزیان نەگرن.

القصة الخامسة والعشرون

العابد العطشان

عن انس بن مالك (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: ((رجلان سلكا مفازة، عابدٌ، والآخر به رهق.

فعطش العابد حتى سقط، فجعل صاحبه ينظر إليه، وهو صريع، فقال: والله ان مات هذا العبد الصالح عطشاً، ومعي ماء لا أصيب من الله خيرا أبداً.

ولئن سقيته مائي لأموتن، فتوكل على الله وعزم فرّش عليه من مائه وسقاه فضله، فقام فقطعا المفازة.

فيوقف الذي به رهق للحساب، فيؤمر به إلى النار، فتسوقه الملائكة، فيرى العابد فيقول: يا فلان اما تعرفني؟ فيقول: ومنْ أنت؟

فيقول: أنا الذي آثرتك على نفسي يوم المفازة، فيقول: بل أعرفك، فيقول للملائكة: قفوا، فيقفون، فيجيء حتى يقف ويدعو ربه (عز وجل) فيقول: يا رب قد تعرف يده عندي، كيف آثرني على نفسه، يا رب هبه لي.

فيقول: هو لك، فيجيء فيأخذ بيد أخيه فيدخله الجنة)).[1]

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرمویەتی:

دو پیاو بە بیابانێكدا دەڕۆیشتن، یەكێكیان پیاوچاكێك بو، یەكێكی تریان تاوانبارو گوناهبار بو.

(ڕێگایەكی دورودرێژیان بڕیو پیاوچاكەكە ئاوی پێ نەما)و تینویەتی زۆری بۆ هێناو پاش ماوەیەك بە چۆكدا هات...

---

[1] رواه الطبراني في (الأوسط) والبيهقي في (الشعب) ينحو، وقال: وهذا الاسناد ان كان غير قوي فله شاهد من حدثي أنس. (صحيح قصص الرسول)، (١/٥٠).

هاوڕێکەی بۆی دەڕوانی، خەریك گیانی دەداو لە هۆش خۆی چوبو.

هاوڕێکەی وتی: وەڵڵاهی پێم وایە ئەگەر ئەم پیاو چاکە لە تویێناندا بمرێتو لە کاتێکدا منیش ئاوم پێ بێت لەو باوەڕەدا نیم خوای گەورە هەرگیز خێر بێنێتە ڕێگەم.

خۆ ئەگەر ئاوەکەش بدەم بە ئەو لە تینواندا دەمرم، بەڵام پشتی بە خوا بەستو ئاوی بە دەموچاوی پیاوەکەدا پرژاندو بە هۆشی هێنایەوەو تێر ئاوی کردو بەو جۆرە ئەو پیاوە توانی ئەو بیابانە وشكو بێ ئاوە ببڕێتو (بگاتە شوێنی مەبەست).

لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو پیاوەی کە لە دنیادا تاوانبارو خراپەکار بو دەهێنرێت بۆ لێپرسینەوەو لە پاشان فەرمان دەدرێت ببرێت بۆ ناو ئاگری دۆزەخ..

فریشتەکان دەیدەنە بەر خۆیانو دەیبەن.. و لە ڕێگە چاوی بە خواناسەکە دەکەوێتەوەو بانگی دەکاتو پێی دەڵێت:

ئەی فلان کەس، ئایا ئەوە نامناسیتەوە؟ ئەویش دەڵێت: دەی تۆ کێیت؟

دەڵێت: من ئەو کەسە بوم کە تۆم لە خۆم خۆشتر ویستو لە بیابانەکەدا ئاوم پێ دایتو ڕزگارم کردی..

ئەویش دەڵێت: بەڵکو ئێستا دەتناسمەوەو هاتیتەوە بیرم. پاشان بە فریشتەکان دەڵێ: ڕاوەستن. ئەوانیش ڕادەوەستن..

ئەویش دێتو ڕو دەکاتە خوای عز وجل وە لێی دەپاڕێتەوەو دەڵێت: ئەی پەروەردگارم تۆ ئاگاداری کە چ چاکەیەکی لەگەڵ کردوم، و چۆن منی لە خۆی خۆشتر ویست..

دەی خوایە گیان بیبەخشە بە من، خوایش دەفەرموێت: دەی ئەوا بەخشیمان بە تۆ..

ئەویش دەستی ئەو برایەی دەگرێتو پێکەوە دەچنە ناو بەهەشتەوە.*

---

* دەی خوایە گیان نوسەرو خوێنەری ئەم فەرمودەیەش ببەرە بەهەشتەوەو بیانبەخشە بەو دو پیاوە بەهەشتیە.

چیرۆکی بیست و پێنجەم

تینوی بیابان

مام شریف پیاوێکی خواناس و چاکەکار بو.. هەمو کاتەکانی ژیانی بە نوێژو ڕۆژوو زیکرو یادی پەروەردگاری بەسەر دەبرد..و کاتی غەفڵەت و بێ ئاگایی نەبو..

بەڕۆژ خەریکی کاسبی حەلاڵ بو (لە کڕین و فرۆشتندا) بۆ بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی شەویشی دانا بۆ خواناسی و نوێژکردن.

هەر لەو گەڕەکەشدا پیاوێك هەبو.. خوی گرتبو بە گوناه کردنەوەو بەردەوام (مەی) دەخواردەوەو ژنانی ئەو کۆڵانەی هەراسان کردبو.. سەیری دەکردن و دەچوە ڕێگەیان و خۆی دەکردو بە قوربانیان و پەلاماری دەدان...

کە دەیدا بە لای دوکانی مام شەریفی خواناسدا.. توانجی لێ دەداو پێی دەوت: بە خوا تاقەتت خۆشە.. ئاه.. هەر کە لێرەوە دەڕۆم ئەم مام شەریفە نوێژ دەکات...

کاکە تۆش وەرە بخۆرەوە.. لەم جادە گشتیەدا چاو بلەوەڕێنەو بەلام مام شەریف هیچ وەلامی نەدەدایەوە بەڵکو پێی دەوت:

عەباس گیان: ئەم کارانەی تۆ گوناهن.. خوا پێی ناخۆشە..مەیانکە گیانەکەم.. دروست نیە..

بەلام عەباس گوێی لێ نەبو.. بەڵکو دەیوت: خوا گەورەیە مام کەریم انشاء الله لێمان خۆش بێت.. بە خوا من تاقەتی ئەم خواناسی و نوێژو شتەم نیە.. هەرچەندە حەزیشم دەکەم کە وەك تۆ بومایە..

ئەم عەباسە شارەزای کون بە کونی بیابانەکە بو.. بۆیە خەڵکی بە پارە دەیانبرد لەگەڵ خۆیان بۆ دۆزینەوەی ماڵیان یان وڵاخیان یان بۆ ڕێپیشاندان وەك دەلیل..

ڕۆژێکیان هەواڵ هات کە کوڕێکی مام شەریف لە ڕاو نەگەڕاوەتەوەو هەمو هاوڕێکانی گەڕاونەتەوە بەلام ئەویان پێ نەبوو لە بیابان لێیان ون بو..

مام شەریف دەستی کرد بە گریانو هاوارو داوای لە خوا دەکرد بە سەلامەتی کوڕەکەی بۆ بگێڕێتەوە..

دەبوایە بچوایە بە دوایداو بۆی بگەڕایە.. بەڵام نە بیابان شارەزایەو ڕێگای بیابانو سەحرای بڕیوە تا ئێستا ئەی چی بکات..

ناچاری ئەوە بو بڕوات بە عەباس بڵێت تا لەم گەڕانەدا لەگەڵیدا بێتو ئەگەر گەڕانەوە خەڵاتێکی باشی بکات..

عەباس پێی وت: مام شەریف بیابان زۆر ترسناکە.. هەمو تەپو تۆزو لمەو وشكو بێ ئاوەو گورگیشی زۆرە..

بۆیە چەكو تەقەمەنیت با پێ بێتو ئاویشت لەبیر نەچێت.. ئاو..

مام شەریف بەو جۆرەی کرد کە عەباس پێی وتبو.. پێکەوە کەوتنەڕێو شەوو ڕۆژێکیان پێ چو بەڵام لەبەر ئەوەی کە مام شەریف کەم ئەزمون بو لە گەشتی بیاباندا دەستی بە ئاوەکەیەوە نەگرتو لە هەر کوێدا ماندو دەبو.. دەبە ئاوەکەی دەنا بە سەرەوەو تێری لێ دەخواردەوە.

هەرچەندە عەباس ئاگاداری دەکردەوە پێی دەوت: مام شەریف.. بۆ خاتری خوا ئاوەکە هەموی مەخۆرەوە.. دەستت بە ئاوەکەوە بگرە ڕێگاکە دورەو گەرمەو وشکەو ئاوت لێ دەبڕێت.

بەڵام مام شەریف بە بیانوی ئەوەی زۆر تینومەو ناتوانم ڕێ بکەم دیسان دەبە ئاوەکەی دەنا بە سەرەوە تا لە ناکاو هیچی تیا نەماو خاڵی کردەوە..

لە ڕێگا تینویەتی زۆری بۆ هێناو کەوتو نەیتوانی بڕواتو لە هۆشی خۆی چو بە دەم هاوار کردنەوە نقەی لێ بڕا.

عەباس گیان فریام کەوە گەروم وشك بو.. لە تینواندا مردم.. ئاوم بدێ ئاو..و لە هۆشی خۆی چو..

بەڵام عەباس وتی:

ئای پەروەردگارم.. هەرچەندە من ئاوم بەشی خۆم پێ نیە.. خۆم ڕەزیلیم تیا کردوە بۆ ئەوەی ئاوم لێ نەبڕێت‌و لە تینواندا نەمرم‌و بەڵام خۆ ناشبێت بهێڵم ئەم پیاوە دڵ پاك‌و خواناس‌و ڕەوشت جوانە بە بەر چاومەوە لە تینواندا بمرێت‌و منیش ئاوم پێ بێت..

خۆ ئەگەر بەو جۆرە بکەم.. دڵنیام خوای گەورە لێم زویر دەبێت‌و هەرگیز خێر نامێنێتە ڕێگام..

ئەی باشە ئەگەر بیدەم بەو، ئەی خۆ خۆم لە تێنواندا دەمرم.. بەڵام نا بۆ من جوان نیە.. براکەم لە تێنواندا بمرێت.. با ئاوی پێبدەم خوا کەریمە..

هەندێ ئاوی وەشاند بەدەم‌و چاویداو هێنایەوە هۆشی خۆی‌و پاشان وتی: ها رباکەم ئاوەکە من بخۆرەوە.. با لەتێنواندا نەمریت ئەویش تێر ئاوی خواردەوەو پێکەوە دەستیان کردەوە بەگەڕان بەدوای کوڕەکەدا..

ولە ڕێگا ئاویان پێ نەماو هەردوکیان.. لە تێنواندا.. هاواریان ئەکردو ئەکەوتنە زەویەکە..

مام شەریف دەیوت: عەباس چاوەکەم.. بۆچی ئاوەکەت بەمن دا؟ ئەی بۆ منت بەجێ نەهێشت. بۆ گیانی خۆتت ڕزگار نەکرد.. خەتای من بو من ئاوەکەی خۆمم زور خواردەوە..

عەباس وتی: حەزناکەم ئەم قسانە بکەیت ئێمە برای یەکین‌و خواچۆن قبوڵی ئەکا لێم کەمن ئاوم پێبێ‌و بەشی تۆی لێنەدەم..

مام شەریف دەستی کردە ملی‌و ماچی کرد وتی: ڕاستە تۆ گوناه ئەکەیت‌و خراپەکاری‌و سەرپێچی خوا زۆر ئەکەیت.. بەڵام خاوەنی دڵێکی پڕ لەباوەڕو بەزەیت خوا ڕزگارت کا واڕزگارت کردم..

لەم قسانەدا بون کوڕەکەی مام شەریف هات‌و سڵاوی کردو گریاو ووتی: باوکە گیان ئەوە لێرە چی ئەکەیت؟ ناشێ بەدوای مندا هاتبی؟ تۆ چۆن بڕی ئەم بیابان ئەکەی..؟

باوکی: ئۆخەی کوڕی شیرینم جارێکی تر تۆم بینیەوەو ئەمەی وت:

کەوتە سەر زەویەکەو لە هۆشی خۆی چو..

عەباس وتی: وەختی ئەم قسانە نیە، ئەوە دو ڕۆژە بە دوای تۆدا وێڵینو ئاومان پێ نەماوەو لە تینواندا خنکاوین، زوکە ئاو بکە بە دەمی باوکتەوە.. ئەها وەختە دەمرێت..

ئەویش پەلاماری داو تێر ماچی کردو تێر ئاوی کردو دەبەی دا بە عەباسو ئەویش تێر ئاوی خواردەوەو سوپاسی خوایان کردو گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بە خۆشیو سەلامەتی..

دیمەنی ڕۆژی قیامەتەو عەباسی تاوانبار بۆ لێپرسینەوە هێنراوەو پاش لێپرسینەوە فەرمان درا کە ببرێت بۆ ناو ئاگری دۆزەخو...

عەباس لەرزی لا هاتو چموچاری پێکەوت.. فریشتەکان پاڵیان پێوە دەناو دابویانە بەری خۆیان.. ئەویش سەیری خەڵکەکەی دەکرد هەمو وەستابونو ئەوانیش سەیری ئەویان دەکرد..

لە ناویاندا مام شەریفی بەدی کرد.. خۆشی لێهات پێکەنیو هاواری کرد..

مام شەریف؟ مام شەریف؟ ئەوە دەڵێی نامناسیتەوە؟

مام شەریف: لای کردەوەو بە سەرسوڕمانەوە وتی: تۆ کێی بە قوربان جا ئەمە ڕۆژێکە کەس کەس دەناسێتەوە؟

عەباس وتی: مام شەریف بۆ خاتری خوا.. فریام بکەوە من عەباسم.. ئەو کەسەم کە لە بیابانە وشکەکەدا تۆم لە مردن ڕزگار کردو ئاوم پێ دای لە بەشەکەی خۆم..

مام شەریف وتی: بەڕێوەڵڵا دەتناسمەوە.. تۆ گەورەترین چاکەت لەگەڵ من کردو لە تینویەتی ڕزگارت کردم..

بۆیە هاواری کرد وتی: ئەی فریشتەکانی خوا.. تکایە جارێ مەیبەنو بوەستن.. تکایە بوەستن؟ ئەوانیش وەستان..

ئەویش هاتو ڕوی کردو خوای گەورەو میهرەبان وتی: ئەی پەروەردگارم تۆ خۆت باشتر لە خۆم ئاگاداری کە چۆن لە ئاوەکەی خۆی تێر ئاوی کردمو منی لە خۆی خۆشتر ویست.

دەی پەروەردگارم تکات لێ دەکەم.. بیبەخشە بە من؟

خوای گەورەش دەفەرموێت:

ئەوا بەخشیمان بە تۆ.. ئەویش دەڕوات و دەستی دەگرێت و پێی دەڵێت:

ئەی برای هاودینم ئەوە خوا بەخشیتی بە منو فەرمو دەستت بێنە با پێکەوە بچینە ناو بەهەشتەوە..

پێکەوە دەچنە ناو بەهەشتەوە.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١- دروستەو شتێکی زۆر ئاساییە لەگەڵ نوێژ نەکەرو گوناهکاراندا بگەڕێیت‌و گەشت بکەیت بەو مەرجەی بەردەوام باسی چاکەو خواناسی بۆ بکەیت‌و ئەمر بە چاکەو بەرگری لە خراپە فەرامۆش نەکەیت لەگەڵیدا.

٢- ئەوانەی کە موسڵمانن‌و باوەڕدارن بەڵام دەورووبەری خراپ وای لێ کردون خەریکی گوناهو کاری خراپن.. نابێت فەرامۆش بکرێن‌و نەفرەتیان لێ بکەین بەڵکو دەبێت بەردەوام دەستیان بۆ درێژ بکەین‌و خۆشمان بوێن‌و بەزەییمان پێیاندا بێتەوەو دوعای هیدایەت‌و چاکەکاریان بۆ بکەین.

٣- هەرگیز لە هیچ موسڵمانێك نائومێد نەبین کە دەبینین لە مزگەوت نوێژ ناکات یان لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژو نابێت یان خەریکی ئارەق خواردنەوەو قومارە، نەخێر بەڵکو ئەوانەش لە کات‌و شوێنی خۆیدا ئیسلام‌و موسڵمانان سودیان لێ وەردەگرن‌و لەبەر ئەوەی بێباوەڕ نین چەندێ بسوتێن لە دۆزەخدا ڕۆژێك هەر دێت خوا بەزەیی پێیاندا بێتەوەو بیانباتە بەهەشت.

٤- ئەبێ گوناهکارو خواناسێکی وەك ئەو پیاوە خراپەی چیرۆکەوە لە کاتی پێویستدا گەیشتە فریای برایەکی موسڵمان‌و لە تینویەتی ڕزگاری کرد.

ئەی دەبێت موسڵمانی خواناس هەڵوێستی چۆن بێت لە بەرامبەر برایەکی موسڵمان کە پێویستی تێی بکەوێت‌و بۆی ئەنجام بدات.

٥- دەبێت زۆر وریا بین‌و باسی خواناسی‌و پیاوچاکان بە ئەدەبەوە بکەین‌و بێ حورمەتی بەرامبەریان نەنوێنین. چونکە ئەوانە وەلین‌و دۆست‌و ئەحبابی خوان‌و خوا بڕیاری داوە کە دژایەتی ئەو کەسانی دەکات کە دژایەتیان دەکەن.

ئەوەتا ئاوپێدانێکی لە لایەن فاسقێکەوە دەبێتە هۆی لێخۆشبونی خاوەنەکەی.

٦ـ ئەی دەبێ تاوانی ئەو کەسانە چی بێت کە دژایەتی هەڵگرانی بیروباوەڕی پاکی ئیسلام دەکەن پەنا بە خوا؟ کە نەك پێویستیان تەواو ناکات بەڵکو موچەیان دەبڕن و گەمارۆی ئابوریان دەخەنە سەرو لە پلەو پایەو بەرزکردنەوە مەحرومیان دەکەن.

٧ـ (إیثار) واتە تۆ شتێکت بۆ خۆت کڕیوە بەڵام دەبینی برایەکی موسڵمانیشت پێویستی پێیەتی بەڵام پارەی نیە بیکڕێت و تۆش لەبەر خوا پێ دەنێی بە جەرگی خۆتداو دەڵێی من قەیناکە با بیدەم بە برا موسڵمانەکەم و ئەوەش چڵەپۆپەی خێرکردنە.

٨ـ هەرگیز نەکەیت چاکە لەگەڵ خەڵکی بکەیت و پاشان بیدەیتەوە بە ڕویداو بیکۆڕێنیتەوەو هەر باسی بکەیتەوەو منەت بخەیتە سەری.. ئەوە تاوانێکی گەورەیەو خێرو چاکە بەتاڵ دەکاتەوە..

بەڵام لە حاڵەتی فەوتان و تیاچوندا.. زۆر زەرورە ئەو چاکەیە لە لای ئەو کەسەی کە چاکەکەت لەگەڵدا کردوە باس بکەیت و بەڵکو لەو تەنگانەیەدا بگاتە فریات و پاداشتەکەیت بداتەوە.

٩ـ ئەگەر یەکێك هات بۆ لات و چاکەیەکی خۆی بەسەرتەوە باس کرد، تۆ زۆر سوپاسی بکەو بڵێ چاکم لەبیرەو تا ماوم سوپاست دەکەم و ئەگەر توانیشت پاداشتی ئەو چاکەیەی بدەرەوە..

هەرگیز لێی زویر مەبەو مەڵێ ئەمە چاکە کۆڕاندنەوەیە.

١٠ـ ئەگەر یەکێك چاکەیەکی لەگەڵتدا کردبو کاتی خۆی و خستیەوە یادت پێت ناخۆش نەبێت و بڵێ ئازۆر چاك لەبیرمەو یەکسەر پاداشتێکی وای بدەرەوە زۆر گەورەتر بێت لە چاکەکەی ئەو..

١١ـ لە کاتی پێویستدا خۆت بناسێنە.. با ڕێزی تەواوت لێ بگیرێت و لەو تەنگەژەیە بگەنە فریات.

١٢ـ لەوانەیە مرۆڤ بە یەك کردەوەی چاك لەبەر خواو بە تەنهاو بە نهێنی بیکات خوا لە هەمو گوناهو سەرپێچیەکانی پێشوی خۆش ببێت.

١٣ـ کردەوەی جوانو بەندایەتی کردنو خواناسی مرۆڤ ڕزگار دەکات لە ڕۆژی قیامەتداو نەك هەر ئەوە بەڵکو خوای گەورە مەجالی ئەوەشیان پێ دەدات کە ئەوانەشی لە دنیا چاکەیان لەگەڵ کردون تکای لێخۆشبونیان بۆ بکەنو خوایش داواکانیان ڕەد ناکاتەوە.

١٤ـ بە فەرمودەکەدا دیارە دۆستو ئەحبابانی خودا هێشتا سەرەی لێپرسینەوەشیان نەهاتبێت لە گۆڕەپانی مەحشەردا (تکا بکەن) خوای گەورە تکاکایان ڕەد ناکاتەوە.

١٥ـ بە فەرمودەکەدا دیارە کە مرۆڤ ئەگەر لە شوێنی ناسراو بو، دەستی دەڕۆیشت دەتوانی کارئاسانی بکات بۆ ئەو کەسانەی کە وەك ئەو، ئەو ڕێزو ناسراویەیان نیە..

بە مەرجێك زوڵمو ناهەقی دەرهەق بە کەسانی تری تێدا نەبێتو نەچێتە ڕیزی واسیتەکردنەوە کە ئەوە حەرامە لە ئیسلامداو مافی کەسانی دیکە پێشێل دەکرێت تیایدا.

١٦ـ ئەگەر کەسێك ئەوەندە ڕێزی لە لای تۆ هەبو کە بە خۆیدا دەنازی کە سکاڵای خەڵکی بەرز دەکاتەوە بۆ لاتو لە ڕێگەی تۆوە شتێکیان بۆ بکات، تۆش نائومێدی مەکەو سوکی مەکە لەبەر چاویانو داواکانی ڕەد مەکەرەوە.

١٧ـ ئەگەر ویستت لە لای بەرپرسێکی گەورە تکایەك بۆ کەسێکی هەژارو بێ دەست بکەیت کە چاکەیەکی بە سەرتەوە هەیەو تۆش دەتەوێ بەو کارە پاداشتی بدەیتەوە.. تا بۆت دەکرێت شێوازی داواکاریەکەت لەو بەرپرسە زۆر جوانو پڕ لە ئەدەب بێت.

نابینی پیاوچاکەکە بە خوای گەورەی وت: (بەڵکو بیبەخشی بە من) چەند شێوازێکی جوانە..

سەیر بکە وەك ئەمر پێی نەوت: فەرزی نەکرد لەسەر خوا! و بە مانایەك پێی وت کە ئەگەر بۆی بکات چاکەو ئەگەر بۆشی نەکات زۆر ئاساییە.. واتە سەربەستی کردنو نەکردنەکەی گەڕاندەوە بۆ خوای گەورە.

١٨ـ ئەمەو چەندان پەندو ئامۆژگاری تر کە من پەیم پێ نەبردوە.

القصة السادسة والعشرون

المذنب الخائف

عن ابي سعيد الخدري (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ): ((ذكر رجلاً فيمن كان سلف أو قبلكم، آتاه الله مالاً وولداً)) قال: فلما حُضِرَ قال لبنيه: أيُّ أب كنت لكم؟

قالوا: خير أبٍ، قال: فإنه لم يبتئر عند الله خيراً، وإن يقدم على الله يُعذبه، فانظروا، فإذا انا مت فأحرقوني، حتى إذا صرتُ فحماً فاسحقوني، أو قال: فاسهكوني.

ثم إذا كان ريح عاصف فأذروني فيها، فأخذ مواثيقهم على ذلك وربيّ، ففعلوا.

فقال الله: كنْ، فإذا رجُل قائم، ثم قال: أي عبدي، ما حملك على ما فعلت؟

قال: مخافتك، أو فرقٌ منك، فما تلافاه أن رحمه الله)).[1]

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:

دەگێڕنەوە لە ئومەتەکانی پێشو یان ئومەتانی پێش ئێوەدا پیاوێك هەبو خوای گەورە ماڵو سامانو کوڕی زۆری پێ بەخشیبو..

لە کاتی سەرەمەرگیدا کوڕەکانی کۆکردەوەو پێی وتن: من چۆن باوکێك بوم بۆتان؟

هەمو وتیان: باشترین باوك بویت، وتی: بەڵام پێم وایە هیچ کارێکی خێرم بۆ خوا نەکردوە، وا دەزانم بگەڕێمەوە بۆ لای خوا سزام دەدات، سەیرکەن، هەرکاتێ مردم لاشەکەم بسوتێنن، کاتێك بوم بە خەڵوز، بمهاڕن (وەکو ئارد).

پاشان لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا بمدەن بە دەم ڕەشەباوە.. و لەسەر ئەو وەسیەتە بەڵێنی لێ وەرگرتنو سوێندی پێ خواردن، و ئەوانیش بەو جۆرەیان کرد (کە باوکیان وەسیەتی بۆ کردبون).

---

[1] رواه البخاري (٦٤٨١).

خوای گەورەیش فەرموی: ببەرەوە بە مرۆڤەکە، خێرا بویەوە بە پیاوەکەی جارانو لێی پرسی: ئەی بەندەکەم بۆچی ئەمەت کرد؟

ئەویش وتی: لە ترسی تۆ! لە حەیبەتی تۆ، هەر لەوێدا خێرا خوا لێی خۆش بو.

چیرۆکی بیستو پێنجەم
گوناهبارێکی تۆقیو

مام رسول پیاوێك بو.. زۆر دەوڵەمەند بو.. خاوەنی ماڵو سامانو کوڕو کاڵێکی زۆر بو..

ئەم پیاوە لە سەرەتای ژیانیدا خێرو خێراتی نەدەکردو دەستگرۆیی هەژارانو نەدارانی نەدەکرد مەگەر زۆر بە کەمی..

و بە بۆنەی خەریك بونی بە بازرگانیو پرۆژەکانیەوە بە شێوەیەکی شایستە خواناسیو بەندایەتی تەواوی بۆ خوا نەدەکرد..

ڕۆژان ڕۆیشتنو ڕۆژان تێپەڕین.. پیاوەکە پیر بو.. نەخۆش کەوتو گەیشتە کاتی سەرەمەرگو بە خۆی وت:

ئای پەروەردگارم.. من چەند کەمتەرخەم بوم دەرهەق بە تۆو فەرمانەکانی تۆ..

بە تەما نەبوم ڕۆژێك بێتە پێشەوەو ئاوا وەك لاك لەسەر جێگا بکەوم وڵات نەما بۆی نەڕۆمو کاڵا نەماوە بازرگانیم پێوە نەکردبێت، کەچی ئەمە پاشەڕۆژمەو ئاخۆ دەبێت قیامەتم چۆن بێت پەنا بە خوا..

دەبێ بە چ ڕویەکەوە بگەڕێمەوە بۆ لای پەروەردگارم.. بە خێرو چاکەکانمەوە.. بە شەونوێژو ڕۆژومەوە.. شتێکم نیە شانازی پێوە بکەم لە ساحەی مەحشەردا، ئاەە.. دەبێت شتێك بکەم نەچمە بەردەمی لێپرسینەوەی خواییو زیندوم نەکەنەوە.. ئا بیرم کەوتەوە.. با کوڕەکانم بێن پێیان دەڵێم چیم لێ بکەن لە دوای مردنم..

مام رسول لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشاوە باری تەندروستی زۆر زۆر خراپ بوە، کوڕەکانی بە چواردەوریدا دانیشتونو دوکتۆر فەحصی سنگی دەکاتو پاشان پێی دەڵێت: مام رسول ان شاء الله باش دەبیت.

مام رسول: زۆر سوپاست دەکەم.. لەبەر دڵی من وا دەڵێی بەڵام من دوادواییمە سەد حەکیم ئەوەندەی دەردەدارێك نازانێت کوڕی پورم.

دوکتۆر دەڕواتە دەرەوەو باوکە ڕو دەکاتە کوڕەکانیو بە غەمناکیو پەژارەیەکەوە سەیریان دەکاتو دێتە قسەو دەڵێت:

کوڕە جوانەکانم... ئازیزەکانی ناو دڵم.. وەرنە پێشەوە..

هەمو کوڕەکان لێی کۆدەبنەوەو دەڵێن: گوێمان لێتە فەرمو چیمان پێ دەڵێیت؟

مام رسول: کوڕەکانم: من چۆن باوکێك بوم بۆتان؟

کوڕە گەورە: باشترین باوك بویت بۆمان.

مام رسول: بەڵام لەگەڵ خودا بەو جۆرە نەبوم.. زۆر دەترسم لێم زویر بێتو سزایشم بدات چونکە ئیشوکاری دنیاو بازرگانی لە دنیا جوانەکەی خواپەرستیو بەندایەتیان کردم. قەد ڕوی بەردەمی پەروەردگارم نیە.. زۆر شەرمەزارم..

کوڕ: باوکە گیان تۆ شوکر خاوەنی بیروباوەڕێکی پاكو دڵێکی سافیو بڕوا ناکەم خوای گەورە لێت زویر بێت..

باوك: کوڕم سامانی دنیام لەبەردەستدا بو دەستم تێنەچوە خێر بکەم.. حەج بکەم.. یارمەتی هەژارانو هەتیوانو بێوەژنان بدەم.. زۆر دەترسم..

کوڕ: باوکە وا مەڵێ.. خوا زۆر بە ڕەمو بەزەییە..

مام رسولّ: کوڕم کەسێك خۆی ڕەحمی بە خۆی نەکردبێتو کاری چاکەی بۆ قیامەت پێش نەخستبێت.. مەحاڵە ڕەحم شمولی بکات.. گوێ بگرن.. هەمو گوێ قوڵاخن..

مام رسول: کوڕم من مردنم نزیك بۆتەوە.. ئەگەر ماموو چاك بومەوە.. دەست دەخەمە سامانەکەمو خێری زۆری لێ دەکەم.. بەڵام ئەگەر مردم ئێوە خێرو خێراتی لێ بکەن بۆمو لە سامانەکەمان هەژاران دڵخۆش بکەن.

کوڕ: بەسەرچاو باوکە گیان درهەمی ناهێڵین.. هەموی دەکەینە خێر بۆت..

باوك: واش نا.. بەڵكو بەشێكی بهێڵنەوە بۆ خۆتان.. بەڵام من بۆ ئەوەم كۆ نەكردونەتەوە..

كوڕ: ئەی بۆچی؟ گیانمان فیدات بێت؟

مام رسول: ئەگەر مردم..

كوڕ: خوانەكا باوكە گیان (بە گریانەوە).

مام رسول: كوڕم مردن بەشی هەمو زیندەوەرێكە..و قسەم پێ مەبڕن.. ئەگەر مردم لاشەكەم مەبەن بۆ گۆڕستان‌و كفن‌و دفنم مەكەن..

كوڕ: چۆن؟ ئەی چیت لێ بكەین؟ هەمو كەس كە دەمرێت دەبرێت بۆ گۆڕستان وا نیە برایان؟ هەمویان: با..

باوك: كوڕەكانم لێم تێبگەن.. من ڕوی قەبرم نیە.. كردەوەی چاكم نیە.. دەترسم گۆڕ وەرم نەگرێت‌و هەڵم بداتە دەرەوە..

كوڕ: باوكە گیان.. خۆ تۆ نە پیاوت كوشتوە نە زینات كردوە؟!

باوك: ڕۆڵە خوا سامانی زۆری پێدام بەڵام لە ڕێی خوا سەرفم نەكرد ئەوە گوناه نیە؟! بۆیە ئەگەر مردم.. لاشوكەم بسوتێنن‌و پاشان: لاشەی خەڵوزینم بهاڕن وەك ئارد وردی بكەن‌و پاشان لە ڕۆژێكی ڕەشەبادا بیدەن بە دەم باكەوە با هەر زەڕەیەكی بە لایەكدا بڕوات‌و خوا زیندوم نەكاتەوە..

كوڕ١: باوكە چۆن دڵمان دێت لاشەی نەرم‌و شلت بە دەستی خۆمان بسوتێنین تۆ چی دەڵێی من هەرگیز ئەوە ناكەم.

كوڕ٢: منیش جورئەتی ئەوە ناكەم.. باوكە گیان تۆ بێ گۆڕ دەبی‌و سەردانی گۆڕەكەت نەكەین؟! نانا..

باوك: من ئەمە دوا وەسیەتمە بۆتان.. دەبێ جێبەجێی بكەن.. توخوا.. تو گەورەیی خوا.. جێبەجێی دەكەن؟..

كوڕەكان سەیرێكی یەكتریان كردو وتیان: بەڵێ..

مام رسول: بە بەڵێ ڕازی نابم سوێندم بۆ بخۆن ئەگینا وەسیەت دەکەم لە سامانەکەم مەحرومتان دەکەم؟

کوڕ١: بەڵێ بە عەزەمەتی خوا تۆ چۆنت پێ خۆشە جەستەکەت وا لێ دەکەین.

پاش ئەوەی پیاوەکە مرد، و کوڕەکانی وەسیەتەکەیان بۆ خەڵکی خوێندەوەو پاشان ئاگرێکیان کردەوەو خستیانە ناوی، پاشان ئێسك‌و پروسکی سوتاویان ورد کردو هاڕی‌و دایان بە دەم باوەو بە گریانەوە چونەوە بۆ ماڵەوە.

کاتێك کە ئەم کارانەیان ئەنجام داو بە گومانی خۆی وای دەزانی ئەگەر وا بکات ئیتر خوای گەورە لاشەکەی کۆ ناکاتەوەو زیندوی ناکاتەوە، بۆیە خوای گەورە بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێت زیندوبونەوە بۆ خوا کارێکی زۆر ئاسانەو سوتان‌و وردو خاش کردنی جەستە ڕێگر نیە لە بەردەم کرداری زیندوکردنەوەیدا سەر لە نوێ‌و لە دوای مردن..

بۆیە خوای گەورە پێی دەفەرموێت: (کُنْ) واتە ببەرەوە بە مرۆڤەکەی جاران..

یەکسەرو هەر لەوێدا پیاوەکەی جاران زیندو دەبێتەوەو سەیرێکی خۆی دەکات‌و دەست دەهێنێت بە خۆیدا بە دەم خۆیەوە دەڵێت:

ئای کوڕە ناصاڵحەکانم وا دیارە نەیانسوتاندوم‌و بەو جۆرەیان نەکردوە کە خۆم پێم وتون..

دەنگ: با.. کوڕەکانت ناصاڵح نین‌و وەسیەتنامەکەتیان جێبەجێ کردو سوتاندیتیان‌و پاشان دایتیان بە دەم باوە بەڵام دەسەڵاتی پەروەردگار زۆر لەوەش مەزنترە کە لاشەی وردو هاڕاوی سوتاو زیندو بکاتەوەو ئەو زیندوی کردویتەوە.

مام رسول: ئاخر من بۆ زیندو کرامەوە؟!.. کەی ڕوی بەردەمی خوای گەورەم هەیە.. من بێزم لە خۆم دێتەوە.. من شەرمەندەم.. بۆ زیندو کرامەوە من کەی ئەو پیاوە چاکەم کە بتوانم لە بەردەمی زاتی پەروەردگار ڕابوەستم..

دەنگ: باشە تۆ پێمان بڵێ بۆچی هەستای بەم کارەو بۆ نەتویست بخرێیتە ناو گۆڕ؟

مام رسول: ئاخر من به ڕوویەکەوە بچمە بەردەمی خوا؟ من لە ترسی پەروەردگارم ئەوەم کرد وتم بەڵکو زیندوم نەکاتەوەو پرسیارم لێ نەکات!

ئاخر چی وەڵام بەمەوە؟

دەنگ: دەی مژدەت لێ بێت.. کە مادەم ئەوەندەو تا ئەو ڕادە بەرزە لە خوا دەترسیو شەرم لە پەروەردگارت دەکەیت ئەوا خوای گەورە لێت خۆش بو.. لێت خۆش بو..

بە ڕاست.. بە ڕاست.. سوپاسی بێ پایان بۆ تۆ پەروەردگارم (لە خۆشیاندا لە هۆش خۆی دەچێت).

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ دیارە بونی ماڵو سامانو کوڕی زۆر بەخششێکی گەورەیەو پەروەردگار دەیدات بە بەندەکانیو تاقیان دەکاتەوە تا بزانێت سوپاسگوزارنو پاشان یارمەتی هەژارو لێقەوماوانی لێ دەدەن.

٢ـ باوك دەبێت ناوەناوەیەك منداڵەکانی کۆبکاتەوەو ڕاستەوخۆ دەربارەی خۆیو شێوازی بەڕێوەبردنی ماڵەکە پرسیاریان لێ بکاتو لەوانەیە ئەو هەندێ شت بکات ئەوان پێیان باش نەبێت وەك سەردەمی نوێیان.

٣ـ مرۆڤ هەرچەندە خواناسو موسڵمانێکی دروست بێتو کردەوەی جوانیش بکات هەر دەبێت بێ خەم نەبێت لە قیامەتو سزای سەختی خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا..

و وابزانێت کردەوەکانی لێ وەرنەگیراوەو کردەوەی نوێ ئەنجام بداتو تا بۆی بکرێت دڵسۆزی تیا بنوێنێتو لە ڕیاو ڕوپامایی بە دوری بگرێت.

٤ـ لە سوننەتی پێغەمبەرماندا (ﷺ) هاتوە کە موسڵمان دەبێت هەردەم وەسیەت بنوسێت یان بیکات چونکە مردن کتوپڕیەو شتێکی چاوەڕوان نەکراوەو لە ناکاو ناوت لەسەر زەوی دەسڕێتەوە.

تا وەك چاوڕۆشنیەك بێت بۆ نەوەکانی لە دوای خۆی کاری پێ بکەن چ لە ڕوی پارێزگاری لە بیروباوەڕی ئیسلامەتیو چ لە لایەنی ڕەوشتی بەرز یان مەسەلەی پارەو سامانو قەرزو شتەکانی ترەوە بێت.

٥ـ بۆ کەسانی مامۆستاو پەروەردەکار پێویستە لە دوای هەمو کارێکی جوان کە قوتابیو نەوەکانیان ئەنجامی دەدەن پرسیاری لێ بکات لە هۆی کردنی ئەو کارە.

ئیتر با خۆیشی هۆکارەکەی بزانێت، وەك چۆن خوای عز وجل لە بەندەکەی دەپرسێت بۆچی ئەو کارەت کرد لە دنیا؟

٦ـ کردەوە چاکەکانتو هۆکاری کردنی ئەو کردەوانە لە لای کەس باس مەکەو بە نهێنی لە نێوان خۆتو پەروەردگاردا بیهێڵەوە، بەڵام ئەگەر زۆر پێویست بو باسکردنی، دەتوانی لە شوێنو کاتی گونجاودا باسی بکەیتو خۆتی پێ ڕزگار بکەیتو یان حەقێکی پێ دەربخەیت.

القصة السابعة والعشرون

التائب احب الى الله

قال النبي (ﷺ): ((لله أشد فرحاً بتوبة عبده حين يتوب إليه من أحدكم كان على راحلته بأرض فلاة، فانفلتت منه، وعليها طعامه وشرابه، فأيس منها، فأتى شجرة فاضطجع في ظلها قد أيس من راحلته.

فبينا هو كذلك إذ هو بها قائمة عنده، فأخذ بخطامها ثم قال: من شدة الفرح: اللهم أنت عبدي وأنا ربك، أخطأ من شدة الفرح)).[1]

واته: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((خوای گەورە بە ئەندازەیەکی وا خۆشحاڵ دەبێت بە تەویەو گەڕانەوەی بەندە تاوانبارەکان بۆ لای خوا، لەم مەسەلەیەدا لەو کەسە خۆشحاڵترە کە بە وڵاخێكو بارێکەوە ڕودەکاتە بیابانو لەو بیابانەدا حوشترەکەی بە بارەکەوە لێ ون دەبێت کە هەمو خواردنو ئاوو تفاقی بەسەر پشتی ئەو وڵاخەوە بو، زۆر گەڕا بە دوایدا بەڵام دواجار بێ هیوا بو ناچار ڕۆیشتە بنی درەختێكو لێی ڕاکشا تا چاوی بچێتە خەو چونکە زۆر بێ هیوا بو لە دۆزینەوەی.

ئەو لەو حاڵەتەدا بو کە چاوی کردەوە دەبینێ حوشترەکەی لەبەردەمیدا وەستاوەو لە خۆشیاندا پەلاماری ڕەشۆکەی داو گرتیو لە تاو خۆشیو سرور دەمی تەتەڵەی کردو وتی: ((ئەی پەروەردگارم تۆ بەندەی منیتو منیش خوای تۆم!))، لە خۆشیاندا زمانی هەڵەی کرد.

---

[1] رواه مسلم (٢٧٤٧).

چیرۆکی بیستو حەوتەم

تەوبەکار خۆشەویستترە لە لای خوا

ماڵی کاك ئەحمەد خەریکی ئامادەکردنی ئاوو خواردن سازکردنو دەیخەنە سەر حوشترەکە.. چونکە وا دیارە گەشتێکی قورسو دورو وشکی بیابانی لە ڕێدایە..

کوڕ: باوکە گیان.. هەمو شتێك حازرەو بارەکەت ئامادەیەو دەتوانی تەشریف بەریت.

کاك ئەحمەد: دەستتان خۆش بێت.. یاالله، با زو بڕۆمو دەبێت لەگەڵ خۆرئاوابوندا بگەمە دێیەکە.. با بڕۆم.. دەی خواحافیز ڕۆڵەکانم..

هەمو بنەماڵەکە خواحافیزی لێ دەکەنو چاویشیان بە فرمێسکە چونکە بڕینی بیابانێکی گەرمو وشك هەر وا ئاسان نییە، کە لەوانەیە جەردەو ڕێگر یان گورگ پەلاماری بدەن..

لە ڕێگە کاك ئەحمەد تینوی بوەو دەستی برد مەتارەیەکی لە پشتی حوشترەکەی داگرتو کەمێك ئاوی خواردەوەو بە دەم خۆیەوە دەیوت: ئەم بیابانە سەختو وشکە بە چی ببڕدرێت ئەگەر ئاوت پێ نەبێت، ئەمەی وتو مەتارەکەی خستەوە شوێنی خۆی.

کاك ئەحمەد ڕێگایەکی زۆر دورودرێژی بڕیوەو بە تەواوی ماندوو شەکەت بوەو ئاسەواری ڕێبواری پێوە دیارە.. بە دەم خۆیەوە وتی: زۆر ماندو بومو بە تەواوی برسیشمە با کەمێك لە بنی ئەو دارەدا سەرخەوێك بشکێنم دواتر نانێکی لێ دەخۆم.. یاالله.

کاك ئەحمەد حوشترکەی لە پاڵ خۆیدا بەرەلا کرد.. بۆ خۆی بلەوەڕێت چونکە حوشترێکی هێمن بو نەدەترسا لەوەی بڕوات.

کاتێك خەبەری بویەوەو سەیرێکی ئەملای کرد وتی: ئای کە برسیمە بەڵام سەرەتا با کەمێك ئاو بخۆم خۆ گەروم وشك بو لە تینوانددا.. ئەی ئەوە حوشترەکەم کوا؟ چی لێ هات؟

ئەملاو ئەولای درختەکە دەگەڕێت.. بەڵام نەیدۆزیەوە.

وردەوردە بۆی دەرکەوت کە حوشترەکەی هەڵاتوەو دیار نەماوە بۆیە قەڵەمی دەستو ئەژنۆی شکا..

دواتر چو پشتی گردۆلکەکان گەڕا بەڵام حوشترەکەی لەوێش نەبو.. دای بە تەوقی سەریدا دەستی کرد بە دوعاو پاڕانەوەو دەیوت:

پەروەردگارم.. ئەی فریادڕەسی هەمو لێقەوماوان.. من لەم بیابانەدا نەکوژی لە برسێتیو تینوێتی..

وا خەریکە لە تینواندا دەمرم.. خوایە بگەرە فریام.. هەمو ئاوو خواردنەکە بەسەر کۆڵ حوشترەکەمەوە بو.. هەموی بردو منیش بە دەستی بەتاڵ ماومەتەوە..

بە دەم خۆیەوە: خوا گەورەیە.. انشاء الله دەیدۆزمەوە.. چی لێ دێت.. خۆ هەر لەم ناوەدایە..

دەڕواتو دەکەوێت.. زۆر تینویەتی.. شەکەت بو. کەوتە زەویەکەو لە حەیبەتی برسێتیو تینوێتی نەیدەتزانی چی بکاتو هەر غیرەتی بە خۆی دەدا بەڵام بێ سود بو هەر دەکەوتەوە..

ئەوەبو بڕیاری دا بچێتەوە بنی دارەکەی خۆیو یەکەمجارو لەوێ ڕاکشێتو بەڵکو خەوی لێ بکەوێت..

کاك ئەحمەد چوە خەوێکی قوڵو لە ناکاو خەبەری بویەوەو چاوی کردەوە بە دەم پرمەی حوشترەکەیەوە..

دەبینێت وا حوشترەکەی بە بارەکەیەوە لەبەردەمیدا سەری داخستوەو وەستاوە..

کاك ئەحمەد وتی: ئەرێ ئەمە خەوە یان ڕاستیە؟ چو پەلاماری حوشترەکەی داو تێر ماچی کردو پاشان خواردنو خواردنەوەکەی لێ داگرتو بە دەم ئاوخواردنەوە وتی:

ئەی پەروەردگارم نازانم چۆن سوپاست بکەم.. بە چ زمانێك سوپاست بکەم. ئەمە منم وا حوشترەکەت بە بارەکەیەوە بۆ گێڕامەوە؟ بە ڕاستی ئەی خوای پەروەردگارم تۆ بەندەی منیو منیش خوای تۆم!

هەر خۆی دوبارەی کردەوە: خوا خوا.. لە خۆشیاندا لێم تێك چو (استغفر الله، استغفر الله) ئەوە من چیم وت؟ ئەی پەروەردگارم بە ڕاستی تۆ خوای منی‌و منیش عەبدو بەندەیەکی بێ دەستەلاتی تۆم،و ئەمەی وتو دەستی کرد بە نان خواردن‌و زۆر بە کەیف‌و دەم بە خەندە بو.

ئەو پەندو ئامۆژگاریانەی لەم چیرۆکە وەردەگیرێت

١ـ خوای گەورە (جل جلاله) زۆر خۆشحاڵ دەبێت کاتێك بەندەیەکی گوناهبارو یاخی دەگەڕێتەوە بۆ لای‌و واز لە کاری زەشت دەهێنێت‌و ڕێگای چاکەو خواناسی دەگرێتەبەر.

ئەمەش ئەوپەڕی مانای بەزەیی‌و سۆزی تیایە بۆ نەوەکانی ئادەم‌و حەز ناکات سزایان بدات‌و بیانسوتێنێت.

٢ـ ئەگەر خەڵکی هەڵەیان کرد بەرامبەرمان‌و ئازاریان دەداین‌و گاڵتەیان پێ کردین‌و لەمپەریان دەخستە بەردەم کاروانەکەمان..


بەڵام پاشتر وازیان هێنا لەو کارەو دانیان نا بە هەڵەی خۆیاندا دەبێت زۆر خۆشحاڵ بین‌و هەمو هەڵەکانی پێشویان لە یاد بکەین‌و لێیان ببورین.

٣ـ نمونە هێنانەوە بە شتێکی زیندوو بەرجەستە زۆر گرنگە بۆ تێگەیاندنی خەڵکانی چواردەورمان.. نابینی پێغەمبەر (ﷺ) دەیەوێت ئاستی خۆشحاڵی خوا بۆ هاوەڵان دەربخات نمونە بەو پیاوە دەهێنێتەوە کە چەند خۆشحاڵ بو بە دۆزینەوەی حوشترەکەی.

٤ـ لە کاتی خۆشی چاوەڕواننەکراودا دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت‌و هەندێ کاری سەیر یان هەندێ وتە نەیەت بە دەمماندا‌و دوایی ببینە جێگەی لاقرتێی خەڵکەکە، من خۆم ئەوەم دیوە لە کاتی پرسەدا گریان‌و خۆدان بە زەویدام دیوە لە کەسانێك کە دوایی دەیانوت ئێمە شتی وامان نەوتوە؟!..

٥ـ دیارە لە دو حاڵەتدا مرۆڤ ئاگای لە خۆی نامێنێت‌و کۆنترۆڵی خۆی پێ ناکرێت:

یەکەم: بیستنی هەواڵێکی زۆر خۆشی چاوەڕوان نەکراو، یان هەواڵێکی زۆر ناخۆشی چاوەڕوان نەکراو..



القصة الثامنة والعشرون

أيوب مريض

عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) قال: أن النبي (ﷺ) قال: ((إن نبي الله أيوب (عليه السلام) لبث به بلاءه ثماني عشرة سنة، فرفضه القريب والبعيد، إلا رجلين من إخوانه كانا يغدوان إليه ويروحان.

فقال أحدهما لصاحبه ذات يوم: تعلم والله لقد أذنب أيوب ذنباً ما أذنبه أحد من العالمين.

قال له صاحبه: وما ذاك؟

قال: منذ ثمان عشرة سنة لم يرحمه ربه فيكشف ما به.

فلما راحا إلى ايوب لم يصبر الرجل، حتى ذكر ذلك له، فقال أيوب: لا أدري ما تقولان؟ غير أن الله يعلم أني كنت أمرّ بالرجلين يتنازعان، فيذكران الله، فأرجعُ إلى بيتي، فأكفر عنهما، كراهية أن يذكر الله إلا في حق.

قال: وكان يخرج إلى حاجته، فإذا قضى حاجته، أمسكته امرأته بيده حتى يبلغ، فلما كان ذا يوم، أبطأ عليها، وأوحى الله إلى أيوب أن: ﴿ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ﴾[1].

فاستبطأته، فتلقته تنظر وقد أقبل عليها قد أذهب الله ما به من البلاء وهو أحسن ما كان.

فلما رأته قالت: أي بارك الله فيك، هل رأيت نبي الله هذا المبتلى؟ والله على ذلك، ما رأيته أشبه منك إذ كان صحيحًا! فقال: فإني أنا هو.

وكان له إندران أي، أندر للقمح، وأندر للشعير، فبعث الله سحابتين، فلما كانت إحداهما على أندر القمح أفرغت فيه الذهب حتى فاض، وأفرغت الأخرى في أندر الشعير الورق حتى فاض)).[2]

---

١ سورة ص (٤٢).

٢ صحيح ابن حبان، باب: ما جاء في الصبر والثواب، برقم: ٢٨٩٨، ج٧، ص: ١٥٧.

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری وا (ﷺ) فەرمویەتی:

((پێغەمبەری خوا ئەیوب، هەژدە ساڵ لە ژێر تاقیکردنەوەی نەخۆشیدا بو، تا وای لێ هاتبو خزمو بێگانە لێی بێتاقەت بوبون جگە لە دو برای (موسڵمانی) نەبێت کە بەردەوام بەیانیانو ئێواران سەریان لێ دەدا.

تا کار گەیشتە ڕادەیەك کە یەکێکیان بە هاوڕێکەی تری وت: دەزانی سوێند بە خوا لەوانەیە ئەم ئەیوبە بەرامبەر کەسێك تاوانێکی کردبێت کە تا ئێستا کەس تاوانی وای نەکردبێت!

هاوڕێکەی وتی: بە چیا دەزانیت؟

ئەویش وتی: ئەوە بۆ هەژدە ساڵ دەڕوات خوا بەزەیی پیا نایەتەوەو شیفای نادات.

کاتێك ڕۆیشتنە خزمەت ئەیوب ئەو پیاوە خۆی نەگرتو ئەو قسەیەی گێڕایەوە بۆی.

ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموی: نازانم ئێوە باسی چی دەکەن. بەڵام ئەوەی تێدایە کە خوای گەورە باش دەزانێت کە هەر کاتێك دابێتم بە لای دو کەسدا کە شەڕو ناکۆکیان بوبێت، و ناوی خوایان دەهێنا، واتە سوێندنیان پێ دەخواردو منیش دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوەو کەفارەتی سوێندەکانیانم دەدا چونکە زۆر پێم ناخۆش بو ناوی خوا بەناهەق ببرێت (دەمزانی یەکێیان درۆ دەکات).

دەفەرموێت: کاتێك ئەیوب دەچو بۆ سەرئاوو پاشان دەهاتە دەرەوە خێزانەکەی دەستی دەگرتو دەیبردەوە بۆ سەر جێگاکەی خۆی.

ڕۆژێکیان درەنگ هات بۆ لای ئەیوبو خوای گەورەیش نیگای بۆ ناردو فەرموی: ئەمە ئاوێکی سازگارە خۆتی پێ بشۆو لێی بخۆرەوە.

ڕۆژێکیان خێزانی دوکەوتو کاتێك هاتەوە دەبینێت زۆر جوان بوەو دەردو بەڵاکەی پەڕاندوەو چاك بۆتەوە.

کاتێك بەو حاڵەتەوە بینی: هاواری کردو وتی: ئەی (بارك الله فیك) تۆ ئەیوب پێغەمبەرت دیوە کە نەخۆشە؟ دەی سوێند بە خوا تۆ هەر دەڵێی ئەویت کاتێك لەشی ساغ بو وەك ئێستا نەخۆش نەبو.

ئەیوب فەرموی: دەی ئەوە منم.. من ئەیوبم.

ماڵی دو کەنویان هەبو.. دانەیەکیان گەنمیان تێ دەکردو دانەکەی تریان جۆیان تێ دەکرد.

خوای گەورەیش دو هەوری نارد یەکەمیان چوە ڕاسەری گەنوی گەنمەکەو ئاڵتونی تێ باراند تا پڕ بو.

ئەوی تریشیان چوە ڕاسەریگەنوی جۆکەو زیوی تێ باراند هەتا پڕ بو.

چیرۆکی بیستو هەشتەم

ئەیوب نەخۆشە!

دو هاوڕێ دڵسۆزی ئەیوب پێکەوە لە قەراغی ئاوێکدا دانیشتونو قاچیان خستۆتە ئاوە ساردەکەوەو پێکەوە قسە دەکەن..

یەکەم: دەزانی ئەو خەڵکە زۆر بێ وەفان؟

دوەم: بۆچی؟

یەکەم: ئەیوب پێغەمبەرێکی مەزنی پەروەردگارە.. بەڵام هەر بەوەی نەخۆشەو لە جێگەدایەو جومگەکانی ئێشو ئازاریان هەیە.. لێی دورکەوتونەتەوەو بایەخی پێ نادەن..

یەکەم: دەی وایە برای شیرینم.. خەڵکی بە گشتی لە کاتی خۆشیو فەرحانیو سەرکەوتندا بانگخوازانیان خۆش دەوێتو شوێنیان دەکەونو دێنە ڕیزیانەوە..

دوەم: ئاخر چۆن دەبێ براکەم، ئاینی خوا پێویستی کردوە لە خۆشیو ناخۆشیدا لە خزمەت بانگەوازی پەروەردگارو بەرنامەکەیدا بین..

یەکەم: ئەی دەزانی زۆرینەی خەڵکی ئا بەم تێگەیشتنەوە ناڕوانن بۆ پێغەمبەرانی خواو ئاینە پاکەکانیان..

دوەم: کەواتە ڕاست ناکەن لە ئاینداریو خواناسیاندا!

یەکەم: نا من وای بۆ ناچم.. بەڵکو هەمو موسڵمانان باشنو (انشاء الله) خوا لێیان خۆش دەبێتو دەچنە بەهەشت!

دوەم: دەی کەواتە منو تۆ بۆچی بەردەوام شەوو ڕۆژ لە خزمەت ئەیوبدا بین کە مادەم ئەوانیش وەك ئێمە دەچنە بەهەشتەوە..

یەکەم: بەڵام پلەی ئەوان لە لای خوا ناگاتە پلەی دڵسۆزانو لێبڕاوانو ئەوانەی وەك مۆم خۆیان دەسوتێنن لە پێناو گەیاندنی پەیامی خواو بەردەوام درێژە بە کاروانی موبارەکی پێغەمبەران دەدەن..

دوەم: با بڕۆین.. نەوەك پێستا پێغەمبەری ئازیزمان ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت) کەسی لا نەبێتو پێویستی پێمان بێت..

لەم دیمەنەدا ئەیوب نەخۆشەو لەسەر قەرەوێڵەیەك لەناو جێگەکەیدا ڕاکشاوەو سەری بەستوەو خێزانەکەی سەری دەشێلێت..

دو هاوڕێکەی لە دورەوە ئەو دیمەنە دەبینن دەست دەکەن بە گفتوگۆ:

یەکەم: دەزانی هاوڕێکەم.. وا بۆ هەژدە ساڵ دەڕوات پێغەمبەری ئازیزمان ئەیوب لەناو جێگەدایەو نەخۆشە.. بە ڕاستی سەبرو ئارامی ئەوێ هەژدە ساڵ!! بە دەم خۆشە!!

دوەم: ئەمە تەنها لە پێغەمبەران دێت.. من موچەتایەك دەگرم هاوارم لێ هەڵدەسێتو خێرا داوای شیفا لە خوا دەکەمو خۆم ناگرم.

یەکەم: پێغەمبەرمان (سەلامی خوای لێ بێت) وانەی خۆگریو ئارامی دەدات بە گوێی شوێنکەوتوانیداو فێری سەبرو ئارامییان دەکات.

دوەم: ئەی سەیری خێزانەکەی بکە.. ئەوە نمونەی خوشکی باوەڕداری بە وەفایە بۆ هاوسەرەکەی.. زۆر ژن هەیە لە کاتی دەستکورتی یان نەخۆشیدا مێردەکانیان پشتگوێ دەخەن یان لێیان جیادەبنەوە.

یەکەم: بەڵام ئەم خێزانەی ئەیوب پەروەردەی دەستی باوکیەتی یوسف پێغەمبەرەو (مەنشا) بە ڕاستی ڕێبازی باوکی ون نەکردوە.[1] تەنانەت ئیشی دەرەوەشی بۆ دەکاتو بژێوی ژیانی مسۆگەر کردوە.

دوەم: ئایا دەزانی سەرەتا پێغەمبەرمان چەند جوانو پێکەوتو بو.. چەند دەوڵەمەندو کوڕو کچدار بو.. کەچی بە هۆی ئەم نەخۆشیەوە هەموی لە دەست داو هەژار کەوتوە..

یەکەم: هەندێ جار (خوا بە گوناه لە دڵم نەینوسێت) ختورەیەك دێت بە خەیاڵمدا..

---

١ ابن کثیر لە (البدایة)دا لاپەڕە (١/٣١٧)دا دەفەرموێت ئەمە ڕاستترینی ڕیوایەتەکانە واتە کچی یوسف پێغەمبەرە.

دوەم: چیە؟ پێم بڵێ. منو تۆ دو هاوڕێی دڵسۆزین بۆ یەکتری؟

یەکەم: دەڵێم بۆچی خوای گەورە (١٨) ساڵە شیفای نادات؟ لەوانەیە (خوایش دەزانێت) گوناهێکی وای کردبێت کە تا ئێستا هیچ کەس گوناهی وای نەکردبێت.

دوەم: استغفر الله، ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ ئازیزەکەم.. ئەوە قسەی تۆ نییە؟ شتی وا نەڵێی! مەرج نیە هەر کەسێك چاك نەبێتەوە لە نەخۆشی ئەوە خوا تۆڵەی لێ دەکاتەوەو هەڵەی کردوە..

باشە با بڕۆین بۆ لای ئەوەتا هەر خۆیەتی خێزانی چوە دەرەوە.

هەردوکیان دەچنە خزمەت ئەیوب سڵاوی لێ دەکەن..و ئەویش سڵاویان وەڵام دەداتەوەو هەردوکیان بە نۆرە ناوچاویو دەستی ماچ دەکەنو لە لای سەریدا دادەنیشن..

ئەیوب: یاخوا بەخێر بێن.. نازانن چەند دڵم پێتان دەکرێتەوەو لێتان ڕازیم.. تەنها ئێوەن کە فەرامۆشتان نەکردومو بەردەوام سەردانم دەکەنو لە تەندروستیم دەپرسن..

دوەم: قوربان ئازایەتی ناکەین.. ئێمە خزمەتکردنی تۆو سەردانی تۆو دڵخۆشکردنی تۆ بە واجبی سەر شانی خۆمانی دەزانینو فەرمانی پەروەردگارمان جێبەجێ دەکەین..

یەکەم: ئێمە هەمو تکایەکمان لە خوا گەورە ئەوەیە کە شیفای خێرات بۆ بنێرێتو چاك بیتەوەو لەگەڵماندا پێکەوە پەیامی خوا بگەیەنینە مرۆڤەکان.. هەرچەندە سوپاس بۆ خوا ئێمە بەو کارە هەستاوینو بەردەوام فەرمایشتی خواو وتەکانی تۆ دەدەین بە گوێی مرۆڤە سەرگەردانەکانداو قسوریمان نەکردوە.

ئەیوب: دەزانم.. دەزانم.. خوای گەورە سەربەرزی دنیاو قیامەتتان بکات ئەگەر چاك بومەوە ئەوە کاری سەرشانتان سوك دەکەمو خۆم لەگەڵتاندا پێکەوە ئاینی یەکتاپەرستی بڵاودەکەینەوە بەڵام چی بکەم من ئاوا کەلەلامو لەناو جێگادام.. بەڵام خوایەگیان لەمە نارەحەتترم مەکە تا سەبرم لێ نەبڕێتو لە پاداشتی ئارامگران بێ بەش نەبم..

دوەم: قوربان (ئێمە بڕیارمان داوە) هیچت لێ نەشارینەوەو هەمو شتێکت بۆ بگێڕینەوە تا ئامۆژگاریو ئاراستەی جوانمان بکەی..

ئەیوب: هیچ ڕوی داوە کە من نەمزانیبێت؟

دوەم: بەڵێ.. ئەم هاوڕێیەمان گومانێکی بۆ دروست بوەو دەڵێ بۆچی (١٨) ساڵە خوای گەورە ئەیوب چاك ناکاتەوە دەترسم گوناهێکی کردبێت کە کەس گوناهی وای نەکردبێت..

ئەیوب: ئەی پەروەردگارم تۆ شایەتی حاڵی منی.. تا ئێستا نە گوناهم کردوەو نە دڵیشم بۆ گوناه لێی داوە.. (سوپاس بۆ خوا) بەڵام پێ بزانم ئەوەی من کردومە ئەوەیە کە هەرکاتێك دابێتم بە لای دو کەسدا.. کە دەستیان دابێتە یەخەی یەکترو لەسەر شتێك سوێندیان خواردبێت.. من چومەتەوە بۆ ماڵو لەبەر ئەوەی پێم ناخۆش بوە ناوی خوا ببرێت با ناهەقو سوێندی درۆی پێ بخورێت..

کەفارەتی سوێندی هەروکیانم داوە..

هەردو هاوڕێکەی هەڵدەسنو دەڕۆنە دەرەوە.

ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت) بە ئێشوئازارەوە هەڵدەسێتە سەرپێو خەریکە دەکەوێت بەلا.. خێرا خێزانەکەی دێتو دەچێتە ژێر باڵیو دەیبات بۆ سەرئاو..

لە دەرەوە دەوەستێت هەرکە دێتە دەرەوە خێرا دەچێتەوە ژێر باڵیو دەیباتەوە بۆ سەر جێگاکەیو ڕادەکشێتەوەو خێزانەکەی بە دەم خۆیەوە دەڵێ: (ئەی پەروەردگارم ئەوە (١٨) ساڵە ئەم هاوسەرەم لەناو جێگەدا نەخۆشی ڕۆماتیزمو جومگە ئێشە تەنگی پێ هەڵچنیوە.. خوایە شیفای بۆ بنێریتو لەم تاقیکردنەوەیە ڕزگاری بکەیت.. بە دەم ئەم قسانەوە (مەنشا) زەمیلەکەی هەڵگرتو بەرەو بازاڕ چوە دەرەوە..

کەمێ زۆری پێ چو لەو کاتەدا خوای (عز وجل) هات بە دەمیەوەو شیفای داو ڕێگای چارەسەری بۆ دیاری کردو پێی فەرمو: لەم ڕوبارە خۆت بشۆرەو ئاویشی لێ بخۆرەوە چاك دەبیتەوە، کاتێك (مەنشا)ی خێزانی گەڕایەوە شتێکی زۆر سەیری بینی، بینی وا

ئەیوب زۆر لە جاران جوانتر بۆتەوەو لە نەخۆشیەکەی ڕزگاری بوەو خوا شیفای بۆ ناردوە..

بۆیە بە خێرایی بەرەو ڕوی ئەیوب ڕۆیشتو پێی وت:

ئەك بارك الله فيك! ئایا تۆ ئەم پێغەمبەرەی خوات بینیوە کە دوچاری نەخۆشیە؟ بە ڕاستی بێ کەمو زیاد تۆ دەڵێی ئەیوبیو پێش ئەوەی نەخۆش بکەوێت..

ئەیوب بە دەم پێکەنینەوە فەرموی: جوان سەیرم بکە هاوسەرە خۆشەویستەکەم.. من ئەیوبم.. سوپاس بۆ خوا چاك بومەتەوە.. من خۆیم..

خێزانەکەی دەستی هەڵبڕی بۆ ئاسمان سوپاسێکی بێ پایانی پەروەردگاری کردو لە خۆشیاندا دەستی دەهێنا بەسەرو لاشەی هاوسەرەکەیداو پەلاماری داو هەردو دەستی ماچ کردو چاوەکانی هەردوکیان پڕبون لە ئاو..

دو کەنویان دانابو (یەکێك بۆ ئاردی گەنمو یەکێك بۆ ئاردی جۆ)و خوای گەورە دو پەڵە هەوری ناردو یەکەمیان ئاڵتونی باراند بەسەر کەنوی یەکەمدا تا پڕ بو.. دوەمیشیان زیوی باراند بەسەر کەنوی دوەمدا تا پڕ بو..

هەردوکیان دەستیان بەرزکردەوەو سوپاسی خوایان کردو دو هاوڕێکەشی وەك شێتیان لێ هاتو لە خۆشیاندا پەلاماری ئەیوبیان داو ماچیان دەکرد..

پەندو ئامۆژگاریەكانی ئەم چیرۆكە

١ـ نەخۆشكەوتنی پێغەمبەرێكی خوا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆ ماوەیەكی درێژخایەن، ئەوەمان تێدەگەیەنێت كە ئەگەر خوا كەسێكی نەخۆش خست بەڵگەی ئەوە نیە كە ڕقی لێیەتیو خۆشی ناوێت..

٢ـ نەخۆشی پلەوپایەی خواناسان بە ڕادەیەك بەرز دەكاتەوە كە پێشتر بە خەیاڵی كەسدا نەهاتبێت.

وەك پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: ((ان العبد اذا سبقت لە من الله منزلة لم يبلغها بعمله ابتلاه الله في جسده او في ماله او في ولده، ثم صبر على ذلك حتى يبلغه المنزلة التي سبقت له من الله تعالى)).[١]

واتە: ئەگەر خوا جێگەیەكی زۆر بەرز لە بەهەشتدا ئامادە بكات بۆ كەسێكو كەچی كردەوەكانی بایی ئەوە نەبێت، دوچاری نەخۆشیو نەبونیو كوڕ مردنی دەكاتو ئەویش خۆی دەگرێتو بەو ئارامیەی دەگاتە ئەو پلەوپایەیەی كە زوتر بۆی بڕیار دراوە.

٣ـ مرۆڤی بانگخواز دەبێت ئەوەی لە لا ڕون بێت كە هەندێ وەزعی دێت بەسەردا لایەنگرو شوێنكەوتوانی وەك پێویست لە خزمەتیدا ئامادەباش نابنو ژمارەیەكی زۆر كەم دەمێننەوەو ناهێڵن ئاڵاكە بكەوێتە زەوی.

٤ـ لەوانەیە هەندێ قوتابیو لایەنگرانت لە ڕوی تۆدا هەندێ قسە بكەن كە لایەقی پلەوپایەی تۆ نیە بەڵام نابێت زویر ببی، تورە ببی بەڵكو وەك ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت) بە نەرمی وەڵامیان بدەرەوەو بۆیان ڕاست بكەرەوە.

٥ـ موسڵمانی تێگەیشتو دەبێت پێی ناخۆش بێت كە خەڵكی قەدرو ڕێزی تەواو نابەخشنە پەروەردگارو كە هەقو ناهەق سوێندی پێ دەخۆن.

٦ـ دەبێ پێت ناخۆش بێتو حەز نەكەیت برا موسڵمانەكانت دوچاری گوناهو تاوان ببنو بەڵكو دەبێت بەردەوام داوای لێخۆشبونیان بۆ بكەی لە پەروەردگارو ئەوە ئەیوبە

---

١ صحيح، (سەیری) صحيح ابن داود بكە، ژمارە (٢٦٤٩).

(سەلامی خوای لێ بێت) کەفارەتی سوێندی ئەو دو کەسە دەدات چونکە دەزانێ سوێندی یەکێکیان درۆیە بەڵام نازانێت کامیانە.

٧ـ ئەگەر هەواڵت پێ گەیشت کە برایەکی موسڵمانت لە زانکۆ وەرگیراوە یان لە نەخۆشی چاك بۆتەوە یان لە بازرگانیدا قازانجی باشی کردوە، خێراو بەبێ دواکەوتن زۆر پێویستە خۆشحاڵی خۆتی بۆ دەربخەیت وەك چۆن خێزانی ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت) خۆشحاڵ بو کە بینی ئەیوب وەك جاران چاك بۆتەوە.

٨ـ دەبێت ئافرەتی موسڵمان زۆر خۆگرو بە ئارام بێت بەرامبەر هاوسەرەکەیو نارەحەتیەکانی قبوڵ بکات ئیتر هەژاری بێت یان نەخۆشی یان بونی دایكو باوکی پیرو بەساڵاچوی بەسەریەوە بێتو ئەوە تاقیکردنەوەیەو ئاگادار بێت نەکەوێتو خەسارۆمەندی هەردو دنیا نەبێت.

٩ـ هەرکەسێك خوا بەڵایەکی بەسەردا بهێنێتو ئەویش باوەڕ پۆڵایین بێتو هەر شوکر بێتو ناشکوری دەرنەبڕێت ئەوە لە قیامەتدا پاداشتی نەبڕاوەی بۆ هەیە: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾و لەوانەشە هەر لە دنیا خێرو چاکە بڕژێنێت بەسەریدا.

نابینی ئەیوب (سەلامی خوای لێ بێت)، (١٨) ساڵ بە دەم ئێشو ئازارەوە دەیناڵاند کەچی هەر صابرو بە ئارام بو.. خوایش هەر لە دنیادا کەنوی ئاردو جۆکەی بۆ پڕ کرد لە ئاڵتونو زیو.

١٠ـ لە بەسەرهاتی ئەیوبدا دەردەکەوێت کە نەخۆشیەکەی ڕۆماتیزم بوەو ئازاری جومگەکانی هەبوەو هەرگیز گول نەبوەو کرم لێی نەداوەو لە لادێ دەرنەکراوە وەك لە ئیسرائیلیاتەکاندا هاتوەو هەموی درۆو بوختانەو دەم هەڵبەستی جولەکەو گاورەکانەو بە داخەوە هەندێ لە وتاربێژە موسڵمانەکانیش دەیگێڕنەوە بەو شێوە هەڵبەستراوە.

١١ـ مەرج نیە هەر شتێك نەچوە نیتاقی عەقڵەوەئیتر وەرنەگیرێتو فەرمودەکە لاواز بکرێت! بەڵکو دەچێتە خانەی موعجیزەوەو خوای گەورە لە توانایدا هەیە فەرمان بە هەور بکات لە باتی باران، ئاڵتونو زیو ببارێنێت یان چۆن مرۆڤ لەسەر قاچ دەبات بە ڕێوە.. هەر بەو شێوەیەش بەردیش بەرێت بە ڕێوە.

القصة التاسعة والعشرون

جُرة ذهب

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((اشترى رجلاً من رجلٍ عقاراً له، فوجد الرجل الذي اشترى العقار في عقاره جرة فيها ذهب.

فقال له الذي اشترى العقار: خذ ذهبك منّي، إنما اشتريت منك الأرض، ولم أبتع منك الذهب.

وقال الذي له الأرض: إنما بعتك الأرض وما فيها! فتحاكما إلى رجل.

فقال الذي تحاكما إليه: ألكما ولد؟ قال أحدهما: لي غلام، وقال الآخر: لي جارية.

قال: أنحكوا الغلام الجارية، وأنفقوا على أنفسهما منه وتصدقا)).[1]

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: پیاوێك پارچە زەویەك لە پیاوێك دەکڕێت،و ئەو پیاوەی زەویەکەی کڕیبو لەناو زەویەکەدا گۆزەیەکی پڕ لە ئاڵتونی دۆزیەوە.

ئەوەی زەویەکەی کڕیبو بە فرۆشیاری زەویەکەی وت: ها ئاڵتونی خۆت بەرەوە چونکە من زەویم لێ کڕیبویت نەك ئاڵتون.

خاوەن زەویەکەش وتی: من زەویم پێ فرۆشتویت بەوەشی کە تیایەتی. بۆیە بۆ ناوبژییکردن پەنایان بردە بەر پیاوێك.

ئەو پیاوەش کە دادوەر بو لە نێوانیاندا وتی بە یەکەمیان: تۆ کوڕت هەیە؟ وتی: بەڵێ، بەوی تریشی وت: ئەی تۆ؟ ئەویش وتی من کچم هەیە..

ئەویش وتی: دەی کچەکە لە کوڕەکە مارە بکەن‌و ئەو گۆزە ئاڵتونەش خەرج بکەن لە شاییەکەیانداو پاشان لێشی بکەن بە خێر.

---

١ رواه البخاري (٣٤٧٢) ومسلم (١٧٢١).

چیرۆکی بیستو نۆیەم

گۆزەیەك ئاڵتون

مام کریم لەگەڵ تاقە کوڕەکەیدا پێکەوە خەریکی دار وردکردننو بە دەم خۆیەوە دەیوت:

مام کریم: کوڕم دەمەوێت لە نزیکی خۆم پارچەیەك زەوی بکڕمو تۆ بیکەیت بە خانو.. چونکە تۆ هەروا نامێنیتەوەو دەبێت ژن بهێنی.. کوڕ: باوکەگیان من لە چاکەی تۆ دەرناچمو تۆ زۆر چاکی لەگەڵمدا بەڵام باوکە گیان تۆ دەزانی ئێمە هەژارینو کەسیش کچ بە هەژارێکی وەك من نادات.. واز لەو باسانە بێنە..

مام کریم: کوڕم ڕاستە ئێمە هەژارین بەڵام چونکە خوامان هەیە زۆر دەوڵەمەندینو هەمو کارێکیش بۆ خوا زۆر ئاسانەو هیچی تێ ناچێت.

کوڕ: وایە زۆر تەواوە بەڵام باوکە گیان خەڵکی بۆ ڕواڵەتو بە دەوڵەمەندی دەڕوانن‌و سەیری چاکیو لێهاتوییو ڕەوشتی بەرز ناکەن..

باوك: کوڕم من چاکیو لێهاتویی تۆ بە هەمو پارەی دنیا ناگۆڕمەوە بەڵام ئێستا واز لەم قسانە بێنەو بڕۆ بۆ لای مام رحیمو بزانە ئەو پارچە زەویە نافرۆشێت. زۆر نزیکە لە خۆمەوەو حەز ناکەم لێم دورکەویتەوە.

کوڕ: بەسەرچاو هەر ئێستا دەڕۆم..

مام ڕحیم: سلام علیکم برای بەڕێزم.. ئەی چاکترین هاوڕێو چاکترین دراوسێم..

مام کریم: وعلیك السلام ورحمة الله، تۆ خواناسو شەونوێژکەری من چاکیم کوانێ.. ئا کوڕەکەم هات بۆ لات؟

مام رحیم: بەڵێ پێی وتم کە تۆ داوای ئەو پارچە زەویەت کردوە، نەمدەفرۆشت بەڵام بۆ تۆ کە چاکترین دراوسێمی قسەم نیەو لە خزمەتت دام..

مام کریم: زۆر مەمنونی ئەو متمانەیەتمو دەستەکانت خۆش بێت بەڵام نرخێك بخەرە سەری با مانگاکانم بفرۆشمو پارەکەیت پێ بدەم..

مام کریم: تەنها دو مانگام پێ بدە لە بەرامبەریدا..

مام کریم: زۆر باشەو هەر ئەم ئێوارەیە دو مانگاکە دەخەمە خزمەتت.

مام کریم زەنگنێکی پێیەو بناغە هەڵدەکەنێتو کوڕەکەشی بە خاکەناسەکەیەوە دەری دەداتو پێکەوە ئیشیان دەکرد..

لە ناکاو کوڕەکەی هاواری کرد باوکە گیان مەکە.. زەنگن مەوەشێنە ئەوە گۆزەیەکە با نەشکێت..

مام کریم: گۆزەی چی کوڕم؟ کوا کوا؟

کوڕەکەی بە هێمنیو بە دەست گۆزەکە دەردەخاتو دەری دەهێنێت بەڵام زۆر قورسە.. دەستی پێیدا دەکاتو چنگێك ئاڵتون دەردەهێنێتو هاوار دەکات باوکە گیان پڕە لە ئاڵتون.. ئاڵتون.. باوك: کوڕم ئاڵتونی چی بە ڕاستتە ئا دەی بمدەرێ..

کوڕ: فەرمو باوکە گیان وا دیارە خوای گەورە دەروی لێ کردوینەتەوەو دەوڵەمەند دەبین..

باوك: لا حول ولا قوة الاّ بالله.. بە ڕاستی موصیبەتە.. ئەمە چییە بۆ خاتری خوا؟

کوڕ: باوکە بۆچی موصیبەتە؟ ئەمە ڕەحمەتە، ڕەحمەتەو حەڵاڵو زەڵاڵە!

باوك: کوڕم هەستە بڕۆ مام رحیم بانگ بکە، هەر ئێستا با بێت..

کوڕ: مام رحیمت بۆ چیە؟ چ پەیوەندی بەم گۆزەیەوە هەیە؟

باوك: تکا دەکەم زۆر قسە لە قسەمدا مەکەو بڕۆ بانگی بکە؟

کوڕ: بە چاوان بابە گیان.. دەڕوات بە دوایدا.

مام رحیم بە هەڵەداوان دێتو لە دورەوە دەڵێ:

مام کەریم گیان کارێکت هەیە وا بە دوامدا ناردوتە.. کوڕەکەت وتی زۆر بە پەلە وەرە.. چی بوە؟ منو تۆ برای یەکین چ پێویستیەکت هەیە لە خزمەتتدام.. خۆ خوا نەکردە شتی خراپ ڕوی نەداوە..

مام کەریم: زۆر سوپاسی بە دەمەوە هاتەنەکەت دەکەم‌و بە ڕاستی نمونەی دراوسێی چاکیت خوا وێنەی تۆ لەناوماندا نەبڕێت..

ها ئەم گۆزە ئاڵتونەم لەناو زەویەکەی تۆدا دۆزیەوەو بۆیە بانگم کردی تا بیبەیتەوە، چونکە بۆ من حەلاڵ نیە، من زەویم لە تۆ کڕیوە نەك ئاڵتون‌و زیو، فەرمو بیبەرەوە یاخوا پیرۆزت بێت..

کوڕ: باوکە گیان ئەوە چی دەڵێی؟

مام کەریم: وس.. تۆ دەم نەکەیتەوە.. مافی ئێمەی پێوە نیە.. ڕۆڵە گیان

مام رحیم سەیرێکی گۆزەکەی کردو چنگی پێدا کردو پاشان دەری هێناو سەیرێکی کردو پاشان خستیەوە شوێنی خۆی‌و هات ناو چاوی مام کەریمی ماچ کردو وتی:

ئای لە ئاینی خوا چەند مرۆڤی ئەمین‌و دەستپاك دروست دەکات خۆ تۆ دەتتوانی قسەت بۆ نەکردمایەو هەمویت بۆ خۆت هەڵبگرتایە..

مام کەریم: شتی وا چۆن دەکەم.. ئەی پەروەردگارم چاوی لێ نیە؟ زوکە بیبەرەوە تا خەڵکی نەیزانیوە..

مام رحیم: منیش نایبەمەوەو نامەوێت..

کوڕ: چاوی ئەبڵەق بو.. وتی: ها.. ها.. تۆش ناتەوێت!؟

مام رحیم: بەڵێ نامەوێت چونکە ئەمە هی کەریمی برامەو هیچ مافێکی منی پێوە نیە..

مام کەریم: بۆ خاتری خوا ئەی ئەم زەویە هی تۆ نەبو..

مام رحیم: با..

مام کەریم: ئێ کەواتە هەرچی تێدا بێت هی تۆیە..

مام رحیم: نا نا وانییە.. من زەویەکەم پێ فرۆشتویت‌و هەرچی تێدایە حەلاڵی تۆیەو هیچ پەیوەندیەکی بە منەوە نەماوە..

هەردوکیان بو بە دەمەقاڵەیان‌و کوڕەکەش لەو نێوانەدا واقی وڕمابو لە خۆشەویستی ئەو دوانەو دنیانەویستیان..

کوڕ: باوکە با ئەم قاڵە قاڵە بەس بێت، بۆچی نەچم بە دوای مامۆستا مەلا احمددا تا بە ژیری خۆی ئەم کێشەیەتان بۆ چارەسەر بکات.

هەردوکیان: زۆر باشە، بڕۆ بانگی بکە من زۆر زۆر بە شەرع ڕازیم‌و خۆشحاڵم پێی.

مامۆستا مەلا احمد لەگەڵ کوڕەکەدا گەڕایەوەو ڕوی کردە مام کەریم‌و وتی: لە ڕێگادا بڕوای کوڕت هەمو شتێکی بۆ گێڕامەوە.. ئەمە گیانی خۆشەویستی‌و برایەتی ڕاستەقینەیەو تەنها بیروباوەڕ دەتوانێت نمونەی وا پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات.

مام کەریم: مامۆستا گیان، خۆ ئەمە ناڕەحەت نیەو زۆر ئاسانە.. ئەم گۆزە ئاڵتونە هی مام رحیمی برامە چونکە من زەویم لەو کڕیوە نەك ئاڵتون!

مامۆستا: وایە..

مام رحیم: چی وایە مامۆستا گیان تۆ بفەرمو گوێیەکیش لە من بگرە..

مامۆستا: فەرمو.. چۆن گوێش لە تۆ ناگرم.. هەردو چاوەکەم..

مام رحیم: من ئەم زەویەم بە هەمو شتێکیەوە فرۆشتوە بەم پیاوەو مافی هیچ شتێکم نەماوە تیایدا.. ئاڵتون‌و هەرچی تری تێدا بێت هی خۆیەتی.

مامۆستا لەسەر بەردێك دانیشت‌و دەستی خستە ژێر چەناکەی‌و دەستی کرد بە بیرکردنەوە لە مەسەلەکە بە دەم خۆیەوە دەیوت:

مامۆستا: خوای گەورە دەبێت چی بکەم کە هەردوکیان لەم ئاڵتونە سودمەند بن‌و وەری بگرن‌و بە حەرامی نەزانن؟!.. خۆ هەردوکیان کوڕو کچیان هەیە.. ئاه..

مامۆستا: مام کریم.. مام رحیم.. جوان گوێم لێ بگرن.. من زۆر بیرم کردەوە کە ئەم ئاڵتونە بە کامتان دەبڕێت بەڵام گەیشتمە قەناعەتێکی باش..

هەردوکیان: ئادەی مامۆستا گیان چیە پێمان بڵێ ئێمە لەبەردەم شەرعدا ملمان لە مو باریکترە..

مامۆستا: مام کەریم تۆ کوڕت هەیە؟و ئەوە کاکە بڕوایە گەورە بوە.

مام کەریم: بەڵێ مامۆستا گیان.. ئەوە ماشەڵا گەورە بوە پیاوێکە..

مامۆستا: ئەی تۆ مام رحیم کچت هەیە؟ گەورە بێتو وەختی شوی بێت؟

مام رحیم: بەڵێ کچێکی لەسەرخۆو نەرمو نیانم هەیەو پێگەیشتوە..

مامۆستا: دەی من پێشنیار دەکەم ئەم کچەت بدەیت بە کوڕی مام کەریمو ئەو گۆزە ئاڵتونەش خەرج بکەن لە شاییەکەیانداو پاشان چی مایەوە هەندێکی بدەن بە هەردوکیان بۆ ژیانیان.

مام کەریم: پێشنیارەکەت جوانەو من شانازی پێوە دەکەم کچی مام رحیم ببێت بە بوکم.

مام رحیم: ئەی باشە هەندەکەی تری چی لێ بکەین؟

مامۆستا: پێکەوە بەخێر دابەشی بکەن بەسەر هەژاراندا..

هەمو دەست دەکەن بە پێکەنینو دەڕۆنەوە بەرەو ماڵ.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ کڕینو فرۆشتن هەر هەبوە لە پێش ئیسلامداو هیچ ئاینێك قەدەغەی نەکردوەو سود لە یەکتر وەرگرتنە بە حەلاڵی بە پێچەوانەی سوەوە کە لایەك قازانج دەکاتو لایەك زەرەر دەکات.

٢ـ مرۆڤی لە خواترسو موسڵمان هەر شتێکی دۆزیەوە خێرا حەرامو حەلاڵی لێك دەداتەوەو بە ترسەوە دەستی بۆ دەبات بەڵام لەخوانەترسەکان لە خۆشیاندا بە پەلە هەڵیدەگرنو بەبێ لێکۆڵینەوە حەبەلوشی دەکەن.

٣ـ بەم چیرۆکەدا دیارە لەناو ئومەتەکانی پێش ئیسلامدا کەسانی خواناسو خۆلە حەرام پارێز هەبونو هیچ سەردەمێك لەو جۆرە کەسانە خاڵی نەبوە.

٤ـ دنیانەویستیو دورکەوتنەوە لە پولەکیو پارەپەرستی، پیاوی خۆی دەوێتو تەنها بەرنامەی پەروەردگارو بیروباوەڕ لەو جۆرە پیاوانە دروست دەکات کە دنیاپەرستان گاڵتە بە عەقڵیان دەکەنو بە گێلیان دەزانن.

٥ـ موسڵمان لە کاتی ناکۆکیو جیاوازی ڕادا، نابێت لەسەر ڕای خۆی سور بێتو ڕای بەرامبەرکەی بە هەڵەو پوچەڵ بزانێت.. بەڵکو وا جوانە پەنا بەرن بۆ یەکێك لە خۆیان زیرەکتر یان گەورەتر کە مەسەلەکەیان بۆ یەکلایی بکاتەوەو هەردولا پێی ڕازی بنو ناکۆکیەکە نەمێنێت..

٦ـ مامۆستایانی ئاینی هەمیشەو بە درێژایی مێژو ئامێری ئاشتەوایيو ڕەوینەرەوەی جەنگو ناکۆکیو ڕقەبەرایەتیەکان بون لە نێوان خەڵکیداو خەڵکی لە کاتی دروستبونی ناکۆکیو کێشەدا گەڕاونەتەوە بۆ لایان.

٧ـ مامۆستاو زانایانی ئاینی کە بە (مەلا) ناو دەبرێن، ئەرکی سەرەکیان زۆر قورسەو دەبێت لەو ئاستەدا بنو نابێت وا بزانن تەنها بەرنوێژی کردنێك یان ژن مارەبڕین یان تەلقینی یان وتارێکی هەینی کاری سەرشانیان جێبەجێ کردوە بەڵکو دەبێت ببنە

ئامێری ئاشتەوایی نێوان خێزانو بنەماڵە ناکۆکەکانو بەردەوام خەو لە خۆیان حەرام بکەن لەو پێناوەدا..

٨ـ دەبێت دادوەران چارەسەرێکی وا بدۆزنەوە بۆ کێشەکان کە سودی بۆ هەردولای ناکۆك هەبێتو دڵی هەردولا خۆش بکاتو هەرگیز نەبێتە تەرەفێك لە دژی تەرەفی دوەم حوکم دەربکات مەگەر مافەکە خۆی هی یەك لایان بێت.

٩ـ زانایانی ئاینیو غەمخوازانی میللەت هەمیشە بۆ هەلێك دەگەڕێن تا بە هۆیەوە پرۆسەی هاوسەرگیری دروست ببێتو کچو کوڕە عازەبەکان نەمێننەوە چونکە هۆی تێکچونی ڕەوشتی کۆمەڵگا لەوەوە دروست دەبێت کە کوڕانو کچان نەتوانن بە شێوەی شەرعیو حەڵاڵ بگەن بە یەك ناچار (پەنا بە خوا) پەنا دەبەن بۆ کاری ناشایستەو حەرام بۆ گەیشتن بە یەك.

١٠ـ مامۆستایانی ئاینی لە ڕێگەی وتارو کۆڕو دانیشتنەکانیانەوە دەبێ بنەمای خێرکردنو پارەبەخشین فێری موسڵمانان بکەنو خۆیشیان لەم کارەدا بە کردەوە سەرمەشق بن.

١١ـ دەبێ بەزەیی هاتنەوە بە هەژاراندا.. وەك ئەرکی شەرشان سەیر بکرێتو لە هەمو چارەسەرەکاندا لە یاد نەکرێت چونکە هەر کاتێك هەژاران نەمانو دەوڵەمەند بون زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو چارەسەر دەڕۆنو بنەبڕ دەبن.

هەر لەبەر ئەم هۆشەیە کە ئیسلام لە کەفارەتی هەمو تاوانەکاندا خێرکردنو دەستگرۆیی هەژارانی بڕیار داوە ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەو چینە وردەوردە نەمێننو ئەوانیش وەك خەڵکی تر هەست بە چێژی ژیان بکەن.

١٢ـ لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەو کەنزانەی کە لە ژێر زەویدا دەدۆزرێنەوە وەك ئەوانەی لە گردۆلکە ئاساریەکاندا هەن.. نابێت مرۆڤەکە هەموی بفرۆشێت بۆ خۆی بەڵکو دەبێت (١/٥)ی بکات بە خێر یان ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی (انشاء الله) هاتە کایەوە ئەو پێنج یەکە دەدات بە بەشی زەکاتو دارایی وڵاتو دەوڵەتیش دەیداتەوە بە چینی هەژارو نەداران.

القصة الثلاثون

غار سُدّتْ على أصحابها

عن ابن عمر (رضي الله عنه) قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ((انطلق ثلاثة نفر ممن كان قبلكم حتى اواهم المبيت الى غارٍ فدخلوه، فانحدرت صخرة من الجبل فسدت عليهم الغار.

فقالوا انه لا ينجيكم من هذه الصخرة، الاّ ان تدعوا الله تعالى بصالح اعمالكم..

قال رجل منهم: اللهم كان لي أبوان شيخان كبيران، وكنت لا اغبق قبلها اهلا ولا مالاً، فنأى بي طلب الشجر يوماً، فلم فلم أرح عليهما حتى ناما.

فحلبت لهما غبوقهما، فوجدتهما نائمين، فكرهت ان أوقضهما، وان أغبق قبلهما اهلا أو مالاً، فلبثتّ والقدحُ على يدي أنتظر إستقاظهما حتى برق الفجر، والصبية يتضاغون عند قدمي، فاستيقظا فشربا غبوقهما.

اللهم إن كنت فعلت ذلك ابتغاء وجهك فافرج عنا ما نحن فيه، من هذه الصخرة، فانفرجت شيئاً لا يستطيعون الخروج منه.

وقال الآخر: اللهم كانت لي ابنة عَمّ كانت أحب الناس اليَّ، وكنت أحبها كاشد ما يحب الرجال النساء، فأردتها على نفسها فامتنعت مني.

حتى الّمت بها السنةٌ من السنين فجاءتني فأعطيتها عشرين ومائة دينارٍ على أن تخلي بيني وبين نفسها، ففعلت فلما قعدتُ بين رجليها.

قالت: اتق الله ولا تفض الخاتم إلا بحقه، فانصرفت عنها وهي أحب الناس إلي وتركت الذهب الذي أعطيتها، اللهم إن كنت فعلت ذلك ابتغاء وجهك فافرج عنا ما نحن فيه، فانفرجت الصخرة غير أنهم لا يستطيعون الخروج منها.

وقال الثالث: اللهم استأجرتُ أجراء وأعطيتهم أجرهم غير رجلٍ واحدٍ ترك الذي له وذهب، فثمرت أجرهُ حتى كَثُرتْ منه الأموال، فجاءني بعد حين فقال: يا عبد الله أدِّ إليّ أجري، فقلت: كل ما ترى هو من أجرك من الإبل والبقر والغنم والرقيق.

فقال: يا عبد الله لا تستهزيء بي، فقلت: لا أستهزيء بك، فأخذه كله فاستاقه فلم يترك منه شيئاً، اللهم إن كنت فعلت ذلك ابتغاء وجهك فافرج عنا ما نحن فيه، فانفرجت الصخرة فخرجوا يمشون)).[1]

واتە: عبدالله ی کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە پێغەمبەری خوام بیست (ﷺ) دەیفەرمو: لەناو گەلانی پێش ئێوەدا سێ کەس چون بۆ گەشتێكو لەوێ شەویان بەسەردا هاتو ناچار پەنایان برد بۆ ئەشکەوتێك.

دوای ئەوەی چونە ژورەوە بەردێکی گەورە لە چیاکەوە خلبویەوەو دەمی ئەشکەوتەکەی گرتو ئەوانیش هاواریان لێ هەڵسا وتیان چار نیە لەم بەردە ڕزگارمان نابێت مەگەر هەریەکەیان بەکردەوەیەکی چاکی خۆی لە خوا بپاڕێتەوە.

یەکێکیان وتی: ئەی پەروەردگارم من دایكو باوکێکی پیرم هەبو هەمو جارێك تا ئەوانم تێر شیر نەکردایە، نەمدەهێشت منداڵەکانی خۆم لێی بخۆن.

ڕۆژێکیان لە داربڕین درەنگ هاتمەوەو تا هاتمەوە خەویان لێکەوتبو، منیش شیرەکەم بۆ بردن دەبینم خەویان لێکەوتوە. پێم خۆش نەبو خەبەریان بکەمەوەو پێشم خۆش نەبو پێش ئەوان شیر بە منداڵەکانم بدەم.

بە پێوە وەستام بە سەریانەوەو جامە شیرەکەم بە دەستەوە بو تا بەرەبەیانو منداڵەکانم لە برساندا لەبەر پێمدا هاوارهاواریان بوو هەر پێم نەدەدان تا دواجار دایكو باوکم بە خەبەر هاتو شیرەکەم پێدانو خواردیانەوە..

وتی: ئەی پەروەردگارم ئەگەر ئەو کردەوەیەم لەبەر خاتری تۆ کردوە دەی فریامان کەوەو لەم بەردە ڕزگارمان بکە، بەردەکەش کەمێك دورکەوتەوە بەڵام نەیاندەتوانی بچنە دەرەوە.

---

[1] رواه البخاري (٣٤٦٥) ومسلم (٢٧٤٣)، صحيح قصص الرسول (٧٠/٢).

یەکێکی تریان وتی: ئەی پەروەردگارم من کچێکی مامم هەبو زۆر حەزم لێ دەکرد بە ئەوپەڕی حەزکردنی پیاوان لە ژنان، ڕۆژێکیان داوام لێکرد کاری خراپەم لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو ڕازی نەبو، نەیهێشت..

تا ئەوەبو ساڵێك لە ساڵان نەبونیو هەژاری ناچاری کرد هات بۆ لامو داوای هاوکاری لێ کردم، بەڵام منیش (١٢٠) دینارم پێدا هەر بۆ خۆی بەو مەرجەی ڕازی ببێت کاری ناشەرعی لەگەڵدا ئەنجام بدەم.

ئەویش (ناچار) ڕازی بو، کاتێك چومە پاڵی ویستم ئەو کارەی لەگەڵدا بکەم پێی وتم: لە خوا بترسەو بەو شێوەیە ئەم کارە لەگەڵدا مەکە مەگەر بە شێوەی ئاسایيو شەرعی..

یەکسەر هەستامو خۆم کۆکردەوەو بەجێم هێشت کە خۆشەویسترین کەسم بو.. پارەکەشم پێداو بردی.

وتی: ئەی پەروەردگارم ئەگەر ئەو کارەم لەبەر خاتری تۆ کردەوە دەی فریامان کەوەو لەم بەردە ڕزگارمان بکە، بەردەکەش کەمێکی تر جوڵاو دورکەوتەوە بەڵام هەر کەسی نەدەکێشاو نەیاندەتوانی بچنە دەرەوە.

کەسی سێیەمیشیان وتی:

ئەی خوای پەورەردگارم من ڕۆژێکیان چەند کرێکارێکم هەبو بە پارە کاریان بۆ دەکردمو ئێوارە پارەی هەمویانم دا تەنها یەك کرێکاریان نەبێت کە پێش ئەوەی کرێکەی بدەم ڕۆیشتبویەوە..

پارەکەی ئەوم خستە کاسبیەوە هەتا زۆر بو.. پاش ماوەیەك هاتەوە بۆ لامو داوای کرێکەی لێ کردم..

وتی: ئەی بەندەی خوا، من پارەی فلان ڕۆژم لە لاتانە کە کارم بۆ کردن لە برتانە؟

منیش پێم وت: چاك لە بیرمە هەمو ئەم حوشترو مەڕو بزنو خزمەتکارەی تۆ دەیانبینی هەمو هی تۆیە..

ئەویش وتی: ئەی بەندەی خوا دەڵێی گاڵتەم پێ دەکەی؟

وتم: بە ڕاستمەو گاڵتەت پێ ناکەم.

ئەویش هەر هەمو حوشترو مەڕو ماڵاتەکەی دایە بەرو هەموی بردو یەك شتی بۆ بەجێ نەهێشتم..

وتی: دەی، ئەی پەروەردگارم ئەگەر ئەو کارەم لەبەر خاتری تۆ کردوە دەی لەم بەردە ڕزگارمان بکە..

بەردەکە بە تەواوی چوە دواوەو هەرسێکیان چونە دەرەوەو دەستیان کرد بە ڕۆیشتن.

چیرۆکی سییەم

بەردێکی زل

(احمدو محمدو حبیب) لە لادێیەکدا بە ئاسودەیی دەژیانو هاوڕێیەتیان زۆر خۆش بو.. هەردەم هەواڵی یەکیان دەپرسیو سەردانی یەکتریان دەکرد..

خێزانو ماڵو منداڵی هەریەکە لەم سیانە زۆر بەختەوەر بونو بژێوی ژیانیان زیاتر بەسەر ڕاوشکارەوە بو..

ئێوارە خێزانەکانیان چاوەڕوانی دەستی ئەم سێ هاوڕێیە بون تا کەروێشکێك یان کەڵێك یان هەر شتێکی تر ڕاوبکەنو بیهێننەوەو ژەمێکی پێ ڕایی بکەن..

ئەم سیانە زۆر خواناسو لەخواترس بونو بە ڕادەیەك یەکتریان خۆش دەویست ئەگەر یەکێکیان نەیتوانیایە لەگەڵیان بڕوات بۆ ڕاو لە پاش گەڕانەوەیان لە نێچیرەکەی خۆیان بەشیان بۆ دەناردو ئەگەر کەسێکیشیان هیچی نەکوشتایە ئەوان لە نێچیرەکەی خۆیاندا دەیانکرد بە شەریك..

شەوێك لە ماڵەوە بڕیار دەدەن پێکەوە سبەینێ بچن بۆ شاخە بەرزەکانو لەوێ ڕاوی کەڵەکێوی بکەن..

بەیانی کۆڵو بار دەگرنو بە شمشێرو تیروکەوانو ڕمەوە دەڕۆن بەرەو چیابەرزەکانو ماوەیەك دەڕۆنو هەندێ تیر دەگرنە نێچیرەکانو کەروێشکێك ڕاو دەکەن.

بەڵام بارانو ڕەشەبا ناچاری کردن کە پەنا بەرن بۆ ئەشکەوتێکی نزیکیانو بە نیازی ئەوەی ئەو شەوە لەوێ بنو لە بەیانی ڕۆژی داهاتودا دەست بکەنەوە بە ڕاوەکەیان.

هەرکە چونە ژورەوەو کۆڵو بارەکەیان داناو لەبەر ئەوەی زۆر ماندو بونو لێی ڕاکشانو یەکێکیان وتی: بە خوا ئەم ئەشکەوتانەش شتێکی باشنو جێدەستی باوباپیرانمانو ئێمە سودی چاکیان لێ وەردەگرینو ئەگەر ئەم ئەشکەوتە نەبوایە لەبەر ئەو بارانە ڕەق دەیبردینەوەو دەمردین..

یەكێكی تریان بە پێكەنینەوە وتی: بەڵام بێ قەزا بن دەرگاكەیان زۆر بچوك دروست كردوەو بە حاڵ نەفەرێك دەكێشێت..

یەكێكی تریان (دەستی كرد بە پێكەنین و وتی): ئەشكەوت تا دەرگاكەی بچوك بێت باشە بۆ ئەوەی سەرماو زوقم نەیەتە ژورەوە، ووی چەند سەرمایە خوای گەورە..

لەم قسانەدا بون هەورە بروسكەیەك دای لە شاخەكەو بەردێكی گەورە خل بویەوەو دەمی ئەشكەوتەكەی كەپس كرد..

یەكێكیان هاواری لێ هەڵساو وتی: خوایە بمانپارێزە لە تورەبونت ئەم دەنگە زۆر گەورە بو (برایان) هەستەكەم ئەشكەوتەكە تارلایك بو.

یەكێكی تریان وتی: ڕۆشنایی دەرگای ئەشكەوتەكە نەما.. تۆ بڵێی دنیا تاریك بوبێت؟! ئا كاك ئەحمەد برۆ سەیرێك بكە تا من ئاگرێك دەكەمەوە زۆر سەرمامانە..

ئەحمەد: بە چاوان.. ڕۆیشت بۆ لای دەرگای ئەشكەوتەكەو دەبینێت بەردێكی زل دەمی ئەشكەوتەكەی بە تەواوی گرتوە..و بە حاڵ لە درزەكانیەوە ڕوناكی دەداتو دەرەوە دیارە.. بۆیە هاواری كرد:

ئەحمەد: لا حول ولا قوة الاّ بالله.. وەرن كاك محمد.. كاك حبیب كارەست ڕوی داوە..

محمد بە هەڵەداوان دێت بۆ لای دەرگای ئەشكەوتەكەو دەبینێت بە بەردێكی زل دەمەكەی گیراوە.

بۆیە محمد وتی: ئا دەی برایان با بە هەرسێكمانەوە پاڵی پێوە بنێین بەڵكو دوری بخەینەوە.. خۆ ئێمەی زیندان كردوە.. دەی حبیب وەرە..

حەبیب: لە دورەوە هاوار دەكات.. كورە خۆتان پاڵی پێوە بنێن.. بەردێك چیە؟ با من ئاگرەكە خۆش بكەمو چاكەتان بۆ لێ بنێم..

محمد: چای چی و هیچی چی.. خەریكە خەفە ئەبین و ئەم ئەشكەوتە دەبێتە گۆڕمان كەچی كاك حبیب مێشێك میوانی نیەو چا لێ دەنێت!..

احمد: حەبیب گیان.. ڕاکە هاوکاریمان بکە.. با پاڵ بنێین‌و دوری بخەینەوە.. حەبیب بە ڕاکردن دێت‌و هاوار دەکات.. باوکە گیان ئەم بەردە لە کوێوە هات خۆ کەپسی کردوین.. ئادەی پاڵنێن یاالله..

هەرسێکیان زۆر هەوڵیان داو شانیان دایە ژێری بەلام بێ سود بو بەردەکە لە جێی خۆی چرکەی نەدەکرد.. بۆیە بە نائومێدی هەریەکە لە جێی خۆی دانیشت‌و شەکەت بون.

احمد: برایان با ئەمشەو لێی بخەوین.. خۆ ئاوو خواردنمان پێیەو بەڵکو سبەینێ شوانێك لێرەوە بڕوات‌و ئێمە هاوار دەکەین‌و دێن بە دەممانەوەو بۆمان دەکەنەوە.. خوا گەورەیە.. خوایش پشتوێمان ناخات..

هەمو بە قسەکەی ئەحمەد دڵخۆش بون‌و چون بە دەم نان دروستکردن‌و نوێژکردنەوە.. پاشان لێی خەوتن..

بەلام ئەحمەد خەوی لێ نەدەکەوت.. و خەریکی نوێژکردن بو.. چاوەکانی پڕ بوبون لە ئاو.. دەستی بەرزکردبویەوە بۆ لای پەروەردگارو بە دەم خۆیەوە دەیوت:

ئەی پەروەردگارم خۆت ئاگاداری.. ئێمە بۆ دابینکردنی خۆراکی منداڵەکانمان لە ماڵ دەرچوین.. دەی پەروەردگارم.. مەگەر خۆت ڕزگارمان بکەیت..

بە خوا کێوەکەی ئەوەندە سەخت‌و دورەدەستە.. گومان نابەم سبەینێ کەس لێرەوە تێپەڕ بکات.. مەگەر خۆت ڕەحممان پێ بکەیت ئەی ڕەحمان‌و ڕەحیمی زەوی‌و ئاسمانەکان..

هەرچۆنێك بێت ئەمشەو قەناعەتم پێ کردن کە بێخەم بخەون بەلام سبەینێ مەگەر خۆت یارمەتیمان بدەیت‌و ئەم بەردە زلە دور بخەیتەوە یاالله..

لە سبەینێدا کە ڕوناکی خۆر لە درزی دەرگای ئەشکەوتەوە هاتە ژورەوە مژدەی ڕۆژێکی نوێی هێنا بەلام بۆ ئەمان چ سودی هەیە خۆ هەر وەك شەو تاریکەو لە زینداندان.

بەڵێ وا کات بەرەو چێشتەنگا دەڕوات‌و دەنگی هیچ شوان‌و گاوان‌و ڕاوچیەك نایەت.

حەبیب بە دەنگی بەرز هاوار دەکات: هۆ خەڵکینە.. ئێمە لەناو ئەم ئەشکەوتەداینو دەمەکەی گیراوە لێمان.. وەرن بە دەممانەوە..

احمد: بە خوا گومان نابەم کەس گوێی لێت بێت جگە لە پەروەردگار ئیتر خۆت ماندو مەکەو هاوار هاوار مەکە..

محمد: ئەی هەروا دانیشین.. بێدەنگو کپوکپ تا دەمرین؟

احمد: نەخێر.. کێ وای وتوە.. هەرگیز بۆ بڕواداران ڕەوا نیە.. نائومێد بن لە خودایانو خۆیان بدەنە دەستی مردنو لەناوچون..

محمد: ئەی بە ڕای تۆ چی بکەین.. چارمان چیە؟

احمد: با هەستین دەستنوێژ بگرینو دو ڕکات نوێژ بکەینو پاشان داوا لە خوای میهرەبان بکەین کە دەرویەکمان لێ بکاتەوەو لەم زیندانە ڕزگارمان بکاتو بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە..

هەمویان دوعایان دەکردو لە ناکاودا (احمد) بیرۆکەیەکی جوانی بۆ هاتو وتی برایان دۆزیمەوە !

هەردوکیان: چیت دۆزیەوە کاك ئەحمەد.. وتی: تۆ ئەگەر بچیت بۆ لای پاشایەكو داواکاریەکی پێشکەش بکەیت.. لەوانەیە خێرا بۆت جێبەجێ بکات لەوانەشە لەو کاتەدا جێبەجێی نەکات..

حبیب: خۆ لەوانەیە پێویستیش بێت بۆت جێبەجێ بکات بەڵام ئەی چی بکات؟

احمد: زۆر ڕۆڵی هەیە ئەگەر چاکەیەکی لەبەر خاتری پاشا کردبێتو بیخاتەوە یادیو بڵێ ئەها من فلان کاری جوانم بۆ کردی دەی تۆش ئەمڕۆ فریای من بکەوە.

محمد: مەبەستت ئەوەیە ئێمەش هەریەکەو کردەوەیەکی چاکەی خۆمان باس بکەینو داوا لە خوا بکەین کە بە هۆیەوە ڕزگارمان بکات؟

حبیب: ئەی ئێمە ئەو کارانەمان لەبەر خاتری خوا کردوەو حەز ناکەم باسی بکەمەوەو خۆمی پێوە هەڵبنێم.

احمد: خۆمەڵنانی تێدا نیە حبیب گیان خۆ ڕیابازیو باسکردنی چاکە نیە لەناو خەڵکدا ئێمە لە قەراغی مەرگداینو خەریکە تیادەچین با سۆزو بەزەیی پەروەردگار بجولێنین بەرەو خۆمانو خوایش خۆی ئەمەی پێ خۆشە.

محمد: خوای پەروەردگارمان زۆر بە بەزەییە، بەڵام وای پێ خۆشە لێی بپاڕێینەوەو لێی بلاڵێینەوە...

احمد: سەرەتا من کاتی خۆی چاکەیەکم کردوە لەگەڵ دایكو باوکە پیرو بەساڵاچوەکەمدا کە لە ناو کردەوە چاکەکانمدا شانازی پێوە دەکەمو هیوام وایە لەبەر ئەو کارەشم بێت خوا لێم خۆش بێت لە ڕۆژی قیامەتدا إنشاء الله.

حبیب: ئەو چاکەیە چیە کە لەگەڵ دایكو باوکتدا کردوتە وا ئەوەندە دڵت پێی خۆشە؟

احمد: دەیەوێت باسی بکات بۆیانو لە فلاش باکدا وەك فیلم دێتەوە یادیو دەڵێت پێش (٢٠) ساڵ لەمەوبەر دایكو باوکم لە لای من بونو لە جموجوڵ کەوتبون دەبوایە خواردنم بکردایە بە دەمیانەوەو بمبردنایە بۆ سەرئاوو بمگۆڕینایە..

دیمەنی ژنو پیاوێکی پیر دەردەخات کە هەر دەمیان ماوە قسەی پێ بکەنو توانای ڕۆیشتنو هەڵسوکەوتیان نەماوەو لاوازو سیس بون..

باوك: کوا ئەحمەدی کوڕم با بمبات بۆ دەستنوێژگرتن لە کوێیە.

دایك: پیاوەکە هاوار هاوار مەکە خۆ ئەحمەدمان فەوتاوە بە دەست ئەركو ئاگاری منو تۆوە.. تەنانەت خواردنیش دەکات بە دەممانەوە..

باوك: ڕاست دەکەی ژنەکە بە ڕاستی کوڕێکی ڕاساڵە، خوا دەست بگرێت بە عومریەوە..

دایك: تا منو تۆ تێر شیر نەخۆین بە دەستی خۆی ناهێڵێت منداڵەکانی دەمی بۆ بەرن.. ئای خوایە من چەند لێی ڕازیم تۆش (١٠٠) ئەوەندە لێی ڕازی بە..

احمد لەو کەژەو خەریکی دار بڕینەو کەرو بارەکەی ئامادەکردوەو دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە..

احمد: ئای پەروەردگارم کات زۆر درەنگ بوەو ئێستا دایكو باوکم چاوەڕوانی منن شیریان پێ بدەم.. بە ساقەتان بم.. بمبورن دواکەوتم ئای کە ئێستا برسیان بوە.. بە دەم ئەم قسانەوە بەرەوماڵەوە هاتەوە..

دایكو باوکەکە لە برساندا چمو چاریان پێ کەوتبو.. هەر سەیری ئەملاولایان دەکردو هاواریان دەکرد:

باوك: رۆڵە (بڕوا گیان) باوکت نەهاتەوە.. چی بو وا دواکەوت وا خەریکە لە برساندا دەمرم.. کوا بۆ نەهات شیرەکەمان پێ بدات خەریکە وام لێ دێت دوعای لێ بکەم..

دایك: دوعای لێ نەکەیت..کەمی کردوە لە پێناوماندا.. خۆشی ژیانمان لە خۆیو ماڵو منداڵی تێکداوە کەچی دەتەوێت دوعای لێ بکەیت؟! ها.

باوك: ئاخر هەرگیز ئاوا پشتگوێی نەخستوین.. برسیمە، لە برساندا لاربومەوە..

بڕوا: باوا گیان باوکم چوە بۆ دارو خۆت دەزانی کێوەکە زۆر دورەو درەنگ دەگەڕێتەوە.. ئێوە بخەون ئەگەر هاتەوە هەڵتاندەسێنێتو شیرەکەتان پێ دەدات.. بە خوا ئێمەیش برسیمانەو دەی مەڕەکان لێرە نینو لەگەڵ خۆی بردنی بۆ کەژ..

باوك: بە ساقەویم بڕوا گیان.. بڕۆ سەعیەکەت بکە.. ئێمەش چاوەڕوانی ئەحمەد دەکەین..

ئەحمەد بە مەڕەکانەوە خۆی کرد بە ماڵداو خێرا دەستی کرد بە دۆشینی مەڕەکانو بە دەم خۆیەوە دەیوت: (لا حول ولا قوة الاّ بالله) ئێستا دایكو باوکم لە برساندا مردون.. چیم کر خوایە گیان بۆ وا دورکەوتمەوە.. خوایە بمبەخشە ئێستا دڵیان لێم ئێشاوە.

بڕوا: بابەگیان هاتیتەوە.. بەخێر بێیتەوە.. بابە گەورەو دایە گەورەم زۆر بانگیان لێ کردیو داوای شیریان دەکرد..

ئەحمەد: کوڕم بە خوا هەر خەمی ئەوانم بو (دەگری).. ئەی کوان با شیرەکەیان بۆ بەرم.. هەر خەویان لێ نەکەوتبێت باشە..

ئەحمەد: باوکە، دایکە گیان.. هاتمەوە.. فەرمون شیرەکە بخۆن..

بەڵام دایكو باوكی خەویان لێ كەوتبو.. لە جێی خۆیدا وشك بو.. بە پێوە وەستا لەبەر دەمیاندا.. لە جێی خۆی نەدەجولاو شیرەكەشی بە دەستەوە بو.. بڕیاری دا نابێت كەس لەم شیرە بخواتەوە تا دایە گەورەو باوە گەورە هەڵنەسنو لێی نەخۆنەوە..

باوەڕ: باوكە ئێمەش تینوو برسیمانە.. ئەی كەی شیرەكە بخۆینەوە.. منداڵەكانی لە برساندا دەگریانو دایكم بە زۆر كردونیە خەو..

ئەحمەد: ئافەرین ژن.. خوا وێنەت زۆر بكات.. بەڵكو ماوەیەكی تر دایكو باوكم هەستنو شیرەكە بخۆنەوە..و دوای ئەوان دەیدەم بە ئێوەش..

بەڵام دایكو باوكی لە خەوێكی قوڵدا بونو تا بەرەبەیان بە خەبەر نەهاتنەوەو (ئەحمەد)یش هەر بە پێوە وەستابو لەبەردەمیاندا تا هەستان یەكسەرو شیرەكەیان دەرخوارد بدات..

بەرەبەیان خەبەریان بویەوە دەبینن ئەحمەد هەر بە پێوەیەو وتیان ئەحمەد گیان بۆ ئەمشەو خۆتت كوشتوە، بۆ وا بە خەبەری خۆ قاچەكانت تەزیوە بە ساقەت بم.. كە كوڕێكی ڕاساڵی..

دای بە دەمیانەوەو تێریان لێ خوارد..و پاشان دای بە دەمی منداڵەكانیەوە..

ئەحمەد بە باسەكەی بویەوەو ڕوی كردە پەروەردگارو وتی: ئەی پەروەردگارم من ئەو كارەم لەبەر خاتری تۆ كردوەو دەی ئەگەر ئەو كارەت لێ وەرگرتومو بە دڵسۆزی لەبەر خاتری تۆ كردومە دەی لەم ئەشكەوتە ڕزگارمان بكەو ئەم دەرگایەمان بۆ بكەرەوەو لەم بەردە زلە ڕزگارمان بكە..

ئەحمەد لە قسەكەی نەبویەوەو بەردەكە چركەیەكی كۆدو ترازاو دەرەوە دەركەوت بەڵام هەر مرۆڤی نەدەكێشا..

(محمد) دەی خوایە.. هەزاران سوپاس بۆ تۆ.. بەردەكە جولا برایان سەیر كەن..

(ئەحمەد) ئەی تۆ محمد چ كارێكی چاكەت كردوە كە لە هەمو كارەكانی ترت دڵت پێی خۆش بێت.. باسی بكە بەڵكو خوا بەزەیی بێتەوە پێماندا..

محمد هاتە قسەو وتی: من کوڕێکی گەنج بوم‌و زۆر جوان‌و پێکەوتو بوم، زۆر دەوڵەمەندیش بوم.. ژنم نەهێنابو.. حەزم لە کچی مامم دەکردو خەریك بو شێت دەبوم بۆی..

بەڵام بە نیاز نەبوم‌و جەوم لەبار نەبو تا بیهێنم.. بەڵام شەوو ڕۆژ لە خەیاڵمدا بو.. باوەڕ ناکەم ئەوەندەی من ئەو کچەم خۆش دەویست کەس هیچ کچێکی ئەوەندە خۆش ویستبێت..

ڕۆژێکیان گەیشتم پێی‌و هەندێ قسەی خۆشم بۆ کردو خستمە پێکەنین بەڵام زۆر شەرمن‌و بە حەیاو حورمەت بو تا بڵێی ڕەوشت بەرز بو..

بۆیە داوام لێکرد کاری خراپەم لەگەڵدا بکات.. بەڵام ئەو زۆر پێی ناخۆش بو.. لێم توڕە بو.. وتی جارێکی تر قسەی وام لەگەڵدا بکەیت بە باوکم‌و مامم دەڵێم بۆت..

منیش ناچار داوای لێبوردنم لێکردو زۆر ترسام بۆ باوکی بگێڕێتەوە بۆیە پەیمانم دایە جارێکی تر شتی وای پێ نەڵێم‌و ئەو هەڵەیە دوبارە ناکەمەوەو زۆر داوای لێبوردنم لێ کرد.

ڕۆژان چون‌و ڕۆژان هاتن.. من هەر نەمتوانی ئەو کچە بخوازم تا ئەوەبو گرانیەك دروست بو ماڵی مامم زۆر دەست کورت بون..

ئەو کچەی مامم بۆ پێویستیەك هات بۆ ماڵمان تا پارەیەکی پێ بدەم‌و بیدەن بە بژێوی چەند ڕۆژێکی ژیانیان..

بەڵام من (١٠٠) قات پارەم لێ ڕاداو (١٢٠) دیناری ئاڵتونم پێدا، زۆر خۆشحاڵ بو.. زۆر سوپاسی کردم‌و هەستا بڕوات..

وتم دانیشە کچێ قسەم ماوە لەگەڵت من ئەو پارەیەم هەروا پێ نەداویت.. بەڵکو لە بەرامبەریدا داواکاریەکم هەیە..

کچەکەی مامم بە شەرمێکەوە وتی چیە فەرمو؟ وتم: دەبێت کاری سیکسیم لەگەڵدا بکەیت‌و ئەگەر ڕەدی بکەیتەوە ئەوا من ئەو پارە زۆرەت پێ نادەم‌و لێت دەسەنمەوە..

کچەکەش ئەوەندە هەژارو نەدار بون پارەکەی ڕەد نەکردەوەو سەرێکی لەقاندو ڕەزامەندی دەربڕی.

منیش لە خۆشیاندا خەریك بو گەشکە بکەم.. و بۆیە زۆر سوپاسم کردبو شوێنێکمان دەستنیشان کرد بۆ بەیەکگەیشتنمان..

بەڵێ برایان لە کاتو شوێنی دیاریکراودا من زۆر زوتر ئامادەبوم چونکە تامەزرۆی ئەو ڕۆژە بوم، بەڵام کچەکەی مامم زۆر بە نابەدڵی ئەو کارەی قبوڵ کردبو بۆیە درەنگ هات..

کاتێك ڕاکشاو خەریك بو لەگەڵی ئەو کارە بکەم.. لەرزی لێ هاتو هەر (لا الە الاّ الله)ی دەکردو کە تەواو لێی نزیك بومەوە هاواری کرد بەسەرمدا وتی:

لە خوا بترسە ئامۆزا گیان.. خوا چاوی لێمانەو با شەرمی لێ بکەینو ئەو کارە نەکەین بە ناشەرعیو گوڵی کچێنیم هەڵمەوەرێنە بەم شێوە ناشیرینە بەڵکو ئارام بگرە تا بمخوازیتو بە حەلاڵی لەگەڵمدا بیت..

هەر کە ئەو قسەیەم لێ بیست هەستامو جلەکانم لەبەر کردەوە بەجێم هێشتو پارەکانیشم بۆ بەجێ هێشتو ئەو کارەم نەکرد.

(محمد) وتی: دەی خوای پەروەردگار ئەگەر لەبەر خاتری تۆو لە ترسی سزای تۆ وازم لەو کارە خراپە هێنا دەی دەرومان لێ بکەرەوەو دەرگای ئەشکەوتەکەمان بۆ بکەرەوەو ڕزگارمان بکە..

ئەحمەد: الله اکبر، سەیر کەن بەردەکە چرکەیەکی تری کردو خەریکە لادەچێت بەلام ئادەی با تاقیکەمەوە بزانم دەتوانم بڕۆ دەرەوە.. بە داخەوە ماویەتی.. دەی حبیب گیان تۆ چیت بەسەرهاوە بیگێڕەرەوە.

حەبیب دەستی کرد بە قسەکردنو وتی:

من کاتی خۆی کۆمەڵێك کرێکارم هەبو ڕۆژانە کاریان بۆ دەکردمو پاش چەند ڕۆژێك کارەکەیان تەواو کرد (بە جوانترین تەواوکردن)و هاتن بۆ لام تا کرێی ئەو ماوەیەیان پێ بدەم..

من هەموویانم بەناو دەناسی چونکە ئیشم زۆر هەبو، هەر بەوان دەمکرد کاتێك پارەکەم پێدان دەبینم یەکێك لە کرێکارەکان دیار نیەو نەهاتوە بۆ وەرگرتنی کرێکەی..

کاتێك هەواڵم پرسی هاورێکانی وتیان: زۆر بە پەلە کە لە کارەکەی بویەوە کورەکەی هات بە دوایداو رۆیشتو نەمانزانی بۆچی رۆیشت.

منیش وتم: ئەی نابێت هەقی ئەو (٢٠) رۆژەی بدەم بە یەکێکتانو ئێوە پێی بدەن؟

یەکێکیان وتی: نەوەڵا.. با لای خۆت بێت.. چونکە دێتەوە بۆ لاتو داوای دەکاتەوە بەڵام ئێمە لە یەکەوە دورین..

منیش پارەکەیم جیاکردەوەو خستمە تورەکەیەكو ماوەیەك هەڵم گرت بۆی بەڵام هەر نەهاتەوە کاتێك هەواڵم پرسی وتیان سەفەرێکی دوری کردوە..

(کاك حەبیب) لەسەر سەکۆکەیماڵەوە دانیشتوەو بیر دەکاتەوەو عومەری کوری لە پاڵیدا دانیشتوەو لێی دەپرسێت:

عمر: باوکە گیان ماوەیەکە زۆر دەچیت بە خەیاڵدا.. ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟

حەبیب: کورم، خەمت نەبێت.. شتێکی خراپ نیە شوکر، تەنها ئەوەیە نزیکەی (٣٠) دینارێکی ئاڵتونم لە لایە کە کرێی یەکێك لە کرێکارەکانەو ئەمانەتە لە لامو نەهاتەوە بە دەمیەوە..

عمر: باوکە گیان.. من پێشنیارێکم هەیە..

حەبیب: کورم چیە؟

عمر: بۆچی بۆی نادەیت بە چەند سەرێك حەیوان تا ئێمەش سودیان لێ وەربگرینو پارەکەی کاك جەمالیش زیاد بکات؟

حەبیب: وەڵلاهی بۆچونێکی جوانەو منت لەو خەفەتە دەرکرد هەی ئافەرین کوری ژیرم، راستە دەڵێن: (عەقڵ بە گەورەو بچوکی نیە) وا دەکەم کوری خۆم وا دەکەم انشاء الله..

حەبیب دەڵێت پارەکەی زۆر بو، کۆمەڵێك مەڕم پێ کڕیو لە ساڵی ئایندەدا مەڕەکان بەرەکەتیان تێکەوتو زانو هەر تێکەڵی مەڕو ماڵاتی خۆمم نەدەکردن..

ساڵان ڕۆیشتنو ساڵان چون ئەوەندە زۆر بون هەر لە حوشترو مەڕو بزن تا گەوڕم بۆ جیاکردنەوەو هەر لە پارەی خۆیان دو بەندەم بۆ کڕین،و ئیتر من هەقم بەسەریانەوە نەما..

پاش چەند ساڵێك ڕۆژێك عمری کوڕم بە هەڵەداوان هات بۆ لامو وتی:

عمر: باوکە.. باوکە..

حەبیب: بەڵێ کوڕم چی بوە؟ خۆ شتێك ڕوی نەداوە؟

عمر: نەخێر باوکە گیان بەڵام پیاوێك هاتوە بۆ ماڵمانو، چاوەڕوانی تۆ دەکات..

حەبیب: کوڕم نەتزانی بۆچی هاتوە؟

عمر: با.. پێی وتین.. دەڵێت چەند ساڵێك لەمەوبەر ئیشم بۆ باوکتان کردوەو بەڵام لە کاتی خۆیدا پارەکەیم وەرنەگرتوە..

حەبیب: ئەی هەزار سوپاس بۆ خوا.. ئیتر من لەو ڕاسپاردەیە ڕزگارم دەبێتو هەر لەوێدا سوژدەیەکی شوکری بۆ پەروەردگار بردو لەگەڵ عمردا بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

حەبیب هاتەوەو کرێکارەکەی ناسیەوەو ئەملاولای ماچ کردو بەخێرهاتنی لێ کرد.. و فەرمانی دا ئادەی نان بێنن جارێ برسیمانە..

کرێکارەکە لە دڵی خۆیدا وتی: تۆ بڵێی لە بیری مابێت؟ تۆ بڵێی ملەجڕێی لێ نەکات؟ باوەڕ ناکەم چونکە حەبیب پیاوێکی لەخواترسو بڕوا بتەو بو.. ئەگەر نەگۆڕابێت.

حەبیب زنجیرەی خەیاڵەکەی کرێکارەکەی پچڕاندو لێی پرسی:

ئەرێ جمال بۆ خاتری خوا تۆ ئەرز قوتی دای ئاسمان هەڵی کێشای چیت لێ هات؟ بۆ تا ئێستا لەم ولاتەدا نەماویت؟..

کرێکار: ئێی کاك حەبیب مەپرسە چیم بەسەر هاتوە، هەر ئەو ڕۆژەی کە لێرە لە ماڵی ئێوە بوم کوڕەکەم هاتو وتی:مانگاکانمان نەهاتونەتەوەو گاوانەکە دەڵێت جەردە داویانەتە بەرو بردونیان بۆ ناو چیاکان..

حەبیب: ئێی دوای ئەوە..

کرێکار دەڵێت: شمشێرو تیروکەوانم هەڵگرتو دوایان کەوتمو بەناو درەختە چڕەکاندا دەڕۆیشتمو تاریك داهاتو منیش ڕاستیەکەی ترسم لێ نیشتو بڕیارم دا بگەڕێمەوە..

حەبیب: ئێ باشە چاکت کرد.

کرێکار: قوربان جەردەکان چواردەوریان لێ گرتمو بە زۆر بردمیان لەگەڵ خۆیان.. هەرچەندە هاوارم کرد بەڕەڵام بکەنو ماڵو منداڵم هەیە.. وازم لێ بێنن مانگاکان بۆ خۆتان..

سەرکردەکەیان سمێڵ زلێك بو دەستی کرد بە پێکەنینو وتی: گاوانێکمان زۆر پێویستە کۆتو زنجیرە بکەن. ها، هەها، هەها..

ئیتر لەو ڕۆژە بە دوا من (٤) ساڵە لە لای ئەو ستەمکارانە کۆیلە کراومو خزمەتکاریان پێ دەکردم..

عمر: ئەی مامە گیان نەتدەتوانی ڕابکەیت؟

کرێکار: ڕۆڵە زۆر هەوڵم دا بەڵام هەڕەشەیان لێ کردم ئەگەر هەڵبێم ماڵەکەت بە منداڵەکانتەوە دەسوتێنین..

حەبیب: ئای کە دڵ ڕەقو خوانەناس بون.. ئەی چۆن ڕزگارت بو؟

کرێکار: لەناو یەکدا ناکۆکیان تێکەوتو سەرۆکەکەی خۆیانیان کوشتو منیش هەلم بۆ هەڵکەوتو یەکێکیان خۆشی دەویستمو وتی: ئێمە غەدرمان لە تۆ کردوە تۆ هەڵبێو ڕاکە ئەگەر هەواڵیان پرسیت دەڵێم گورگ خواردویەتی..

حەبیب: سوپاس بۆ خوا کە ڕزگارت بوە یاخوا بەخێر بێیتەوە..

کرێکار: جا بەچی دەچێ؟ هاتومەتەوە سەر ماڵو منداڵێکی هەژارو دەستو کورتو داماو، بە خوا ناچاریش هێناومی بۆ لات ئەگەر لەبیرت بێت چەند ڕۆژێك ئیشم بۆ کردویتو ئەگەر پارەکەیم پێ بدەیت خێرت دەکات.

حەبیب: ئەوە بەڕاستتە؟ خێرم دەکات؟

کرێکار: ئەرێ وەڵڵا وا بزانە بە دەستی دەمدەیتێو هی خۆتە.

حەبیب: ئەو پەچەیە دەبینی؟

کرێکار: بەڵێ زۆر باش دەیبینم.. حوشترو مەڕو بزنی زۆری تێدایە..

حەبیب: دەی ئەوە هەموی هی تۆیەو لەگەڵ خۆت بیبە.

کرێکار: واقی وڕماو وای زانی گاڵتەی پێ دەکات. وتی: توخوا هەر ئەوەم کەمە با تۆش کاك حەبیب گاڵتەم پێ بکەیت..

حەبیب: گاڵتەکردنی چی؟ بە خوا گاڵتەت پێ ناکەم.. ئەو هەمو حوشترو مەڕو بزنو خزمەتکارەکانیش هەموی هی تۆیە !

کرێکار: خەریکە تێك دەچم من (٣٠) دینارم لە لای تۆیە نەك ئەم هەمو مەڕ ماڵاتە !

حەبیب: من ئەو پارەیەی تۆم خستە کاسبیەوەو خوایش بەرەکەتی تێخستو لەم چەند ساڵە زۆر بونو منیش بە جیا دامناوەو تا خۆت دێیتەوە بۆیو ئەوا هاتیتەوەو فەرمو بیبەرەوە..

کرێکارەکەش هەموی دایەبەرو بردیەوەو یەك سەر ولاخی لێ جێ نەهێشتو منیش زۆر خۆشحاڵ بوم..

دەی سا خوای پەروەردگارم ئەگەر ئەو کارەم لەبەر خاتری تۆو ڕەزامەندی تۆ کردوە خوایە گیان دەرویەکمان لێ بکەرەوەو دەرگای ئەم ئەشکەوتەمان بۆ بکەرەوەو ڕزگارمان بکە لەم زیندانە..

لەو کاتەدا بەردەکە بە تەواوی کەوت بە پشتاو لە چیاکەوە کەوتە خوارەوەو هەپرون هەپرون بو..

هەرسێکیان وەك شێت ئاگایان لە خۆیان نەمابو.. باوەشیان کرد بە یەکداو ئەملاولای یەکیان ماچ دەکردو لە خۆشیاندا هەرسێکیان پێکەوە سوژدەیەکی شوکریان برد بۆ پەروەردگاریان کە ڕزگاری کردن..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١- سەفەرو گەشتکردن بە تەنها باش نیەو لە فەرمودەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هاتوە کە فەرمویەتی: ((الراکب شیطان والراکبان شیطانان والثالث الرکب)) واتە: سەفەر بە یەك کەسی لەگەڵ شەیتاندایەو بە دو کەسی لەگەڵ شەیتاندانو بە سێ کەسی ئەوە گەشتو گەڕانە.

٢- دەبێ مرۆڤ زۆر وتو وریاو چوستو چالاك بێتو کە ویستی لە جێگەیەکدا شەو بمێنێتەوە با بە تەواوی سەیری ئەو ناوە بکاتو حەزەر بکات لە زۆر شت.

نابینی ئەم سێ کەسە بیریان لەوە نەکردەوە کە دەرگای ئەم ئەشکەوتە زۆر تەسکەو چیایەکی بەرزی لەبەردەمدابو.. گومانی ئەوە دەکرا کە بەردو تەلان بەربێتەوەو یان لێیان بدات یان دەمی ئەشکەوتەکە بگرێت.

٣- مرۆڤی موسڵمان ئەگەر چارەسەرە مادیەکانی هەمو تاقیکردەوەو سودیان نەبو بۆی دەبێ ڕو بکاتە پەروەردگارو چەکی دوعاو پاڕانەوە بەکاربێنێتو نابێت نائومێدیو بێ هیوایی بە هیچ جۆرێك سەری لێ بدات.

٤- لە کاتی ئاساییدا کردەوەی جوانو کاری چاکە ئەنجام بدە تا لە کاتە نائاساییو ترسناکەکاندا فریات بکەوێت.. وەك پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمویەتی: ((اعرف ربك في الرخاء یعرفك في الشدة)) واتە: لە کاتی خۆشیدا خوا بناسە، ئەویش لە کاتی ناخۆشیدا تۆ دەناسێتو فریات دەکەوێت.

٥- دروستە مرۆڤ ئەگەر کردەوەیەکی جوانی هەبو، شانازی پێوە بکات، بەلام هەرگیز نابێت بیکوڕێنێتەوەو بیداتەوە لە ڕوی ئەو کەسەی کە چاکەکەی لەگەڵدا کردوە مەگەر لە یەك حاڵەتدا ئەویش ناڕەحەتترین کات کە گیانی مرۆڤەکە لە مەترسی مردندا بێت، بەناوبردنی ئەو خزمەتە لێی ببورنو کاری بۆ ئاسان بکەنو ڕزگاری بکەن..

٦ـ بەم چیرۆکەدا دیارە چاکەکردن لەگەڵ دایكو باوك یەکێکە لە کردەوە زۆر گەورەکان بە تایبەت کاتێك کە پیر دەبنو کەساس دەکەون.

٧ـ دەبێ مرۆڤ دڵی دایكو باوکی پیری بە ساڵاچوی لە خێزانو منداڵەکانی بەلاوە گرنگتر بێت، لە خواردنو جلوبەرگدا پێش منداڵەکانی خۆی بخاتو بەلام ستەمیش لە ماڵو منداڵەکەی نەکات.

٨ـ دروستە کوڕ هەر کچێکی خۆش بوێت لە دڵی خۆیدا بە مەرجێك پێی نەڵێتو داوای پەیوەندی لێ نەکاتو شەرەفو سومعەی نەهێنێتە خوارەوە بەڵکو بە شێوەیەکی شەرعیو پاك بچێتە داوای، یان هەر لە دڵی خۆیدا خۆشی بوێت..

دەگێڕنەوە عمری کوڕی عبدالعزیز (ڕەزای خوای لێ بێت) کەنیزەکێکی هەبوە زۆر زۆری خۆش ویستوە بەلام نە قسەی لەگەڵ کردوەو نە خەڵوەشی لەگەڵدا کردوەو پێیان وتوە: گەورەم بۆ نایخوازیت؟ لە وەلامدا وتویەتی: دەترسم بیهێنمو دواتر ئاوا خۆشم نەوێت.

٩ـ هەمیشە کەسە دەرون نزمو ڕوخاوەکان بۆ خاڵی لاوازو کاتی داماویو هەژاری خەڵکی دەگەڕێنو بۆ هێنانەدی مەرامەکانی خۆیان سودی لێ وەردەگرن.

بەلام کەسە خواناسو دەرون بەرزەکان لەم کاتانەدا هەوڵ دەدەن چارەسەری دەردەکان بکەنو هاوکاری هەژاران بکەن.

١٠ـ دەبێت بانگخوازان زۆر حەکیمو لێزان بن لە کاتی گۆڕینی خراپەو مونکەرو ناشەرعیدا.. دەبێت کاتی گونجاو هەڵبژێری بۆ بەرگریکردن لە خراپە.

نابینی ئەو خوشکە داوێن پاکە چۆن بە لێزانیو ژیری خۆی بواری نەدا بەو پیاوەی ئامۆزای کە توشی داوێن پیسی ببێتو کەچی دڵیشی زویر نەکردو پارەکەشی دەست کەوت.

١١ـ دەبێت موسڵمان هەمو کاتێكو لەگەڵ هەمو کەسێکدا دەوری مامۆستا ببینێتو نەهێڵێت تاوان بکەنو خوا بخاتەوە یادیان بە بە ئاگری دۆزەخ بیانترسێنێتو لەوانەیە ئەو وتەیەی ئەو وەك بومەلەرزەیەك کەیانی ئەو کەسە تاوانبارە بهەژێنێتو لەو گوناهە واز بهێنێت.

١٢ـ موسڵمان مەعصومو بێ گوناه نیەو لەوانەیە شەیتان ڕۆژێك بەسەریدا زاڵ ببێتو گوناهێكی لە لا جوان بكات بەڵام دەبێت زۆر ئاگادار بێتو هەر كاتێك خوای گەورەو لەخواترسانیان خستەوە یادی دەبێت دەستبەجێ لەو گوناهە دەست هەڵبگرێتو زۆر مەمنونی ئەو كەسەیش بێت كە خوای خستەوە یادی.

١٣ـ موسڵمان دەبێت كرێی كرێكارو خزمەتكارەكانی لە جێی خۆیدا بداتو دروست نیە نەیانداتێ یان دوای بخات بەبێ هیچ بیانویەك وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((أعطوا الأجیر أجره قبل أن یجف عرقه)) واتە: كرێی كرێكار بدەن پێش ئەوەی ئارەقی نێوچەوانی وشك ببێتەوە.

١٤ـ موسڵمان زۆر خەمیەتی كە كرێی كرێكارێكی نەداتو زۆر حەز دەكات زو بێتو وەری بگرێت لێی.

١٥ـ دروست نیە ئەو بڕە پارەیەی كە دەبێت بدرێت بە كرێكار لە بەرامبەر هەر كارێكدا ڕابگیرێتو نەیدرێتێو دروستیش نیە بۆ خاوەن كار ئەو پارەیە بخوات یان خەرجی بكات بۆ بەرژەوەندی خۆی.

١٦ـ ئەوپەڕی مانای دادپەوەری ڕاستەقینەیە كە مرۆڤ ئەگەر كرێكارێكی هەبو چەند ڕۆژێك كاری بۆ كرد بەڵام پارەكەی پێ نەدا، دوای چەند ساڵێك بە دە قاتو زیاتر بیداتەوە چونكە بێگومان لەناو كاسپیدا زۆر دەبێتو زیاد دەكات..

١٧ـ قەرز كۆن دەبێت بەس نافەوتێ، بۆیە نابێت موسڵمان دەست لە قەرز هەڵبگرێت یان كرێی ئیشوكار، بەڵكو دوای چەندان ساڵیش دەبێ هەر داوای بكاتو دەست لە مافی خۆی هەڵنەگرێت مەگەر بڕوات بۆ لایو لەبەر خوا لێی ببورێتو ئەوەش خێرێكی گەورەیە..

١٨ـ دەبێ خاوەن كار بە زیادەوە كرێی كرێكار بدات نەك لێی ببڕێتو كەمتری پێ بدات، بەڵكو ئەوەندە زیاتری پێ بدات كە كرێكارەكە وابزانێت گاڵتەی پێ دەكات.

القصة الحادية والثلاثون

تاب الكفل

عن ابن عمر (رضي الله عنه) قال: سمعت النبي (ﷺ) يحدث حديثاً لو سمعه الاّ مرة أو مرتين حتى عد سبع مرّات، ولكني سمعته اكثر من ذلك.

سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ((كان الكفل من بني إسرائيل لا يتورع عن ذنب عمله، فأتته امرأة فأعطاها ستون دينار على أن يطأها، فلما قعد منها مقعد الرجل من امرأته أرعدت وبكت، فقال: ما يبكيك؟ أأكرهتك؟

قالت: لا ولكنه عمل ما عملته قط، وما حملني عليه الاّ الحاجة!

فقال: تفعلين انتِ هذا، وما فعلته قطٌ؟ إذهبي فهي لك، وقال: والله لا أعصي الله أبداً، فمات من ليلته، فأصبح مكتوبا على بابه: قد غفر الله للكفل)[1].

واته: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: یەك جار تا دو جار تا حەوت جار لە پێغەمبەری خوام بیستوە (ﷺ) بەڵکو لەو جارانەش زیاتر بیستومە لێی کە فەرمویەتی:

(کیفل) پیاوێك بو لەناو بەنی ئیسرائیلدا کە لە گوناه خۆی نەدەپاراستو هەمو گوناهێکی دەکرد.

جارێك ئافرەتێك دێت بۆ لای (بە هۆی هەژاریو دەست کورتیەوە)و داوای پارەی لێ کرد کیفل (٦٠) دیناری ئاڵتونی پێدا لە بەرامبەریدا داوای لێکرد کاری ناشایستەی لەگەڵدا بکات..

ناچار ئافرەتەکەش ڕەزامەندی دەربڕی، کاتێك پیاوەکە لێی نزیك بویەوە (وەك چۆن پیاو لە ژنی خۆی نزیك دەبێتەوە).

---

١ رواه الترمذي في (صفة القيامة)، (٢٦٢٧)، وقال: حديث حسن واللفظ له ورواه (ابن حبان) في (صحيحه) والحاكم وقال: حديث صحيح الاسناد ولم يخرجاه) ووافقه الذهبي، ورواه احمد في المسند (٤٧٤٧).

ئافرەتەکە لەرزی لێ هاتو دەستی کرد بە گریانو (کیفل) پێی وت: ئەوە بۆچی دەگریت ئایا من زۆرم لێ کردویت؟

کچەکەش وتی: نا، بەڵام من تا ئێستا کاری ئاوام نەکردوە، بەڵکو نەبونیو دەست کورتی وای لێ کردوم ڕازی بم بەم کارە ناشایستەیە.

(کیفل) بیری کردەوەو وتی: تۆ تا ئێستا ئەم کارە حەرامو ناشایستەیەت نەکردوەو یەکەم جارتە کەچی پێت ناخۆشەو حەز ناکەی ئەو گوناهە بکەیت، دەلەرزیتو دەگریت؟

دەی بڕۆ پارەکەش بۆ خۆتو کاری وات لەگەڵ ناکەمو نەك هەر ئەوە بەڵکو سوێند بە خوا ئیتر لەمڕۆ بە دوا هەرگیز سەرپێچی خوا ناکەم..

هەر ئەو شەوە کۆچی دوای کرد.. بەیانی کاتێك لە خەو هەستا لە دەرکی حەوشەکەی نوسرابو: (بێگومان خوای گەورە لە کیفل خۆش بوە).

چیرۆکی سی و یەکەم
کیفل تەوبەی کرد

(کیفل) پیاوێکی قۆزو پێکەوتو بو.. کەسێکی زۆر عاشقو ژنانی بو.. لە هەر کوێ ژنێکی جوانی بکەوتایەتە بەرچاو.. خەوو خۆراکی لێ هەڵدەگیراو کون بە کون دەگەڕا ماڵی ئەو ژنە یان ئەو کچەی دەدۆزیەوەو پاشان داوای کاری خراپەو ناشایستەی لێ دەکرد..

لەو بوارەدا پسپۆڕ بوبو.. ئیتر بە ڕوی خۆشودەم بە پێکەنین بوایە ئافرەتە لاوازەکانی ڕازی دەکرد..

یان لەبەر ئەوەی (کیفل) پیاوێکی دەوڵەمەندو پارەدا بو.. بە پارە دەیخەڵەتاندنو ئەو کارە ناشایستەیەی پێ دەکردن چونکە لە هەمو سەردەمێکدا کەسانی مشەخۆرو ڕەوشت نزم سودیان لە هەژاریو دەستکورتی میللەت وەرگرتوەو حەزو ئارەزوە سەرکەشەکانی خۆیانیان پێ جێبەجێ کردون..

لەناو هۆزەکەیدا بە کەسێکی دور لە خواو داوێن پیس ناوبانگی دەرکردبو..

(هیلیا) تاقە کچی دایكو باوکی بو... زۆر ڕەوشت جوانو خواناس بو.. هەمیشە لە ماڵو لە دەرەوە ئیشوکاری ڕادەپەڕاندو ڕۆڵی لە کوڕێك زیاتری بۆ دەبینین..

جارێکیان بینی باوکەکەی سەری داخستوەو هەژاری چۆکی پێ داداوەو خەفەت دەخواتو چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسك..

دایکیشی هاواری دەکرد بەسەریداو دەیوت: هیچمان نیە لێی بنێینو وا بڕوات لە برساندا دەمرین. پیاوەکە شتێك بکە.. سەری مانگیش کە دو ڕۆژی تر دەکات ئەگەر کرێی خانوەکە ئامادە نەکەم لە خانوەکە دەرمان دەکەنو شکاتیشمان لێ دەکەن. پیاوەکە: چاریشم نیە.. دەست دەبەم بۆ هەر کارێك نایەت بە دەستمەوە..

هیلیا: باوکە خەمت نەبێت من ماڵی باوکی کچێکی ڕەفیقم دەزانم وەزعیان باشە.. دەچم داوای قەرزیان لێ دەکەم..

باوك: كچم.. تۆ چوزانیت.. ماڵی كێیە ئەو ماڵە، ماڵێكی ڕەوشت بەرزو خواناس نەبن نەچیت ترسناكە.. تۆ كچێكی جوانو تازە پێگەیشتویت..

باوكە گیان من كچی خۆتم لێم مەترسن لەسەر ڕەوشتی بەرزو ئاكاری جوان پەروەردەتان كردوم.. هەرگیز ئابڕوی خۆمو ئێوەش نابەم (إنشاء الله).

هیلیا چو بۆ ماڵی سیلینی هاوڕێی كە هەردوكیان لەسەر ڕەوشتی بەرزو ئاینداری خاوێن پەروەردە بوبون بە بەردەوام سەردانی یەكیان دەكرد.

هیلیا: سیلین گیان، ئەمجارە بۆ كارێكی گرنگ هاتوم..

سیلین: چیە هیلیا داوای چاویشم بكەیت بۆت دەردەهێنم. تۆ هاوڕێیەكی زۆر دڵسۆزی منی.. فەرمو چیە بیڵێ ئەگەر بە من بكرێت هەی بەسەرچاو..

هیلیا: سیلین خۆت دەزانی ماڵی ئێمە بە زروفێكی زۆر هەژاریو ناڕەحەتیدا تێدەپەڕین.. تا ئێستا پێم نەوتویت بەڵام ئەگەر (٤٠) دینارم دەست نەكەوێت، خاوەن خانوەكەمان دو بەیانی دەرمان دەكات چونكە كرێكەیمان نیە..

سیلین: خەمت نەبێت قسە لەگەڵ باوكم دەكەمو ئەو پارەیەت بۆ دەست دەخەم، با باوكم بێتەوە.. ئێمە وەزعمان باشەو پارەمان هەیە..

هیلیا: بەڵام بە قەرز دوایی دەیدەینەوە..

سیلین: مشكلە نیە، خوا دەكا دەماندات..

سیلیو باوكی پێكەوە دانیشتونو میوە دەخۆن..

سیلین: باوكە گیان كچێكی هاوڕێك هات بۆ ماڵمانو زۆر هەژارو دەست كورتنو كرێچینو خاوەن خانوەكەیان بەیانی دەریان دەكات ئەگەر كرێكی دو مانگ ئامادە نەبێت.. مانگی پێشویش قەرزارن..

كیفل: دەستێكی هێنا بە سمێڵە ڕەشەكەیداو وتی: چی چی، كچێكی هاوڕێت؟ ئێ ئێ با بێت، چارەی كێشەكەی دەكەین، چەندێكیان دەوێت؟

سیلین: باوكە گیان بۆ (٤٠) دینار هاتبو.. بمدەرێ ئەگەر هاتەوە دەیدەمێ..

کیفل: چی چی، تۆ پێی دەدەی؟ با بێت بزانم چۆن کچێکە.. کەی دەماندانەوە؟!..

سیلین: باوکە گیان ئەو زۆر شەرمنەو ڕوی نایەت تۆ ببینێت..

کیفل: کچم عاقڵ بە.. (٤٠) دینار کەم نیە.. با خۆی ئێوارە بێت بۆ لام و پێی بدەم و قسەی تریشی لەگەڵ بکەم لەوانەیە هاوکاری تریشیان بکەم..

سیلیان لە نیازی باوکی تێنەگەیشت بۆیە پێی وت: زۆر چاکە ئێوارە دێت بۆ لات.

سیلین و هیلیا پێکەوە قسە دەکەن و لە ناکاو هیلیا هاواری لێ هەڵدەستێت:

هیلیا: ئاخر سیلین گیان من چۆن دێم بۆ لای باوکت و من کچێکم و تۆو دایکیشت دەڕۆن بۆ لای دوکتۆرو لە ماڵ نین ئەمە کەی دروستە؟ من ناوێرم!

سیلین: باوکە گیانی من وا نیە.. لە دەرگاکەوە لێی وەریگرەو بگەڕێرەوە..

هیلیا: باشە ناچارم دەبێت هەر ئەمڕۆ پارەکەم پێ بدات چونکە بەیانی کرێ خانو دەدەین.

کیفل زۆر بە هەڵەدەوان چاوەڕوانی کچەکە دەکات و جلی جوانی لەبەر کردوەو عاترو گوڵاوی لە خۆی دادەو سمێڵە ڕەشەکەی چەور کردوەو بریقە دەداتەوە..

کیفل: چی بو کچە نەهات.. خۆ من شێت بوم.. ئەوەندە سەیری بەر دەرگاکەم کرد، زو بێت باشە تا سیلین و دایکی نەگەڕاونەتەوە.. دەبێ چ کچێکی جوان و شۆخ و شەنگ بێت.. خۆ دیقم کرد.. نەهات..

دەدرێت لە دەرگا.. (تەق–تەق–تەق).

کیفل: ئەوە هاتم.. ئەوە هاتم.. بە چاوان.. تۆیت هیلیا، سڵاو بەخێر بێی، فەرمو وەرە ژورەوە..

هیلیا: قەیناکا لێرە دەوەستم..

کیفل: نا نا.. جوان نیە لەوێدا بوەستیت وەرە ژورەوە ماڵی خۆتە، شەرم مەکە.

هیلیا: بە ناچاری سەیری ئەملاو ئەولای دەکردو بە دەم ترس و لەرزەوە چوە ژورەوە..

کیفل: بەخێر بێی.. سیلین باسی گوزەرانی ئێوەی بۆ کردم.. زۆر نیگەران و دڵتەنگ بوم.. کچێ تا من وەستابم خۆتان بە هەژار مەزانن، کچی جوان..

هیلیا: سوپاست دەکەم مامە کیفل، سیلین باسی چاکی تۆی بۆ کردم..

کیفل: وتی پێویستتان بە (٤٠) دینارە وانیە؟

هیلیا: با.

کیفل: (٤٠) دینار چیە چەندت پێ خۆشە پێت دەدەم (٦٠) دینار باشە؟ فەرمو وەری بگرە.

هیلیا: زۆر زۆر سوپاس، ئەوە چاکی خۆتانە دەی با من بڕۆم.. خوا حافیز..

کیفل: بەڵام من یەك داواکاریم هەیە تۆش بۆ منی بکە..

هیلیا: بەسەرچاو، جا چی بە من دەکرێت؟ تا بۆتی بکەم؟

کیفل: تۆ زۆر شتت پێ دەکرێت.. تۆ زۆر جوانیو چویتەتە دڵمو دەمەوێت ڕازی بیت پێکەوە بین.. خۆ ماڵ چۆڵەو هەر خۆمو خۆتین..

هیلیا: نا نا.. شی وا نابێت.. من پارەکەشم ناوێت.. من دەڕۆم. (پارەکەی دانایەوە).

کیفل: دەستی دەگرێتو دەڵێت: دانیشە پەلە مەکە، خۆ من بە زۆر ئەم کارەت پێ ناکەم.. ئەگەر خۆت ڕازی نەبیت من هەرگیز زۆرت لێ ناکەم بۆ کاری ئاوا بەڵام ئەوەی تیایە یەك دینار لە من نابینی.. دە بڕۆ خواحافیزت..

هیلیا: بیری دایكو باوکە هەژارەکەی کردەوەو وەستاو ڕوی کردە خواو بە پەنهانی پێی وت: ئەی پەروەردگارم خۆت دەزانی من تۆم زۆر خۆش دەوێتو هەرگیز سەرپێچی تۆم نەکردوە بەڵام وەزعی باوکم باش نیەو لە خانوەکە دەرمان دەکەن..خوایە من بەم پیاوە دەڵێم باشەو ئامادەی ئەو کارە ناشایستەیەم.. دەسا خوایە گیان داوات لێ دەکەم داوێنم بپارێزەو توشی زینای بۆگەن نەبم من تا ئێستا حورمەتی خۆم وەك چاو پاراستوە..

لەم قسانەدا بو کیفل دەستی گرتو وتی: وەرە ژورەوە گیانەکەم ڕاڕا مەبە.. خۆت لەو پارەیە مەکەو دڵی منیش مەشکێنە.. دەستی ڕاکێشتو بردیە ژورەوە..

هیلیا: چوە ژورەوەو دانیشتو کیفل وتی کچی چاك خۆ ناتخۆم.. نەترسی خۆشم دەوێیت (ئەمەی وت پەلاماری داو خستی)..

بەڵام هیلیا وەك بی ناوئاو دەلەرزیو بە کوڵ دەگریاو هەناسەبڕکەی بو..

کیفل: چوە دواوەو وتی: ئەوە بۆچی دەلەرزی یان بۆچی دەگریت؟ ئایا من بە زۆر ئەو کارەت لەگەڵدا دەکەم؟

هیلیا بە دەم گریانەوە وتی: نا.. تۆ زۆرت لێ نەکردوم.. من خۆم ڕازی بوم بێمە ژورەوە. بەڵام مام کیفل!

کیفل: بەڵام چی؟ کیفل بە قوربانت بێت!..

هیلیا: من هەرگیز کاری خراپەم نەکردوەو ڕەوشتو داوێنی خۆمم خاوێن ڕاگرتوەو ئەمە یەکەم جارمە.. هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە سەرپێچی خوای پەروەردگار بکەمو کاری ناشایستە ئەنجام بدەم کە ڕەوشتو داوێنم پیس بکات..

کیفل: ئەی کەواتە بۆ ڕازی بویت؟ ئێستاش هەڵسە بڕۆرەوە؟

هیلیا: ناچاری، هەژاری وای لێ کردم.. دایكو باوکم تەنها منیان هەیەو دوای خوا کەس شك نابەن.. نان نیە لە ماڵەکەماندا بیخۆینو دو مانگێشە کرێمان نەداوە سبەینێ دەرمان دەکەنە سەر جادەو بەو سەرمایە بۆ کوێ بڕۆین.. ئەگینا من بدەن لە ملیشم داوێنی پاکم لەکەدار ناکەمو خوا لە خۆم نارەنجێنم بەڵام چی بکەم هەژاری ئاخ هەژاری...

وتەکانی هیلیا کاری کردە سەر دڵی دەرونی (کیفل)و بە هۆشی هێنایەوەو بیری کردەوەو وتی: هەستە خۆت کۆبکەرەوەو بڕۆرەوەو (٦٠) دینارەکەش بەرە بۆ خۆتانو داواشت لێ دەکەم لێم ببوریت..

هیلیا: زۆر سوپاست دەکەم.. زۆر مەمنونتم بێنە با دەستەکانت ماچ بکەم..

کیفل: نا نا.. پێویست ناکات.. من سوپاسی تۆ دەکەم.. تۆ منت لە دەریای گوناهباریو سەرپێچی پەروەردگار ڕزگار کرد.. تۆ منت بە ئاگا هێنایەوە..

هیلیا: من؟ من هیچم نەکردوە.. کە شایانی ئەوە بێت جەنابتان سوپاسم بکەن..

کیفل: تۆ یەکەم جارت بو.. بکەویتە داوی داوێن پیسیەوە.. زۆر پێت ناخۆش بو.. کەچی من سالآنێکی زۆر خەریکی ئەو کارە قێزەونەمو ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرم لەوە نەکردەوە کە من خەریکی کارێکی خراپو ناشایستەم..

هیلیا: مامە کیفل گیان.. تەوبە دەکەیت؟ چەند خۆشحاڵو بەختەوەرم بەم بڕیارە گەورەیەت.. ئای خوایە گیان سوپاس بۆ تۆ.. کە باوکی هاوڕێ خۆشەویستەکەمت ڕێنمونی کرد..

کیفل: هیلیا گیان لەسەر دەستی تۆ بڕیار بێت لەم ساتەوەختە بەم لاوە، وەللآهی هەرگیز سەرپێچی خوای پەروەردگارم ناکەم..

(استغفر الله العظیم) گوناه نەما من نەیکەم خوایە مەگەر ڕەحمی خۆت ئەگینا من شایانی لێبوردن نیم..

هیلیا: وا مەڵێ باوکی سیلین دەرگای تەوبە ئاوەڵایە بۆ هەمو بەندەیەكو ئەگەر گوناهیشت ئەوەندەی کەفی دەریاکان بێت داوای لێبوردن بکەیت خوا لێت دەبورێت..

کیفل: تۆ بچۆرەوە بۆ ماڵو ئاسودە بەو خۆم سەرتان لێ دەدەمو هاوکاریشتان دەکەمو ئاردو برنجو ڕۆنی یەك مانگتان بۆ دەهێنم خوات لەگەڵ.

سیلین هاتەوە دەبینێت باوکی دەستنوێژی گرتوەو خەریکی نوێژەو چاوەکانی سور هەڵگەڕاونو بە کوڵ دەگریو داوای لێبوردن دەکات لە خوای گەورە ! !

سیلین: دایە دایە.. ئەوە من چی دەبیستم باوکم نوێژی دەکات!.. داوای لێخۆشبون دەکات.. هەزار هەزار سوپاس بۆ تۆ خوایە گیان بە ڕاستی هیدایەت بە دەستی تۆیەو هەر کەست پێ خۆش بێت ڕێنمونی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست..

کیفل: زۆر نەخۆشم.. ناساغم.. جێم بۆ داخەن.. مەرج بێت بمێنم چەندێ خراپەم کردوە سەد ئەوەندە چاکە بکەم‌و خوای گەورە بپەرستم‌و سەرپێچی نەکەم..

کچم ماڵی ئەو کچەی ڕەفیقت هەرچیان پێویست بو پێم بڵێ با هاوکاریان بکەم‌و یارمەتیان بدەم.

سیلین: بەسەرچاو، بەسەرچاو، باوکەگیان.. دەی بخەوە تۆ ماندویت (دایدەپۆشێت).

لە نیوەی شەودا هاواری لێ هەستاو دەیوت: ئازار زۆری بۆ هێناوم‌و خەریکە دەمرم ئەگەر مردم گەردنی خەڵکی ئازا بکەن هەرچیم پێ دەڵێن چونکە ئەوان نازانن من تۆبەم کردوەو گەڕاومەتەوە بۆ لای خوا..

هەروا دەزانن من کیفلە خوانەناسە بەدڕەوشتەکەی جارانم‌و دەترسم کەسیان لە دوای جەنازەکەمەوە نەیەن بۆ سەر قەبران‌و داوای لێخۆشبونم بۆ نەکەن..

سیلین: باوکە گیان گرنگ نیە.. خەڵکی بزانێ یان لە.. گرنگ ئەوەیە تۆ تەوبەت کردوە تەوبە..

باوکی بە دەم گیان دەرچونەوە دەیوت: لێم ببورە پەروەردگارم.. لێم ببورە پەروەردگارم)).و گیانی سپاردو مرد..

سیلین: دایە باوکم مرد.. باوکم مرد.. باوکە گیان.. باوکە گیان.. (گریا).

کۆمەڵێك لە پیاوانی گەڕەك بەو شەوە کۆبونەوەو بەرەو ماڵی کیفل ڕۆیشتن:

یەکەم: بە خوا خێر نیە بچین بە دەمیەوە.. گوناه نەما نەیکات..

دوەم: هەمو شتێکی قەیناکە بەڵام سودخۆرێکی سەیر بو..

سێیەم: تەماحی کردبو کچ‌و ژنی ئەم شارە یان بە زۆر یان بە هێزی پارە بەدڕەوشتی لەگەڵ دەکرد (پەنا بە خوا).

چوارەم: کوڕە برایان وازی لێ بێنن.. کابرا مردوە.. خۆ هەرچۆنێ بوبێت بڕوادار بو.. خۆ کەسیش بە تاوانکردن کافر نابێت.. گوناحتان دەگات کێ دەڵێ تەوبەی نەکردبێت..

یەکەم: تەوبە.. تەوبەی چی.. بۆ ئاگای تەوبەی دەزانی؟!.. بەڵام ڕاستەکەی هەم بڕوادار بو.. هەم دراوسێشمانە بۆیە دەبێ بە دەمیەوە بچین‌و کفن‌و دفنی بکەین، خوا ڕەحمی قەبرەکەی پێ بکات.. آمین.

هەر چواریان هاتن‌و گەشتنە بەر دەرگاکەیان‌و چرایەکیان بە دەستەوە بو.. یەکێکیان وتی: بە خوا خێزان‌و منداڵەکانی زۆر چاك‌و خواناس بون ئادەی کاکە تۆ چراکەت پێیە بڕۆ پێشەوە تەقە بدە لە دەرگا ئەها لە ژورەوە دەگرین..

ئەو پیاوە بە چراکەیەکە دەڕواتە پێشەوە دەبینێت لە دەرگاکە شتێك نوسراوە هاوار دەکات ئەرێ برایان ئەوە چیە لە دەرگاکەیان نوسراوە؟

دوەم: نوسراوە (بێگومان خوا لە گوناهەکانی کیفل خۆش بو)!

یەکەم: چی چی؟ خوا لە گوناهی کیفل خۆش بوە؟ سەیرە..

چوارەم: تەق، تەق، تەق، دەدات لە دەرگاکە..

سیلین: مامە گیان بەخێر بێن فەرمون وەرنە ژورەوە باوکم مرد (دەگری).

چوارەم: کچم هەمومان دەمرین.. دوعای لێخۆشبونی بۆ بکە.. خوا لێی خۆش بێت..

یەکەم: شتێکی سەیر لە دەرگاکەتان نوسراوە..

سیلین: چی نوسراوە مامە گیان؟

دوەم: نوسراوە بێگومان خوا لە گوناهەکانی کیفل خۆش بو.

سیلین: الله.. دایە گیان، مژدەت لێ بێت، خوای گەورە تەوبەکەی باوکمی قبوڵ کردوە، ئەی سوپاس بۆ تۆ پەروەردگارم، چەند میهرەبانی..

دوەم: بۆ پێش مردنی تەوبەی کرد؟

سیلین: بەڵێ لە پێش خۆرئاوابوندا تەوبەی کردو گەڕایەوە بۆ لای خواو پەیمانیشی دا ئەگەر ما چەندێ گوناهی کردوە سەد ئەوەندە چاکە بکاتەوە تا خوا گوناهەکانی دەسڕێتەوە..

یەکەم: سبحان الله.. بۆ ئەوەی پاکی ئەو پیاوە بۆ خەڵکی دەربخات فریشتەی خۆی دەنێرێتو لە دەرگاکەی بنوسێت (خوا لە کیفل خۆش بوە).

چوارەم: خوای پەروەردگار چەند خۆشحاڵە بە تەوبەو گەڕانەوەی بەندەکانی بۆ سەر ڕێگەی چاکەو خواناسی..

یەکەم: سەیرکەن ئەو هەمو گوناهەی کردبو.. کەچی بەس لەبەر وئەوەی بە پاکیو لە دڵەوە گەڕایەوە بۆ لای خوا لێی خۆش بو..

دوەم: برایان با بڕۆم هەمو پیاوانی گەڕەك ئاگادار بکەم لەم کارە موعجیزەیەو لە تەوبەی کیفل.. چونکە ئەگەر بەمە نەزانن کەسیان لەگەڵی نایەن بۆ سەر قەبران..

زۆر باشە بڕۆ.. کارێکی زۆر باش دەکەیت.. زۆر پێویستە ئاگادار بن... کە خەڵکەکە هاتنو ئەو کەرامەتەیان بە کیفلەوە بینی زۆر خۆشحاڵ بونو لایەم لەو شارە بە دەم گریانو (لا اله الاّ الله)وە بەڕێیان کرد بۆ سەر قەبرانو ئەسپەردەی خاکیان کرد.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ ئەگەر مەسەلەیەك زۆر گرنگ بێت.. دروستەو شتێکی چاکە ئەگەر دوبارەو سێ بارەو زیاتریش دوبارە بدرێتەوە بە گوێی خەڵکیدا تا لە بیریان نەچێتەوەو بەردەوام لە پێش چاویان دابێتو لە خەیاڵیاندا بمێنێتەوە..

٢ـ مرۆڤ هەرچەندە لە گوناهو سەرپێچی پەروەردگاریدا ڕۆبچێت.. نابێت خەڵکی لە ئامۆژگاری کردنو ڕێنمونی کردنی دەست هەڵبگرنو بیدەنە دەستی شەیتان..
بەڵکو هەردەم بۆ هەلێك بگەڕێن تا دەمیان بگات پێیو دو قسەی خێری بۆ بکەنو، بەرەو کاروانی خواناسی بیهێننەوە.

٣ـ هەژاری دەردێکی زۆر کوشندەیەو پەنا بە خوا زۆر جار وا لە خاوەنەکەی دەکات چەندات گوناهو خراپە قبوڵ بکات لە پێناوی پارەوە نانێکدا..
وەك دەبینین زۆر کەس پێی خۆش نیە بێتە پیاوی کەسو بەشداری گوناهی ئەو کەسە بکات بەڵام چونکە باوەڕەکەی لاوازە.. دەڵێت چی بکەم، مەجبورم بۆ مەعاشەکە دەیکەم!..

٤ـ ئەگەر مرۆڤ خۆی بگرێتو بە ئارام بێ لەسەر هەژاریو نەداری زۆر باشترە لەوەی لە دەرگای دەوڵەمەندەکان بدات چونکە ئەگەر خراپەکار بێت، خراپەیەکت پێ دەکات، ئەگەر خراپیش نەبێت درۆیەك دەکاتو دەڵێت: نیە لە دەستمدا!!..

٥ـ زۆر هۆکار هەیە بۆ خۆ دزینەوە لە گوناهو خراپەکاری وەك ئەوەی ئەو کچە داوێن پاکە چەکی گریانو لەرزینی بەکارهێنا، خوایش کردی بە هۆی ڕزگاربونی لەو تاوانە قێزەونە.

٦ـ ڕێنمونی کردنو بانگەوازکردنی خەڵکی تەنها بە ئایەتو فەرمودە هێنانەوە ناکرێت بەڵکو هۆکاری تر زۆرە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆ لای پەیامە پیرۆزەکەت ڕابکێشی وەك چۆن ئەو کچە خواناسە بە هۆی گریانو لەرزینەوە ڕێنمونی کیفلی کردو بو بە هۆی تەوبەکردنی..

٧ـ مرۆڤ لەسەری پێویستە سود لە کەسانی خوار خۆیشی وەربگرێتو نابێت بە تەما بێت زاناو گەورەترین لەخواترسەکان بێنو ڕێنمونی بکەن بۆ کاری چاکەو خواناسی.

بەڵکو وەك کیفل ئاسا لە هەڵوێستەیەکی ئەو کچە کەم ئەزمونە، کەم زانستە، کەم تەمەنەو گەورەترین وانەی ژیان فێر بو کە جوان هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پەروەردگارو بەندەکانیدا..

٨ـ موسڵمان کاری چاکەو شەونوێژو خواناسی بکات بە دزیەوەو، لەبەر ڕوپامایی‌و بینینی خەڵکی نەبێت..

خەمی چیە؟ کەسی چاكو خواناس خوای گەورە خۆی جاری چاکەی لەناو خەڵکدا بۆ دەدات.. بە بەرزو بەڕێز ناوزەدی دەکا، ئەی نەتبینی چۆن کیفل لە هەمو ژیانیدا ناوو شورەتی بە پیاو خراپو گوناهبار دەرکردبو بەڵام ڕۆژێك پێش مردنی تەوبەی کردو گەڕایەوە بۆ لای خوا، کەس بەم کارەی نەزانی بەڵام خوا لە دەرگای حەوشەکەیانی نوسی: ((خوای گەورە لە گوناهەکانی کیفل خۆش بو)).



القصة الثانية والثلاثون

آخر من يدخل الجنة

عن عبد الله بن مسعود (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): (إني لأعلم آخر أهل النار خروجا منها، وآخر أهل الجنة دخولا الجنة: رجل يخرج من النار حبوا، فيقول الله تبارك وتعالى له: اذهب فادخل الجنة، فيأتيها، فَيُخَيَّلُ إليه أنها ملأى، فيرجع فيقول: يارب وجدتها ملأى ، فيقول الله تبارك وتعالى له: اذهب فادخل الجنة.

قال: فيأتيها، فَيُخَيَّلُ إليه أنها ملأى، فيرجع فيقول: يارب وجدتها ملأى ، فيقول الله تبارك وتعالى له: اذهب فادخل الجنة، قال: فيأتيها، فَيُخَيَّلُ إليه أنها ملأى، فيرجع فيقول: يارب وجدتها ملأى ، فيقول الله تبارك وتعالى: اذهب فادخل الجنة، قال: فيأتيها، فَيُخَيَّلُ إليه أنها ملأى، فيرجع فيقول: يارب وجدتها ملأى ، فيقول الله تبارك وتعالى: اذهب فادخل الجنة فإن لك مثل الدنيا وعشرة أمثالها، أو إن لك عشرة أمثال الدنيا.

فيقول: أتسخر بي أو تضحك بي وأنت الملك؟

قال ابن مسعود رأيت رسول الله (ﷺ) ضحك حتى بدت نواجذه، قال: فكان يقال: ذلك أدنى أهل الجنة منزلة).[1]

واتە: عبدالله ی کوڕی مسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: من ئاگاداری دواین کەسم کە لەناو ئاگری جەهەنەم دێتە دەرەوەو دواین کەسێك کە دەچێتە بەهەشتەوە.

پیاوێکە لەناو ئاگرەکە دێتە دەرەوە (سەر سمت دەدات) واتە دەکەوێتو بەسەر دەستی ڕادەکات بە ڕێگادا..

خوای گەورە پێی دەفەرموێت: بڕۆرە ناو بەهەشتەوە، ئەویش دەڕواتو کە سەیری دەکات وا دەزانێت پڕ بوەو کەسی تر ناگرێت، خێرا دەگەڕێتەوە دواوەو دەڵێت: ئەی پەروەردگارم بینیم پڕبوە لە خەڵكو کەسی تر ناگرێت.

---

[1] رواه مسلم (٣٠٨)و (١٨٦).. صحيح قصص الرسول (٢/١٦٤).

دیسان خوای گەورە پێی دەفەرموێت: دەڵێم بڕۆرە ناو بەهەشتەوە، دوبارە دەڕواتو دیسان وا دەزانێت پڕ بوەو کەسی تر ناگرێت، دێتەوە دواوەو دەڵێت: ئەی پەروەردگارم پڕە لە خەڵكو کەسی تر ناگرێت.

دیسان خوای گەورە پێی دەفەرموێت: دەڵێم بڕۆرە ناو بەهەشتەوە، دیسان بەرەو بەهەشت دەڕواتو وا دەزانێت پڕ بوە لە خەڵكو کەسی تر ناگرێت، دێتەوە دواوەو دەڵێت: ئەی پەروەردگارم پڕە لە خەڵكو کەسی تر ناگرێت.

لەوێدا خوای گەورە پێی دەفەرموێت: بڕۆرە نێو بەهەشتەوەو ئەوەندەی هەمو دنیاو دە ئەوەندەی تریشت پێ دەدەم.

دەفەرموێت: بەندەکەش دەڵێت: دەڵێی گاڵتەم پێ دەکەیت؟ پێم پێ دەکەنیت لە کاتێکدا تۆ پادشایت؟

عبداللەی کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لە دوای گێڕانەوەی ئەم فەرمودەیە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە پێکەنی تا دانەکانی دواوەی دەرکەوتن، دەفەرموێت: لەو ڕۆژەدا دەوترێت: ئەمە کەمترین پلەو مەقامی هەیە لە بەهەشتدا.

چیرۆکی سی‌و دووەمین
دواین کەس کە دەچێتە بەهەشت

دیمەنی ئاگرێکی گەورەو بلێسەدار دەردەکەوێت کە گڕەکەی سەدان مەتر بە حەوادا دەچێت‌و کەس خۆی ناگرێت لە نزیکیەوە..

ئەوە پیاوێکە بە گڕەوە دێتە دەرەوەو خۆی لە زەویەکە لول دەکات‌و ئاگرەکانی دەکوژێنێتەوەو لە خۆشی ئەوەی لە ناو ئاگرەکە ڕزگاری بوە.. هەر ناوەستێت‌و ڕادەکات‌و دەکەوێت‌و لە خۆشیاندا لەسەر دەستەکانی دەڕوات‌و سەیری دواوەی دەکات‌و بە دەمی خۆیەوە قسە دەکات..

سوتاو: ئای باوکە گیان.. جەهەنەم چەند سزایەکی سەخت بو.. خوایە سوپاس بۆ تۆ ئەمە منم.. لەناو دۆزەخ هاتمە دەرەوە.. (دەست دەدات لە دەموچاوی خۆی).

سوتاو: با ڕابکەم.. کەمێك دورکەومەوە.. خواردن‌و خەوو ئیسراحەتم هەموی سزاو ئێش‌و ئاگر بو..

ئەمە منم ڕزگارم بو لەو هەمو مارو ئەژدیهایانە.. کە ڕۆژانە دەیان جار دەیانگەستم..

سوتاو: لە بیرمە لە دنیا هاوڕێ چاکەکانم زۆر ئامۆژگاریان دەکردم‌و دەیانوت ئاگری دۆزەخ سەختە.. زۆر بە ئێشە تکایە گوناو مەکە.. سەرپێچی خوا مەکە.. بەڵام من گاڵتەم پێ دەکردن‌و دەموت: کورە بابە جەهەنەمی چی.. خوا گەورەیە نامانسوتێنێت (انشاء الله) با کەمێك ڕابوێرین.

سوتاو: (ئاخۆ ئێستا ئەو هاوڕێ چاکانەم لە کوێ بن؟ بێگومان ئێستە لەناو بەهەشتدان.. خۆزگەم پێیان.. خۆزگە منیش ئەو ڕێبازەی ئەوانم بگرتایە..).

خۆزگە بە قسەی هاوڕێ خراپەکانم نەکردایە.. فێری مەی خواردنەوەو تلیاك‌و هەرچی شتی خراپ بو کردمیان..

سوتاو: سەدان ساڵە لەناو ئاگردا دەسوتێم‌و سزا دەدرێم، نازانم چۆن ماوم؟ چۆن نەمردم؟! بەڵام وا دیارە مردن نەماوەو زەمەنی مردن بەسەرچو (قوڕ بەسەرم)..

سوتاو: ئەو ساڵە هاتن ناوی ئەوانیان خوێندەوە کە لە ژیانیاندا لەگەڵ باوەڕی ئیسلامەتیاندا یەك کردەوەی چاکیشیان کردبێت.. زۆر زۆری گرتەوە کەچی منی نەگبەتی نەگرتەوە قوڕ بەسەرم.

سوتاو: منیش چەند خراپ بوم.. دەی با یەك نوێژم بکردایە.. یان یەك ڕۆژی ڕەمەزان بەڕۆژو بومایە..

سوتاو: بەڵام هەر باش بو.. بیروباوەڕەکەم مابو.. هەر ئەوەش بو ڕزگارم بو.. بەس نەبو نەچومە سەر قسەی هاوڕێکانم.. کە ئێستا هیچ عەفویەك شمولیان ناکات.. چونکە (پەنا بە خوا) باوەڕیان بە خوا نەبو.. بە لاقرتێوە ناوی پێغەمبەرو قورئانیان دەبرد.. قوڕ بەسەریان..

سوتاو: هالاوێکی دۆزەخ پەلاماری دەداتەوەو ئەمیش تا پێی بکرێت ڕادەکاتولە دورەوە درەختو سەوزاییو کانیاوێکی جوانو ڕازاوە بەدی دەکات..

سوتاو: ئای خوایە.. چ گەرمامە.. خۆ سوتام.. هەرگیز سەر زەویم بەم شێوەیە نەدیوە خۆ خەریکە گڕ دەگرم.. خۆ لە تینواندا کوێرایم داهات (یالله).

سوتاو: سەیرێکی درەختو سەوزاییەکە دەکاتو هاوار دەکات خوایە بەس بمگەیەنە لای ئەو درەختە خۆشەو تێر ئاو بخۆمو لە سێبەرەکەیدا دابنیشم ئیتر هیچم ناوێت..

دەنگی فریشتەیەك دێت: باشە دەتگەیەنینە ئەوێ بە مەرجێك داوای لەوە زیاتر نەکەیت.

سوتاو: خوا ئەکا من دەگەمە ئەوێ، هیچی ترم ناوێ، من لەو ئاگرە بلێسەدارە ڕزگارم بوە.. (دەکەوێتەڕێ بەرەو سەوزاییەکە).

سوتاو: دەچێتە ژێر سێبەری دارەکەو هەناسەیەکی خۆشی هەڵدەمژێتو تێر تێر لە ئاوی کانیاوەکەی خواردەوە.. بە دەم خۆیەوە: ئەمە منم دوای سەدان ساڵ سزاو ئەشکەنجەو ئاگر لەم شوێنە خۆشەدام. سوپاس بۆ تۆ تەنها خوا..

من هەر لێرەداو لە ژێر ئەم دارو کانیاوەدا دەژیمو بەسمە لەمە زیاترم ناوێ..

بەیانیەك بە خەبەر هاتو گوێی لە دەنگی جریوەی چۆلەکەو ئاوازی بولبول بو زۆر دڵی خۆش بو. کامەران بوو.. سوپاسێکی خوای کردو سەیری ئەملاولای خۆی کرد..

سوتاو: ئەڵڵاه.. کە خەوی خۆشە.. ئەم شوێنە دڵگیرە.. بەڵام ئاخۆ دەبێ برا موسڵمانەکانم شوێنیان چۆن بێت.. کە بەردەوام لە مزگەوت نوێژیان بە کۆمەڵ دەکردو بۆ خوا بە ڕۆژو دەبونو گوناهیان نەدەکرد وەکو منی بەدبەخت..

لای کردەوە بە لایڕاستداو درەختو ئاوو کانیاوێکی جوانتری بینی.. زۆر لەوەی خۆی گەورەترو فراوانترو ڕازاوەتر بو.. کەمێك بێدەنگ بو پاشان بە خۆی وت:

سوتاو: خوایە گیان.. هەرچەندە لە دنیا زۆر خراپ بومو هاوارم تێ نەدەکردیو خۆشم نەدەویستی بەڵام تۆ خوایەکی زۆر مەزنی زۆر لێبوردەی.. بەڵکو ڕێگام بدەن بگەمە ئەو جێگایە.. ئەو شوێنە زۆر خۆشترو چڕوپڕترە لێرە.. حەزم لێیەتی..

دەنگ: ئەی پەروەردگارت ئاگاداری نەکردیت لە داوای لەوە زیاتر مەکە؟

سوتاو: با.. با.. بەرەوەڵڵا.. بەڵام خۆم بۆ پێناگیرێت کە سەیری ئەو جێگایە دەکەم..

دەنگ: خوای پەروەردگارت ڕێگای پێدایت قەیناکات بڕۆ بۆ ئەو جێگایە.. ئەوەماڵت بێت بەڵام ئیتر چاوچنۆك مەبەو داوای زیاتر مەکە..

سوتاو: خوا ئەکا دەگەمە ئەوێ.. وەعد بێ داوای تر ناکەم.

سوتاو دەڕوات بۆ ئەو جێیەو لە خۆشیاندا لە هۆش خۆی دەچێت.. کە دەبینێ دیمەنی وا سەوزو جوانو کانیاوی سازگارو حەوزی پڕ لە ماسیو درەختی بەرز بە حەوادا چو.

پاش ئەوەی دێتەوە بە هۆشداو دەڵێت: ئەمە چیە؟ جوانترین هاوینەهەواری سەر زەوی ناگاتێ.. ئەمە لە دنیا دەستی پادشاکانیش نەدەکەوت.. کەچی من بومەتە خاوەنی.. سوژدەیەکی سوپاس بۆ خودا دەباتو دەچێت لە ئاوەکە دەستو دەمو چاوی دەشواتو دەست دەبات بۆ ماسیەکانو ماسیەك بە ئاسانی دێتە ناو دەستی..

سوتاو بە سەرسامیەوە: لە دنیادا بە تۆڕو بە قولاب دەمانگرتن کەچی وا لێرە خۆی دێتە ناو لەپم.. ئەمە بەهەشتی خوایەو من بە خۆم نەزانیوە..

بەیانیەك لە خەو هەڵدەسێتو بە دەم بایەشکدانێکی درێژەوە بە دەم خۆیەوە قسە دەکات:

سوتاو: نە برسیمەو نە تینومە. زۆر سەیرە دەست دەبات سێوێك لێ دەکاتەوەو دەیبات بۆ دەمی.. سەیری ئەملاولای خۆی دەکات.. چاوی هەڵدەتەقێ بە باخێکی زۆر خۆشدا کە لە پاڵ دیوارێکی گەورەیەداو زۆر خۆشترو جوانترە..

سوتاو: ئەوە چ باخێکە پەروەردگار؟ بۆ ئەوەندە چروپرو خۆشە.. بۆ خاتری خوا لە هەمو سەر زەویدا شتی وام نەدیوە.. خوایە بەس ئەمجارە داوات لێ دەکەم کە ئەو باخەم پێ بدە.. ئیتر داوای هیچی تر ناکەم.. وەعد بێت وەعدبێت، وەعد..

وردە وردە بەرەو ئەو باخو کانیاوە خۆشە دەکەوێتەڕێ.. لە ژێر سێبەریدا درەختەکاندا دادەنیشێتو بۆ خۆی لێی ڕادەکشێت..

بەیانیەك بەناو باخەکەیدا هاتوچۆی دەکردو سەیرێکی دیوارەکەی کرد کە لە پشتیەوە بو بە دەم خۆیەوە وتی: تۆ بڵێی پشتی ئەم دیوارە چەند خۆش بێت..

ئای منیش کردەوەم ببوایەو وەك ئەو خەڵکە ئێستا لەناو ئەو بەهەشتەدا بومایە ئاخر من بە تەنها چی بکەم لێرە بۆ خاتری خوا.. نە هاوڕێیەك نە خزمێك نە هاوسەرێك، نە حۆریەك.. چۆڵو هۆڵ..

سوتاو: بەسە بەسە.. تێر نەخۆر.. لە بیرت چو ماوەیەك لەمەوبەر لەناو دۆزەخدا بویت؟! داوای لەمە زیاتر مەکە.. فرە کردەوەی جوانت هەیە؟ دانیشە بۆ خۆت! ئەو دیوی ئەو دیوارە جێی تی تێدا نەماوە.. هی پیاوچاكو خواناسەکانە..

دەنگی فریشتەکە دێتەوەو دەڵێ: ئەی بەندەی خوا بەهەشتی خوا زۆر فراوانەو تۆش باوەڕت بە خواو پێغەمبەرەکەی (محمد) هەبو، تۆش فەرمو لە لایەن خوا (ڕێگات پێ دراوە) بچیتە ناویەوە.. دەی خێرا هەستە بچۆرە بەهەشتەوە..

لە خۆشیاندا سوپاسی خوا دەکاتو بەرەو دەرگای بەهەشت دەڕواتو لەوێ بۆی دەکەنەوەو دەچێتە ژورەوە.. دەبینێت خەڵکێکی زۆر لە ژنانو پیاوانی لێیەو زۆر قەرەباڵغەو خەڵکی دێنو دەچنو دەخۆنو دەخۆنەوە..

خێرا (سوتاو) پشتاوپشت دەگەڕێتەوە دواوەو دێتە دەرەوەو دەڵێت: خوایە.. خوایە گیان.. من دواکەوتوم.. پڕبوەو جێگەی منی تێدا نابێتەوە.. منی بەدبەخت. کەی شایانی ناو بەهەشتم..

دیسان خوای گەورە لە ڕێگەی دەنگی فریشتەکەوە پێی دەفەرموێت: زۆر قسە مەکەو من پێت دەڵێم بڕۆرە نێو بەهەشتەوە..

دوبارە (سوتاو) دەڕواتەوە ناو بەهەشتو زۆر دەگەڕێت بەناویدا بەڵام دەچێتە هەرکوێ ناوی کەسێکی لێ نوسراوە بۆیە دوبارە بە گریانو لە خۆدانەوە دێتەوە دەرەوەو دەڵێ:

ئەی پەروەردگارم بستێك زەوی لە بەهەشتدا نەماوە کە خاوەنی خۆی نەبێتو مەترێك زەوی بۆ من نەماوەتەوە.. (دەست دەکات بە گریان).

بۆ جاری سێیەم خوای گەورە فەرمانی پێ دەکاتەوە کە تۆ بە هەڵە حاڵی بویت بڕۆرە ناویەوە جێگای تۆش دەبێتەوە بەهەشت زۆر فراوانە دەی بڕۆ مەوەستە بەندەکەم.

دەڕواتەوە ناو بەهەشتو دەیەوێت سێوێك لێ بکاتەوە یەکێك دەڵێت: بە یارمەتیت ئەم باخە تا چاو بڕ بکات هی منە.. ئەو کانیاوو کۆشکانەش هەمو هی منن.. پەیوەندیان بە تۆوە نیە لێرەش دەست درێژی دەکەی؟

سوتاو: ئاخر برای موسڵمانم.. منیش وەك ئێوە ئەهلی قبلە بومو شایەتومانم هێناوە.. ڕاستە کردەوەی باشم نەبو.. بەڵام باوەڕم هەبو..

بەهەشتی: کە مادەم باوەڕت بوبێت هیوادارم انشاء الله تۆش وەك ئێمە کۆشكو باخو باخاتت بۆ دەربچێت.. تۆ تا ئێستا لە کوێ بویت؟

سوتاو: من سەدان ساڵە لەناو ئاگری دۆزەخدا دەسوتێمو خوای گەورە بەزەیی پێمدا هاتەوەو لەبەرئەوەی باوەڕدار بوم هێنامیە دەرەوەو وا دەبینم بەهەشت بۆ من نەماوە هەموی دراوە بە ئێوە! هەرچەندە مافی خۆتانەو پاداشتی خواناسیو لە خواترسانەکانتانەو من حەسودیتان پێ نابەم.. دەست دەکات بە گریانو پیاوەکەشدڵنەوایی دەکاتو پێی دەڵێت:

بەهەشتی: ئەی نازانی ڕەحمەتی خوا زۆر زۆر گەورەیەو انشاء الله تۆش دەگرێتەوە..

سوتاو: هانام بەو دەمەت.. بەڵام وا دیارە جێ نەماوە با بڕۆ دەرەوە..

دەڕواتە دەرەوەو دەڵێت:

ئەی پەروەردگارم بەهەشتی چی؟ بۆ کوێ بچم؟ تا چاو بڕ بکات هی یەك بڕوادارەو دیارە ئەوی تریشی هی ئەوانی ترە.. هیچ بۆ من نەماوەو پڕە لە خەڵك.. (دەست دەکاتەوە بە گریانو سوژدەیەك بۆ خوا دەبات)..

خوای گەورەیش دەفەرموێت ئەی بەندەکەم سەر هەڵبڕە..

سوتاو سەر هەڵدەبڕێت.

ئایا دەزانی من هیچم لێ کەم نابێتەوە ئەگەر چەند بدەم بە تۆ؟ دەی جوان گوێت لێ بێت؟

من دەمەوێ ئەوەندەی هەمو دنیاو دە ئەوەندەی تریشی لەسەر بێت بدەم بە تۆ لە بەهەشتدا..

سوتاو: ئەوەندەی هەمو دنیاو دە ئەوەندەی تریش؟

فریشتە: بەڵێ ئەوە کەمترین بەشی بەهەشتیەکانە کە خوا بە تۆی داوە..

سوتاو: ئەی پەروەردگارم.. سەدان ساڵە لەناو ئاگردا سزا دەدرێمو دەسوتێمو ئێستا منت ڕزگار کرد لەو سزایەو دڵت خۆش کردومو باخو کانیاوت پێ بەخشیوم..

بەڵام دە ئەوەندەی دنیام بدەیتێ؟ ناچێتە عەقڵمەوە.. ئەی خوای گەورە تکات لێ دەکەم گاڵتەم لەگەڵدا مەکە تۆ پاشای هەمو دنیای چۆن پێم پێ دەکەنیت؟

فریشتەکە: حاشا خوا گاڵتە بە کەس ناکات فەرمو بڕۆرە ناو بەهەشتەوەو زۆر قسە مەکە..

دیمەنی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەردەکەوێت (خوای لێ ڕازی بێت) دەردەکەوێت کە فەرمودەکە بۆ کۆمەڵێك کەس دەگێڕێتەوەو لە دواییدا کە دەگاتە سەر وتەی بەندەکە وتی: بە پەروەردگاری: ئایا گاڵتەم پێ دەکەی کە تۆ پاشای هەمو جیهانی؟

عبدالله دەستی کرد بە پێکەنین تا دانەکانی دواوەی دەرکەوتن‌و فەرموی دەزانن بۆ پێکەنیم؟

چونکە پێغەمبەری خوام بینی لە پاش وتەی بەندەکە ئەوەندە پێکەنی تا دانەکانی دواوەی دەرکەوتن..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ باسی بەهەشتو خۆشیەکانیو دۆزەخو سزاو ناڕەحەتیەکانی زۆر گرنگەو دەبێ مامۆستاو بانگخوازان گرنگی تایبەتی پێ بدەن چونکە بەهەشت بەری ڕەنجی چاکەکارو خواناسانەو خەلکی زۆر حەز دەکەن کرێی کارەکانیان بزانن چەندە..

٢ـ هەروەها باسی ناڕەحەتیەکانی دۆزەخیش زۆر پێویستە تا هەمو تاکێکی موسلمان ئەگەر لەبەر خۆشی بەهەشت کردەوەی چاك نەکەن با لە ترسی ئاگری دۆزەخ کردەوەی ناشیرین نەکەن.

٣ـ بە فەرمودەکەدا دیارە بەردەوام ڕۆژانەو سالانە.. بڕیاری لێبوردن بۆ دۆزەخیە داماوەکان (خوا بە دورمان بگرێت لێی) دەردەچێتو دیارە خوای گەورە زۆر مەبەستیەتی مافی کەس پێشێل نەکرێتو ئەوەی خاوەنی بیروباوەڕی پاکی ئیسلامیە بەلام کردەوەی چاکەی نەکردوە، دوای ئەوەی لەسەر کەمتەرخەمیو سەرپێچیەکانی چەند سالێك سزا دەدرێت دەبێت پاداشتی ئەو بیروباوەڕەی بدرێتەوە دواتر تروسکایی باوەڕ ڕۆلی خۆی دەبینێتو لێبوردن دەیگرێتەوە..

٤ـ ئەمەش بەلگەیەکە لەسەر ئەوەی کە هەرگیز موسلمان بە گوناهکردن کافر نابێتو بە هەتاهەتایی لە دۆزەخدا نامێنێتەوە.

٥ـ شتێکی ئاساییە مرۆڤ تا بیدرێتێ داوای زیاتر دەکاتو هەرگیز ناگاتە ئاستێك کە بلێ ئیتر بەسمەو نامەوێتو ئەوەش سروشتی مرۆڤەو گوناهباری لەسەر نیە ئەگەر چاوچنۆکیو حەسوی بە دوادا نەیەت..

٦ـ مرۆڤ زۆر جار بە هەلەدا دەچێت لە بیرکردنەوەی شیکردنەوەی شتەکاندا بەلام دەبێت مرۆڤ بڕوای بەوە هەبێت کە خوا زۆر شتی گەورە دەکات کە بە بیرو مێشکی تەسکی بەندەکاندا نەیەت..

٧ـ لە هەندێ کاتدا مرۆڤ دەتوانێت کارێك بە کەسێك دوبارەو سێ بارە بکاتەوە بەو هیوایەی بەو دوبارەکردنەوانە خۆی لە مەسەلەکە حالی ببێتو ڕاستیەکانی بۆ ڕون ببێتەوە.

٨ـ مرۆڤ نابێت کەسانێك دواکەوتن‌و کەوتنە ئەخیرەوە، ئیتر حیسابیان بۆ نەکرێت‌و بەشیان هەڵنەگیرێت بەڵکو ئەوانیش هۆیەك وا دوای خستون.

٩ـ مرۆڤ لە دو حاڵەتدا دەبێ ئاگای لە وشەکانی بێت چونکە لەسەر خۆی لە کاتی بیستنی هەواڵی خۆش‌و لەکاتی بیستنی هەواڵی ناخۆشداو شتێك نەڵێت کە دوای ئاسایی بونەوە لێی پەشیمان بێت.

١٠ـ ئەگەر ئەو کەسانەی لە خواری تۆوەن‌و لە کاتی ئاخافتندا وشەیەکیان وت کە سوکایەتی بو بە تۆ، تەقدیری ئەو زروفەیان بکەو لێیان توڕە مەبە لەسەری‌و جاری وا هەیە قوتابی بە مامۆستاکەی دەڵێت: تۆ ڕقت لە منە! تۆ ئەو شتە نازانیت! تۆ فەرق دەکەیت! نابێ هەڵبچین‌و سزایان بدەین بەڵکو پەروەردگار لەو عەبدە توڕە نەبو کە پێی وت گاڵتەم پێ دەکەیت.

١١ـ بەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێت کە ئەگەر کەسێك بیروباوەڕی بە یەکتایی خوداو پێغەمبەرەکەی محمد (ﷺ) هەبو ئیتر ئەگەر کردەوەش نەکات کافر نابێت‌و ناچێتەوە بازنەی ئەو بێباوەڕانەی کە بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێننەوەو پاش ساڵانێکی دورودرێژ (خوا پەنامان بدات) لە دۆزەخدا سزا دەدرێن‌و پاشان قەڵەمی لێبوردنی خوای (عز وجل) دەیانگرێتەوەو دێنە دەرەوە.

القصة الثالثة والثلاثون

عيسى والسارق

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): رأى عيسى ابن مريم رجلاً يسرق.

فقال له عيسى (عليه السلام) سرقتَ؟ قال: كلاّ والذي لا إله الاّ هو، فقال عيسى: ((آمنتُ بالله وكذَّبتُ نفسي)).[١]

واتە: ئەبو هوریرە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: جارێك عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) پیاوێكی بینی دزی دەكرد، پێی فەرمو: ئەوە دەڵێی دزی دەكەی؟

پیاوەكەش وتی: نا، سوێند بەو كەسەی هیچ خوایەك نیە جگە لە ئەو، عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموی: باوەڕ بە خوا دەكەمو دیارە چاوم درۆی كرد.

١ رواه البخاري (٣٤٤٤) ومسلم (٢٣٦٦) في كتاب صحيح قصص النبوي (٧٧).

چیرۆکی سی‌و سێیەم

عیساو دزەکە

پیاوێك لە سەردەمی عیسادا (سەلامی خوای لێ بێت) خەریکی دزی کردن بو، ڕۆژێك لە ڕۆژان چو بۆ دزی لە بۆیسانێك لە سەرەڕێگاکەی کە عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) ڕۆژانە هاتوچۆی لێوە دەکرد..

کە عیسا بینی بە ئەسپایی چو بەرەو ڕوی‌و پشت ملی گرت‌و هەڵیساندەوەو پێی فەرمو: ئەوە عەیب ناکەیت‌و لە خوا ناترسیت دەڵێی دزی دەکەیت؟

پیاوەکەش دەیزانی عیسا باوەڕی بە پەروەردگاری تاکانە هەبو ویستی بە شێوازێکی فێڵاوی عیسا تەفرە بدات بە جۆرێك کە وازی لێ بهێنێت‌و بڕوات..

وتی: نەخێر دزی ناکەم سوێند بەو خوایەی کە هیچ خوایەك نییە جگە لە ئەو..

سوێندەکە ئەوەندە گەورە بو لەسەر دڵ‌و دەرونی عیسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت)و خێرا لەو قسەیە پاشگەز بویەوەو بۆ ئەوەی پەروەردگار بەرز ڕاگرێت فەرموی: دەی کەواتە داوای لێبوردن دەکەم‌و من باوەڕم بە پەروەردگار هەیەو وا دیارە چاوم هەڵەی کردو گومانم پێ بردی‌و داوای لێبوردن دەکەم..

پیاوەکەش شەرم گرتی کە شمەکێکی بێ نرخی دنیایی ئەو سوێندە گەورە ترسناکەی خوارد بۆیە ڕای کرد بە دوای عیساداو پێی وت:

من خەجاڵەتم.. ئەو دزیەم کردو تۆ ڕاستت کردو مەرج بێت ئیتر دزی نەکەم‌و سوێنیش بۆ شتی ڕاست نەبێت نەیخۆم..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ مامۆستاو بانگخوازان نابێت بێدەنگ بن لە ئاستی تاوانو هەڵەی قوتابیو شوێنکەوتوانیانو، گەورەترین گەندەڵی ئەخلاقیو ئیداری لەوەوە دروست دەبێت کە حیزبو فەرمانڕەواکان لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامەکانیان ناکەنو پەردەپۆشی تاوانەکانیان دەکەن، لە ترسی ئەوەی نەوەك زویر ببێتو ڕیزەکانیان بەجێ بهێڵێت.

٢ـ گەر یەکێك هەڵەیەکی کرد، وا بە هێزو سودبەخشە کە گەرماوگەرم پێی بڵێیتو ئامۆژگاری بکەیتو سەرزەنشتی بکەیت بەڵام ئاگات لە دەرونی بێتو زویری مەکە بەڵکو لە ڕێگەی پرسیارەوە زانیاری پێ بدرکێنە نەك تاوانباری بکەیت بە دزی بەڵکو وەك عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) بڵێ: ئەوە دزی دەکەیت!.

٣ـ ئەگەر کەسێکمان بینی کارێك هەڵەی دەکرد.. خێرا نابێ هەمو دنیای لێ تێبکەیەنین، بەڵکو جارێ با لە نزیکەوەو لەگەڵ خۆیدا تاوتوێی بکەین لەوانەیە کارەکەی هەڵە نەبێتو خۆی بۆمان ڕون بکاتەوە..

٤ـ تا بۆمان دەکرێت ناوی خوای گەورە زۆر بە گەورەو مەزنو گران ڕابگرینو لەبەر چاوی خەڵکیش ئەو گەورەییەی ڕابگەیەنین.. ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد با باوەڕی پێ بکەین مادەم بەڵگەمان نیە بە دەستەوە لەسەر تاوانبارکردنی.

٥ـ با گەورەترین ئاستی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان زانستیت هەبێت دەبێت خاوەنی خۆ بە بچوك زانین بیتو زۆر ئاسایی بێت لە لات کە هەق لە لای تۆ نەبو دانی پێدا بنێو بڵێ من هەڵە بوم! من لێم تێکچو! تۆ ڕاستت کرد..

نابینی پێغەمبەران هەرگیز بە هەڵەدا ناچن کەچی لەبەر گەورەیی سوێندەکە خۆی بردە ڕیزی ئەوانەی کە لێیان تێکچوەو بە هەڵەدا چون.

٦ـ ئەگەر بە چاوی خۆیشت تاوانێکت دیو خاوەنەکەی دەیوت من نەمکردوە.. ئەو کاتە لێی بوەستەو تاوانباری مەکە تا بەڵگەی نوێت دەکەوێتە چنگ..

القصة الرابعة والثلاثون

زارعٌ في الجنة

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((ان رجلاً من أهل الجنة، إستأذن ربَّه في الزرع، فقال له: ألسْتُ فيما شئْتَ؟

قال: بلى ولكن احبُّ ان أزرع! !.. فبذر، فبادَرَ الطرق نباته واستواؤه واستحصاده، فكان أمثال الجبال، فيقول الله:

دونك يا ابن آدم، فإنه لايشبعك شيء)).[1]

واتە: ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: پیاوێك لە بەهەشتیەكان.. داوای لە خوای گەورە كرد كە ڕێگای بدات (زەوی بكێڵێت)و كشتوكاڵ بكات.

خوای گەورەیش پێی دەفەموێت: ئایا هەرچی بتەوێت بۆت ئامادە نەكراوە؟

پیاوەكەش وتی: بەڵێ.. بەلاّم من پێم خۆشەو حەزم لێیە كشتوكاڵ بكەم..

(زەوی كێلاّ)و تۆی كرد، یەكسەر گەورە بو بالاّی وەك بالاّی چیاكان بەرز بو كاتی ڕنینەوەشی هات..

خوایش پێی فەرمو:

دە واز بێنە ئەی ئادەمیزاد، تۆ هیچ تێرت ناكات.

---

١ رواه البخاري (٢٣٤٨)، من صحيح قصص النبوي (لا: ٣٩).

چیرۆکی سی‌و چوارەم
جوتیارەکەی بەهەشت

(سید مصطفی) پیاوێك بو.. خواناس‌و پیاوچاك بو.. بە کاری کشتوکاڵ‌و باخەوانیەوە خەریك بو..

بەختەوەرترین کاتی ئەو ساتانە بو لەناو بۆیستان‌و کشتوکاڵەکەیدا هاتوچۆی دەکردو ئاوی دەدێران‌و پاچەکۆڵەی دەکردو بژاری دەکرد.. بەو هۆیەوە ژیانی ماڵ‌و منداڵەکەی مسۆگەر کردبو..

ئەم پیاوە لەسەر بیروباوەڕی پاك‌و کردەوەی جوان تەمەن بەسەر دەبات‌و دەگەڕێتەوە بۆ دیوانی خواو خوایش پاداشتی ماندوبون‌و کردەوەی جوانی ژیانی دنیای دەداتەوەو لێی ڕازی دەبێت‌و دەیخاتە بەهەشتەوە..

(سید مصطفی) لە بەهەشتدایەو خەریکە سێوو ترێ لە باخەکانی بەهەشت لێدەکاتەوەو بە دەم خۆیەوە قسە دەکات:

سید: یادی ئەو ڕۆژانەی دنیا دەکەمەوە کە زەویم دەکێڵاو تۆوم تێدا دەچاندو پاشان گەورە دەبو بەروبومەکەیم لێ دەکردەوەو دەمفرۆشت زۆر خۆش بو چێژم لێ وەردەگرت.. ئای دنیا..

سەید بە هاوڕێکەی دەڵێت: تۆ بڵێی.. ناشیرین نەبێ ئەگەر داوا لە خوای گەورە بکەم ڕێگام بدات لەناو بەهەشتدا زەوی بکێڵم‌و کشتەکاڵ بکەم..

هاوڕێ: ئەوە بەڕاستتە سید گیان!.. ئێمە لە دنیا کردمان‌و خۆمان ماندو کرد تا لێرە ئیسراحەت بکەین‌و هەر بخۆین‌و بخەوین‌و ڕابوێرین، ئەمە بەهەشتە.

سید: دەزانم ئەمە بەهەشتەو سوپاسی خوا دەکەین لەسەر ئەم نیعمەتە مەزنە.. بەڵام بە خوا لە خوا داوا دەکەم بەڵکو ڕێگام بدات بە کێڵانی زەوی‌و چاندنی تۆو..

هاوڕێکەی: کەیفی خۆتە داوا بکە لێی.

سید: ئەی پەروەردگارم ئەگەر ڕێگەم بدەیت حەز دەکەم لە بەهەشتدا زەوی بکێڵم‌و تۆو بچێنم‌و کشتوکاڵ بکەم..

دەنگێك لە لایەن خوداوە پێی دەڵێت: بۆ هەرچی دڵت بۆی لێ بداتو حەزی لێ بکەیت لە هەمو سەوزەو میوەجاتەکان نەمخستۆتە بەردەستت؟

سید: بەڵێ، ئەی پەروەردگارم.. زۆر زۆر سوپاست دەکەم.. بەڵام لە دنیا بەردەوام کردومەو ئێستا بیری دەکەمەوەو حەز دەکەم بیکەم..

دەنگەکە: دەی بۆت هەیە چیت پێ خۆشە بیکە..

سید دەست دەکات بە کێڵانی زەوی‌و هەمو بەهەشتیەکان بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەکەن‌و هەندێکیان دەڵێن ئەم پیاوە تێکچوەو هەندێکی تریش دەیانوت: ئەمە بەهەشتە چی دڵ حەزی لێ بکات تیایەتی‌و ئێ ئەویش حەزی لە کاری کشتوکاڵی‌و جوتیاریە زۆر ئاساییە..

بەیانی لە خەو هەڵدەسێت‌و بە دەم خۆیەوە دەڵێت: ئای کە خەو خۆشە چونکە لێرە لەبەر ماندویەتی ناخەوین.. بەڵکو بە حەزی خۆمان‌و بۆ خۆشی دو سێ سەعاتێك دەخەوین..

با بڕۆم سەردانی زەویەکەم بکەم بزانم براژێك شتێکی پێویست نیە؟ (بە خەیاڵی خۆی وای زانی ئەمە دنیایە)..

بەڵام هەر کە زەوی‌و کشتوکاڵەکەی بینی چاوی پەڕیە تەوقی سەری چی بینی؟ یاالله..

سید: ئەرێ بۆ خاتری خوا ئەمە چیە خۆ دەڵێی عەمودن‌و چون بە ئاسماندا، ئەوسا لە دنیا ئەگەر سەوزەو میوەجاتمان کەمێ بەرز ببوایە ئەمانوت: ماشاء الله شاخی کردوەو چوە بە ئاسماندا..

بەڵام لێرە هەر بە ڕاستی ئەوەندەی شاخێك بەرز بوە.. ئەی ئەو هەمو خەیارو تەماتەو کولەکەیە چیە گرتویەتی؟ خۆ بەشی هەمو بەهەشتیەکان دەکات، پەنجا لۆری لێ پڕ کە..

سید: پەروەردگارم من تێ ناگەم زەراعەتەکەم بۆ وا بەرزو گەورە بوە ئەی ئەو هەموە بەروبومە چیە؟

دەنگی فریشتەیەك دێتو پەیامی خوای پێ دەگەیەنێتو دەڵێت: ئەی وا دەزانی میوەی بەهەشت وەك میوەی دنیا بچوكو کەمو بێتامە؟

سید: (بە شەرمێکەوە) بۆم هەیە بیانفرۆشم؟

دەنگی فریشتە: ئێی ئادەمیزاد بەچی تێر دەخۆیت، بە هیچ تێر نابیت!!

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ لە بەهەشتدا هەمو داواکاری‌و خواستەکانی ئادەمیزاد دێتەدی‌و هەرچی بوێت بۆی سازدەکەن‌و بێ دڵی ناکرێت، بەڵام داواکاریەکانی بەهەشت ڕۆتینیە ئەگینا داوای هەرچی بکەیت خوای گەورە لەوە زیاتری پێ داویت..

هەیە داوای فڕۆکە دەکات! دەی مرۆڤ لە بەهەشتدا پێویستی زۆری بە هەنگاونان‌و ڕێگەبڕین نیەو دەتوانێت بۆ کوێ بچێت بچێت.[١]

٢ـ وتەی خودا کە دەفەرموێت بە بەهەشتیەکە: ئایا هەرچیت ویستبێت بۆت ئامادە نەکراوە؟ وا دیارە ئەهلی بەهەشت زۆر لە سەدەی بیست‌و یەکی مرۆڤەکان پێشکەوتوتر بن‌و تەکنەلۆژیای بەهەشت لە لوتکەدایەو هەرگیز بیرو مێشکی مرۆڤ پەی پێ نابات ئەگەر (٢١) سەدەی تریش مرۆڤەکان لە داهێناندا پێشتر بکەون.

٣ـ مرۆڤ لە بەهەشتدا وەك منداڵی لێ دێت کە ماڵەوە هەمو شتێکیان بۆ فەراهەم هێناوەو پێویستی بە هیچ نیە کەچی بە باوکی بڵێ حەز دەکەم چلورە بفرۆشم! یان کرێکاری بکەم..

وا دیارە باوك چەندی پێ ناخۆشەو خێرا بە منداڵەکەی دەڵێ: گیانەکەم لەچیت کەمە؟ تا دەتەوێت کاسپی بکەیت؟..

٤ـ کابرای ناو بەهەشت وای گومان برد زەراعەتکردنی ناو بەهەشت وەك زەراعەتکردنی جارانی سەر زەوی وایە،بەڵام کە بینی تەماتەو خەیارەکانی لە عەمودی کارەکان بەرزتر بون (یان وەك فەرمودەکە باسی کرد وەك بەرزی چیاکان بەرز بون‌و

---

١ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ واتە: لەناو بەهەشتدا چی نەفس پێی خۆش بێت‌و چاو حەزی لێ بکات ئامادە کراوەو ئێوەی (ئەی دەستەی باوەڕ) بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

پێگەیشتن، بۆی دەرکەوت کە دیارە ژیانی ناو بەهەشت زۆر لە ژیانی سەر زەوی خۆشترو بە پیتترو پێشکەوتوترە..

٥- دیارە خوای گەورە دەرونی مرۆڤەکان زۆر چاك دەناسێت بۆیە پێی فەرمو ئێی مرۆڤ هەرچەندت پێ بدرێت هەرگیز تێر ناخۆیتو حەز دەکەیت زیاترت هەبێت..

کەواتە ئەم حەزە حەڵاڵەو حەرام نیە ئەگەر لە ڕێگای حەڵاڵەوە دەستی خۆی بخات.

القصة الخامسة والثلاثون

لِمَن الوَلَد

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) ان رسول الله (ﷺ) قال: ((بينما مرأتان معهما إبناهما، جاء الذئب بابن احداهما، فقالت: هذه لصاحبتها: انما ذهب بابنك أنتِ.

وقالت الاخرى: إنما ذهب بابنك، فتحاكما الى داود فتقضى به للكبرى.

فخرجتا على سليمان بن داود (عليه السلام) فأخبرتاه، فقال: إئتوني بالسكين أشقه بينكما، فقالت الصغرى: لا، يرحمك الله، هو إبنها، فقضى به للضغرى))[1].

قال ابو هريرة (رضي الله عنه): والله ان سمعت بالسكين قط الاّ يومئذٍ، ما كنا نقوله الاّ المديّة.

واتە: ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) کە فەرمویەتی:

دو ژن پێکەوە بون و یەکی منداڵێکیان (کۆرپەیان) بە بەرەوە بو لە ناکاو گورگێك پەیدا بو کردی بە یەکێك لە منداڵەکاندا فڕاندی..

ژنە گەورەکەیان منداڵەکەی گرت بە باوەشەوەو وتی: ئەمە کوڕەکەی منەو گورگەکە کوڕەکەی تۆی خوارد.

ئەو ژنەکەش وتی: نا نا، ئەوەی تۆی برد.. سەرەنجام دادیان بردە لای داود پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت)و ئەویش حوکمی وا کرد لە نێوانیاندا کە منداڵەکەی دا بە ژنە گەورەکەیان.

کە چونە دەرەوە دایان بە لای سلیمان پێغەمبەرداو مەسەلەکەیان بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرموی: چەقۆیەکم بۆ بهێنن تا بیکەم بە دو کەرتەوەو یەکی لەتێکی بەرن.

---

[1] اخرجه البخاري من صحيح كتاب الانبياء، كتاب من القصص النبوي (٢٧٦).

ژنە بچوکەکەیان هاواری وردو وتی: نا، ڕەحمەتی خوات لێ بێت، شتی وا مەکە ئەوە منداڵە هی ئەوە بیدەرەوە بە ئەو.

سولەیمانیش فەرموی: دەی کەواتە منداڵی بچوکەکەیانەو دای بە بچوکەکەیان..

ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) وتی سوێند بە خوا تا ئەو ساتەی پێغەمبەر ئەم بەسەرهاتەی گێڕایەوە کەس وشەی(سکین) بەکارنەدەهێنا بۆ چەقۆ بەڵکو پێی دەوترا (مدیّة) واتە یەکەمین کەس بو بەکاری بێنێت.

چیرۆکی سی‌و پێنجەم

کوڕەکە هی کامیانە؟

جارێکیان لە ڕێگا دو ئافرەت دەگەن بە یەك کە هەردوکیان بۆ شارەکەی خۆیان دەگەڕانەوە..

یەکی منداڵێکیان کۆرپەیان بە باوەشەوە بو.. کاتێك گەیشتن بە یەك سڵاوو چاك‌و چۆنیان کردو بون بە هاوڕێ، لە ڕێگادا ماندو بون‌و لە ژێر سێبەری دارێکدا لایانداو دانیشتن‌و لەسەر کانیەك دەست‌و دەم‌و چاویان شۆرد.

گەورە: ئاه.. هیلاك بوین.. وەك جاران توانای ڕێگەم نەماوە..

بچوك: جا خۆ من گەورەیش نیم کەچی زو ماندو دەبم (لەبەر دڵی ئەو وا دەڵێت).

گەورە: کورە من لە ماڵ (١٠٠) ئیشم هەیە.. بەڵام کوڕەکەم ماڵی لە شار بو زۆر بیرم دەکردو حەزم دەکرد سەری لێ بدەم.. بەڵام بۆم نەدەکراو، دواجار خۆی هات‌و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ماڵی خۆیان. سێ ڕۆژ لەوێ بوم.

بچوك: منیش کچەکەم لەگەڵ مێردەکەیدا هەندێ وردە گلەییان لە یەکتر هەبو هەندێ قسەم بۆ هەردوکیان کردو کەمێك باش بون بەس ماویانە..

گەورە: ئەی بۆچی لەگەڵ خۆت نەتهێنان بۆ شارەکەی خۆمان تا پێغەمبەرانی خوا داودو سولەیمان (سەلامی خوایان لێ بێت) هەندێ ئامۆژگاری خێریان بۆ بکردنایە بە خوا گەوهەر لە دەمیان دەردەچێت..

بچوك: ڕاستەکەی بە خوا سولەیمان لەگەڵ ئەوەشدا کە پادشایە بەڵام ئەوەندە تەواوزع‌و بێ فیزی تێدایە.. دادەنیشێت‌و کێشەی ئەم‌و ئەو چارەسەر دەکات، جاربەجارێك دێت بۆ ماڵمان‌و قسەی خۆشمان لەگەڵ دەکات..

گەورە: ئەی وایە کچێ، پێغەمبەران‌و پیاوانی خودا ڕەوشتی بەرزو جوانیان ناگۆڕێت کاتێك پلەوپایەی بەرز وەردەگرن‌و هەروەك جاران خاکین.. خاکی.

گەورە: لە خۆیان بایی نابن.. ئێمە دەچین بۆ لای.. دەرگاوانەکان دەست نادەنە ڕێگەمانو تا لای عەرشەکەی ناوەستین...

بچوك: لەگەڵ هەمواندا وایە خەمت نەبێت.. ئەوانە سولالەی پێغەمبەرانن..

گەورە: ڕاستەکەی پادشاییو پلەوپایە کیبرو هەواو خۆبەزلزانی نایە بە لایاندا.. ئەها منداڵەکانمان پێکەوە یاری دەکەن.. چەند جوانن..

بچوك: ئەها.. دادەگیان.. ڕاکە منداڵەکان.. فریاکەوە.. گورگ هات بۆیان.. گورگ..

گەورە: کوا.. کوا.. خوایە ڕۆڵەکەم بپارێزە.. ڕا دەکات بەرەو منداڵەکان.. بەڵام گورگەکە فرسەت دەهێنێتو منداڵێکیان دەفڕێنێتو دەیخوات..

بچوکەکەش بە بەردو بە دار شوێنی دەکەوێت.. بەڵام بێ سود بو هەر بردیو بردی..

کاتێك هاتەوە دەبینێت.. یەکێك لە منالەکان نەماوە.. بەڵام ژنە گەورەکە منداڵێکی توند بە خۆیەوە گوشتوە..

بەڵام ژنە گەورەکە کردی بە منداڵی ژنە بچوکەکەداو وتی: ئەمە منداڵەکەی منە ماوەو منداڵەکەی تۆ توخوا دادەگیان گورگەکە فڕاندی.. سەبرو ئارام بگرەو باری خودایە ! !

بچوك: ڕازیم بە بەشی خوداو بە ئارام دەبم لەسەر هەمو ئەو ڕوداوانەی بەسەرم دێنی.. دەست دەکات بە گریان..

گەورە: دایکەکەم مەگری.. خوا ئەوانی ترت بۆ بهێڵێت.. (منداڵەکە ئەشارێتەوەو توند بە سنگیەوە دەیگوشێتو ناوێرێت لا بکاتەوە بە لای ژنە بچوکەکەدا، لە ترسی ئەوەی جوان سەیری نەکاتو نەیناسێتەوە).

گەورە: دەی من زۆر بە پەلەم من دەبێ بڕۆم زۆرمان پێچو، (دەیەوێ بڕوات).

بچوك: تێناگەم بۆ وا پەشۆکاوی؟ ئەی بۆچی وا بە پەلەی؟ خۆ تۆ وتت بە کەمێ دانیشینو ئیسراحەت بکەین.. ئێستا چی ڕوویداوە لێت؟ خۆ شکور منداڵی تۆ ساغەو خەمت نیە..

گەورە: پەشۆکان؟ پەشۆکانی چی؟ ماڵەوە چاوەڕوانمان دەکەن دەی با بڕۆین.

بچوك: لە خوا بەزیاد بێت بەس نەبو منداڵەکەی تۆشی نەفڕاند.. (دەست دەبات یاریەکی بۆ دەکاتو ئەویش پێ دەکەنێ)، یەکسەر بە پێکەنینەکەیدا دەیناسێتەوە.

بچوك: وەی بە قوربانت بم ڕێك لە پێکەنینی منداڵەمەی من دەچێت..

گەورە: منداڵەکەی تۆش وا پێئەکەنی؟

بچوك: ئادەی توخوا بمدەرێ با تێر ماچی بکەمو بۆیشت هەڵگرمو تۆ ناتوانیتو تەمەنت کردوەو بارەکەشت قورسە..

گەورە: (بە شڵەژانەوە) نا نا.. قەیناکات.. سوپاست دەکەم.. خۆم هەڵی دەگرم.. چۆنەبێ تۆ ئەو کارەشت بەسەرهاتوەو منداڵش بۆ من هەڵبگری؟ هەرگیز نایەڵم..

بچوك: ئاخر دادەگیان.. وا بزانم ئەو منداڵەکەی منە بە تۆ.. من پێکەنینو جلوبەرگو شێوەی منداڵی خۆم دەناسمەوە..

گەورە: چی چی چی؟ بۆ وادەزانی من منداڵەکەی تۆم کردوە بە هی خۆم؟

بچوك: ئێ ئەگەر هی من نەبو.. خۆ نایکەم بە هی خۆم.. بمدەرێ با سەیرێکی بکەم.. شەقم برد.. دەست دەبات بۆ منداڵەکەی.

گەورە: دەکێشێت بە دەستیداو تورە دەبێتو دەڵێت سەرز ئەرز قسە بکات من ئەم منداڵە هی منەو نایدەم بە کەس.. تێگەیشتی..

بچوك: خوشکە گیان بۆ خۆت تورە دەکەی.. با ئەم مەسەلەیە وەك دو دەستە خوشك چارەسەر بکەینو نەگاتە شکاتو دادگا..

گەورە: دادگای ناوێ دایکەکەم، منداڵی خۆمە، چ شەڕێکە پێم دەگێڕی..

بچوك: ئەوە بەڕاستە.. بۆ من کوێرم یان مسمەعیلم.. منداڵی خۆم ناناسمەوە.. ئەم بەیانیە.. کچەکەم ئەو قاتانەی بۆ کڕی..

گەورە: دەی دەی سیناریویەك دروست بکە.. بابە بڕۆ شکاتم لێ بکە خوایە کرد تا تا لای داود پێغەمبەر نەدەوەستایت..

پێکـەوە لـە خزمـەت داود پێغەمبـەردا دانیـشتونو مەسـەلەکەیان (بـە شـێوەی دەم جولانەوەو بێدەنگ) بۆ باس کردو ئەویش سەری بۆ دەلەقاندن.

داود: خوشکەکانم.. ئێستا ئەم منداڵە لە لای ئەم ژنەیە..و تۆش دەڵێـی منـداڵی منـەو داوای دەکەیت..

بچوك: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا.. منداڵی منە.. منداڵەکـەی ئـەو گورگەکـە فڕانـدی.. من منالی خۆم دەناسمەوە..

گەورە: نەخێر ئەمە منداڵەکەی منەو جەنابی حاکم منداڵەکەی ئەو گورگ خواردیو من منداڵی خۆم بە کەس نادەم.

داود: کەمێك بیری کردەوە پاشان بە ژنە بچوکەکەیانی فەرمو: ئێستا منداڵەکـە لـە لای ئەم ژنەیەو تۆش داوای دەکەیت من بە چ بەڵگەیەك لێی بسەنم بۆت..

بچوك: گەورەم.. خوا ئاگادارە.. ئەو منداڵە هی منەو من شێوەو جلوبەرگو پێکـەنینو گریانی دەناسمەوە.

گەورە: بۆ لات وایە منالی ئێمە جلی لەبەردا نیە یان پێناکەنێت.

داود: کچم ئەمانە بەڵگە نین.. تۆ ئەم منداڵەت ناکەوێ.. پاشان ڕووی کردە گەورەکـەو پێی وت: سوێند دەخۆیت کە منداڵی خۆتە؟

گەورەکە: بەڵێ بە پەروەردگاری پاکانە منداڵی خۆمە!!

داود (سەلامی خوای لێ بێت) حوکمی دەرکرد کە بدرێت بە گەورەکە.. گەورەکـەش زۆر سوپاسی داود پێغەمبەری کردو مەمنونی بو.. منداڵەکەی هەڵگرتو بردی..

بچوك: گەورەم ئەی پێغەمبەری خوا.. خوا ئاگادارە منداڵی منە.. بەڵام (الحکم لله) مـن لە حزوری پێغەمبەری خودا (داود) هیچ قسەیەکم نیەو لە دنیا ڕازیم بەو حوکمـە بـەڵام لـە قیامەتدا ئەو مافـەم دەوێتو دەبێـت حـەقی ئـەو سوێندە درۆیـەی لێ بکرێتـەوە بـە دەم گریانەوە هەستاو چوە دەرەوە (بە دەم خۆیەوە) هەرگیز لێی خۆش نابم..

لـە دەرەوە ژنـە بـچوکەکە بـە دوای ژنـە گەورەکـەدا ڕای کـردو لێـی دەپاڕایـەوە کـە منداڵەکەی بداتەوە بەڵام گەورەکە هەر لایشی لێ نەکردەوە.. لە خۆی دوری دەخستەوە..

تا ئەوە بـو لـە دورەوە سـولەیمان پێغەمبـەر هەسـتی کـرد.. کـە شـتێکی غـەریب لـەم مەسەلەیەی ئەو دو ژنەدا هەیە.. بـانگی کـردن بـۆ لایو داوای لێ کـردن مەسـەلەکەیان بـۆ بگێڕێتەوەو حوکمی باوکیشی لێ پرسین..

بە بێدەنگی قسەکانی بۆ دەگێڕنەوەو ئەویش نەرم نەرم گوێ دەگرێت بۆیان.

(لە ناکاودا دەنگ بەرز دەبێتەوە) سولەیمان: بە دارودەستەکانی دەفەرموێت:

ئادەی چەقۆیەکی تیژم بۆ بهێنن، کە مو بکات..

پاسەوان: بەسەرچاو گەورەم، هەر ئێستا...

ژنەکان دەڕوانن بە یەکداو نازانن مەسەلە چیەو بە ترسەوە چاویان ئەبڵەق دەبێت..

گەورەکە: گەورەم ئەی پێغەمبەری خوا چەقۆ چ پەیوەندی هەیـە بـەم مەسـەلەی مـنو هاوڕێکەمەوە..

بچوك: گەورەم من بە حوکمی باوکی بەڕێزتان ڕازی بوم.. چـی بکـەم.. بـەڵام چـەقۆت بۆچیە، خۆ کەسمان سەر نابڕیت؟

پاسەوان چـەقۆیەکی تیـژی هێنـاو دایـە دەسـتی سـولەیمان پاشـا (سـەلامی خـوای لێ بێت)و ئەویش وتی: ئەم منداڵە هی کامتانە ڕاستم پێ بڵێن.. چونکە پاشـی کـەمێك بـەم چەقۆیە هەمو شتێکم بۆ دەردەکەوێت، پەلە مەکەن..

هەردو ژنەکە دوبارە منداڵەکە بـە هـی خۆیان دەدەنـە قەڵـەمو کەسـیان واز لـەو مافـە ناهێنن.

سـولەیمان (سـەلامی خـوای لێ بێـت) فـەرموی: مـن نـازانم ئـەم منداڵـە هـی کامتانـەو کەسیشتان نایەوێت وازی لێ بهێنێت، بەڵام منداڵەکە یەك دایکی هەیـە.. و ئەویەکـە سـۆزو خۆشەویستی لە سنور بە دەری بۆی هەیە.. کامتان ئا بەو جۆرە..

گەورە: من من گەورەم..

بچوك: من من گەورەم..

سولەیمان فەرمووی: وا دیارە لەگەڵ ئێوەدا قسەی خۆش فایدەی نیە..

پاسەوان تەختەیەکم بۆ بێنە با منداڵەکەی لەسەر پاڵ بخەم.. پاسەوان تەختەیەکی گەورەو پانی بۆ هێنا..

ژنەکان زۆر سەرسامن‌و نازانن پادشا چی دەکات‌و ئەم منداڵە چی لێ دەکات..

سولەیمان: چەقۆکە دەخاتە سەر ملی‌و دەفەرموێت: ئێستا دەیکەم بە دو کەرتی یەکسانەوەو یەکی لەتێکیتان پێ دەدەم.

گەورە: گەورەم پاشامان.. منالی منە بۆ باوەڕم پێ ناکەن؟ بە خوا بیکەی بە دە کەرتیشەوە هەر منداڵ منەو دەمەوێتەوە..

بچوك: گەورەم هەر بە ڕاستیتە دەی‌کەی بە دو کەرتەوە؟

پاشا: بەڵێ کچی خۆم.. نازانم هی کامتانە.. خەریکە مێشکم تێك دەدەن‌و دادوەریم بیر دەبەنەوە.. بۆیە دەبێ هەر ئێستا سەری برم..

چەقۆکە بەرز دەکاتەوەو دەیخاتە سەر پێستی ملی منداڵەکەو لەو کاتەدا ژنە بچوکەکە پەلاماری دەستی سولەیمان دەدات‌و چەقۆکەی لێ دەسەنێت..

سولەیمان خۆی تورە دەکات‌و دەڵێت: ئەوە تۆ نازانیت لە دیوانی کێدایت عەرشی سولەیمان نابینی؟

بچوك: با گەورەم دەبینم..تۆ پێغەمبەری خوایت‌و پاشا ولاتیشیت.

سولەیمان: بەڵام بۆچی چەقۆیەکەت لە دەست سەندم‌و ئاوا خۆت شپرزە کردوە؟

بچوك: گەورەم.. شێت دەبم ئەو منداڵە سەربڕیت.. ئەو جەرگ‌و هەناوی منە.. ئەوەندەی هەمو دنیا خۆشم دەوێ..

گەورە: منداڵی منەو ئەو خۆشی دەوێت!!

بچوك: گەورەم سەری مەبڕە.. ئەگەر منداڵی منیش بێت بۆ ئەو من نامەوێت توخوا سەری مەبڕە..

سولەیمان فەرموی: وەرە کچی خۆم منداڵەکەت بەرەوە.. هی تۆیە.. من ئەوەم بۆیە کۆد تا بزانم کامتان زیاتر ناڕەحەت دەبن ئەوەتان دایکی ئەو منداڵەیە..

بە گەورەکەشی فەرمو: کچی خۆم.. لە ژیانتدا ڕاستگۆ بەو دور کەوەرەوە لە درۆ چونکە خوای پەروەردگار زۆر ڕقی لە درۆیە، دەی هەستە داوای لێبوردن لە خوشکەکەت بکە..

گەورەکە: بەڵێ من درۆم کرد.. گورگەکە منداڵەکەی منی خوارد، بەلام بڕۆمەوە بۆ ماڵو منداڵەکەم پێ نەمابێت مێردەکەم سەرم هەڵدەکەنێتو دەڵێ کەمتەرخی خۆت بوە.. تەلاقم دەداتو منداڵەکانی ترم لێ دەسەنێت.

سولەیمان: کچم.. من خۆم هاوسەرەکەت بانگ دەکەم بۆ کۆشكو قسەی لەگەڵ دەکەم بێ خەم بە هیچت پێ ناڵێت..

گەورە: زۆر زۆر سوپاست دەکەم گەورەم.. (ڕو دەکاتە ژنە بچوکەکە)و پێی دەڵێت زۆر داوای لێبوردنت لێ دەکەم... بە خوا منداڵەکە هی تۆ بو.. توخوا گەردنم ئازاد بکە..

بچوك: گەردنت ئازاد بێت خوشکی بڕوادارم.. بەلام داوات لێ دەکەم هەرگیز سوێند بە درۆ مەخۆ ناوی خوا زۆر گەورەیە.. (هەڵدەسێت دەست دەکاتە ملی)و پاشان پێی دەڵێت: خۆتان خۆش بن..و خوا منداڵەکانی ترت بۆ بهێڵێتو ئەو منداڵەشت ببێتە زەخیرەی ڕۆژی دواییت..

هەردوکیان هەڵدەسنو دەچنە دەرەوە.. و سولەیمانیش سوپاسی خوا دەکات لەسەر ئەو بیرۆکە جوانەی (چەقۆکە) کە خستیە مێشکیو گرفتێکی گەورەی پێ چارەسەر کرد..

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١- ئافرەت لە چیرۆکەکانی پێغەمبەرماندا (ﷺ) ڕۆڵێکی گەورەو ئاشکرایان هەیەو هیچ عەیبە نیە ئەگەر ئافرەت لەناو تەمسیلیەکاندا دەربکەوێتو ئەو بیرۆکەیە خێزانە مسولمانەکان خۆیان دروستیان کردوە کە عونسوری خوشکان لە تەمسیلو شانۆگەریەکاندا کەمن یان نین..

بەلام خۆ دەبێ هەبن، ئەی ئەگەر نەبن کێ ڕۆڵی ئاسیاو ئافرەتانی صحابیو ڕابعەی عەدەوی ببینێت؟ خۆ نابێت لە میسرەوە یان لە ئێرانەوە ئەکتەری ئافرەت قەرز بکەین.

بەلام زۆر گرنگە پابەند بن بە بالاپۆشیو دور بێ لە پرۆڤەی تێکەڵیو لەگەڵ کوڕاندا مەگەر دەورەکەی لەگەڵ ئەو کەسەدا هەبێتو ناچاری کۆیان بکاتەوە ئەوەش نابێت بە هیچ جۆر خەڵوە دروست ببێت..

٢- دەبێ عونسوری ئاژەڵ لە تەمسیلی ئیسلامدا هەبێتو پرۆڤەیان پێ بکرێت لەسەر بینینی ڕۆڵەکانیان لەو فیلمانەدا.. ئەوەتا بۆ جاری تر لە دوای بەسەرهاتی یوسف جارێکی تر گورگ ڕۆڵی خۆی بینیەوە لە چیرۆکی پێغەمبەردا (ﷺ).

٣- لەوانەیە توشی کەسانێك ببیت لە ژیاندا کە بیانەوێت بە ئاشکرا ناهەقیت پێ بکەن.. و مافی ڕەوات لێ زەوت بکەن بەلام تۆش وەك ئەو خوشکە بچوکەیان دو ڕێگا بەکاربهێنە.

یەکەم ڕێگای دان نان بەوەی کە ئەو ڕاست دەکاتو تا ئەوەندەی بەڵگەکانت دەکەوێتە دەستو پاشان بە بەڵگەوە مافی خۆت بسەلمێنە..

دوەم: ئەگەر بەرامبەرەکەت زۆر گیربو.. قسە سودی نەبو لەگەڵی، هەرگیز دەست مەدە ئێخەی بەڵکو برۆ دادگا ئاگادار بکە با دەوڵەت ئەو مافەت بۆ دەست بخات.

٤- زۆربەی ناکۆکیو سکالاکان درۆ دروستی دەکاتو ئەگەر ڕاستگۆیی لەناو هەر گەلێکدا بلاوبێتەوە، دادگاو گرتوخانەکانی ئەو ولاتە چۆڵ دەبن.نابینی ئەو دایکە بە تەمەنەیان ئەگەر ڕاستی بکردایەو بیگوتایە منداڵەکەی تۆ ماوە کێشەکە هەر لەوێدا تەواو دەبوو چارەسەر دەکرا..

٥- لەم چیرۆکەدا بەزەیی دایك دەردەخات کە تا چ ئەندازەیەك بە سۆزو میهرەبانە بەرامبەر کۆرپەکەی، هەرکە چەقۆکەی بینی خستیانە سەر ملی کوڕەکەی هاوارو ناڵەی دایکایەتی دەرکەوتو ڕازی بو منداڵەکەی لای خۆی نەبێت بەڵام سەری نەبڕن!.
ئەمە نمونەی دایکی ڕاستەقینەیە، نەك ئەو دایکانەی لە بچوکترین ناکۆکیدا لەگەڵ هاوسەرەکەی هەمو منداڵەکان بەجێ دێڵێ یان پاش جیابونەوە، پەنا بە خوا شەرم دەکات بڵێ فلان کەس منداڵی منەو هەواڵی ناپرسێت، ئیتر یان لەبەر عەیبە بێت یان لە ترسی هاوسەرەکەی دوەمی

٦- بۆ زانایانی ئیسلامی هەیە کە هەڵسێت بە دوبارە پیاچونەوەی فەتوای زانایەکی پێش خۆی ئەگەر بۆی دەرکەوت فەتواکە نەیپێکاوە، ئیتر با باوکیشی بێت وەك سولەیمان، یان لە خۆی گەورەترو ناودارتر بێت.

٧- بۆ هیچ زانایەکی ئیسلامی جوان نیەو ناشایستەیە کە لە لای خەڵکیدا هەستێ بە زەمکردنو تانەدان لە زانستو زانیاریو فەتوادانەکانی زاناکانی هاوڕێی..
نابینی سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت) نەیوت ئەم فەتوایەی باوکم هەڵەیە وەرن با من فەتوای تەواوو دروستتان بۆ بدەم!.

٨- (ابن حجر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە دوای ئەم چیرۆکەوە فەرموی: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دادوەریو چارەسەرکردنی کێشەکان ژیریو لێزانیو وردبینی مەسەلەکەی پێویستەو هیچ پەیوەندی بە تەمەنو خوێندەواریو پلەوپایەوە نیە..

٩- ڕێزی گەورەو گران دابنرێت بۆ باوكو هەرگیز بچوك نەکرێتەوەو لە پلەو مەقامی کەم نەکرێتەوە لە لایەن منداڵەکانیەوەو بەردەوام وەك سومبولی بنەماڵەکە سەیر بکرێتو کوڕ هەرچەندە پایە بەرز بێت چەپکە گوڵی دەستی باوكو دایکیەتی
نابینی سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت) پاشایەکی مەزنەو باوکیشی پلەوپایەیەکی وەك ئەوی نیە کەچی بانگی نەکرد تا بیهێنێتو بیشکێنێتو پێی بڵێ ئەمە چ فەتوایەکە داوتە! یان چ حوکمێکت دەرکردوە؟!!
نەك هەر ئەوە بەڵکو فەتوای بەسەر فەتوای باوکیدا نەدا بەڵکو لە ڕێگەی فێڵێکی حەڵاڵەوە کێشەکەی چارەسەر کرد.

١٠- بۆ زانایان یان فەرمانڕەواو دادوەران دروستە کە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی مەسەلەکەو ئاشکراکردنی تاوانبارو بێتاوان، هەندێ ڕێگا بگرنە بەر کە فێڵکردن، یان نواندنی شێوە تەمسیلیەك.

١١- جوان وایە بۆ مرۆڤ کە شتومەك یان منداڵی زۆر تێکەڵی شتومەكو منداڵی کەسانی هاوڕێی نەکات، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشە دروست بکاتو خەڵکی تر داوای خاوەندارێتی ئەو شتەی ئەو بکەنو لەگەڵ شمەکەکانی ئەواندا تێکەڵ دەبێت.

نابینی ئەو دو ژنە کۆرپەکانیان لە پاڵ یەکتردا دانابو.. دەی با یەکێکیان بیهێنایە بۆ سەر کانیەکە لەگەڵ خۆیو لەوێ دای بنایە..

١٢- بەم چیرۆکەدا دیارە لەو سەردەمەدا جلوبەرگ زۆر سادە بوەو بە نارەحەت مرۆڤ منداڵی خۆی لە منداڵی تر جیاکردۆتەوە.. ئەگینا ئەمڕۆ بوایە بە فانیلە سورەکە یان قاتە پەمەییەکەدا جیادەکرانەوە.

١٣- دەبێ دادوەر زۆر ئاگای لە خۆی بێ لە فەتواو حوکمداندا.. چونکە وادەبێت یەکێکیان زۆرزانترو بە تەمەنترو قسەزانترەو قەناعەتت پێ دەکات کە فەتوا بە لای ئەودا بدەیتو بچیت بە هەڵەدا..

وەك چۆن ژنە گەورەکە بە گریانو قسەی لوس قەناعەتی بە داود کرد کە بە ژنە بچوکەکە بڵێ ئەوە منداڵی خۆیەتیو تۆ بەڵگەت پێ نیە وازی لێ بێنە بۆی.

١٤- ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر پلەوپایەی ژن لە پەیامەکانی پەروەردگاردا دەتوانێ خۆی سکاڵای خۆی بەرز بکاتەوە چونکە ئەگەر ژن بە بچوك یان بێ بایەخ سەیر بکردایە، داودو سولەیمان (سەلامی خوایان لێ بێت) دەیانوت: بڕۆن با مێردەکانتان سکاڵا تۆمار بکەن..

١٥- مرۆڤ دەبێ لە کاتی ئاخاوتندا زۆر ژیرو وریا بێ، پیتەکانی لە جێی خۆیان دابنێو لەوانەیە لابردنی یەك پیت یان زیادکردنی ببێتە هۆی تورەکردنی دادوەرو حوکمەکە دژی تۆ بدات..

نابینی ژنە بچوکەکە چەند ژیرانە (پیتی واو)ی بەکارهێنا لەگەڵ سولەیمانداو پێی وت: (لا ويرحمك الله)، ئەگەر ئەو واوە نەبوایە کارەساتێك ڕووی دەداو دەبو بە (لا يرحمك الله) واتە خوا ڕەحمت پێ نەکات.

القصة السادسة والثلاثون

موسى يضرب ملك الموت!

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): جاء ملك الموت الى موسى (عليه السلام) فقال له:

أجب ربك: قال: فلطم موسى (عليه السلام) عين الملك الموت ففقأها، قال: فرجع الملك الى الله تعالى فقال:

إنك أرسلتني الى عبد لك لا يريد الموت وقد فقأ عيني، قال: فردَّ الله اليه عينه، وقال: إرجع الى عبدي فقل: الحياة تريدْ.. فان كنت تريد الحياة فضع يدك على منبت ثورٍ فما توارت يدك من شعرة فانك تعيش بها سنة..

قال: ثم مَهْ؟! قال: ثمَّ الموت!!

قال: فالآن من قريب، رب أمتني من الارض المقدسة رمية بحجر.

قال رسول الله (ﷺ): ((والله لو إني عنده، لأرأيتكم قبره الى جانب الطريق عند الكثيب الأحمر)).[1]

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: بەرپرسی مردن (عەزرائیل) (سەلامی خوای لێ بێت) هات بۆ لای موسا (سەلامی خوای لێ بێت)و پێی وت:

وەڵامی فەرمانی پەروەردگارت بدەرەوە، واتە کاتی گیان کێشانت هاتوە.

دەفەرموێت: موسا یەك بۆکزی دا بە ناو چاوی فریشتەی مەرگو چاوێکی کوێر کرد،

دەفەرموێت: فریشتەی مەرگ گەڕایەوە بۆ لای خوای گەورەو وتی:

تۆ منت نارد بۆ لای بەندەکەت بەڵام ئەو حەز ناکات بمرێتو چاوێکی دەرهێنام.

---

١ رواه البخاري ومسلم من صحيح قصص النبوي، ص (٤٥٩).

دەفەرموێت: خوای گەورە چاوەکەی بۆ گێڕایەوە.. پێی فەرمو: بگەڕێرەوە بۆ لای بەندەکەم (موسا)و پێی بڵێ: حەز دەکەیت بژیت.. ئەگەر حەز بە ژیان دەکەیت دەست بهێنە بەسەر پشتی گایەکداو دەستت بەری هەر مویەك کەوت بە پێی موەکان ئەوەندە ساڵ دەژیت..

و کاتێك فریشتەی مەرگ هاتەوە خزمەت موسا پێغەمبەرو ئەو قسانەی پێ وت:

موسایش (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموی: ئەی دوای ئەوە چیم بەسەر دێت؟

فریشتەی مەرگ فەرموی: پاش ئەوە دەبێت بمریت!

موسا (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموی: دەی کەواتە با ئێستا بێت‌و با زوتر بێت.. ئەی پەروەردگارم لە نزیکم زەوی پیرۆز (الارض المقدسة)[1] گیانم بکێشە بە ئەندازەی کەسێك بەرد بگرێت واتە دوری بەردە دەستێك.

لە دوای ئەم فەرمودەیەوە پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرموی: سوێند بە خوا ئەگەر من لەوێ بومایە (واتە لە فەلەستین) جێگا گۆڕەکەیم پێ نیشان دەدان کە لە نزیك تەپۆلکەیەکی لمی سورەوەیە..

---

١ واتە لە نزیك (قدس) لە فەلەستین.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ مردن کارەساتێکی زۆر دڵتەزێنە.. ناڕەحەتیەکە.. گەشتێکە بە وشە دەرنابڕێت.. بۆیە زۆر پێویستە هەمیشە لە یادماندا بێتو بیکەینە هۆیەك بۆ باوەش نەکردن بە دنیادا..

بەردەوام ئاموژگارێکی گەورەو گرانبەها بێت بۆ خۆمانو کەسوکارو هاوڕێکانمان وەك پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمویەتی: ((کفى بالموت واعظاً یا عمر))..

٢ـ ئەو کارەی موسا پێغەمبەر کردی (سەلامی خوای لێ بێت) لەگەڵ فریشتەی مەرگدا مرۆڤەکان پێیان بکرایە هەمویان دەیانکرد..

چونکە هیچ کەس حەز ناکات ڕوبەڕوی مردنو گۆڕی تەنگوتار ببێتەوەو هەر هۆی ئەوەشە کە خوا بەزەیی بە فریشتەی مەرگ هاتەوە لە لایەكو مرۆڤەکانیش لە لایەکی ترەوە لە کاتی گیان دەرچوندا (ملك الموت) نابینن.

٣ـ هەندێ لە زاناکان لە ناویاندا (ابن حزیمە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێی وایە کە موسا (سەلامی خوای لێ بێت) هەر گوێی لێ بو یەکێك پێی وت: (وەڵامی پەروەردگارت بدەرەوە واتە ئێستا دەتکوژم!!).

ئەویش وای زانی مرۆڤەو هاتوە بیکوژێت، ئەم زوتر لێی هاتە دەستو بۆکزێکی لێداو بەری چاوی کەوتو چاوی تەقاند.. بە بەڵگەی ئەوەی کە دوایی زانی (ملك الموت)ەو لە شێوەی ئادەمیزاددا هاتوە بۆ لای داوای لێبوردنی لێکردو فەرموی گیان کێشانی لێکرد..

٤ـ بەوەی کە خوای گەورە (جل جلاله) لۆمەی پێغەمبەرەکەی نەکرد لەسەر ئەو کارەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باش دەیزانی پێغەمبەرەکەی ڕقی لە مردن نیەو حەزی لە ژیانو ڕابواردنی دنیایی نیە..

بۆیە سەرزەنشتی نەکرد بەڵکو بە (ملك الموت)ی فەرمو ئەوە چاوەکەتە چاکی دەکەمەوەو بڕۆ بۆ لایو عەرزی بکە ئەگەر حەزی لە ژیانە با تەمەنی درێژ بکەینەوە..

٥ـ هیچ کەس لە موسڵمانان نابێت خەفەت بخۆن کە تەڵەموی سپی دەکەوێتە سەرو ریشیان‌و بەرەو پیربون‌و مردن دەڕۆن.. چونکە ئەم سەر زەویە هۆڵی تاقیکردنەوەی خواییەو ڕۆژێك دێت قوتابیانی سەر زەوی وەرەقەی پرسیارەکان بدەنە دەستی (فریشتەی مەرگ)و ئەویش لە ڕێگەی کرداری مردنەوە لە هۆڵەکە دەیانکاتە دەرەوە..

٦ـ لە کاتی هەڵسوکەوتکردندا لەگەڵ خەڵکی زانستی دەرونناسی پێمان دەڵێ: نابێت خێرا هەڵبشاخێین بەو کەسانەدا کە فەرمانمان جێبەجێ ناکەن یان هەڵەمان بەرامبەر دەکەن..

بەڵکو دەبێت بە قسەی خۆش‌و قەناعەت پێکەر بیانخەینە سەر ڕێگەی ڕاست‌و دروست‌و بەبێ ئەوەی زویریان بکەین..

نابینی خوای (عز وجل) لە دوای سکاڵای (ملك الموت) لە دەستی پێغەمبەرەکەی (سەلامی خوای لێ بێت)و لۆمەو سەرزەنشتی نەکرد..

٧ـ ئەگەر خەڵکی هەڵەیەکیان لێ وەشایەوەو کارێکی وایان کرد کە بۆنی داواکاریەکی لێ دەهات..

تۆ دەتوانی بۆ چارەسەری ئەو هەڵەیە یان ئەو کێشەیە.. داواکارەکەی بۆ جێبەجێ بکە..

نابینی خوای گەورە فەرموی: ئەگەر حەز دەکات زیاتر بژی‌و جارێ نەمرێت با برِوات دەست بێنێ بەسەر موەکانی پشتی گایەکداو دەستی بەری چەند تەڵ مو کەوت ئەوەندە ساڵ مۆڵەتی ژیانی پێ دەدەم.

٨ـ موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەو کارەی لەبەر ئەوە نەکردوە کە ڕقی لە مردنەو حەزی لە ژیانە..

چونکە ئەگەر خەڵکی ئاوا لە پێغەمبەران تێبگەن، زۆر ترسناکە چونکە ئاشکراترین پەیامی پێغەمبەران ئەوەیە کە هانی خەڵکی بدەن دڵ بە دنیا خۆش نەکەن‌و لە مردنیش

نەترسن‌و بەڵکو وەك پردێك سەیری بکەن کە بە هۆیەوە دەگەنە حزوری خوای خۆشەویستیان (عز وجل).

٩ـ دیارە پێغەمبەرمان کە ئەم چیرۆکانەمان بۆ دەگێڕێتەوە.. زۆر زۆر دڵنیایە کە وشە بە وشەی لە لایەن خواوە خراوەتە مێشکی‌و لە خۆیەوەو نایڵێت بەڵکو ئەوەش جۆرێکە لە نیگای خوایی ئەگینا محمدێکی نەخوێندەوار لە چ زانکۆیەکی دنیا هونەری چیرۆك فێر بوە؟.. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە ڕاستی پێغەمبەری خوا بوەو زەڕەیەك گومان لەناو دڵەکاندا ناهێڵێتەوە.

١٠ـ لەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆتایی چیرۆکەکەدا فەرموی: ئەگەر ئێستا لە (بيت المقدس) بومایە گۆڕەکەی موسام پێ پیشان دەدان!.

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بە دڵنیایی تەواوەوە باوەڕی بەوە هەبوە کە ئەم چیرۆکانە ڕاستی‌و مەلموسن‌و هەڵقولاوی هیچ ئەندێشەیەك نین‌و دروست نەکراون.

القصة السابعة والثلاثون

الغنيُّ المتجاوز

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) عن رسول الله (ﷺ) قال: ((إنَّ رجلاً لم يعمل خيراً قط وكان يداين الناس فيقول لرسوله: خذ ما تيسّر واترك ما عَسُرَ لعل الله تعالى ان يتجاوز عنَّا.

فلما هلك قال الله (عز وجل) له: هل عملتَ خيراً قطُّ؟ قال: لا، الا إنه كان لي غلام وأنا أدين الناس فاذا بعثتُهُ ليتقاضى.

قلتُ له: خذ ما تيسر ماترك ما عَسُرَ لعل الله يتجاوز عنَّا قال الله تعالى: قد تجاوزت عنكَ)).[١]

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:

پیاوێك هەبو (لە ئومەتەکانی پێش ئیسلام)دا یەك کاری چاکەی لە ژیاندا ئەنجام نەدابو.

ئەم پیاوە پارەی بە قەرز دەدا بە هەژاران‌و بە بریکارەکانی خۆی دەوت (کاتێك بچونایە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان) چی لە دەستدا بو وەری بگرەو چەندێکیشی پێ نەدرایەوە چاوپۆشی لێ بکە بەڵکو خوایش (لە ڕۆژی قیامەتدا) چاوپۆشی لە ئێمە بکات..

لە پاش مردنی خوای (عز وجل) پێی فەرمو: ئایا (ئەی بەندەکەم) تۆ لە هەمو ژیانتدا کاری خێرو چاکەت کردوە؟.

پیاوەکەش لە وەڵامدا وتی: پێ بزانم نەمکردوە جگە لەوەی کە بە من کاریگەرم هەبو (خزمەتکار) پارەم بە قەرز دەدا بە خەڵکی (نەدارو هەژار)و بەو خزمەتکارەمم دەوت: کە دەچی پارەکان کۆ بکەیتەوە، چەندێکیان توانی بیدەنەوە لێیان وەربگرەو چەندێکیشیان

---

١ حديث صححه الالباني: له کتێبی (٣٠ قصص بلسان محمد) لاپەڕە (٦١).

لە دەستدا نەبو چاوپۆشیان لێ بکە (واتە لێیان مەسەنە) بەڵکو خوای (عزوجل)یش لە ڕۆژی قیامەتدا چاوپۆشی لە ئێمە بکات..

خوای گەورەیش فەرموی: دەی ئەوا ئێمەش چاوپۆشیمان لە هەمو گوناهەکانت کرد..

چیرۆکی سیو حەوتەم

دەوڵەمەندی لێبوردە

(احمد شاکر) پیاوێکی بازرگانی زۆر دەوڵەمەند بو.. سەروەتو سامانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبو..

لەو سەردەمەشدا زۆرینەی کۆمەڵگەکە بە دەست هەژاریو نەداریەوە دەیاننالاندو گرانی بو..

ئەم پیاوە کاسبیو بازرگانی سەرقاڵی کردبو.. نەیدەپەرژایە سەر بەندایەتیو پەرستشو خواناسیو تەنها فەرزەکانی بەجێ دەهێنا.. ئیتر لە ژیانیدا خێری نەدەکرد بەو هەموە سامانەیەوە ! !

دو پیاوی هەژار پێکەوە قسە دەکەنو باسی ئەو پیاوە دەوڵەمەندە دەکەن..

یەکەم: دەنگو باسو وەزعو گوزەرانت کوە ؟

دوەم: گوزەرانم چی بێت بە خوا باوەڕ ناکەم کەسێك هەبێت لە من داماوترو هەژارتر بێت..

یەکەم: وا مەڵێ.. من پێویستم بە کۆڵێ پارەیە تا کچەکەم بەرم بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام کەس نیە ئەو برە پارە زۆرەم پێ بدات.. خەریکە سوێم دەبێتەوە سەیری ئەو کچە نەخۆشەم دەکەم..

دوەم: بەڵێ ئێمە کەسمان نەخۆش نین شوکر بۆ خوا، بەڵام دینارێك لە گیرفانماندا نیە، کارو کاسبیم نیە.. خەریکە مێشکم دەتەقێت..

یەکەم: خۆ تۆ جاران دەست ڕەنگین بویت.. وەستایەکی کارامە بویت؟.. بۆچی ئەمڕۆ دەستەوسانیت..

دوەم: پارەم نیە.. ئەو ئیشەی من بە پارەو دەستمایە دەکرێت..و کەسیش شك نابەم متمانەم پێ بکاتو ئەو هەموە پارەیەم بداتێ..و ئێ خۆ نامەقیشیان نیە لە چی بیاندەمەوە ؟ !

یەکەم: من کەسێکی دەوڵەمەندی خزممان دەناسم لەوانەیە ئەو پارەیەت بداتێ. چونکە قەرز دەدات بە خەڵکیو دەستو دڵیشی باشە..

دوەم: ئەی خۆت بۆ داوای قەرزی لێ ناکەیست؟و پارەی لێ وەرناگریت بۆ نەخۆشەکەت؟

یەکەم: لە بەرنامەمدا هەبو بچم بۆ لای بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، دوایی نەمزانی ئایا دەتوانم بیدەمەوە یان نە.. هەر هۆی ئەوەش بوە کە نەچوم بۆ لای..

دوەم: دەی با بەیانی بچین بۆ لای.. بەڵکو قەرزمان پێ بداتو چارەسەری کێشەکانمانی پێ بکەین..

هەردوکیان دێن بۆ ماڵی (احمد شاکر)و یەکێك لە پیاوەکانی فەرمویان لێ دەکاتو دەیانهێنێتە دیوەخانو پێیان دەڵێت:

چاوەڕوان بن.. کەمێکی تر جەنابی کاك احمد دەگەڕێتەوەو دەتانبینێت.. بەڵام ئەگەر بۆ ئەوە هاتون گەورەم خێرتان پێ بکات، ئەوە حەز دەکەم چاوەڕوان نەکەن.. چونکە پێ بزانم لە ژیانیدا خێری نەکردوە..

یەکەم: نا نا.. بۆ سواڵ نەهاتوین.. کەمێك کاری تایبەتمان پێیەتی..

هەردوکیان بە سەرسوڕمانەوە سەیری دیوەخان دەکەن کە شتی جوانو نایابو گرانبەهای تیا دانراوە..

کاك احمد دەگەڕێتەوە.. دێتە ژورەوە بۆ لایانو تەوقەیان لەگەڵ دەکاتو دادەنیشێت.. ڕودەکاتە یەکەمەکەیان..

احمد: ها.. کاك سعید بەخێر بێی. دەنگوباستان..

یەکەم: سوپاست دەکەم.. زۆر باشم.. دەژین..

احمد: ئا پێم بڵێ کچەکەت چۆنە؟ باش نەبو لە نەخۆشیەکەی؟

یەکەم: نە بە خوا.. وەك خۆی وایەو بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێتو لێرەش چارەسەری نیە..

احمد: ئەی بۆ نایبەی بۆ دەرەوەی وڵات؟ چۆن لێت نەپرسیوەتەوە..

یەکەم: کاك احمەد گیان.. قسە لە گیرفانی گەرمەوە دەکرێت بەڵام من ئەو پارەیەم نیەو کەسیش شك نابەم ئەو پارە زۆرەم بە قەرز بداتێ..

احمد: خوا دەبری دەکات إنشاء الله.. خەم مەخۆ.. ئێ ئەی تۆ دەنگوباست لەگەڵ پیشەکەتدا بەردەوامی..

یەکەم: کاك احمد بۆ نەتزانی تەفنیشی هێنا..زەرەرێکی گەورەی کردو ئێستا دەستەپاچەیە..

احمد: ئای.. بە داخەوە.. کە هەواڵێکی ناخۆشە..

پاش کەمێك احمد بانگی خزمەتکارەکەی دەکاتو پێی دەڵێت: ئاوەرە سامان بزانم ئەمڕۆ چیت کردوە..

سامان: گەورەم ڕۆیشتم قەرزەکانم کۆکردەوە.. بەڵام بە ڕاستی بێتاقەتیان کردم!.

احمد: بۆچی؟ هیچ بوە؟

سامان: یەکێکیان دەڵێت: (لە دەستمدا نیە لێم بوەستە تا مانگێکی تر!)و یەکێکی تر دەڵێت(قەرزەکە زۆرە لە هەندێکی خۆش ببن!)و یەکی تر دەڵێت: (لەو کاتە دیاریکراوەدا کە تۆ دێی پێم نیەو ئەگەر کەوتە دەستم خۆم دەیهێنم).. توخوا ئەگەر قەرز بدەیت بە کەس گەورەم..

احمد: وا مەڵێ سامان گیان.. ئێمە خێرو چاکەمان نیەو پارە بە خەڵکی نابەخشین.. ئەگەر قەرزیشیان پێ نەدەین تەواو خراپ دەبینو خۆپەرست دەردەچین..

دوەم: ئەی خوای گەورە سەد ئەوەندەی ترت پێ بدات.. کە مادەم دەستو دڵت ئەوەندە جوانە..

یەکەم: گەورەم ئێمە دەمانەوێت بڕۆین..

ئەحمەد: پەلە مەکەن.. (سامان بانگ دەکات).

سامان: بەڵێ گەورەم.. فەرمو لە خزمەتدام!.

احمد: بۆ دو شت بانگم کردی.. یەکەم: بزانە ئەم دو پیاوە بە چەندێ کاریان دەڕوات.. قەرزیان پێ بدەو ماوەیان بۆ دیاری بکە..

یەکەم: ئەوە بە ڕاستتە کاك احمد (پەلاماری دەدات دەستی ماچ بکات) بەڵام احمد نایەڵێو دەڵێت: گەورەم قەرزێکی زۆرمان دەوێ..

احمد: هەرچەندیان ویست بیاندەرێ..

سامان: بەسەرچاو گەورەم.. بەڵام نەمزانی داواکاری دوەمت چی بو؟..

احمد: ئاه.. ڕاست دەکەی.. بڕیارم داوە لەمەولا هەر قەرزارێك لە دەستیدا نەبو بیداتەوە.. لێی بوەستەو تەنگی پێ هەڵمەژنە..

دوەم: هەر کەسێك وتی نیمە بتاندەمەوەو بۆت دەرکەوت ڕاست دەکات وازی لێ بێنەو بیبەخشە..

سامان: گەورەم بۆچی.. جا کەی مەجبورین ئەوە بکەین؟ احمد: سامان لە مەجبوریدا ئەوە ناکەم..

سامان: دەی کەواتە بۆ دەیکەیت؟

احمد: ئێمە لەمەولا ئاسانکاری لەگەڵ خەڵکی فەقیرو هەژاردا دەکەینو چاوپۆشیان لێ دەکەین.. بەڵکو خوای گەورەیش لە ڕۆژی قیامەتدا چاوپۆشیمان لێ بکاتو لێمان ببورێت..

لەوێدا دوەم هاتە قسەو وتی: گەورەم مژدەبێ لێت خوا لە ڕۆژی قیامەتدا چاوپۆشیت لێ دەکات..

احمد: تۆ ئەمە چوزانی؟.. خۆ لەو دونیاوە نەهاتویتەوە؟..

دوەم: گەورەم پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) فەرمویەتی: لەناو گەلانی پێشودا دەوڵەمەندێك هەبو.. هەرگیز خێرو چاکەی نەکردوە بەڵام هەمو جارێ بە خزمەتکارەکەی وتوە:

لەو قەرزارانە چاوپۆشی بکەن کە نیازیانە بیدەنەوە بیانبەخشن بەڵکو خوای گەورەیش لە قیامەتدا چاوپۆشی لە ئێمە بکاتو بمانبەخشێت.

کاتێك مرد خوای گەورە لێی پرسی: لە ژیانتدا چاکەت کردوە؟ ئەویش وتی: پێ بزانم نەخێر بەڵام ئەوەندەم هەبو کە بە خزمەتکارەکانم دەوت قەرز بدەن بە خەڵکیو پاشان چەندیان لە دەستدابو لێیان وەربگرنەوەو چیشیان نەتوانی بیدەنەوە چاوپۆشیان لێ بکەن..

خوایش پێی فەرمو: دەی مژدەت لێ بێت ئەوا ئێمەش لە تۆ خۆش بوینو چاوپۆشیمان لێ کردی..

کاك احمد: ئەڵڵا کە فەرمودەیەکی دڵخۆشکەرە، خۆزگە هەمو دەوڵەمەندەکان ئەم فەرمودەیەیان دەبیستو کاریان لەسەر دەکرد.. دەی مەرج بێ ئێوە شایەت بن لەمەولا.. نەك هەر قەرز بدەم بەڵکو سامان گیان کێ هەژارو دەست کورتە لیستێکم بۆ بکەرەوە با بتوانم هاوکاریان بکەم.

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ هەرگیز خێرو چاکەی نەکردوە، بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە تەنها باوەڕدار بوەو کردەوەی نەبوە.. بەڵکو فەرزەکانی پەروەردگاری کردوە بەلام خێری نەکردوە چونکە خێرکردن بە زۆر نیەو بە ئارەزوی کەسەکەیە.

٢ـ قەرزدان بە خەڵکی کارێکی زۆر گەورەو خێرێکی مەزنەو بەلام بە مەرجێك سودی نەخاتە سەرو تەنگ هەڵنەچنێت بە قەرزدارەکانو ناڕەحەتیان نەکات.

٣ـ خوای (عز وجل) لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئاگاداری نهێنیەکانی مرۆڤە کەچی لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیار لە بەندەکانی دەکات: ((ئایا تا ئێستا خێرو چاکەیەکت کردوە؟)).

ئەمەش بۆ باوەڕداران جێگای دڵخۆشیەو فەزڵو میهرەبانی خوا دەردەخات بۆ ئەو بەندەیە، وەك پێی بڵێ وا نەزانی پێم نەزانیوی بەلام لەبەر ئەو چاوپۆشیانەی دنیات لە قەرزارەکان لێت خۆش بوم..

٤ـ خوای (عز وجل) لە پەیامە پیرۆزەکەیدا هەمو هۆکارێکی بەکارهێناوە تا خەڵکانی دەوڵەمەندو پایەدار لابکەنەوە بە لای هەژاراندا و کەمێك نەهامەتیەکانیان کەم بکەنەوە ئەگەر قەرزیشیان پێ دابن..

٥ـ ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بزانێت بەچی خوا خۆشحاڵ دەکاتو لێی ڕازی دەبێتو چاوپۆشی لە هەڵەو تاوانەکانی دەکات..

با دەست بهێنێت بەسەری هەتیوانداو هاوکاریان بکاتو دڵی بێوەژنو پیرەپیاو خۆش بکات سەرجەم نەداران بەسەر بکاتەوە.

٦ـ دروستە مرۆڤ کارەکانی بداتە دەستی کەسانی ئەمینو دەستپاك تا بۆی ڕاببەڕێننو ئەرکەکانی سەرشانی سوك بکەن..

٧ـ دروستە مرۆڤ بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانی قەرز بکات بە پێچەوانەی هەندێ کەسی تێنەگەیشتووەوە کە وا دەزانن قەرزکردن نەنگیە پێی سوك دەبن یان ترسنۆکن دەترسن نەتوانن بیدەنەوە (نازانن کە خوای گەورە بژاردنی قەرزی بەندەکانی گرتۆتە ئەستۆ ئەگەر مەبەستیان دانەوە بێت وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((ثلاث حق على الله عونهم...... الدائن يريد الأداء))..

القصة الثامنة والثلاثون

سفرة الأصدقاء[١]

عن ابي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قال: (انطلق نفر من أصحاب النبي (ﷺ) في سفرةٍ سافرها حتى نزلوا على حيّ من احياء العرب.

فاستضافوهم، فأبوا ان يضيفوهم فلدغ سيد ذلك الحيّ، فسعوا له بكل شيءٍ لا ينفعه شيء.

فقلب بعضهم: لو أتيتم هؤلاء الرهط الذين نَزَلوا، لعلّه ان يكون عند بعضهم شيء.

فأتوهم فقالوا: ياأيُّها الرهط ان سيدنا لُدِغَ وسعِنا له بكل شيء لا ينفعه فهل عند أحد منكم من شيء؟

فقال بعضهم: نعم والله اني لأرقي، ولكن والله لقد استضفناكم فلم تضيفونا، فما براق لكم حتى تجعلوا لنا جعلاً.

فصالحوهم على قطيع من الغنم، فانطلق يتفلُ عليه، ويقرأ الحمد لله رب العالمين، فكانما نشط من عقال، فانطلق يمشي وما به قلبة.

قال: فأوفوهم جُعلهم الذي صالحوهم عليه، فقال بعضهم: أقسموا فقال الذي رقى، لا تفعلوا حتى ناتي رسول الله (ﷺ) فنذكر له الذي كان، فنظر ما يأمرنا.

فقدموا على رسول الله (ﷺ) فذكروا له فقال: وما يدريك إنها رقية فضحك رسول الله (ﷺ).[٢]

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت دەستەیەك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)بۆ گەشتێك لە ماڵ دەرچوون.. تا گەیشتنە ناوچەی یەكێك لە هۆزە عەرەبەكان..

---

١ ئەم چیرۆكە پێغەمبەرمان نەیگێڕاوەتەوە بەڵام لە هاوەڵان ڕوی داوەو لەبەر گرنگیو بەچێژیەكەی خستمە ڕیزی چیرۆكە تایبەتیەكانی پێغەمبەر (ﷺ)، (نوسەر).

٢ صحيح البخاري من كتاب (٣٠) قصة بلسان محمد (ص: ١٩) لعصام الشائع.

داوایان لێ کردن جێگایان بکەنەوەو میوانداریان بکەن.. بەڵام ئەو هۆزە ئامادە نەبون میوانداریان بکەن..

لەو کاتەدا گەورەی هۆزەکەی مار پێوەی دا.. خەڵکەکەش بە هەمو شێوەیەك هەوڵی چارەسەرکردنیان دا بەڵام بێ سود بو..

بۆیە لەناو خۆیاندا وتیان ئەگەر بڕۆن بۆ لای ئەو پیاوانەی کە لە نزیك هۆزەکەوە بەزیون، بەڵکو ئەوانە چارەسەرێکیان پێ بێت.

هاتن بۆ لای هاوەڵانو پێیان وتن: ئەی برادەران گەورەی هۆزەکەمان مار پێوەی داوەو هەمو شتێکمان لەگەڵدا کردو چارەسەری نیە.. ئەی ئێوە شتێکتان پێ نیە کە چارەسەری پێ بکەن بۆمان؟

یەکێکیان وتی: بەڵێ، سوێند بە خوا من دوعایەکم لە لایەو بۆی دەکەم بەڵام وەڵڵاهی ئێمە داوامان لێ کردن میوانداریمان بکەن، بەڵام ئێوە میوانداریتان نەکردین.

دەی سا منیش دوعاتان بۆ ناخوێنم تا پاداشتەکەیمان بۆ دیاری نەکەن.

ئەوانیش لەگەڵیان ڕێك کەوتن لەسەر یەك ڕان مەڕ!. ئەویش هات بۆ لای نەخۆشەکەو سورەتی فاتیحەی بەسەردا خوێندو پاشان تفی خۆی خستە سەر شوێنی گەستنی مارەکەو کابرا هەڵسایەوەو دەستی کرد بە گەڕان وەك بڵێی (بەتی بڕیوە)و یەك دەردو دای نەما..

دەڵێ: ئەوانیش ئەو بڕەی بۆیان دیاری کردبون پێیان دان. هەندێکیان وتیان با بەشی بکەین لەناو خۆماندا.. بەڵام ئەو هاوەڵەی دوعاکەی بۆ کردبو وتی: شتی وا نەکەن تا دەگەڕێینەوە بۆ لای پێغەمبەری خواو مەسەلەکەی بۆ دەگێڕینەوەو بزانین فەرمانی بە چیە؟!..

هاتنەوە خزمەت پێغەمبەری خواو ڕوداوەکەیان بۆ گێڕایەوەو ئەویش فەرموی: چۆنت زانی ئەوە دوعای چارەسەرە؟

پاشان پێی فەرمون: شتێکی باشتان کردوەو بەشی بکەنو بەشێکیش بۆ من دیاری بکەن لەگەڵ خۆتاندا..

و پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی کرد بە پێکەنین..

چیرۆکی سی و هەشتەم
گەشتی هاوڕێیان

کۆمەڵێك هاوڕێن و کۆبونەتەوە..و لەناو خۆیاندا قسە دەکەن..

یەکەم: لەم ماوەیەدا پێغمبەری خوا (ﷺ) نیازی دەرچونی نیە.. بۆ غەزا.. و هەمومان لە ماڵەوەیان.. برایان چۆنە بچین بۆ سەیران..

دوەم: منیش لەگەڵتام با بچین بۆ بیابان و لەوێ هەوایەکی پاك هەڵمژین و غەمێك بدەین بە با..

سێیەم: هەروەها منیش لە زوەوە نەچوم بۆ ڕاو بەڵکو ئەویش شتێك بکوژین..

چوارەم: ئەی چۆنە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادار بکەین و لەویش بانگ بکەین بۆ ئەم سەیرانە، چونکە بە ڕاستی دوژمنانی خوا خەفەتی زۆریان پێداوە با کەمێك لەو کەشوهەوا سازگارەدا مێشکی پیرۆزی بحەوێتەوە..

پێنجەم: من ئەمشەو دەچمە خزمەتی و قسەی لەگەڵ دەکەم بزانم لەگەڵمان دێت.

شەشەم: پرسی پێ بکە سەرەتا، بزانە پێی خۆشە ئێمەش بڕۆین؟ نەوەك ڕازی نەبێت، ئەو کاتە گوناهبار دەبین..

لە ڕۆژی داهاتودا.. بەڕێوەن لە دەشت و چیاکانداو بەڕێوە قسەی خۆش دەکەن..

یەکەم: ئای کە خۆش بو پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ڕازی بوایە و لەگەڵماندا بوایە.. سەیرانەکەمان چەند خۆش دەبو..

چوارەم: کورە شوکری خوا بکەن بۆ ئێوەیش ڕازی بو.. هەوڵ بدەین زو بگەڕێینەوە بۆ مەدینە..

سێیەم: ئەوە کەروێشکێکە من دەچم بەڵکو ڕاوی بکەم.. بسم الله.. تیروکەوانەکەی ئامادە دەکات و دەڕوات بۆی.. پاش کەمێك دێتەوە..

دوەم: کەروێشکەکەی هاوڕێت کوا؟

سێیەم: هەر نەمزانی چی لێ هات! خۆی کرد بە چ کونێکدا.. داوای لێبوردن دەکەم خوا نەیکردە نسیب..

(هەندێ.. نیشانە شکێنی دەکەنو پاشان هەندێ پێشبڕکێ دەکەنو پاشان هەندێ خورمایان پێیە دەست دەکەن بە خواردنی.

وردە وردە شەو داهاتو دنیا تاریك بو.

یەکەم: برایان تازە مەدینە دورە ناتوانین بگەڕێینەوە.. ئا لە پشتی ئەم گردەوە دێیەك هەیە بەڵکو لە لای ئەوان لابدەینو ئەمشەو لەوێ بین انشاء اللهو بەیانی گەشتەکەمان درێژە پێ دەدەین.

دوەم: من ئەم دێیە بناسم.. کەمێك لەگەڵ میواندا ساردو سڕن با نەڕۆین.

یەکەم: چارمان نیە.. شەو لەم دەشتەدا دڕندە پەلامارمان دەدەنو دێکانی تریش زۆر دورە.. یەڵڵا فەرمون با بڕۆین..

لە ڕێگا دەگەن بە دو پیاو بە خاکەناسەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوەو گوێدرێژێکیان داوەتە پێشی خۆیانو بە دەم خۆیانەوە قسە دەکەن.

یەکەم: ئەرێ برایان.. بە یارمەتیتان سلام علیکم..

جوتیار: وعلیك السلام.. ئا ئەمە لە کوێوە هاتون بەم درەنگ وەختە.

یەکەم: ئێمە کۆمەڵێك هاوڕێین.. هاتوین بۆ گەشتو سەیرانو وا لێرە شەومان بەسەر هاتو دەمانەوێت ئەمشەو لای ئێوە میوان بین ئەگەر میوانداریمان بکەن.

جوتیارنر٢: بە داخەوە.. ئەم دێیەی ئێمە جێی کەس ناکەنەوەو میوانداری غەریبو نەناس ناکەن.

یەکەم: بۆچی؟ لەبەرچی؟ ئەی ئێمە چی بکەین لەم بیابانە چۆڵو هۆڵەدا..

جوتیار١: ئەوە کێشەی خۆتانە.. ئەم دێیەی ئێمە ماران گازە.. کاتی خۆی جێی مێوانێکمان کردەوەو ڕێزی زۆرمان لێ گرت کەچی لە نیوەشەودا دزیەکی باشی لێ کردینو بۆی دەرچو.. هەر نازانین ئەرز قوتی دا یان ئاسمان.

دوەم: بەڵام ئێمە دز نین‌و زۆریش لە دزی دورکەوتوینەتەوە.. ئێمە هاوەڵی پێغەمبەری خواین.. لە هەمو ڕەوشتە ناشیرینەکان دوری خستوینەتەوە، فێری هەمو کارێکی چاکەی کردوین..

جوتیارەکان سەیرێکی یەکتر دەکەن‌و دەڵێن.. یاخوا بەخێر بێن ئێمە هەواڵی ئەو پیاوە چاکەمان بیستوە بەڵام قورەیشیەکان بە چاکە ناوی نابەن‌و دەڵێن عەقڵی گەنج‌و منداڵ‌و بەندەکانی تێك داوین..

یەکەم: بە پێچەوانەوە برای عەرەبم.. ئێمە لە دوای ئەوەی شوێنی ئاینی ئیسلام کەوتوین ژیری‌و عەقڵمان بۆ گەڕاوەتەوە‌و لە باتی ئەوەی بە دەستی خۆمان بت بتاشین‌و بیکەین بە خواو بیپەرستین..

دوەم: محمد هاتو پێی وتین: ئەم دارو بەردە هیچ سودو زیان ناگەیەنن‌و دەبێ بەدیهێنەری ئەم بونەوەرە بپەرستن کە ناوی (الله)یە..

جوتیار ١: شتێکی ماقوڵە.. قورەیش ڕاستیان نەوتوە پێمان..

جوتیار ٢: ئەمە کەی قسەیە یانی بتە جوانەکەی من کە بە پارەیەکی زۆرم کڕیوە خوا نیە؟

دوەم: برای عەرەبم.. خوا ئەگەر خوا بێت‌و بەدیهێنەری هەمو بونەوەر بێت چۆن بە پارە دەیکڕی..

جوتیار ٢: ها.. ها.. وەڵا ڕاستەکەی.. ئای لە نەزانی ئێمە..

جوتیار ١: براکانم.. من دەزانم ئەمشەو ئێوە لەم دێیەی ئێمە جێتان نابێتەوە‌و کەس میوانداریتان لێ ناکات.. بەڵام وا دیارە ئێوە کۆمەڵێك پیاوچاکن.. وەرن من لەناو باخچەکەمدا ژورێکم هەیە‌و هەمو شتێکی لێیە‌و چرایشی لێیە.. دای بگیرسێنن‌و تا بەیانی لەوێ بن‌و زۆر گەرم‌و خۆشە..

جوتیار ٢: فیکرەیەکی جوانە با بیانبەین بۆ ناو باخەکە..و ئەوەش تەماتە‌و خەیارە لە بۆستانەکەم هێناومەتەوە ئەمشەو بیخۆن..

جوتیارەکە ئاگریان بۆ دەکەنەوەو چراکە دادەگیرسێننو پاشان پێش ئەوەی بڕۆن پێیان دەڵێن:

جوتیار: بە بێدەنگی لێرە بنو هاوار هاوار مەکەن نەوەك پێتان بزانن.. دوایی ئێمە سزا دەدەن کە میواندارییمان کردون..

یەکەم: خەمتان نەبێت.. ئەوەندە ماندوین.. یەکسەر خەومان لێ دەکەوێت.. نوزەمان نایەت..

جوتیارەکان: دەی زۆر باشە.. خواتان لەگەڵ.. دەڕۆینەوە..

لە نیوەی شەودا کۆمەڵێك کەسی لادێکە لەگەڵ دو جوتیارەکەدا دێنە سەریانو لە دەرگاکە دەدەن..

یەکەم: برایان تەقەی دەرگایە..

دوەم: خۆزگە کێ بێ بەم نیوە شەوە؟ تۆ بڵێی پێیان زانیبین؟

سێیەم: لە کونی دەرگاکەوە سەیر دەکاتو دەڵێت: (٥، ٦) کەسن.. هاتونەتە سەرمان.. توش بوین..

یەکەم: کێیە؟

جوتیار: منم بیکەرەوە جوتیارەکەی هاوڕێتانم.

دوەم: ئەمە چیە.. خێرە؟ ئەم هەموەت هێناوەتە سەرمان..

جوتیار ١: بیکەنەوە برایان، نیازی خراپمان پێتان نیە.. کێشەیەکمان هەیە.. زۆر گەورەیە.. هانامان بۆ ئێوە هێناوە..

دورگاکە دەکەنەوەو سەیرێکی خەڵکەکە دەکەنو دەڵێن: فەرمون وەرنە ژورەوە.

جوتیار: وەختی ئەوە نیە.. کارەساتێکی گەورەمان لێ قەوماوەو بەڵکو ئێوە چارەسەرێکتان پێ بێت.

دوەم: چی بوە؟ بۆمان بگێڕنەوە...

جوتیار: گەورەی ئاوایەکەمان مار پێوەی داوەو وەزعی زۆر خەتەرەو هەرچی چارەسەرە لەگەڵیدا بە کارمان هێنا کەچی سودی نەبو.. خەریکە دەمرێت..

دوەم: دەی ئێمە چیمان پێ دەکرێت بەڕێزان؟

جوتیار: ئەی پێغەمبەرەکەتان شتێکی فێر نەکردون تا بیخوێنن بەسەر نەخۆشدا تا چاك بێتەوە؟..

یەکەم: با.. من دوعایەکی چاك دەزانم کە بیخوێنم بەسەریدا (إنشاء الله) چاك دەبێتەوە...

جوتیار: دەی بۆ وەستاون با بڕۆین.. کاتەکە زۆر ناسکە ئێ من ژورم پێ نەداون لە باخەکەمدا؟

دوەم: ڕاست دەکات.. خێرە با بڕۆین.. گەورەکەیان ڕزگار بکەین لە مردن..

یەکەم: نا.. نا.. نایەم.. چونکە خەڵکی ئەم دێیە.. زۆر خراپ بون لەگەڵمانو جێگەیان نەکردینەوە..

جوتیار ١: بە قوربانت بم وەختی تۆڵەکردنەوە نیە کاتەکە زۆر ناسکە..

دوەم: قەیناکات برای موسڵمانم.. با بڕۆین چارەسەری بکەین.. ئەی پێغەمبەر فێری نەکردوین کە هەمو کەسمان خۆش بوێتو کینە لە دڵ نەبین..

یەکەم: با.. گیانم بە قوربانی بێ فێری هەمو چاکەیەکی کردوین.. بەڵام فێری ئەوەشی کردوین کە موسڵمان نابێ گێل بێتو ماف خوراو بێ..

جوتیار ١: چیتان دەوێ بۆتان دەکەین بەڵام زوکەن با بڕۆین..

دوەم: ئێوە میوانداریتان نەکردین.. بۆیە ئێمەش بە خۆڕایی دوعای شیفای پێدا ناخوێنین..

جوتیار ١: ئەی هەر زۆر باشە چیتان دەوێ پێتان دەدەین..

دوەم: (٥٠) مەڕمان دەوێت..

یەکەم: ئەوە تۆ دەزانی چی دەڵێی؟

دوەم: زۆر چاك دەزانم چی دەڵێم.. دەرسیان دادەدەم تا میوانداری جوان فێر ببنەوە..

جوتیار: (٥٠) کوڕە با (٦٠) بێتو بەڵام سەرۆکی هۆزەکەمان لە مردن ڕزگار بکەن..

دوەم: ئێمە ڕزگاری ناکەین لە مردن.. تەنها خوا دەتوانێت خەڵکی لە مردن ڕزگار بکات، دەی کوڕینە هەڵسن با بڕۆین..

سەرۆکی هۆز لەناو جێگەدا ڕاکشاوەو خەڵکەکە بە چواردەوریدا خڕ بونەتەوەو زۆر غەمبارنو هەندێکیان دەگرین..

هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دێنە ژورەوە سڵاو دەکەن.. خەڵکەکە وەڵامیان دەدەنەوە..

یەکەم: سڵاو لە هەمو لاتان.. خەڵکینە ئێمە هاوەڵی محمدین (ﷺ) کە پێغەمبەری خوایەو لە مەدینە نیشتەجێیە..

ئەو محمدە کاتێك هات ئێمە بتمان دەپەرستو زوڵمو ستەممان لە یەکرتی دەکردو کچمان زیندەبەچاڵ دەکۆد، بەڵام ئەو هاتو ڕزگاری کردینو خوای پەروەردگاری هەمو جیهانی پێ ناساندین..

و ئەو خوایەش قورئانی پیرۆزی بۆ ناردوین تا مرۆڤەکان بیخوێننو لێی تێبگەنو کردەوەی پێ بکەنو وا من ئەمڕۆ دەیخوێنم بەسەر ئەم پیاوەدا کە گەورەی هۆزەکەتانە..و داوایش لە خوا دەکەم کە شیفای بدات إنشاء الله..

یەکەم: بە دەنگی بەرز (سورەتی فاتیحە) دەخوێنێت بەسەر پیاوەکەداو دەست دەهێنێت بەسەر جێگەگازی مارەکەدا..و پاشان کەمێك تف لە دەمی دەردێنێتو دەیدات لە شوێنی برینەکە...

پیاوەکە چاو دەکاتەوەو هەڵدەسێتەوەو بە ژورەکەدا لە خۆشیاندا ڕادەکاتو دەڵێت: ئێشم نەما.. ئێشم نەما.. چیتان لێ کردم؟

جوتیار: گەورەم ئەم بەڕێزانە لە شاری یەسریبەوە هاتونو قورئانیان بەسەردا خوێندیو چاك بویتەوە..

گەورە: هاوەڵانی محمدن؟

جوتیار: بەڵێ گەورەم..

گەورە: بە ڕاستی موبارەکن.. دەستپاکیو ڕەوشتبەرزی محمد لەناو قورەیشدا دەنگی داوەتەوە.. ئەی شەو لە کوێ بون..

جوتیار: ها.. ها.. دەترسێت...

جوتیار ٢: گەورەم ئەمشەو.. ڕێگەیان کەوتە ئەم دێیەی ئێمە.. بەڵام ئێمە لە ترسی فەرمانەکەی جەنابتان نەمانتوانی میوانداریان بکەین.. بەڵام لەناو باخەکەی مندا مانەوە..

گەورە: چی چی چی؟ لەناو ئەو باخە ساردو سڕەدا؟ و هاوەڵانی بەڕێزی (محمد)؟

یەکەم: ئێمە محمد (ﷺ) لەم ئاینە نوێیەدا فێری کردوین کە ڕێزی تەواوی میوان بگرینو لە باشترین شوێندا دایانبنێینو چاکترین خواردنیان پێ بدەین.

گەورە: ئەی ئێمەش لە ساتەوەختە بە دوا.. میوان دەخەینەوە سەر چاومانو هەر کەسێك پەنای بۆ ئەم دێیە هێنا پەنای بدەنو ڕێزی تەواوی لێ بگرن باشە؟

(هەمو دەڵێن: فەرمانی جەنابتانە گەورەم)

گەورە: دەی هاوەڵانی محمد: ئێوە فریشتە بون.. خوا بۆ منی ناردن.. ئادەی چیتان دەوێ با بتاندەمێ؟

جوتیار: گەورەم من وەعدی (٥٠) سەر مەڕم پێدابون ئەگەر جەنابتان چاك بکەنەوە.

یەکەم: مادەم وای لێ هات ئێمەش لەبەر خودا دوعامان پیاخوێندیو هیچمان ناوێ دەستتان خۆش بێت..

گەورە: زۆر سوپاس بۆ ئێوە.. بەڵام من خۆم پێم خۆشە خەڵاتتان بکەم.. کوڕینە بەیانی (٧٠) سەر مەڕ جیا بکەنەوەو پێیان بدەن.. و سڵاویشم بگەیەنن بە پێغەمبەرەکەتانو پێی بڵێن پەیامێکی زۆر مەزنی هێناوە لەگەڵ خۆیو خۆشحاڵ دەبین ڕۆژێك بگاتە ئەم هۆزەی ئێمەش..

(هاوەڵان (٧٠) سەر مەڕینا پێیەو بەرەو شاری مەدینە دەگەڕێنەوە لە ڕێگا لەناو خۆیاندا قسەیان دەکرد).

سێیەم: ((ان الله يرزق من يشاء بغير حساب)) ئای سبحان الله من هەرچیم کرد تاقە کەروێشکێکم بۆ ڕاو نەکرا کەچی بوین بە خاوەنی (٧٠) سەر مەڕ! !

یەکەم: باشە براگیان.. خۆ ئێمەش هەمومان فاتیحەمان لەبەر بو.. بەڵام چۆن ئەمەت بۆ هات؟ سڵاوت لێ بێت..

دوەم: قورئان هەموی شیفایە.. شیفای دڵو دەرونە.. شیفای لەشی مرۆڤەکانە ئەی خوای گەورە نافەرموێت: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾.[1]؟

یەکەم: دەی برایان با دانیشینو بە ئیسراحەت مەڕەکان لەناو خۆماندا بەش بکەین..

دوەم: تکاتان لێ دەکەم ئەوە بە ڕاستتانە.. من ڕازیم نیەو شتی وا ناکەم.

سێیەم: بۆچی؟ خۆ بە تەما نیت هەموی بەریت بۆ خۆت؟

دوەم: نا برای شیرینم هەرگیز.. بیر لە شتی وا ناکەمەوەو ئێمە دەستەیەك براینو لە خۆشیو ناخۆشیدا بەشدارین..

سێیەم: خۆ دەزانم.. من چاکت دەناسم، بەڵام ئەی بۆچی بەشی نەکەین؟

دوەم: بەشی ناکەین تا دەچینەوە خزمەت پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ)و مەسەلەکەی بۆ باس دەکەین تا بزانین کارێکی باشمان کردوەو دروستە ئەو مەڕانە ببەینو پارەی دوعاکردنەکە حەرام نیە..

سێیەم: وەڵڵاهی ڕاست دەکەیت.. باشە ئێمە بۆ ئەوەمان لەبیر نەبو؟.

چوارەم: ئێمە لە ژیانماندا هیچ کارێکمان نەکردوە تا پرسمان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکردبێت کە ئایا ئەوە دروستەو خوا پێی خۆشە یان نا؟ بەڵام ئەمە یەکەم جار بو شتی وامان نەهاتۆتە ڕێگە..

دوەم: (ڕوی کردە هاوەڵی چوارەم) ئەوا گەیشتینە نزیك مەدینەو تۆ مەڕەکان بەرەوە بۆ پەچەکەی خۆتانو دواتر وەرەوە با پێکەوە بچینە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و مەسەلەکەی بۆ ڕون بکەینەوە..

---

١ الاسراء (٨٢).

هەر چواریان خۆیان کرد بە مزگەوتەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) یەکی دو ڕکات نوێژیان کردو پاشان چونە خزمەت پێغەمبەر (لەسەر چۆك دانیشتن).

پێغەمبەر دانیشتبو لە میحرابی مزگەوتداو بلالو عماری لەگەڵدا بون.

(هاوەڵی دوەم) چوە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵام لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لە چیرۆکدا دەرناخرێت (وئەهلی سوننەتو جەماعەت جورئەتی ئەوە ناکەن) بۆیە (عماری کوڕی یاسر وەلامی پرسیارەکان دەداتەوە.

عمار: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێتان دەپرسێت ئایا گەشتێکی خۆشتان بەسەر برد..

دوەم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا هەرچەندە بەبێ تۆ هیچ شتێك تامو لەزەتی نیە..

دوەم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێکی سەیرمان بەسەر هات با ئەم بەڕێزە کە بەسەری خۆی هات بۆتی بگێڕێتەوە.

عمار: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت بۆم بگێڕنەوە زۆر حەز بە بیستنی دەکەم.

دوەم: بە دەنگی نزم کە بینەر نابیستێ بۆی دەگێڕێتەوە لە ناکاودا عمار دەستی کرد بە پێکەنین وتی:

عمار: پێغەمبەری خوا بۆ ئەوە پێکەنی کە چۆن زانیت سورەتی فاتیحە شیفابەخشە؟! چونکە زۆر ڕاستە سورەتی فاتیحە بەو جۆرەیەو شیفابەخشە..

دوەم: ئەی لە بەرامبەردا (مەڕی) زۆرمان وەرگرتوە، دروستە بۆمان بیخۆین.. شتێکی ناڕەواو ناشەرعیمان نەکردوە؟

عمار: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێتان دەفەرموێت نەخێر شتێکی ناڕەواتان نەکردوەو باشتان کردوەو پێتان حەڵاڵەو تەنانەت بەشێکیشی بۆ من دابنێن (بە پێکەنینەوە)..

دوەم: نەك بەشێك؟ گیانیشمان پێشکەشی پێغەمبەری خوا بێت (ﷺ).

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ شتێکی جوانو دروستە کە کۆمەڵێك هاوڕێ کۆببنەوەو بۆ گەشتو سەیران بەرەو کەژو کۆسارو دەشتو بیابانەکان بڕۆنو کەمێك لە جوانی سروشت بکۆڵنەوەو گەورەیی نەخشێنەرەکەیان بۆ دەربکەوێت.

٢ـ ئاستی هۆشیاری هاوەڵان دەردەخات کە لەو کاتەشدا سەیرانیان کردوەو لە ئیشوکاری ڕۆژانە دورکەوتونەتەوە.

٣ـ پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لە هاوەڵان نەکردوە لە چون بۆ سەیرانو گەشتوگوزار،و بگرە هانی داونو لە پاش گەڕانەوەش هەواڵی گەشتەکەی پرسیونو خۆشی بەشداری دەستکەوتەکانیان کردوە.

٤ـ دروستە مرۆڤ لە سەفەرو گەشتوگوزاردا، بڕواتو داوای کۆمەکیو هاوکاریو میوانداری لە خەڵکی ئەو ناوچەیە بکات کە گەشتەکەیان بۆ کردوە، بە مەرجێك ئوتێلو چێشتخانەو شتی تری لێ نەبێت، ئەگەر لێی بو دەبێت نەفسی بەرز ڕابگرێتو داوای هیچ لە کەس نەکات.

٥ـ مرۆڤ دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکات کە جاری وا هەیە داوای شتێك لە یەکێك بکاتو ئەوان ڕەدی بکەنەوەو پێی نەدەن.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر وازبێنێت لە داوای شت کردن لە خەڵکی لە کاتی پێویستدا..

٦ـ ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هاوەڵان زۆر لە مەدینە دورکەوتبونەوەو گەیشتبونە هۆزێك کە هێشتا ئیسلامیان پێ نەگەیشتوە بە دو بەڵگەدا:

یەکەم: ڕەفتاری وشكو ناشیرین لە کەسی موسڵمانی ئەو سەردەمە ناوەشێتەوە کە حیسابی هاوەڵانیان بۆ دەکرێت کە میوانداری کەس نەکەن..

دوەم: ئەم هۆزە هەواڵی پێغەمبەریان لێ نەپرسینو سیمای موسڵمانەتیان پێوە دیار نەبو.

٧ـ دروستە گەشتوگوزارو سەیران بۆ ناوچەی کافرو بێباوەڕانو خواردنەوەی دەستیان جگە لە سەربڕاویان..

٨ـ دروستە لە کاتی نەبونیو پێویستیدا لەسەر دوعاکردنو قورئان خوێندن پارە وەربگیرێت بە مەرجێك نەکرێت بە کاسپی.

٩ـ دەبێت مرۆڤی موسڵمان هەمیشە لێبوردە بێتو هەوڵ بدات چاکە بکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خراپەی لەگەڵدا دەکەنو بە وشکی لەگەڵی دەجوڵێنەوەو بەڵکو ئەو بە کردەوەی جوانو چاکەکردن سەرسامیان بکاتو خەجاڵەتیان بۆ بهێڵێتەوە..

١٠ـ پێویستە موسڵمان لە هەمو کارو کردەوەیەکیدا هەڵوێستەیەك بکاتو بڵێ ئاخوا ئەم کارەی من دەیکەم حەڵاڵە یان حەرامە، با بچم بە قورئانو سوننەتدا بیانکێشم بزانم دروستن بۆم تا بیانکەم..

١١ـ دەبێت سەرکردە نمونەیی بێتو لە هاوەڵو فەرمانبەرەکانی بپرسێتەوەو هەواڵی گەشتو گەڕانو ئیشوکارەکانیان بپرسێت.

١٢ـ سەرکردە دەبێت دەم بە پێکەنینو ڕوخۆش بێت لەگەڵ ژێردەستەکانیداو بە جۆرێك ڕوی خۆش بێت کە بە ڕوداوە خۆشەکانیان پێبکەنێت..

١٣ـ سەرکردە دەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی متمانە بە فەتواکانیان بکەنو وەری بگرن لێی بڵێ تەنانەت منیش ئامادەم لێی بخۆم واتە ئەوەندە حەڵاڵە..

١٤ـ لە کاتی بەڵاو ڕوداوی گەورەدا موسڵمان نابێ ڕقی کۆن بخوێنێتەوەو لەم حاڵەتی زەعفو لاوازیەی نەیارانیدا خۆشحاڵو کەمتەرخەمی بکات لە هاوکاری کردنیاندا.

١٥ـ موسڵمان دەتوانێت لە بەرامبەر ئەو خزمەتکاریانەی پێشکەشی دەوڵەت یان سەرکردەکەی دەکات، داوای کرێو پاداشت بکات بە تایبەتی ئەگەر ئەو حکومەتە لەگەڵ ئەودا باش نەبوبێتو گەمارۆی جێگاو خواردنی خستبوە سەر.

١٦ـ وەك ئەوەی لادێکە کردیان بەرامبەر بە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت).



القصة التاسعة والثلاثون

مێروڵەکان بێتاوانن!!

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ((قرصَتْ نملة نبياً من الأنبياء، فامر بقرية النمل فأُحْرِقَتْ فأوحى الله إليه أن قَرَصَتْ نملة أحرقت أمة من الامم تسبِّح)).[١]

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (ﷺ) فەرمویەتی: مێروڵەیەك یەکێك لە پێغەمبەرانی گەستو ئەویش فەرمانی دەرکرد یەك شارە مێروڵەی تەواو بسوتێنن.

خوای گەورە نیگای بۆ پێغەمبەرەکەی کردو پێی فەرمو: تۆ یەك مێروڵە گەستیتی کەچی یەك شارە مێروڵەت سوتاند کە (تەسبیحاتی) خوایان دەکرد، واتە ڕەخنەو سەرزەنشتی کرد لەسەر تۆڵەسەندنەوەی چەندقات.

---

١ صحيح البخاري، لە کتێبی (٣٠ قصة بلسان محمد (ﷺ)).

پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە

١ـ تورەبون لە ئیسلامدا شتێکی خراپەو پێغەمبەرمان (ﷺ) ئامۆژگاری پیاواکی کردو فەرموی: (لا تغضب) واتە: هەرگیز تورە مەبە.

٢ـ ئەوپەڕی دادپەروەری پەروەردگارو بەزەیی هاتنەوەیەتی بە بچوکترین دروستکراویدا کە مێرولەیەو لەسەری هاتە جوابو ڕەخنەی لە پێغەمبەرە نازدارەکەی خۆی گرت لەسەر ئەو تەنها مێرولەیە..

٣ـ خوای گەورە لەسەر مێرولەیەك هاتە وەڵامو بە بەهانەی ئەوەی کە تۆ گەلێکت لەناو برد زیکرو یادی خوایان کردوە کەواتە نابێت هەرگیز ئەو کەسانەی کە یادی خوا دەکەنو تەسبیحاتی پەروەردگار دەکەن بە سوك سەیر بکەینو خراپەیان بەرامبەر بکەین..

٤ـ خۆشەویسترین کەس لە لای خودا توشی ئەشکەنجەو ناڕەحەتی دەبن وەك مرۆڤەکانی تر مێرولە دەیانگەزێتو مارو دوپشك پێوەیان دەداتو بەڵام پاداشتی خوایی بە چەندان قات چاوەڕوانیان دەکات..

القصة الاربعون

بركة الله

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: بينما أيوب يغتسل عريانا، خرَّ عليه رجل جراد من ذهب، فجعل يحثي في ثوبه فناداه ربّه: يا أيوب ألم اكن أغنيتك عما ترى؟

قال: بلى ياربّ ولكن لا غِنى لي عن بركتكَ).[١]

واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: لە کاتێکدا کە ئەیوب پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) بە ڕوتی خۆی دەشۆرد..و لەو کاتەدا وەك سوننەو کوللە ئاڵتون باری بەسەریداو ئەویش لە خۆشیاندا کۆی دەکردەوەو دەیکردە کراسەکە..

خوای گەورە بانگی کرد: ئەی ئەیوب ئەوە من دەوڵەمەندم نەکردوی‌و سامانم پێ نەداویت؟

ئەیوبیش لە وەڵامدا وتی: بەڵێ ئەی پەروەردگارن بەڵام کێ لە فەڕو بەرەکەتی تۆ تێر دەبێت..

---

١ صحيح، رواه البخاري، لە کتێبی (٣٠ قصة بلسان محمد (ﷺ)).

ناوەرۆك